ئامادە کردنی:

ناوەندی کوردeکا

بۆکان:
محەمەد ئەمین شاسەنەم: ٦٢٢١٣٤٠
عەلی جەوشەنی: ٦٢٤٢٩٢١
E-mail: nawendikurdika@yahoo.com



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سالْح سووزەنی

# لە ژێر تیشکی رەخنەدا

رەخنە و خوێندنەوە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# له ژێر تیشکی ڕەخنەدا

## (١)



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# ڕەخنە و خوێندنەوە

سالّح سووزەنی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ناوی کتێب: له ژێر تیشکی ڕەخنەدا (١)
بابەت: ڕەخنە و لێکۆڵینەوە
نووسەر: ساڵح سووزەنی
پیتچین: بێگەرد ساڵح
رووبەرگ: سوارۆ
چاپی:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

## ژیاننامەیەکی کورتیلە

حەمە ساڵح سووزەنی، ساڵی ١٣٣٨ لە دایک بوومە ، خوێندنی سەرەتاییم لە سەقز و دانشسەرام لە شاری سنە تەواو کرد... ماوەی هەشت سال مامۆستای قوتابخانە بوومە و لە سالی ١٣٦٢ بەو لاوە بەهۆی هەنێ کیشەی سیاسییەوە «اخراج و انفصال دایم از خدمات دولتی» بوومە ماوەیەک چوومە بەندیخانەوەو..ماوەیەکی تر ..و هەنێ تریش..

لە سالی ١٣٥٧ واتە دوای شورشی گەلانی قارەمانی ئێران دەستم داوەتە قەڵەم بە زمانی نەتەوەکەم و لەم بوارانەی خوارەوەدا نووسیومە،

١ـ شیعر /تا ئێستا حەوت دیوانی شیعریم بووە کە بە داخەوە تا ئێستا هیچکامی بواری بڵاو کردنەوەی بە شێوەی رەسمی نەبووە «سەمفۆنیا ـ دیاری ـ هەزار دیوانی کەڵەگەت لە پرسەدا ـ درۆ موقەددەسەکان ـ شێعرەسات ـ بەژمارەی تەلەفۆنەکانی عالەم ـ وەهمەکانی ئەشق و درۆکانی دەمامک» زۆربەی ئەو شێعرانە لە گۆڤار و حەوتوونامەکانداو بەشێوەی غەیرەرەسمی، لەکۆڕ و کۆبوونەوەکاندا، بڵاوکراونەتەوە...

٢ـ چیروک: دوو کۆچیرۆکی «پشت تریبۆنەکە کەسی لێنەبوو» و«ون بوون» کە،جگە چەند چیرۆکێکی، ئەم دو کۆچیرۆکە هێشتا بڵاو نەکراوەنەتەوە

٣ ـ رەخنەی ئەدەبی و وتار: کە زۆربەیان لە گۆڤار و چاپەمەنییەکانی کوردستاندا بڵاو کراونەتەوە

٤ – وەرگێڕان: شێعر و چیرۆک و وتاری ئەدەبی و زنجیرەی تلویزیۆنی و..

٥ ـ شانۆ نامە: «دیاری» و « دەوران دەوران»



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

٦ ـ کردنەوەی تەوەرەیەکی نویٚ بۆ نوێخوازان لە گۆڤاری سروەدا بە ناوی « ڕچە »
٧ ـ دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی حەوتوونامەی « ئاوای کوردستان» تا ٣ ژمارە
٨ ـ ڕۆمانی پەپوولە کە ساڵی ١٣٦٣ نووسراوە و هەروا ماوە!!
٩ ـ هەنیٚ شیعری تایبەت بۆ شیعر و گۆرانی کە زۆریان لیٚ بڵاو کراوەتەوە و سروودی هەڵەبجەی شەهید یەکیٚ لەوانە..
١٠ ـ ئەندامی دەستەی نووسەرانی حەتوونامەی ئاسۆ ..
هێشتا ماوم و درێژەی هەیە..



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# دەسەڵاتدارێتی زمان

پێشەکی:

زۆر لە دروشمە بەناوبانگەکەی دکارت تێنەپەریبوو «بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم» یان با بڵێین«هەبوونی من بە هۆی ئەندیشەمەوەیە» کە دەیان و بگرە سەدان دروشمی لەو چەشنە هاتە دنیای فەلسفەو روانینی مرۆڤ بۆ دیاردەکانی دەوروبەر و بوونی مرۆڤ و بنەما و پێکهاتەی ئوستوورە و بەیت و باو تا جل و بەرگ و حیکایەتە قەدیمی‌یەکان و...،بەکورتی، هەمووشتی ئەم جیهانەوە..

شوپێنهاوێر و نیچە جەختیان کردە سەر ئیرادە و شیریان لە ئەرزو ئاسمان کێشا..

بێرگسۆن و کێرکێگارد و هایدگێر و فەیلەسووفانی وجوودی پایان لەسەر بوونی مرۆڤ داناو وجوودی ئینسان‌یان کرد بە بنەمای ژین و ژیان و...

مارکس و ئنگێڵس بە جەختکردنەسەر کەرەسەی بەرهەمهێنان و بابەتی ئابووری و شەڕی چینەکان رەوایەتێکی گەورەیان خولقاند و جیهانیان پێکرد بە دوو بەشی راست و چەپەوە و..چیرۆکی مرۆڤ وژیانی مرۆڤ بەردەوام بوو.. هەموو ئەو بۆچوونانە سەدان و بگرە هەزاران لقی دیکەیان لێ بووە و...وئێستاش بەردەوامە؛



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

فرۆید و پێڕەوانی فرۆید جەختیان کرد سەر نێرماکی مروڤ و ناهۆشیاری تاک و هەولّیاندا هەموو مێژوو لەو ڕوانگەوە بخوێننەوە و ئەوانیش خۆیان تێکەلاّو هەزارتیکەی ئینسان و ئەندیشەی مروڤ کرد...و

ئێستا وێنە و دەمامک و وانموود بوونەتە پاشای بێڕەقیبی جیهان و هەموو قوژبنێکی ئەم جیهانە بچووکەیان تەنیوەتەوە و ئەمەش تەنیا لە ڕیگەی دەسەلاّتداریێتی زمانەوەیە...

زمان چۆن ئەو هەموو هێزە دەنوێنێ و هیزی زمان لەکام سەرچاوەوە ئاو دەخواتەوە؟

زمان چیە؟

«سەرەتا وشە هەبوو»

پێش هەموو شتێ پێویستە ئاوڕێک لەئوستوورەکان وەک ناهۆشیاری کۆمەلّ بدرێتەوە بۆ وەی تێبگەین کە زمان و هەبوونی دێوو درنج و خواکان و مرۆڤ چ پێوەندیەکی قوولّ یان لاوازیان بووە وهەیە و دەبێ؟

«گایا» کۆنترین خوادایکی ئوستوورەکانی یوونانی کەونارا بۆوەی چەند «نا»یەکی لە کوڕمێردی خۆی «ئورانووس»بیست «نا»کەی خۆی دایە دەست «کرۆنووس»ی کوڕی و بە یارمەتی یەکدی واتە «نا»ی گایا و «نا»کەی کرۆنووس بەسەر «نا» کەی ئورانووسدا زالّ بوون و دەسەلاّتی ئەو و خودی ئەوەیان تێک شکاند.

باوەئادەم لەژێرگۆشاری هێزیزمانی دایەحەوادا«نا»کەی دایەحەوای وەرگرت و ناوی شتێ فێر بوو کەنەدەبوو فێر ببوایە؛

«پدرم روضه رضوان به دو گندم بفروخت» ..حافز

شوێنپێی هێزی زمانی ئوستوورەیی ژنان یان با بلێین خواژنەکان لە کومەلّگای سەرەتایی مرۆڤیشدا دەنگ ئەداتەوە و وەک زۆرێ لە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

مێژووناسان و کومەڵناسان جەختی لەسەر دەکەن کومەڵگای سەرەتایی مرۆڤ دایکسالاربووە.و ژنان دەوری گرینگیان تیاگێڕاوە و زمانی ژنان لەراستیدا زمانی زاڵ بووە... و ئەوەش گرینگرین هۆکاری ئانترۆپوڵۆژیای دایکسالاری بووە؛

«گۆرانی گایا دەڵێمەوە..
دایکی جیهان
کە ئەستوونێکی قاییمەو
لە کۆنترین خواکانە» هومێر

ئەمەش شوێن پێی ئەو دەسەڵاتەیە لە ئەدەبی یۆنانی کەونارادا...
دواجار زمانی زئۆس و پرۆمتە و سیزیۆف وەک سی لقی جیاوازی هێزی زمان لە ناو کۆمەڵیشدا دێتە ئاراوە؛
زئوس زمانی خوای خواکان قیبلەی عالەم .. خاوەن ئەرز و ئاسمان و دار و بەرد وهەمووشتە و کەس نابێ لەئەمرونیایدا نەبێ..
سیزیۆف، زمانی هەموو ئەو مرۆڤ و خوابچووکانەن کە ڕەنجی بێحاسڵ دەکێشن و بەرەی کاریان بۆ یەکێ دیکەیە...
پرۆمتەش زمانی خوایانی شۆڕشگێر و دابەشکەری ئاگر و ڕۆشنایی و ڕەنجی ئەبەدی ئەو کەسانەیە...
ئەم دەسەڵاتانەش بەرەبەرە وەک گوترا لە زمانی مرۆڤەوە سەرلەنوێ دەبنەوە بە دەسەڵات و لقوپۆ دەکەن و بڵاودەبنەوە و وەک دەسەڵاتی فەلسەفە و زانست و هونەر و... بەرەبەرە مێژووی پڕ لە شەڕ و نەگبەت و ئازار لە لایەک و پڕ لە ئەشق و جوانی و هونە‹ لەلایەکی دیکەوە و ەتەننەوە...



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

٣

بەرلەوەی مێژووی هێڵی بپێوین و لە زمانی هرۆدۆت و سوقراتەوە و لە زەریای زمان بدەین چاکتر وایە لە سوسور و دال ـ مەدلوول و نیشانەوە دەست پێبکەین بۆوەی سەرەتا پێناسە یان پێناسەگەلێکی زمانی لە زمان دەستنیشان بکەین؛

مەبەست لەزمان ئەو سیستەمە نیشانەیی‌یەیە کە بە پێی پێناسەکانی دال ـ مەدلوول لە لایەن زمانناسانی وەک سوسور و دوای ئەوەوە، هەموو کەرەسەکانی دەربڕین دەگرنەوە..

پائۆفسکی نیشانەکان لە سێ توێی مانایی‌دا بە, جۆرە پۆلێن کاری دەکا

٣-١، سروشتی؛ وەک هێڵ و ڕەنگ و بیچم و پێوەندی نێوان ئەوان کە ماناگەلی خێرا و سەرەتایی و سروشتی پیشانئەدا

٣-٢، ئامادەیی/حچور/ یان قەراردادی بەرهەم بەپێی بڕیاری لەپێش‌دا ئامادەبوو؛ وەک ڕەشی بۆ شەو یان لێدانەوەی وێنەو و شەمایل/شمایل‌نگاری/

٤

نمادین/ڕەمزاوی/ کە بەپێی شەمایل‌ناسی ماناگەل قووڵتر و بەرینتری هەر بەرهەمێک لەخۆدەگرێ؛ ئەمجۆرە نیشانەگەلە تایبەتمەندی‌گەل نەتەوەیی، دەورەیی، چینایەتی، ئابیینی، ئەخلاقی و فەلسەفی‌یان هەیە و لەواقیع‌دا دال گەلێکن فرە و فرەتر مەدلوولی

/بۆ ئاشنایی زێدەتر ئەتوانن بڕواننە « لە نیشانەگەل وێنەیی تا دەق» بابەک ئەحمەدی. یان بازی با رنگهای ویتگنشتاین و یاریگەل زمانی هەر ئەو نووسەرە /

بەم پێیە هەموو زانست و فەلسەفە و هونەر و... دێنە پانتای زمان و سیستمی نیشانەکانی زمانی‌یەوە.. کەوایە ئاسایی‌یە ئەگەر



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

زمانەوانەکانی سەردەم زمان لە بەرهەمهێنان و ئابووری یان ناهۆشیاری تاک و کوێ فرۆید و یونگ و یان ئیرادەی شوپنهاور و نیچە و وجوودی کێرکێگارد و وجوودی‌یەکان وهەموو ئیسمەکانی پانتای زمان بە سەرەکتربزانن.. بۆوەی هەموو ئەمانە لە ڕێگای زمانەوە بوونەتە دەسەڵات یان لە لایەن دەسەڵاتەوە سەرکوت کراون و سەریان هەڵداوەتەوە

٤

بگەڕینەوە سەر فەلسەفە و زمانی فەلسەفی کە بۆخۆی هێزێکی زمانیی لە مێژینەیە و تا سەری دال ـ مەدلوولەکانی گەیشتۆتە ئێمەـ سەدان و هەزاران گۆڕان و شەڕوقرەی لەسەرکراوە و خۆی بۆتە دەسەڵات و چۆتەوە خزمەت دەسەڵاتی باو و هەروەتر کە دەبێتە مەسنەوەی هەزارانCD/DVD(فشوردە) و لە کتێب و کتێبخانەکان تێپەریوە... دەسەڵاتی زاڵی زمانی ئوستوورەکان و نادێموکراسی یوونانی کۆن کە بە دەمامکی دێموکراسی‌یەوە دەسەڵاتداربوو/ بۆوەی لەچوار سەد هەزار کەسی خەڵکی ئاتێن ٢٥٠٠٠ هەزار کەس بەر دە و عەبد بوون و لەو ١٥٠٠٠٠ هەزار کەسەش ـ هەزار کەسیان ئەچوونە لێژنەی گشتی و... / مەودای دەربڕین و گەشەی زێدەتری نەدا و لەئەنجامدا وەک ئەبەرمەرد و ژوەرکەس گەیشت بەنیچە و دەسەڵاتی زمانی نیچەش دەسەڵاتدارێتی هیتلەری لای زۆرێ لە فەیلەسووفەکان «ماستاوە دایەوە»*

لەولاشەوە ئەرەستوو و زمانی کلیسا گەورەترین دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی‌یان هێنایەگەڕو چەندین سەدەی‌تاریکی ئورووپایان لەسێبەری ئەوهێزەدا هێنایەگەڕان و لەراستی‌دا راوەستان.. واتە زمانی خوازیاری یەکیەتی وریکوپێکی جیهان و دیاردەکانی ئەرەستوو لەباری سیاسی‌یەوە ئەسکەندەری«مەزن!!» هانئەدا جیهان یەکپارچەکاتەوە و



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لەباری فەلسەفەیشەوە جیهانی کلیسا دەتەنێتەوە و دەیهێنێتەژێر دەسەڵاتی خۆی...

ه

ئێستا ئەتوانین ئەو پرسیارە بکەین کە پێوەندییەکانی زمان و دەسەڵات چۆن چۆنییەو کامیان ئەویدیکەیان سازدەکا؟

## «سەرەتا وشە هەبوو»

دەسەڵاتی ئووستوورەکان لەرێگەی زمانەوە بوو،بۆوەی، هیچ کام لەو خودا ورد و درشتانەی یوونان و رۆم و... نەهاتنە جیهانی واقیعەوە.. دەسەڵاتی زمانیی ئایینە ئاسمانییەکانیش هەر لەرێگەی کتێبگەل پیرۆزی ئەو ئایینانەوە بووە و زۆربەی ئەو ئایینانە تا ئەو کاتەی نەیانتوانی زمانی خۆیان لەناو کۆمەڵدا پەرە پێبدەن نەیانتوانی ببنەدەسەڵات؛ کردار و گفتار و پنداری چاکە دروشمێکی زمانییە و تا ئەو کاتەی تەشەنە نەکا، بڵاو نەکرێتەوە، ناتوانیٚ ببێتە دەسەڵات.. شەڕەکانی مووسایی و مەسیحی بە پیٚ ی دەسەڵاتی زمانی ئەو دوو ئایینەوە هاتە ناو مێژووی جیهانییەوە و...

فاکتی مێژوویش سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە لەهەرکویٚ دەسەڵاتێکی زمانی هەبوو‌بیٚ هەوڵی ساز کردنی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی تا سیاسیشی داوە و بە پێچەوانەوە دەسەڵاتە جوراوجۆرەکانی کۆمەڵگا بۆ ژێرکێفخستن یان لانی کەم یکگرتن لەگەڵ زمانی هێزی ئەو سەردەمە تێکوشاوە و ئەو دووانە وەک مقەست بۆ لەناوبردنی ئەو هێزانەی تەسلیم نەبوونە بەیەکدیدا هاتوونە و هەوڵی لە ناو بردنیانیداوە...بو وێنە دەسەلاتی زمانی کلیسا بەتوندی دژی سووڕانی زەوی و ناچەقێتی بوونی زەوی دەوەستیٚ....دەسەڵاتی زمانی فیودالیتە و ئریستۆکراسی بە هەموو هەوڵی خوی بۆ لە ناو بردنی دەسەڵاتی عەبدەکان و



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بزووتنەوەکانیان/ وەک بزووتنەوەی ئیسپارتاکووس و../ دەوەستی و دەسەڵاتی زمانی ڕێنسانس بە توندی و بەرەبەرە هەوڵی سرینەوەی دەسەڵاتی زمانی ئاسمانئەدا... هێزی زمانی بۆرژوازی نوێ بەنوێنەرایەتی کرۆمول دەسەلاتی زمانی هیزی سەرمایە بەسەر هیزیزمانی فیودالیتەی ئورۆپاییدا زالٚ ئەکا...

مارکس و ئنگێلّس دەسەڵاتێکی زمانیتر سازدەکەن و بەرەبەرە زۆربەی بزووتنەوەفکری و سیاسی و هونەرەکانی سەردەمی خۆیان دەکێشنە ژێر دەسەڵاتی زمانی چەپ ەوە و شەری سارد و گەرمی رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە هەموو پانتایەکدا رەنگدانەوەی ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاری کردنی ئەو دوو هێزە زمانییەیە.... و کاتیٚ هێزی زمانی چپ توانای بەربەرەکانیی لە پانتای وێنە و سەتەلایت و کەرەسەکانی پێوەندی جەماوەری ڕاستدا نەما، بەرەبەرە توایەوە و هەولّیدا زمانێکیتر دابێنێ...

/ بڕواننە مەکتەب فرانکفورت و فەلسەفەی ڕەخنەیی ... تا ئێستاکەو سەرهەڵدانی چەپی نویٚ پۆست مودێرنیزمی جیهانی و../

## ٦

هونەر و ئەدەبیات لە ژێر دەسەڵاتی ئوستوورەیی خواژنەکان لە مێژووی مروڤایەتیدا هەولّی سازکردنی دەسەڵاتێکیتری داوە کە جیاوازبیٚ لەدەسەڵاتی هەمەرەنگەی جیهانیعەینی و زانستیبگۆڕووەستاوی ئینسان و تەنانەت دەسەڵاتی هەنیٚ جار داسەپێوی خۆی.. بەڵام وەک گوترا هیچ کات نەیتوانی بەتەواوی خۆی لەو بازنە بچووک و گەورانە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ڕزگارکا کەدەسەڵاتی زمانی باو لە پانتاگەڵ کۆمەڵ و سیاسەت و فەرهەنگ و..دا چەسپاندونی. هەربۆیە بەردەوام تێکۆشاواوە شۆڕشێکی زمانی نوی‌تر ڕی‌بخا و جاربەجار ئەوەند بکەوێتە بەر شەپۆلی ئەو بازنە سەپیوانەوە کە دەنگ و ڕەنگیشیان بەم نەگا..زمانی هونەر و ئەدەب بە هۆی هێزی خولقاندنی وانموود تەنانەت ئەوکاتانەش گۆمانی کەوتنە داوی دەسەڵاتێکی باوکانەی لێدەکری بەهاسانی خۆی دەرباز دەکا و بەهۆی خولقاندنی جیهانێکی خەوناوی و فانتزی و لیکچوو و وێکنەچوو لەگەڵ ژیان و زمانی ڕۆژانە بەردەوام سرکبوونی خۆی پاراستووە و لە مێژووی هونەردا کەم نەبوونە ئەو سەردەمانەی کە زوری لە زلهێزان و دەسەڵاتەخاوەن شکوکان لێی سڵەمینەتەوە و تورەیان بۆ ناوەتەوە شیریان لی‌کیشاوە و بەند لەسەر بەندانیان بۆ بردۆتە ئاسمان و چاڵی قوولیان بۆ هەڵکەندوە...بەڵام وەک گوترا توانای ئافراندن و هەڵفرین بەردەوام ئازادی کردوە و کەوتۆتەوە چڕین و ساز کردنەوەی کۆشکەکەی خۆی

شوێن ئاسکێکی وەحش کەوتین



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەو کاتەی لاو بووین

هەزارمان گرت هەو نەبوون.

هەرهیچپیشیان

هەویش بوون

هەرهەمووشیان...

درۆ مۆقەددەسەکان

شیعر دەسەلاتیکی وای سازکردبوو کە تەنانەت ئەفلاتوونی دژە شیعری هاوردبووە ژێر پەنچە نادیارە تیژ پەڕەکانی خۆی ...گەورەترینديکتاتۆرەکانی میژوو زۆر جار کەوتوونەدوای ئەو ئاسکە چاو لاجوەردیيە... هەربۆیە زبانی هونەر لە جوانترین و خۆشترین و ڕەوانترین زمانەکانی دەسەلاتە کە لە تووڕە بوون وشۆرش و شەڕ وشۆریشدا هیچ لە جوانییەکەی بە خەسارنەچووە

من نه ئنم که زبونی کشم از جور فلك

چرخ برهم زنم ار جز به مرادم نچرخد

من آنم كة درپاي خووكان نريزم
مر اين قيمتي در لفظ دري را

ئەز ناچمە دیوانی میرا نابمە شاروری کوشك و سەرا

/کە پیشتر وەک نموونە لە وتاریکیتریشدا هاوردبوومەوە

شمشیرهای ئختە را غلاف کنید

زیرا شبنم ئنها را میپوساند/شکسپیر/

جوانیوستاتیکیای زمانیهونەر ئەوکاتە خۆی دەنوینی کە دژی زمانی پیشوو دەکەویتە گەڕو دەکەویتە خویندنەوە ڕەخنەکاری خۆی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

...قالّبی نوێتر دەبینێتەوە و دواجار ئەو قالّب و قالّبانەش دەشکێنێ و لێی دەرباز دەبێ.. مایاکوفسکی له لووتکەی بڕوا به شۆرشی سۆسیالیستی واقیعگرادا هەوری شەڕوالّپۆش دەنووسی، نیمایووشیج له مۆسیقای ڕوالّەتی عەرووز ئەترازێ و گۆرانی چەپ کانی‌یەکی روونی بەر تریفەی مانگەشەو ئەشیعرێ... ڤاگنێر هێلّی کاتی ئەنجن ئەنجن دەکاو قاشەزیهنی‌یەکان ئەپشکنێ ئەمە ئانارشیزمی زمانە دژی هەموو ئەو دەسەلاّتانەی کە خەو بە کۆیلەتی‌بوون و دەستەمۆیی دەسەلاّتی زمانی هونەرەوە دەبینن. دەسەلاّتی پاشایەتی سوارەی دامەزراندبوو بۆوەی دەنگی‌رادیۆی پاشایەتی بخاتە گەڕ و سوارە شیعری خەوە بەردینەی لێوە بلاّودەکردەوە - ئەمەیە دەسەلاّت دژی دەسەلاّتوئانارشیزمی زمانی هونەر. هێمنی سیاسی‌کار دیم کچێکی لەباری لادێیی دەنووسی و یەزیدی ئومەوی ادرکاسا ونا ولها الا یا ایها الساقي دەهۆنیتەوە.. هەلّبەت ئەم «ایستادن و رمکردن و واپس نگریدن»ەی شیعر بەو مانایە نیەکە هەر جۆرە دەسەلاّتێک خوێندنەوەی تایبەتی خۆی لە سەر نەبێ و کەلّکی پێویستی خۆیی لێ هەلّنەکرێنێ...بەپێچەوانە، ئەوە خولقاندنی چەنددەنگی، چەندراڤەیی و فانتازیایی هونەرە کە یارمەتی هەموو بوارەکانی زانست و فەلسەفە و فەرهەنگی داوە؛

بۆوێنە فرۆید لای وایە شاعیران و هونەرمەندان لە ئەزەلەوە ڕەوانناس لە دایک بوونەو لێنین «ئۆژنی گراندە»ی بالّزاکی لە زۆربەی کتێبە ئابووری‌یەکان لا پەسەندترە.. بالّزاک لە چینەکەی خۆی نانووسی و دێتە ژێر سێبەری ئەدەب و کاندینسکی لە ئەوەی فیگورە یاخی ئەبێ و گرینگاکەی پیکاسۆ دەروونشیکاری و جەنایەت تێکەلّدەکا...ئەمە دەسەلاّتی زمانی هونەرە کە لەناو دەیان و سەدان دەسەلاّتی‌تری ناو



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کۆمەلّگادا سەر لە ئاسمان ئەسویَ و بەنائاجووری شووشەیی و بلوورینی زمان ساز بووە.دەسەلاّتی زمانی نیشانە و دەنگ و ڕەنگ شەمایل و نڤیسارە..

(٧)

## پێوەندییەکانی زمان و دەسەلاّت.

ئەگەر یەکیَتر لە پیَناسەکانی زمان کەرەسەی دەربڕینی زیهنییەتی مرۆڤ بیَ لە واقیعەکان ئەوا دەبیَ بلّیین ئەوکاتەی بگیَڕەوە یان بیَژەر نایهەویَ زیَهنیەتی خۆی ئاشکرابکا و قسەش دەکا و لەکەرەسەی زمانیش کەلّک وەردەگریَ خەریَکی چیە «ئەو درۆ دەکا یان بابلّیَین زمان دەبا بە لاریَدا و هەولّی سازکردنی ویَکچوویی و وانموود دەدا و لەو ڕیگەوەئەیهەویَ بەردەنگ پیَوەندییەکی ناراستەوخۆ لەگەلّ ئەو وانویَنراوەدا بگریَ و میژووش پیشانیداوە پیَوەندی گرتن لەگەلّ ئەو زمانەش نەتەنیا ئاساییە، بەلّکو پیَوەندییەکی قوولّە...

بابزانین هیَزە جۆراوجۆرەکانی کۆمەلّگا لەهەرسەردەمیَکدا چۆن لەو کەرەسە کەلّک وەردەگرن و وەک واقیع ئەینویَنن؛

وەک دەزانن باری سۆز و عاتیفەی هەر وشەیەک لە ڕستەدا دەگۆڕدڕی و کارکردی وشە لە دیَر و دیَر لەپاراگراف وتاد .. ناتوانی وەک یەک بیَ...

دەسەلاّت لەم تایبەتمەندییە کەلّک وەردەگریَ وهەولّی بەهیَزترکردنی خۆی ئەدا؛ بۆویَنە ئەمریکاییەکان دەستتیَوەردانی خۆیانیان لە کاروباری ویتنام بەم ناوەوەدەردەبڕی«پاراستنی ئازادیودیَموکراسی»دەرکردنی هەزاران ویتکونگیش لە مالّ و دیَهاتی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

خویانیان ناونابوو «پووچکردنەوەی کەرەسەگەڵ پێوەندی دوژمن» یان ئاڵمانی هیتلەری زاراوەی «ڕێگەحەلیقەتعی» بۆ سۆپاکانی مرۆڤسووتێن بەکاردەهێنا..

«ڕەزا باتنی» باشترین نموونە، بۆ بەلاڕێدابردنی زمان، لە ڕۆمانی ١٩٨٤ی«جورجئورویڵ» دێنێتەوە؛ ناوەکان بە شێوەی فێڵکردن لە بەردەنگ و بەسوخرەگرتنە..ئەو وەزارەتخانەی کە ئەرکی مقەست و سانسۆری پێسپێردراوە،ناوی «وەزارەتی حەقیقەت»ە، وەزارەتی شەڕ ناوی وەزارەتی تاشتیە، وەزارەتی جیرەبەندی ناوی وەزارەتی فراوانییە،وەزارەتی پۆلیس و پشکنینی باوەڕ/ تەفتیشعەقاید/و ئەشکەنجەو..ناوی وەزارەتی ئەشقە و هەر بەو پێیە ئەم ناوانەش تەواو بەپێچەوانەوەن؛ سیگاری ئازادی و وەزارەتی ئیرشاد وشتی وا کە بۆ ئێمەش ئاشنان..

کەڵکوەرگرتنی فریودەرانە و دەسەڵاتدارانە لەزمان، تەنیا لەباری سۆزوعاتیفەی وشەوە نیە، ئەوان لە کەرەسەی زمان و دەسەڵاتی وانموودسازی زمان، وەک کەرەسەیەکی شوێندانەری بنەڕەتی بۆ بەلادابردنی بیروڕای گشتی کەڵکوەردەگرن و بۆ ئەو ئامانجەش تەنانەت ڕاستەوخۆ دێنەمەیدانەوە..واتە ئەرکی سەرەکی فلانە ڕێکخراو و «سازمان»و دایەرە تەنیا دەبێ بەوەی کە چ وشەگەلێ لەکام



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەزگای پیۆەندی و گشتیيەوە بەکاربریٚ یان نا؟ نموونەکەشی هەر لەو سەرچاوەوە دیٚنینەوە؛

وەزارەتی چاپەمەنی/مەتبووعات/ئالٚمانی نازی بە پیٚی دەستوورگەلی رۆژانە/بەناوی «ریٚساکانیزمانی» کە دواجار بووبە«ریٚنویٚنی رۆژانەی وەزیری چاپەمەنی» راستەوخۆ دەستیکردبە ئەمرونەهیی زمانی.ئەمەش وەرگیٚرانیچەند نموونەیەک لەو ریٚمووونییانەیە کە ئیٚمە لە کتیٚبی« ئەرک و سیاسەت وپیۆەندی» ئەیهیٚنینەوە؛



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

| ڕێکەوت | دەستوور |
| --- | --- |
| ٢٤ی ژوئن ١٩٣٢ | زاراوەی «بەیەککردنی ئالْمان و ئوتریش» نابیّ بەکار بیّنن! |
| ٢٠ی مارس١٩٣٤ | لەباتی زاراوەی«ڕۆژی پرسەی گشتی» زاراوەی «ڕۆژی بیرەوەری پالّەوانەکان بەکار بهیّنن! |
| ١ سپتامبر١٩٣٤ | لەمەبەدوا گوتەکەی سەرەکوەزیران واتە«گەلی ئالْمان دەبیّ ببیّتەگەلیّکی خەلەبان/فرۆکەوان/ ئیتر بەکار مەهیّنن! |



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# بنەماخوازی و خوێندنەوەی دەق

بنەچەکی بنەماخوازی زماننناسی نوێیە .«سوسۆر» یەکێ لە بناغەدانەرانیزماننناسی نوێ، یەکەمکەس بوو کە جیاوازی خستە نێوان «گفت» و «زمان»ەوە و دواجار «مارتینە» زماننناسی فەرانسەیی بەمشێوە باسی ئەوجیاوازییە دەکا: «پێویستە بە وردی جیاوازی بخەینە نێوان دیاردە جۆربەجۆرەکانی زماننناسی بەو جۆرەی کە لـــــە دێریکدا ڕوو ئەدا /لە لایەک/ و دیاردەی زماننناسی تایبەت بەو کەسەی هەوڵی پێوەندیگرتن ئەدا / لە لایەنێکی ترەوە/ »

زمان گەوهەرێکە، ئەو توانایییەمان ئەداتێ کە هەر کام لە ئەزموونەکانی خۆمانی پێبگۆزینەوە لای کەسانێ دی. زمـــان بە کەرەسەی گفت/گفتار/دێتە مەیدانی دەربرین . جیاوازی دیکەی زمان و گفت دەکرێ بە وشەگەل ڕەمز و پەیام یش دیاری بکرێ.

زمان سیستەمە، واتە بریتیە لە کۆمەلیک نیشانە... بەڵام گفت پەیامە، ڕەمز کۆمەلێک نیشانەی سازکراوە کە مەیدان ئەداتـە نووسینی پەیام و بۆ تێگەیشتن لە مانای ئەو پەیامە دەبی هەر کام لە نیشانەکانی بە کۆمەلێک ڕەمز هەڵسەنگێنین . کە وابوو ڕەمز کۆمەلێک نیشانەیە کە بەپێی هێندێک یاسای تایبەت سازبووە، بەڵام ئامانجی پەیام پێوەندیسازکردنەوبەس.هەرپەیوەندییەکیش بەردەوام هەڵبژاردنێکی لەگەڵە، واتە هەربێژەرێک لە خەڵکی ئاسایییەوە بگرە تا شاعیر و نووسەر و سوخەنران، بە دڵخواز هێندێ لەو نیشانانە هەڵدەبژێرێ و



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەپێی یاسایێک ڕێک و پێکی دەکا و دەیانخاتە یەک.. هەر بۆیە زمان کەرەسەیەکی گشتییە، بەلاّم گفت /گفتار/ کارکردێکی تایبەتە.

بە واتاییێکی فەننی تر گفت کاربـــوردی کەرەسەیەکی گشتییە. /کە ئەویش زمانە/

بەم پێیە «سوسور» گفتی وەک خولّقێنەر هەلّبژارد و وتەزایەکی دیکەی بەناویبایخی دەربرین»/ارزشهای بیانی/ هێنایە گۆڕێ، بەڕای ئەو سۆزگەل مرۆڤـ بەو بایخگەلە دێنەدەربرین. « بالی» توخمەکانی «نووسینەوەی دەنگ»/ئاوانویسی/یشی هێنایەمەیدانەوە. ئەو ڕایگەیاند کە ئەو توخمانە لەسەر «مانای پەیام»کاریگەرییان هەیە و ئالۆزی دەکەن. کەوایە دەکرێ دەنگیش وەک سیستەمێکیتر لە زماننناسی «سوسور»ی بناسێنرێن .. « بالی» هەروەها جیاوازی خستە نێوان «شوێن دانانی سروشتی » و « تەشکیلی »ەوە، واتە کاتێ ئەرک و زاتی زمان لەگەلّ سۆزی دەربڕین یەکگرن، شوێندانانەکە «سروشتی»ە. وەک: «ئاخ سەرم... ئای پشتم.. لێرەدا کاریگەرێتییەکە، ڕاستەوخۆ کاری وشەگەل « ئاخ» و « ئای»ە . لەبەر ئەوەی هەست و زاتی زمان یەکیان گرتووە.

بەلاّم کاتێ هەستی مە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە شێوەی ژیان و شێوەی هەلّس وکەوتمانەوە هەلّدەستێ و لە زێهنی مرۆڤدا لەگەلّ دیاردەکانیزمان پێوەندیدەگرن، شوێندانانەکە بە شێوەی«تەشکیلیە» بۆ وێنە

لاولاوە لە ئەولاوە بۆ ئەم لاوە کشاوە / نالی /

لێرەدا شوێندانانی هەست لە ڕێگەی هۆکاری ڕاستەقینە و سروشتی زمانەوە نیە. کەوایە لەبەرچی شوێن دانانی ئەم هەستە قووڵترە؟ شێوازناسی/سبک شناس/ بنەماخواز بە دۆزینەوەی پێنج «ئا»



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

و چوار «ل» کە بە شێوەی هونەری لەودێرە کورتەدا دالبەخش بوونە باس لە شوێن دانانی تەشکیلی ئەکەن .

وەنەبێ پێشتر کەس بەم شێوەی نەزانیبێ زۆری لە شاعیرانی پێشووش ئەو ڕێگەیان ڕەچاو کردوەو و دەقەکانیان ئەوە ئەسەلمێنێ.. بەڵام ئەمە پێشتر تیئۆریزەنەکرابوو«ڕمبۆ» هەوڵیدا خشتەیبەرامبەری دەنگ و ڕەنگ و هەستی بدۆزێتەوە یان «ڕونەگیل» شاعیری فەرانسەیی هەر بەو پێیە هێندێ بەرامبەری دەنگ و ڕەنگ و کێشی پێشنیارکرد . بۆ وێنە ئەو لای وابوو دەنگی کەمان لە گەڵ دەنگی « ئی » و ڕەنگی ئاوی لەگەڵ سۆز و حاڵ و خۆشەویستی .. یان دەنگی شمشاڵ و « ئۆ»ی لە گەڵ حاڵ و سەفای بەهەشتیدا و « ئا»ی لەگەڵ نارەحەتی جەستە و گیان و ... بەرامبەر دادەنا ئەم بۆچوونانە گەیشتە ئەوەی کە تەنانەت باس لە پێوەندی ڕواڵەتی وشە و ناوەرۆکەکەی بکرێ «فرانسیس پۆنژ» ئەیگوت: «وشەکانتان لە نزیکەوە بینیوە؟ وشەیەک هەڵگرن ، باش وەیسووڕێنن و لە چەند لاوە باش لێیڕوانن تا بۆخۆی دەبێتە ناوەرۆکەکەی» ئەو وشەی کرۆش cruche/گۆزە/ی دایە بەر سەرنج و دیعایەی ئەوەی کردکە هەموو پیتەکانی کرۆش شوینێکی گۆزە پیشان ئەدا.[1] کە وایە شوێندانانی تەشکیلی لەو بیرخستنەوانە سازدەبێ کە پێوەندی وشەکان یان پێوەندی و دەنگدانەوەی پیتەکان لەگەڵ ناوچەیکاربوردی/ نشانەهای کاربردی/ سازی دەکەن ،

سەرما و سەهۆڵی سەهەندە لە سەرما / زستان /

شین و شەپۆڕی شەوانە لە لەشما /هاوین /

خەمی خراپی خەزانە خزاوەتە ڕۆخــــم

نە باڵی بادی بەیانی

نە بۆن و بەرامی بەهاری



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەر زرتەزرتی خەزانی

هەر سرتە سرتی زسانی

س ازە | زە
سازە | زە
ســـــــ | ز

ناوچەیکاربوردی لەم شیعرەدا/ س/ بۆ زستان و سەرما / ش/ بۆ هاوین و گەرما / خ / و / ز / بۆ خەزان و خشەخش/ ب/ بۆ بەهار و ئەهوەنی .. لەو ناوچانەوە هاتوونە.

یان لەم دێرەدا / دەلادە لادە لادە لەچکە کەسکە تەسکەکەت / ناوچەی خوازراوی/ل/بۆ لەچک بەرچاوەو مۆسیقای دەنگدانەوەی/س/ پێوەندی نێوان کەسک و تەسک ساز دەکا. هەروەها بروانن ناوچەی خوازراوی /ر/ لەم دێرەی مەحویدا:

جگەر دەبرِیْ دڵ ئەرفێنێت و دەروا    چ بێمروەت چ بێپەروا چ بێباك

باوەکو/ر/ لە هەموو ئەو وشانەدا بەجیْ هاتووە، بەلاّم تەنیا / برین / بە هۆی دەنگدانەوەی واقعی «برین» ئەتوانیْ شوێنی خوازراوی/ر/ بیْ و مەحوی زۆر وەستایانە ئاورِی لەو دەنگە داوەتەوە.

کەوایە شێوازناسی/سبکشناسی/دەبیْروونیکاتەوەکە دەربرِینی چ ناوەرۆکیْ ئەتوانیْ لە هەموو باسەکەدا رەنگبداتەوە، بۆ وێنە سەدان و بگرە هەزارانکەس بە تامەزرۆییەوە دەروانن هەڵچوونوداچوونی مانگ و دەڵێن «مانگ دەرکەوت» و.. بەلاّم شاعیر ئەو هەواڵە بە شێوەیەکی هونەری و بە رەنگوبۆنێکی تر و لەسەر بنەمایەکی پتەو ئەخولّقێنیْ:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

«مانگی یەکشەو بۆیە داییم زیاد ئەکا و ئەشنێتەوە

تا جوانـــی خـۆی وەکـو ڕووی تۆ بڕازێنێتـــەوە

تا دەگاتە چواردەهــــــەم شەو تێدەگا ناگا بە تـــۆ

جا لەداخا نەختەنەختە کەم دەکا و دەکشێتەوە»

بڕواننە دەنگدانەوەی مۆسیقایی و هەروەها بازنەی وشەکان /یەک، چواردە/زیاد، کەم/ئەشنێتەوە، ئەکشێتەوە/...کەچەند بەرێوجێ هاتوونە و جیاوازی‌یان خستۆتە نێوان دەربڕینی ئاسایی ناوەڕۆک و شێوە هونەری‌یەکەی. ئەگینا خۆ چ ئەو شیعرە و چ مانگ دەرکەوت و داکشا، یەک شت دەڵێن...

بەمبۆنەوەبووکە، چۆنیەتی‌دەربرین لەشێوازناسیی پێکهاتە خوازانەدا بەسەر کەمینەی‌ناوەڕۆکدا زاڵدەبێ، واتە ناوەڕۆکەکان بەردەوام دووپات ئەبنەوە.. بەڵام شێوازی دەربرینی ئەو ناوەڕۆکەیە کە ئافرێنەرە یا نە؟ ئەو ناوەڕۆکەی کە یاکوبسن پێیوایە لە ڕێگەی هۆکاری دووهەمەوە/ثانویە/ کە هەمان چۆنیەتی دەربڕین بێ دەخەملێ و دەچێتە خانەی هونەرەوە و حافز گۆتەنی:

يك قصه بيش نيست غم عشق و وين عجب

از هر زبان که می‌شنـــــوم نامکـــــرر است

لەمەبەدوا بەردی بناغەی شیوازناسیی پێکهاتەخوازانە دادەنرێ، لابرووییێر نووسەری سەدەی حەفدە گوتبووی « هەمووشتێ گوتراوە » و ئاندرەژید لەولامی ئەودا دەلێ« بەلێ بەلام ئەوپەڕی بەنەوش /ماورا بنفش/ هێشتا ماوە.

ئەو پەڕی بەنەوش بە زمانێ تر هەر شێوە و چۆنیەتی کەڵک وەرگرتنە لەزمان، ڕەخنەگر ئیتر بۆ ڕوونکردنەوەی دەق لەژیان و کەسایەتی نووسەر کەڵک وەرناگرێ، بەڵکو هەوڵئەدا لە دەقەکەدا



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

وەدووی زمان بکەویٚ و یەکیەتی هونەری دەربڕین لە تویٚ تویٚکانی ناوچەی زمان ناسیدا ببینیٚتەوە.

«فوسلیٚر» بە هاوردنەوەی چەند نموونەیەک لە کیٚشی شیٚعری ئیتالیا و فەرانسە جەختی کردەسەر ئەوەی کە «دابەزینی ڕوالّەتی لە شیٚوە باوەکانی کیٚش و موٚسیقای شیٚعر نە هەلّەیە و نە تەنانەت شویٚن پەنجەی هەل ومەرجە. بەلّکو شیٚوە دەربڕینیٚکی نویٚ و وردبینانەترە»

واتە، لادانی«گوٚران»ی خوٚمان لەکیٚشی کلاسیکی شیعر نەبە مانای هەلّەکردن و نەزانینی کیٚشی شیعری پیٚشوو، بەلّکوو« شیٚوە دەربڕینیٚکی نویٚ و وردبینانەتری شیعرییە کە بوٚ ئەدەبی کوردی ئیٚجگاریش پیٚویست بوو و دەبیٚ بە شیٚوەیەکی دیکەش بخویٚنریٚتەوە:

مەدەنییەت! گوڵی بەهاری حەیات
مەدەنییەت! گوڵی بەهاری حەیات
مەدەنییەت!
هەوای نەشئو نوما
مەدەنییەت!
وەسیلەیی ئەحیا
بوٚ هەموو میللەت و عمومی ولاٚت
مەدەنییەت! ئلکتریک قەمەر
ئەی ضیابەخشی حالّی نەوعی بەشەر.....

پیٚویست ناکا بوٚ چوونە ناو ئەم دەقە شیعرییە سیر تا پیاز ژیانی ماموٚستا گوٚران و دوٚست ڕەفیقەکان و... بزانین و بلّیٚین مەدەنییەت ئاساییە. بەلّکوو دەبیٚ جەخت بکریٚتە سەر دەنگدانەوەی ـ ولاٚت ـ بەتەنیٚ لە نیوان «حەیات و نوما و احیا» لەسەریٚ و قەمەر و بەشەر



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

و..له خواریّ... بۆ ئەوەی تێبگەین كه مامۆستا گۆران چۆن هەولّی داوه شیوه دەربرینیّكی نائاسایی بنویّنیّ.

هەر بەم پێیە «فوسلیّر» روانییە قەل و ریّوییەکەی لافونتن و بەجیّی ئەوه له رووی کەسایەتی «لافونتن»ەوه شیعرەکه هەلسەنگیّنیّ له رووی شیعرەکەوه کەسایەتی لافونتن و ژیانی کۆمەلاّیەتی ئەو سەردەمەی پیّشاندا. ئەو جەختی دەکردەسەر«ئاغە» قەل و «ئاغە» ریّوییەکانو زنجیرەی تویّژەکانی دیاریدەکرد و له رووی زمانلووسی ئاغه ریّوییەوه، که له شیعرەکەدا لەخوار ئاغه قەلەوه وەستاوه، تەماحی تویّژەکانی تری ئەو زنجیرەیەی ئاشکرا دەکرد...

لەو تۆیژینەوەدا ئەو هیچکات دیاردە لاوەکییەکانی دەور و بەری/وەک ژیاننامە و شویّنهەلگرتن و میّژوو.../ بەرچاو نەخست وئاوڕی لیّ نەدانەوه. ئەمەش لەکاتیّکدا بوو که ئەو جۆره لیّکۆلّینەوانه پیّشتر به پیّی ناسینی کەسایەتی نووسەر و ژیاننامەکەی دەکرا...

با وەکوو «فوسلیّر» کارەکانی خۆی بەنیوەچلّ ویّلکرد، بەلاّم یەکیّ لەقوتابییەکانی شیلّگیرانه دریّژەی به کارەکەیدا و گوتی که:

«هەر ئافریّنەرییەک دەکەویّته بازنەییّکی وشەناسییەوه» ئەو ئەلّی « ئەو کاتەی من لاو بووم زمانیان بەمیراته تۆپیوی ئاباوئەژدادی ئەزانی و ریّزمانی میّژوویش ئەلحەق هەموو هەستیّکی تیا کۆژرا بوو و ببووه چەند یاسایەکی وشکی دیاری کراو..»

ئسپیتزیّربڕیاریدابوو ئەرکی رەخنه بگوّزیّتەوەبۆ ناو دلّی دەق.

ئەو بەئاواتەوه بوو تویّ ناوەکییەکانی دەق بپشکنیّ و.. ئەدیبانی ئەوکاتەش بەئەنقەست سەریان به رۆخی دەقەکەوه قالّ دەکرد.

خۆی دەلّیّ:«ئەتگوت لیّکدانەوەی ناوەڕۆک له تویّژینەوه زانستییەکاندا لاوەکییه!! ئەویش چ تویّژینەوەیەک، تویّژینەوەی ئەوان بریتی بوو له دیاری کردنی وردی رۆژەکان و *رووداوه میّژووییەکان*، وەسوەسەی *نووسینەوەی* ژیاننامەی ئەدەب!!



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لەبەر چی؟ بۆ ئەوەی لایان وابوو کەشاعیر هەموو ئەو شتانە بەئەنقەست دەئاخنێتە بەرهەمەکەی خۆیەوە..» بەڵام تەنیا ئامانجی ئەوکارە ، سەرەکی پیشاندانی کێشەلاوەکی‌یەکان بوو و هیچی تر «ئسپیتزێر» ئەڵێ: « فزوولیش بوو ئەگەر بتپرسیبا ئەوبەرهەمانە چۆن بوونەتە بەرهەمی هونەری؟ چییان دەربڕیوە و لەبەر چی ئەو جۆرە دەربڕینە لە فلانە دەورەی تایبەتی فەرانسەدا کەوتوەتە بەرچاو؟»

بەگشتی ئسپیتزێر لای وابوو ئەرکی شێوەناسی دۆزینەوەی رایەڵەی پێوەندی سیستەمی تاقەکەسی /شەخسی/ نووسەرە. ئەو رایەڵە لەراستیدا شێوازی نووسین/سبک/ نووسەرە،ئەو دەڵێ:«رەخنەگر دەبێ دەستی خوێنەر بگرێ و خۆحاست بیباتە ناو ئەو سیستەمە زمانناسی‌یە سەرسووڕهێنەرەی کە رایەڵەی پێوەندیەکانی ئێجگار ناوەکییە، هەرلارێ‌یەکی شێوەناسی لەگەڵ بژاڤێکی دەروون پێوەندی هەیە وشێواز؛ کێشانی خشتەی ئەو بزاڤگەلەیە»

ئەم بۆچوونە لە باری تویژینەوەی رەوانی‌یەوە/رەوانکاوی/ لەگەڵ بووچوونەکانی «فرۆید» تەبایە، فرۆیدیش پیوابوو : «نهێنی/ رەمز/ هەر نەخۆشییەکی رەوانی لە بەکارهێنانی هێندێ وشەدایە، بۆوەی وەسوەسەکانی مرۆڤـــ بەو وشانە ئەدرکێ ».

ئسپیتزێر بەو پێیە لە ساڵی ١٩٢٠ دا دەقەکانی هانری باربووس barbuseی فەرەنسەیی خستە ژێرسەرنج و توێژینەوە و گرینگی وشەگەلی زام و خوێن/ کە بەردەوام لەگەڵ وشەکانی دەم و شەرمگەدا هاتبوون/ی روون کردەوە. ئەو شرۆڤەکردنە لەسەر دەقەکانی شارل لوویی فیلیپ ch.l. philippe ئەو دەرفەتەی دایێ کەگریمانەی« *بازنەی وشەکان* » بێنێتە ئاراوە. ئەو پی وابوو زێهنی هەر نووسەرێک جۆرە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

«مەنزوومەیەکی هەتاوییە»کە هەمووشتیٚ دەچێتە ناو سووڕی جەغزەکەیەوە.

بە واتایەکی تر هەر دەقیک بازنەیەکە کە لە سەنتەرەکەیدا ناوکێکی گرانیکایی هەیە کە هەمووشێوە دەربڕینەکان بەرەوخۆیٚ رادەکێشیٚ. ئسپیتزێر بەردەوام لەدەور ئەو بازنەوە دەچیتەسەنتەر و لەویٚوە دیٚتەوە بۆ دەور و بەری بازنەکە...ئەو پیٚشنیاری کرد کە: «سەرەتا بۆ دەستپیٚکی کار ئەو دەقەی مەبەستمانەوە بە وردی وەخویٚنین بۆ وەی نامۆییەکی زماننانسانەی تیاببینینەوە،هەر ئەو نامۆییە رەنگە ببیٚتە هەویٚنی سەرەکی بۆ دۆزینەوەی پیٚوەندییەکانی ناو دەق، ئەم جۆرە روانینە دەبیٚتە هۆی ئەوەی کە رەخنە لە دەقەوە سەرهەلْداو پیٚوەرە دەرەکییەکان شوینی ئەوتۆی لەسەر دانەنیٚن. ئەو ئەلیٚ:«بەرای من روونکردنەوەی ماکیٚکی زماننانسی لە بەرهەمی نووسەریٚکی دیاریکراودا قازانجی لەوە زیاترە کە ناوەرۆکی شیٚوارەکان یا تایبەتمەندی زماننانسانە، ئیٚجگارەکی دیاری بکەین. بۆ وەی جیاوازی ئەندیٚشە پیٚویستی بە جیاوازی کەرەسەی دەربڕینە»/ بۆ ویٚنە بڕواننە ئەم دوو دەقەی خوارەوە/

١ ـ *یا ماری سەر خەزێنە بترسە کە کەژدومـــــیٚ*

*بەو نووکە چزوە پڕ بە دەمت کا لە زەهری مار* /مەحوی/

٢ ــ بەمن چی مار دووپشک شەق کا

یا دووپشکیٚ

مەردانە یا نامەردانە

ژاری رق بە مار بچیٚژیٚ

من بۆ گولێکی رەنگالە عەودالْم و ..../



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

كەرەسەی دەربڕین لەم دوو دەقەدا مار، كەژدم و ژەهر و... نن.
بەڵام هیچ كام لە نیشانەكانی ئەم دوو دەقە نایێنەوە سەر مەدلوولیك .

| مەدلوول/بەپێی راڤەكاری مەلعبدالكریم | دال ە كانی دەقی یەك |
|---|---|
| پیاوی رژد و دەسەڵاتدار | مار |
| مەرگ | كەژدوم |
| زەجری پێش مەرگ | ژەهر |



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

| دال ەكانی دەقی دوو | مەدلوول بەپێ ی راڤەی ئەم قەڵەمە |
|---|---|
| مار وكەژدوم | هەمووئەوكەسانەیلەدەرەویبازنەی عەشقدان |
| ژەهر | كەرەسەی خۆ خواردنی هەردوو لا |

شەڕی مار و كەژدوم لەدەقی یەكدا شەڕیكی رەوایە.

شەڕی ماروكەژدوم لەدەقی دوودا شەڕێكی/دەسەڵاتدارانەیە له هەردوو لاوە/ نارەوایە دژ بە عەشق

هەر ئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازی روانگەی ئسپیتزێر و رەخنەی دەروونشیكاری.رەوانكاوەكاننیشانەكاندەبەسنەوەوە بە مەدلوولیكی یەكجارەكییەوە و هەر بۆیە لە راڤەكاری دەقدا زۆرجاران تووشی هەڵەش دەبن...بەڵام ئسپیتزێر وەک پێشترئاماژەكرا سەرەتا لە رێگەی خوێندنەوەی دەقەوە بە شهوودێک دەگا و كاتێ ئەو نامۆیییە یەكەم ماكی ئاشكرای شێوازی دابەدەستەوە لە مەحەكی لایەنە تایبەتییەكانی دیكەی/ بۆ وینە بازنەی وشەكان/ ئەدا و ئەوندە درێژە بەو كارە ئەدات تاوەكوو لەنێوان رۆخوناخی ئەوبازنەدا تەباییەكیروون ئەدۆزیتەوە.

باوەكوو ئەم جۆرە شێوازناسییەی ئسپیتزێریش زێهنییە و دواجار پێكهاتەخوازەكان لەروانگەی زمانناسییەوە عەبەسیەتی ئەو وتەزایانەیان پیشاندا و تەنانەت لە رەوتی بابەتی زمانناسانەدا دەستێوەردانی نووسەریشیان كەم بایەخ كردەوە، بەڵام هەر ئەوەندە كە جەخت ئەكرایە سەر زمان و بازنەی وشە و لارێیی و هەروەها دەق وەک كۆیەكی ئەمرۆژی بوو بە هۆی گەشەكردنی رەخنەی نوێ. ئەو چەمكانە دواجار لەلایەن فورمالیست/ پێكهاتەخوازەكانەوە ئاوڕیان لێ درایەوە.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ـــ ٢ ـــ

نامۆکردنەوە/ئاشنایی‌سڕینەوە/ واتە لە ئۆتوماتیزە خستنی شتەکان بۆ بەرچاو خستنەوەی دووبارە و چەندبارە کە لە لایەن فورمالیستەکان/ شکلۆفسکی/یەوە هاتە ئاراوە، کە هەمان شۆردنەوەی چاوە بۆ نوێ دیتن،.بۆ نموونە:

دەقی ١- کە تو لێم جیا دەبیتەوە یادەت دەکەم تا دیتەوە

دەقی ٢- هەڵتتەکاند ئەو ڕەشماڵەی

لە ئاوایی چەقی سینگما هەڵتدابوو...

لە دەقی دوودا زمانی شیعری جیابوونەوە نامۆ دەکاتەوە بۆوەی لەزمانی باوی ڕۆژانەوە/ دەقی یەک/ بیئاخنێتە زمانی شێعریەوە. فۆرمالیستەکان/ کە بەهەزارتان پوێ دەبەسرێنەوە بە بنەماخوازەکانەوە/ شێعر لە بەکارهێنانی ئەو تکنیکانەدا ئەزانن کە زمان کەڵکی‌لێوەردەگرێ بۆ ئەوەی ئاشنایی‌یەکان بسرێتەوە و سەرلەنوێ بەزمانێ تر سازیان کاتەوە، شکلۆفسکی لە کتێبی هونەر هەمان تکنیکە/١٩١٧/ دا ئەڵێ: « ئامانجی هونەر هەستکردنی ڕاستەوخۆی شتەکانە بەوجۆرەی دەرک ئەکرێن، نە بەو جۆرەی ناسراون و ئاسایی بوونە، تەکنیکی هونەری بریتیە لە نامۆ کردنەوە/ ئاشنایی سرینەوە/ ی بابەتەکان هونەر شێوازیکە بۆ وەی هونەری بوونی بابەتێک بێتە ئەزموونەوە، خودی بابەتەکە گرینگ نیە.

لەئەسپەکەی چخۆف دا تەنیا کاتێ ڕیوایەکان دەبنە چیرۆک کە کابرای درووشکەچی دەست دەکاتە ملی ئەسپەکەی و ئەو دەکاتە بەردەنگی خۆی...گۆران کاتێ لە «کانی‌یەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەو» دا مرواری دەبینێ و لەرزینی زیخی بن ئەوکانی‌یە لەگەڵ شەپۆلی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەریای بێسنوور بەراورد ئەکا خەریکی ئاشنایی سرینەوە لە کانی‌یەکە
کە بۆ خەلّک ئاسایی و ئوتۆماتیزە بووە و ئیتر ڕەنگە نەشبینرێ....



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دؤق و رؤخنؤ

الف: دەق

پەپوولە دەرباری و /زریان کوێریان دەکا/ ئای کرێوەی پەپوولە، /برۆی بابم/ ردێنی/ جامانەی/ پێڵاوەکانی/ هەمووی پەپوولەن/ لەچکەی دایکم/ تەسبێح و بەرماڵی نوێژی/ قژی خۆشکم/ لانکەی منداڵیم/ تفەنگە ژەنگاوییەکەی باپیرەم/تەشییەکەی دایەگەورەم/ هەمووی پەپوولەن/رۆژینا تۆ تماشاکە/ سەرکێلی براکەم و لانکی منالێم هەموو پەپوولەن/ پەپوولەی سپی/

زستانە و سەهۆڵ بەندان/ بەرماڵی نوێژانی دایکم بەستوویەتی/ دەترسم لاقی بخزیٚ و/ ئەوە دوا کرنۆشی بۆ خودابیٚ/ ریگەی مزگەوت بەستوویەتی/دەترسم باوکم لاقی بخزیٚ و/ ئەوە دوا رۆشتنی بەرەودیداری خودابیٚ/ لیٚوی خۆشکم بەستوویەتی/ ئەترسم ئیدی هیچ گولە پیٚکەنیٚکی لیٚ شین نەبیٚ/ ریگەی قوتابخانە بەستوویەتی/ دەترسم مامۆستای تاریخ لاقی بخزیٚ و/ ئەوە دوا دەرس دانی میٚژووی بیٚ/ چ زستانیٚکی سەخلٚەتە/ منالٚەکان خەو دەبینن/ لە سەر کورەی جۆغرافیا/ بە خلیسکیٚن دیٚنە خواریٚ/ کیژەکان خەو دەبینن/ قژیان بۆتە لوٚکەی سپی لەو تۆف و بەندەدا/

گۆرانیەک لە سەرزارمە/ ئەگەر بیٚت و تیٚهەلٚکەمیٚ/ لە سەر بەرمالٚی دایکم گەزیزە دەرِویٚ/ لە سەر ریٚگای مزگەوت/کانی هەلٚدەقولٚیٚ/ لاولاوە لە لانکەی منداڵیم دەهالٚیٚ و/ خوٚشکم دیسان پیٚدەکەنی...

پیشانگای پەپوولەکان ـ کورتەیەک لە شیعری «رۆژینا و تۆفانی پەپوولەکان»

ب: رەخنە:

بنەمایەکی پتەو:

پێش ئەوەی خوێندنەوە دەست پێکەم ئەخوازم چەند خالّێ دەست نیشان کەم،

- وەک دەبینن ناوی خاوەنی دەقەکە نەهاتووە، بەو هۆیە کە بلێێن: الف) ئامانجی رەخنەی نوێ هەلّکێشان و داکێشانی نووسەر نیە و رەخنەگر حەز لەو «باند» و باندبازییەی ناکا کە سەردەمانێ ببووبە دەسەلاّتێکی زمانی و شاعیر و نووسەر و هونەرمەندیان پێ دەبردە ئاسمان یان لە ئاسمانەوە دەیا کۆتابەزەویدا.....ب) رەخنەگر لەگەلّ دەق پێوەندی سازدەکا و رەخنەی نوێش گرینگی ئەداتە دەق نە وەک خاوەن دەق
- باوەکوو لەم دەقەدا مانا لەگەلّ فۆرم تێکەلاّوە بەلاّم مەبەستی سەرەکی ئەم خوێندنەوە هەلّکرانی مانا و ماناکان نیە، هەرچەندە کاتێ بنەما /بنەما/ی دەروونی دەقێک روون بێتەوە رەمزەکانی ناو دەقەکەش دەشکێن و باشتر بەرچاوئەکەون
- بە داخەوە دەقی کوردی زۆربەیان بنەما/structur/یەکی پتەویان نیە و ئەوەش نابێتە هۆی لاوازی و بەهێزی دەقەکە بۆوەی رەخنەی بنەماخوازی تاقە رێگەی چوونە ناو دەق نیە و زۆر رێگەی دیکەش هەنە کە رەخنە گربەپێی دەق و دەروونی دەق هەلّیاندەبژێرێ، بۆ وەی بنەمای پێوەندی نیشانەکان لەم شیعرەدا باشتر دەربکەوێ سەرەتا شیعرەکە لە سێ بەشی جیاوازدا دەنووسینەوە و هێندی لەنیشانەکان دیاری دەکەین،



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

| ب | ج | الف |
|---|---|---|

**الف**

١ ـ پەپوولە دەباری/بەفر/کرێوە..
٢ـ زریان کوێریان دەکا
٣ـ برۆ و ردێن و جامانە و پێلاوەکانی باوکم دەترسم باوکم لاقی بخزی
٤ـ لەچک، تەسبێح، بەرماڵی نوێژانی دایکم دەترسم دایکم...
٥ـ .................................قژی خۆشکم گوڵە پێکەنینێک
٦ـ.................................لانکەی منداڵیم
٧ـ ......................تەشییەکەی دایگەورم
٨ـ...... .......تفەنگە ژەنگاوییەکەی باپیرەم هەمووی پەپوولەن
٩ـ تۆ تماشاکە..........................ڕۆژینا لەو تۆف و بەندەدا
١٠ ـ سەرکێلی براکەم و ........لانکی منداڵیم هەمووی پەپۆولەن

**ب**

زستانە و...
٢ـ سەهۆلبەندانە
٣ـڕێگەیمزگەوت بەستوویە و هەمووی پەپوولەن
٤ـ بەرماڵی نوێژانی دایکم بەستوویەتی ..
٥ـ لێوی خۆشکم بەستوویەتی و دەتریسم هیچ
٦ـ ڕیگەی قوتابخانە بەستوویەتی ودەترسم
٧ـ لاقی بخزی و ئەوە دوا دەرسی
٨ـ میژووی بی
٩ـ منالەکان خەو دەبینن.. کیژەکان خەو دەبینن
١٠ـ قژیان بۆتە لۆکەی سپی

گۆرانییەک لە سەر زارمە ئەگەر بێت و تێ هەڵکەمی:
لە ســــــەر بەرماڵی دایکم گەزیزە دەروێ
لەسەر ریطای مزطەوت کانی هەلَدەقولَیَ
لاولاوە لە لانکی منداڵیم دەهاڵی
خۆشکم دیسان پێدەکەنی...

**بازنەی وشەکانی دەستەی الف**

١–پەپوولە/لێرەدانیشانەی بەفروخوازەی شیعریهاتووە
٢–زریان
٣–برۆردێن جامانە وپێلاوەکانی باوکم
٤ـلەچك،تەسبیح،بەرمالی... دایکم
٥ـقژی خۆشکم
٦ـلانکەی منداڵیم

**بازنەی وشەکانی دەستەی ب**

١–زستان
٢–سەهولبەندان
٣– ڕیگەی مزگەوتی باوکم
٤–بەرماڵی نوێژایی دایکمـ بەستوویەتیـدەترسم
٥ـلێوی خۆشکم، گوڵە پێکەنین..
٦ـ ڕێگەی قوتابخانەـخەونی منالیـ خلیسکێن



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

٧ـ تفەنگە ژەنگاوییەکەی باپیرەم

٨ـتەشیەکەی دایەگەورەم

٩ـ کێلی براکەم

١٠ـ رۆژێنا

٧ـ مامۆستای تاریخ

٨ـ مێژوو

٩ـمێژوو

١٠ـ کیژەکان خەودەبینن قژیان ـ لۆکەی سپی

بەم جۆرەنیشانەکان بەپێی بنەمایەکی راستەوخۆوە دەچنە پاڵ یەک واتە؛

١ـ بەفرـ زستان ـ ٢ـ زریان ـ سەهۆڵبەندان ٣ـنیشانەکانی باوک ـ ریگەی مزگەوتی باوک ٤ـ نیشانەکانی دایک ـ بەرماڵی نوێژی دایک ٥ ـ قژی خۆشک ـ لێوی خۆشک ـ لێوی خۆشک گوڵی پیکەنین ٦ـ لانکەی مندالی ـ رێگەی قوتابخانە ٧و٨و٩ ـ با پیرە و دایەگەورەو براکەی/کەنەماون/ لەگەڵ مامۆستای تاریخ و مێژوو ١٠ ـ رۆژینا وکیژەکان کەخەوبە پیرییەوە دەبینن.. نیشانەکان بەپێی «لەف و نەشری مورەککەب» یەکیان دۆزیوەتەوەو پێوەندییەکی بنەمایی پتەویان ساز کردوە. لە بەشی سێدا نیشانەکان بۆ لەیەک نزیک خستنەوەی خشتەکانی الف و ب هاتوونەتە ئاراوە. بەشی ج –٥– دێرە واتە نیوەی نیشانە سەرەکییەکانی الف و ب بنیشانەی هاوردۆتەوە بروانە بنەمای وشەکان/نیشانەکان/ی بەشی ج بە نیشانەی بەهار

١ـ گورانی = زستان و سەهۆڵبەندان /١و٢/

٢ـ گەزیزە = زستان وسەهولبەندان /١و٢/

٣ـ کانی/هەڵدەقوڵێ/ = خلیسکان رەچەلەک /٥و٦/

٤ـ لاولاو = خلیسکان ورەچەلەک /٧و٨/

٥ـ پێدەکەنێ = خلیسکان و رەچەلەک /٩و١٠/

ئێستا ئەگەر بمانەوێ ئەتوانین رەمزەکانی ناو دەق روونکەینەوە و لەخشتەیەکی دیاریکراودا بیکێشنەوە؛

| دەستە واژەی یەکەم | گۆرانی بەنیشانەی هونەر | دەستە واژەی دووهەم |
|---|---|---|
| /لە منالەوە تا باپیرەم ودەزگیران/ | | /بە نیشانەی سوڵتە گەل زمانی باو/ |



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

به نیشانەی کومەڵ　　　　　　　　لەزریان وتۆف سەهۆڵبەندان

↓

دەستەواژەی سیهەم

به نیشانەی بەهاری

خەون

ئەمە بنەمای وشەکانە وەک سیستەمی نیشانە ... ئەو خوێنەرانەی بە شوین مانای دەروونی دەقەکەدا دەگەڕن ئەتوانن بیدۆزنەوە

به پیّی نیشانە سەرەکییەکان، شیعرەکە ئاوا کورت دەکەینەوە

الف:بنەماڵە وپەپوولە

ب: زستان وهەڵخلیسکان

ج: گۆرانی ، بەهار

وشەی گورانی تەنیا جاریّک هاتووە و کەوتۆتە نیّوان زستان و هەڵخلیسکان لەلایەک و نیشانەکانی بەهار/گەزیزە ـ کانی..../

زستان ——————— گۆرانی ——————— بەهار

بۆ وەی پرۆسەی حەرەکەی نیشانەکان بنەمایەکی پتەوی هەبیّ لە فرمانگەڵ دەباریّ وهەن /کاتی ئیّستای بەردەوام/ و بخزیّ، ببیّت،..... /داهاتوو/ کەڵک وەرگیراوە

ڕەمزی شیعرەکە تائیّستاهەر پەپوولەیە. کاتیّ شویّنی پەپوولە لە بنەمای شیعرەکەدا بە شیّوەی ڕاستەوخۆپیشان بدریّ، ئەو ڕەمزەش دەشکیّ.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەشی یەكەم بە پەپوولەوە دەست پێدەكا
بەشی دووهەم بە زستانەوە...
بەشی سێهەم بە گورانییەوە
لەبەرامبەربەشی دوودا: پەپوولەبەجێگەی بەفركەوتۆتە تەوەرەی جێنشینی نیشانەییەوە، بەتایبەت كاتێ لەگەڵ فرمانی دەبارێ هاتووە لە بەرانبەر بەشی سێدا پەپوولە بە جێی شیعر كەوتۆتە تەوەرەی جێنشینی نیشانەییەوە
/بەفر لەگەل بەستەڵەك دەبێتە هۆی هەڵخلیسكان. لەبەرامبەر گۆرانیدا دەبێتە هۆی ئاوەدانی و سەرهەڵدانی گەزیزە و هەڵقولانی كانی و.../
ئەو وشانەی لە هەر سێ پاژی شێعرەكەدا هاتوون،بۆوەی پێوەندییەكانی نێوان-دەقی بە هێزتركەن ئەمانەن؛

| | |
|---|---|
| سەر بەرماڵی دایكم<br>رێگەی مزگەوتی باوكم | نیشانەكانی بەرەی پێشوو/سوننەت/ |
| منداڵیم ، خۆشكم → | نیشانەكانی بەرەی نوێ/ مۆدێرن/ |

وەك گوترا ؛

**گۆرانی تەنیا وشەی نێوان ئەو دوو بەرەیە**

---

ئەم خوێندنەوە هەموو شیعرەكەی لامەبەست نیە!



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# چیرۆک

## زمان، جیهانێکی تر

چیرۆک واتە نڤیسارکردنی ریوایە، بۆ هەلاٌتن لە بازنەی کات و لەبیرچوونەوە، بۆ تۆمارکردنی شوێن و خولقاندنی کەسایەتی لەرێگەی زمان و گۆشەنیگا و قاشەزیهنی‌یەکانەوە.. بۆ پیشاندانی رووداوە دەرەکی و ناوکییەکانی، کۆمەلٌ، کەس، زێهن، لەپانتای خەیالٌ و فانتازیای ئینسانی‌دا..بۆ رۆچوون بەناخی مێژوو و ئێستا و داهاتوودا. بۆ دەرخستنی دیار و نادیارەکانی جیهانی مۆــــ دــــ ێرــــ نی مرۆڤی تاک، بە هەموو کێشە و گرفت و ناگرفتەکانییەوە
چیرۆکیش وەک هەموو دیاردەیەکی‌تر بەردەوام لە رەوت و ئالٌ و گۆڕ و هەولاٌیە، بۆ هەلاٌتن لەدەست مەرگی راوەستان و گەنین ..هەربۆیە لەرێگەی زمانەوە بەردەوام پێست دەگۆڕێ و لە سیمایەکەوە دەچێتە سیمایەکی تر.. لەدۆخێکەوە قەلَەمباز دەباتە دۆخیکی تر و لە هیچ فۆرم و چوارچێوەیەکدا بۆ ماوەیەکی زۆر نامێنێتەوە و چاوی تەماح لە هەموو شیوازی نڤیساریک دەکا و خۆشی بە هیچکامیانەوە نابەسێتەوە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

چیرۆک ژیانی مرۆڤی مۆدێرنە لە مانیتۆری نووسینەوەدا .. هەربۆیە خۆی لەحیکایەت جیادەکاتەوە یان دەبێتە چاوساخی و بۆ ئەو شوێنانەی دەبا کە خۆی مەبەستێتی، ئەو کەلێن و قوژبن و «لابیرێنت»انەی کە حەکایەت ڕەنگە هەرگیز ناویشی نەبیستبێ و بە خەیاڵیشیا نەهاتبێ .. لە «هەزار مەتر/ فەرسەخی/ ژێر زەریاوە» بگرە تا « بەرزاییەکانی کلیمانجارو» و چیرۆکە خیالأوییەکانی کالوینۆ ... چاوی چیرۆک لەچاوی هەڵۆ تیژترە لە «پیکەنینی گەدا»یەکەوە تا «باڵتا»کەی گووگول و ئەسپەکەی چیخۆف دەبینێ، لەچەقۆکانی «بۆرخس»ەوە تا شیرەلەیزەرییەکانی سەردەمی شپرزە و ئاڵۆزی پاشمۆدیرن .. لە چاوەکانی چیرۆکەوە ئەدرێتە چابگەری زمان و نووسینەوە.

ئەوەی چیرۆکی لە حەکایەت جیا کردەوە، هەر ئەوەش چیرۆکی مۆدیرنی لە چیرۆکگەل ڕیئال و ناتۆرال جیاکردەوە، گەلأڵەی پتەو و بنەمای بەهێزی چیرۆکە ڕیئالیستییەکان، ئەوەندە خێرا خوێنەری دەگەڕانەوە سەر واقیع کە ئیتر پێویستی چەندپاتبوونەوەی دەقی چیرۆک هەست پێنەدەکرا و نووسەرانیش لەو ڕەحەتەلقوم سازییانە وەڕەس ببوون .. هەر بۆیە گەلأڵە سەرەتا ئالوژ و ئینجا بەرەبەرە تاریک و نادیارکرا و چیروک لە فۆتۆگرافییەوە کەوتە ئافراندنی جیهانێکی تر ـــ ئەو جیهانەی بەم زوانە بۆ مرۆڤـ نەدۆزرێتەوە، لە جیهانێکیتر و شوێنێکیتردا ئەرز و ئاسمان و کەسایەتییەکانیش دەگۆڕدرێن و بەجۆریکی تر دێنە ئاخاوتن .. هەر بۆیەزمان و گۆشە نیگای چیرۆکی سەردەم گرینگترین بەشی چیرۆکە و ڕەخنەگران بە دەیان جۆر لێی دەکۆڵنەوە. ریوایەی نوێ واتە دۆزینەوەی ڕێگای تر،



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

زمانیٚ تر، جیا لەو زمانە باوەی لە ئاخاوتن و نووسینەوەی کلاسیکیدا هاتوٚتە دەربڕین
***

چیروٚکی سەردەم ئەوەند بە ناخی منی شەقارشەقاردا شوٚر دەبیٚتەوە
تا خوٚشی لیٚون دەبیٚ و کەس نەزانی زمانەکە چیروٚکە یان چیروٚکەکە زمان .. لایەنە نادیارەکانی من، تو، ئەو لەریٚگەگەل منوٚلوٚگ وەک /گفتار درونی/ و سیٚلاٚوی هوٚشەوە نەتەنیا منەکان / تو بلٚیٚ دژە کەسایەتی‌یەکان / دەپشکنن و دەیشکیٚنن و چاکیان دەکەنەوە کە زەمەنیشی پیٚوە دەشکیٚ و لە هیٚلٚی بوون دەربازی دەکا.. داهاتوو و رابردوو جیٚگوٚڕکیٚ ئەکەن و دیٚنە ئیٚستاوە .. ئەمەیە بەسەرهاتی زمان و زەمەن و ریوایە لە چیروٚکی ئیٚستادا
کەسەکان ئیتر بەیەک دەنگ نایە نە ئاخاوتن و سیٚلاٚوی هوٚشی موٚدیرن دەبیٚتە سیٚلاٚوی هوٚشەکان /چەنددەنگی/ و زوٚر جاران نووسەریشی پیٚوە دائەمالٚن.. ئەخلاقەکان دەگوٚڕدریٚن و زوٚرجاران ورد ئەبن .. چەند دەنگی و بیٚ شوٚینی و شوٚیٚنیٚکی‌تر .. کیٚ دەزانی چیروٚک بناسیٚنیٚ.. چیروٚک پیٚناسە ناکریٚ .. هەروا کە خوٚمانمان بوٚ پیٚناسە ناکریٚ بەلاٚم هەموو کەس چیروٚکی چاک و چیروٚکنووسی باش دەناسیٚتەوە .. بەوەدا کەئیتر لەچیروٚک تیٚناگا .. یان لەخوٚی و ژیان و دەوروبەر تیٚناگا ..

***

..من شیٚتم شیٚت .. مەگەر چیروٚکی سەردەم چیروٚکی شیٚتی و تیٚکەلٚکردن نیە.. زمان ئەو توانایەی دایە ئیٚمە کە بە تیٚکەلٚ و پیٚکەل کردنیش ئەتوانین بیٚ مانایی دەسەلاٚت و بیٚ دەسەلاٚتی دەربڕین ..ـــ بژی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

چیروٚک ــ ئه‌مه‌ش ئه‌و دروشمه‌یه که چیروٚک هه‌رگیز نایداــ مه‌گه‌ر ئه‌وکاته‌ی چیروٚکنووس تووڕه‌ده‌بیٚ...

***

چیروٚکی سه‌رده‌م یانی فوٚرمی سه‌رده‌م .. فوٚرمیش شوکر له شکاندنی فوٚرمیش‌دا ساز ده بیٚ ــ که‌وایه جیهانی چیروٚک به‌م زوانه نابیێته کوٚتایی بوٚوه‌ی کوٚتاییش ئیتر له چاوٚیکه‌وه پیٚناسه ناکریٚ ــ کیٚ نالیٚ کوٚتاییش سه‌ره‌تایه‌کی‌تر نیه بۆ چیرۆک ...
چیرۆک بنووسن!

---

*– ئه‌م بژارده‌بێژی‌یانه/گزین‌گویه / له سێهه‌مین مێهره‌جانی چیرۆکنووسانی لاو له بانه له‌لایه‌ن ره‌زاوه خوێندرایه‌وه و له به‌شێکی که‌ڵکم وه‌رگرت بۆ بریار نامـــــه‌ی لێژنه‌ی داوه‌ران.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

## چەند یادداشتی بێمانا

- ١ -

١٣ــ نوێخوازی لە سێ لایەنا خۆی ئەنوێنێ:

١٣ــ ١ ــ «نوێخوای زانیارییانە، واتە بەسەرا چوونەوەی بەردەوام لە ناسینیسروشتا بۆ خستنەژێرکێفی دەسەلاتی مرۆڤــ و سروشت ... هەروەها قوولبوونەوە و گەشەونەشەی ئەو زانستە و دەرخستنی نهێنی و نەناسراوەکان

١٣ ــ ٢ ــ نوێخوازی شۆڕشگێڕانە، واتە سەرهەلدانی بزووتنەوە، تێفکرین و ئەندێشەی نوێ، هەروەها ئەو گرووپ و ڕێکخراوانەی کە بتوانن بینای سوننەت و هەنیمیراتی بشکێنێ و بینایەکی نوێی بە سەردا دارێژێ.

١٣ ــ٣ ــ نوێخوازی هونەری، یانی پرسیاری سەرەکی کەبتوانی لە زمانی هونەردا بکەوێتە توێژینەوە و دۆزینەوەی تازە و پەیتا پەیتا... واتە، کردنەوەی درگاکانی ئاسۆگەلێکی نوێ بەرەو نووسین یا... هەروەها سازکردنی ڕێگەگەلێ لە زماندا کە لەگەل ئەو پرسیارانەدا تەبابن، ئەوەش بەمەرجێ پێکدێ کە تەنیا وەک مرۆڤێکی تاک بروانیتە جیهان و مرۆڤــ...

تەبسەرە: هەموو لایەنەکانی نوێخوازی تایبەتمەندییەکی ڕیشەیی و سەرەکییان هەیە... ئەویش بۆچوونی نوێیە لە سەر دوو خالێ گرینگ، ئەلف: پرسیار، ب: بەرەنگاری و دژایەتی کردن



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پرسیار سەبارەت بەو شتەی ئەبوا ببوایەت و نیە.
دژایەتی بەرامبەر بەو شتەی ئێستە هەیە و بوونەتە، یان بەشێکن لە، دەسەلاتە جۆراوجۆرەکان. کاتی نوێخوازی کاتێکی تایبەت و ئالۆزە ... واتە، کاتی دژایەتی و لەیەکدانی دوو بینای دەسەلاتی ناو کۆمەڵ لەگەڵ پێویستی بزاڤ و ڕەوتی قووڵ و ئاڵوگۆڕخوازی کۆمەڵ بۆ پیکهێنان یا سازکردنی بینا و پێکهاتەیەکی تەبا لەگەڵ ئەو ڕەوتە.
ئەم بۆچوونە، بۆ نوێخوازی، پێوەندی نێوان سوننەت و میرات لەگەڵ دنیای مودێرن ئالۆزدەکا، بۆوەی نوێخوازی لەرووی میراتەوە پێک نایێ، بەڵکوو تەنیا لە سێ ڕێگەی جیاوازەوە دێتە ئاراوە:
بچڕان لە بایخگەلی پێشوو بۆ سەلماندنی نوێخوازییەکەی خۆت.
سڕینەوەیمیراتلە بیرەوەریمێژوویی، کاتێک کە ئەو بیرەوەرییە هیچ دیاردەیەکی بۆ ژینی نوێ تیدانەبێ.
هەڵبژاردنی ڕێکخستەی بەتوانا لە میرات... کارێ کە پێویستی بە لێهاتووی زۆرە و زۆربەی کێشەکان لەوێوە دەستپێدەکا...
١ـ میشلفۆکۆ جۆرەکانی هونەروزانیاری لە سێدەورەی مێژوویيا پێکەوە هەڵدەسەنگێنێ:
یەکەم دەورانی رونیسانیس، کە زانیاری و هونەر گرینگییان ئەدایە نیشانەکان و ویکچوویی ئەو نیشانانە لەگەڵ یەک....
دووهەم: دەورەی کلاسیکی (ناوەراستی) سەدەی حەڤدە، کە گرینگی درایە نیشانەکان و جیاوازی نێوان نیشانەکان...
سێهەم : دەورەی مودێرنیتە، کە گرینگی درایە مرۆڤ وەک سووژە و ئۆبژە
ئەو ئەڵێ لەو سێ دەورەدا پێکهاتەی فکر یا پۆلێنبەندی زانستی (ئپستمە)لەگەڵیەک جیاوازن... ئەو جیاوازییە بۆتەهۆی ئەو دابڕانانەی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کەدەورەکان لە یەکدی جیا دەکاتەوە. فۆکۆ لای وایە کە لە هەر دەورە یا چاخێکدا کۆمەڵێ حوکم بەناوی زانیاری و راوبۆچوون هەیە کە یەک دەگرنەوە. لێرەدا مەبەست دابڕان و ئاڵ و گۆری ناو خۆیی و زاتی‌یە کە لە چوارچێوەی مەعریفە و شوناسی‌مێژوویی پێکدێ و هەر کاتێکی مێژوویی نە بۆ سەلماندنی رووداوەکانی رابردووە و نە هێڵێکە بۆ پیشاندانی تەتەوور و گەشەی‌مێژوویی... بەڵکوو کاتێکی تایبەتە بۆ پیشاندانی «مەعامەڵەی پڕلەمەترسی نێوان دەسەڵاتەکان» و شەڕی هەموو مێژوو ڕێکخەری بەردەوامی جۆرێ دەسەڵات و دلڕەقی‌یە لە قاڵب و چوارچێوەی یاسا و پێکهاتەیەکی تایبەتدا...کورت و کورمانج بنەچەک ناسی پیشانمان ئەدا کە چۆن مرۆڤ لە ڕێگای سازکردنی «ڕژیمەکانی حەقیقەت»ەوە بەسەر خۆیان و دژەکانیاندا دەسەڵاتداری ئەکەن.»




لە سەنتەری ئەو بازنە قۆڕەدا منم... منمانین کە ئەبێ!! بینەدەرێ بە هەزارەها ساڵەی مێژوو. نەهاتوینەتە دەرێ... هەر لەو کاتەدا کە هەست بە هاتنەدەرەوەی‌ساتی ئەکەی کەوتیتەتە ناو چاڵی دەسەڵاتێکی تر...هونەر و ئەدەبیش بە داخەوە هەر بە دەور ئەو بازنەدا ئەخولێتەوە..ئەو دەقەی لە کاتی خۆیدا لەدەرەوەی ئەوبازنە هاتبێتە دەربڕین مەودای خۆنواندنی کەم بووە یان لێیان کەمکردوە و هەوڵیان داوە بدرێتە دەست فرامۆشی..زۆربەی ئەو دەقانە، لە دەورەیەکی دیدا سەرلەنوی خراوەتەوەژێرسەرنج و دەسەڵاتیکی تر هەوڵی بووژانەوەی بۆ رەخساندووە..



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

١٢ ـ نازانم کاتی ئەوە هاتوە کە مێژوو بکریٚ بەدوو بەشی بەر لە«نیچە» و دوای «نیچە»وە یا نا. بەلاّم ئەوەی کە روونە چلّەشەمچەکە ئەو دایگرسان و شەمچەکەشی لە «شوپنهاور»ەوە وەرگرت و دنیای پیٚ ئاگردا...

«حەقیقەتەکان زۆرن....کە وایە حەقیقەتێک وجوودی نیە»... گۆمەکە شەلّەقا.... ئێستاش کە ئێستایە جێی خۆی نەگرتەوە... نیچە سنووری نێوان ئەرز و ئاسمانی شکان و شمشێری بەرەو دەسەلاّتەکان کێشاو دەسکەوتەکانی مودێرنیتەیدا بەر پەلامار، «ئێمە هێزێکمان تیایە بۆ ڕێکخستن، هاسانکردنەوە، بە ناراست پیشاندان و ساختەچیٚتی و جیاکردنەوە ... بۆیە زانیاری وەک کەرەسەی دەسەلاّت ئەکەوێتە کار و ئەمانکات بەئاغای جیهان.» /ئەوپەڕی چاکە و خراپە/

لای نیچە زالْمی خوێنمژ و شورشگێر و ئاژاوەچی جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە بۆوەی هەموویان تاقەکەس فیدا ئەکەن و ئەو لەناو بردنەش بەو پەڕی شانازی ئەزانن: «هەموو زەردەشتی من هیچ نییە جگە سروودی پیاهەلگوتن بەتەنیاییدا» /نیچە، ئەو پەڕی چاکە و خراپە/

٢ـ ڕەنگە خەتاکە/هەلّە/ زیاتر لە سەر «مارکس» بیٚ کە ئەو ئوستوورە نوێیەی خولْقاند و ئەو ڕەوایە گەورەی هاوردە ناو کۆمەلّەوە و هیوای دەرچوون لە ژێر دەسەلاتەکانی خستە دلّی جەماوەرەوە...و جیهانی دیسانەوە پیٚ شلّەقاند و مەسنەوی حەفتادمەن کاغەز، کە ئەنجامەکەی بوو بە ڕچاندنی ڕۆشنبیران و ئازادیخوازەکان لە سیبری و سەرۆکایەتی پێشەوا ئیستالینی پۆلاّیین!!... یا هیتلەر کە بە بۆنەی سازکردنی جیهانێکی بەشکۆ لە سووپرمەنەکان کوورەی بەشکۆی سازکرد و پەنجا و دو میلیۆن مرۆڤی لەو ئاگرە بەشکۆدا هەلّکووران!!! ئەونە ئەزانم ئەو جیهانەی یۆتۆپیای مودێرنیتە و زانستی مۆدێرن



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەیویست پێشکەشی مرۆڤی سەردەمی بکا بوو بە جەحانم و خەڵکی تێکەوت...گەورەترین شەڕەکانی جیهانی و بە کۆمەڵ کوژیترین مەرگەساتەکانی مێژوو، رەنگە لە سەردەمێکدا بوو کە مرۆڤ و رۆشنبیر و زبانی دەسەڵات داوای ئازادی(!!) دەکرد:

١١ـ مودێرنیتە دەسکەوتی(!!) راپەرینەکانی رونیسانس و دوای رونیسانس بوو..ئامانجی سەرەکی ئەو شۆڕشە فیکرییە بریتی بوو لە:«بەرەو عەینییەت چوون ولایەنگری لە زانست و دەسکەوتەکان... خۆلادان لە لایەنگرایەتی بیرورِایی، بەرەنگاری لەگەڵ هەر چەشنە خورافە و بووژاندنەوە و پاراستن و بەهێزترکردنی بایخگەلی مروڤدۆستانە لە رێگای هونەروئەدەب و فەلسەفەوە...کەڵک وەرگرتن لە هەموو بوارەکانی سروشتی بۆ چارەسازکردن و نیاز و پێداویستییەکانی کۆمەڵ و مرۆڤـــ، هەروەها هەوڵدان بۆ پێکهێنانی شارستانییەت لە رێگەی یاسایئینسانییەوە... دۆزینەوەی واقعییەتەکان و پاڵنان لە جەماوەرەوە بەرەو «واقعگەرایی» بۆ گەشە و پەرەسەندنی نوێخوازی لە گەل ئومێد و هیوا بە داهاتووی مرۆڤــ.»

هۆگەلی مێژوویی ئەوشۆڕشە لای هەموان ئاشکرایە دەربازبوون لەئەنکیزاسیۆن و کلیشەی فەلسەفەی «ئەرەستوویی، رزانی بنج و بناغەی دیواری ئەشرافییەت و دەرەبەگایەتی، سەرهەڵدانی چینی بورجوازی و شێوەی بەرهەمهێنانی/تەولیدی/سەنعەتی و.پیشەسازی..» بەڵام بەداخەوە زانست و واقعییەتەکان بەرەو ئەو ئامانجانە نەچوو: بروانن شکست و هەرەسهێنانی کمۆنی پاریس و دامەزراندنی کۆمار و دەسەڵاتداری سەرمایە.... دوای شەڕەکانی جیهانی لە لایەن زمان و کرداری زلهێزەکانەوە هەموو ئەو داخوازانە کەوتنە ژێر پێ و سەرەتا بە گوللە و توپ و تانگ و فرۆکە ئینجا بە پروپاگەندە و رادیۆ و تلەویزیۆن



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

و ئێستا ماهوارە و ئینترنێت .... ڕەجم کرا، فەلسەفە و ئەدەب و هونەری مرۆڤ دۆستانە خنکا، نووسەر وهونەرمەندی دەست لە ئەرز و ئاسمان بڕیاو ناهومێد و ڕەشبین لە شۆڕش و ڕاپەڕین و ترساو لە دەسەڵاتودەسەڵاتداری تەنیا لە ڕێگای شۆڕبوونەوە بەناخی دەرووندا مەودای بەرەنگارییان بۆ مایەوە..

پەرەسەندنی پێکهاتەخوازی/ساختارگرایی/ وجوودییەت و داکۆکی لە مافی ئینسانی تاک، وەڵامی سەردەمێکی ڕەشە بەدەسەڵات

/ لەسەر لایەنی پۆزیتیڤی دەسەڵاتیش دەڕۆین،جاری تووڕەین../

٣ـ ڕەنگە قوتابخانەی فرانکفورت یەکەم مەتەرێزە دژی دەورەی ڕۆشنگەری(!!!)

فیلەسووفان و ڕۆشنبیرانی ئەو قوتابخانە پێیان وابوو دەورانی ڕۆشنگەری نەیتوانی عەقلی ڕاستەقینە(!!) بێنێتەدی، بەڵکوو عەقل باوەڕی کەرەسەیی بەدیارە هاورد، کە ئەنجامە مەنتەقییەکەی بوو بە «فاشیزم» و دەستی بەسەر فەرهەنگی مرۆڤدا ڕاگرت و دەستدرێژیشی لیکرد و .. تاد.

/بڕواننە باسەکانی ئادرنۆ و هورکهایمێر لە دیالێکتیکی ڕۆشنگەریدا و باسی سەنعەت فەرهەنگ/.

سەنعەتفەرهەنگ کارگای ڕەحەتەلقوم سازییە لەهونەردا، ڕواڵەت بینە و تاکەکەس ئەکوژێ، تەنیا بۆ سەرقاڵیی بینەر و بیسەر و خوێنەر دێتە ئاراوە و دەبێتە شەوچەرەی خەڵک. سەنعەت فەرهەنگ دژایەتییەکان و ناسازەکان دائەشارێ، ئامانجی سەرەکی سەنعەت فەرهەنگ نە پەرەدان بە هۆش و ئەندیشە و زانیاری بەڵکوو گەشەپێدانە بە قازانجی زیاتر، وەدەست هێنانی پارە و سەرمایە، دەسەڵاتی دژ بە سروشت دەکا بە دەسەڵاتی دژ بە خۆمان، لای سەنعەت فەرهەنگ عەقل ئیتر سەرچاوەی خولقاندنی کردەوەی باشە نیە بەڵکو تایبەتمەندی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

تایبەتی خۆی هەیە و هەموو شتیّ لە رۆچنی خیّر و قازانج و سەرکەوتن لەو بوارەدا ئەبینیّ، مەسەلە تەنیا رەحەتی و راحەتبوونی ژیانە نە باشی ژیان.

کەوایە بەلای ئادورنوّ و هورکهایمیّرەوە هونەری راستەقینە (!!) هونەری بەرەنگاریکردنی تاکەکەسە بەرامبەر بە جەماوەر، واتە هونەر ئوپۆزیسیۆنی سەنعەت فەرهەنگ و «کیج»ە Kitsch* هونەر بە پیّچەوانەی سەنعەتفەرهەنگ، ناسازەکان پیشان ئەدا و لە ماقی مرۆڤی تاک، لە بەرامبەر جەماوەر و یەکسان بووندا، داکۆکی دەکا

١٠ ـ ئەگەر ئەرکی هونەر هەولّدان بیّ بۆ دەرچوون لە بازنەی دەسەلاّتەکان، ئەکریّ ئەو هەولاّنە لە چەند تەقەلایەکدا، تا سەردەمی پۆستمۆدیّرن، پیّشان بدریّ. باوەکوو هۆی هەر راپەڕینیّک وەک حەقیقەتەکان ئەوەندزۆرن کە ناکریّ بڕوا بە هیچیان بکەین، بەلاّم چار نیە بۆ دۆزینەوەی پیّوەندییەکان و رەوتی ئەدەب و هونەرلە دریّژەی زەمەن یا زەمەنی بچڕبچڕ ../کە لای ئیّمە زیّدەتر مەبەستە/ تا دەورەی رووخیّنەریپاشمودیّرن، دەبیّ بە هیّندیّ بزاڤ و جموجوولّدا بچینەوە:

١٠ ـ ١ دەسەلاّتداری ریالیمسمی سۆسیالیست لە لایەن فۆرمالیست ەکانەوە شکا...ریالیستەکان هەولّی پیّکهیّنانی چوارچیّوەیەکی ئەدەبی ـ سیاسییان ئەدا کە بتوانن لەو ریّگەوە هەولّ و جم و جوولّی مرۆڤ لە میّژوودا بە پیّی چینوتویّژەکانی کۆمەلّگا دەستنیشان بکەن. کەسایەتی لای ئەوان نە وەکو کەسی تاک بە دەروون و دەرەوەیەکی تەواو جیاواز لەوانی دی ..بەلّکو وەک نویّنەری چین و تویّژیّکی کۆمەلّگا/ کریّکار و خاوەن پارە و تویّژەکانی ناوەراست، کە ئەوانیش هەرکام لە کەش و

---

*



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەوای تایبەت و پێوەند بە دۆخی خاوەن دەسەڵات کردار و دەرونیان تووشی داگەڕان بە لای ئەم یان ئەو دەسەڵات دەبوو/ دەهاتنە ناو دەقەوە و ئەوانەیان دەگوت کە دەبوا بیانگوتبا...لەم جۆرە کەسایەتییانەوئەودروشمانەی لەمەڕ شۆڕشیکرێکاریو وردەبۆرژوازی و دژ بە دەسەلاتداری «سەرمایە» و سیستەمی سەرمایەداری ناوچە و جیهانیدەدرا، لەناوشێعروچیرۆکورۆمانیریالیستە سوسیالیستەکاندا ئەوەند زۆرە کە نمونە هێنانەوەمان پێویست نیە. بەو پێیە ڕەخنەی سیاسی،کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەخلاقیش / بۆ وەی وەک گوترا هەر چینێک ئەخلاق و تەنانەت جوانی و جوانیناسی تایبەتی خۆی هەبوو/ لە ژێر سێبەری ئەو دەسەڵاتە زمانییەدا بوو.ڕەخنەی ئەدەبیش /بەتایبەت لەو ولأتانەدا کە گەرما و ئاگری بزووتنەوەیەک هەبوو/ هەر ئەو ڕێبازەی ڕەچاو دەکرد و ...هەر چیرۆکیٚ ئاسنگەرێکی تیدانەبوایە /کە بۆوێنە نوێنەری پرۆلیتار بوو/ دیارە بە چیرۆکێکی لاواز لەقەڵەم دەدرا و ...تاد لوکاچ، یەکی لە گەورەترین ڕەخنەگرانی ریالیستی جیهانی هەوڵیدا بە شێوەیەکی سیستماتیک و نە بەو شێوە «کلیشەیی»یەی کە من باسم کرد ریالیسم سەرلەنویٚ بخوێنێتەوە و روانگەی لۆکاچ لەمەڕ ریالیسم ڕەنگە ئاخرین مەتەرێزی ریالیسم بوو

بەلأم فورمالیستەکان زمانیان کردە هەوێنی تویژینەوەی ئەدەبی و بونیادی /بنەڕەتی/ ڕەخنەکانیان لەسەر نامۆکردنەوەی زمان داریژا. ئەوەی فورمالیستەکان جەختیان دەکردە سەری؛ نە ناوەڕۆکی دەق و کەسایەتی نووسەر و مێژوو و دۆخی سیاسی و رامیاری و کۆمەلایەتی و...بەڵکوو خودی دەق و چۆنیەتی هەلس و کەوتی دەق بوو لەمەڕ زمان وەک سەرەکیترین هەوێن و کەرەسەی نڤیسار...لەو گۆشەنیگاوە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

باڵتاکەی گوگوول ئیتر بەرهەمێکی واقیعگەرا یان دەقێکی هەست بزوین و ئومانیستی نیە.. بەڵکو دەقێکی گاڵتەجارِ و مەسخەرەیە

/بڕواننەلێکۆڵینەوەی «ئایخنباوم» لە سەر «باڵتا»کەی «گوگوول» لە «بیرۆکەی ئەدەبیات»ەکەیدا. ل،٢١٢-٢٢٣/

ئشکلۆڤسکیئەیگوت:«ئامانجیمنلە«بیرۆکەیئەدەبیات»دا لێکۆلینەوە لەمەڕیاسا ناوەکیەکانی ئەدەبیاتە..هەر بۆیە هەموو کتێبەکە باسی ئالّ و گۆڕە لە بیچمەئەدەبیەکاندا» ئەو لە وتاری بەناوبانگی «هۆنەر وەک تکنیک»دا تەنانەت ئەو بیرۆکەیەش ڕەفزدەکاتەوە کە لای وایە هونەر جۆرێک تێفکرینە لە ڕێگای وینەوە..«ڕاستییەکەی ئەوەیەکە وێنەکان لە سەدەجوراوجۆرەکاندا، لەزێدەجوراوجۆرەکاندا و لای شاعیرە جۆربەجۆرەکان، ئالّ و گۆڕی ئەوتۆی بەسەر نایێ..»لەم روانگەوە،بەرهەمەکان پلەوپایەیان بۆ دابین ناکریێ بەڵکو، فۆرمی /بیچمی/تاقانەو پیوەندی کەرەسە/مصالح/ دەبێتە گرینگترین ئەسلّەکانی قوتابخانەی فورمالیست.واتە«چۆن نووسراوە؟»دێتەجیێ«چی نووسراوە ؟» بۆوێنە سەفەرنامە ئالّ و گۆڕکردنە بە ڕەوایەت/گێڕانەوە/ لە شوێنەکاندا و بەس. یان بیرەوەری گێڕانەوەیە لە کات/زەمان/دا..

سەرەتا بازنەی زماننناسی مسکۆ و ئینجا بازنەی پراگ و بۆچوونەکانی یاکوبسن لەمەڕ ڕەوشت ناسی وەرگرتنی زمان و لایەنی فونۆتیکی و زبانی ئەدەبی و..دەبنەهۆی گەشەسەندنی ئەم روانگەیە لە ڕەخنەی ئەدەبی و هۆنەریدا...

١٠ـ٢ نیێشانەناسیی سووسۆر زمانی کرد بە دووبەشی دال و مەدلوول ەوە کە وەک دوو رووی سککەیەک وان ئینجا «لانگ» بەشی ریکخستەی زمان کە وەکوو بینای «پارۆل» واتە گوتە و نووسراوەی تاکەکەس کار



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەكا. سووسۆر دلّنیامان ئەكا كە لە نێوان دال و مەدلوولدا حەتم نابیّ پێوەندییەك هەبیّ بۆ وەی زۆرجار لە زۆرزماندا بۆ دوو یان چەندمەدلوول،ڕەنگە زیاتر لە وشە یا دالێك هەیە، بو نموونە دالی دەس، ئەم وشە بەرێكەوت لە هەمبانەبۆرینەی مامۆستا هەژار هەلّدەبژێرین كە ئەم مەدلوولانەی بۆ داناوە:

١٠ ـ٢ـ ١ لە جومگە بەرەو ژوور،

١٠ـ٢ـ ٢ بالّ، لە سەرپەنجەوە تاشان

١٠ ـ٢ـ٣ گەمەیەك، جارێكی كایە

١٠ـ٢ـ ٤ كەل و پەلی تەواو: دوودەس لیباس

١٠ـ٢ـ ٥ لە گوێن: ئەم گەنمەدەسی ئەو گەنمەیە

١٠ـ٢ ـ٦ نورە لە قوماردا: دەسی منە بازی كەم

١٠ـ٢ ـ٧ ماوەیەك خەو، یەك دەس خەفتم

هەركام لەو مانایانە( مەدلوول) بە نۆرەی خۆی ئەبیّ بەدالیتر و ئەتوانین زنجیرەیەك ئێجگار درێژ لە مەدلوولەكانی هەر لە هەمانە بۆرینەدا بدوزینەوە.

سوورسۆر ئەلّیّ:«لە نیزامێكی زمانیدا زنجیرەیەك لەجیاوازیگەلی دەنگی هەیە كە تێكەل بە زنجیرەیەك لە جیاوازیگەلی فكری دەبن... كەوایە زمان تەنیا لە جیاوازییەكان پێك هاتووە و بەس/ ئاخ...داخ.. ساخ ..باخ/ هەركام لەو وشانە بە پیّی جیاوازی لەگەلّ وشەكانیتردا دەناسرێتەوە و مانا ئەدا و زنچیرێكی مەدلوولی بۆ خۆی سازدەكا..

١٠ ـ٣ بنەماخوازی (Structuralism*) ڕەنگە هەر درێژەی نیشانەناسی بیّ بە شێوەیەكیتر..بنەماخوازەكان گرینگییان ئەدایە ئەو ڕەمزانەی كە لە

---

*



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بنەما و پێکهاتەی مانادا هاتۆتەکار، ئەوان بە شوێن ئەو پەیوەندییانەدا دەگەڕان کە سیستەمی مانایی تایبەت بە مرۆڤ سازدەکەن (رێزمانی، سینتاکسی و واجی یا بەشی مانادارى زمان). ئەوەش گرینگ نەبوو کە دەقەکە دەڵێ چی و سەبارەت بە چیە و لەچ هەل و مەرجێکی مێژوویی و...دا نووسراوە، گرینگ دۆزینەوەی کۆمەڵێ یاسا و پێکهاتە بوو کە هەموو گوتارەکان لەویۆە سەرچاوە دەگرن. بۆ وێنە یاسای سیستەمی لیباس و جل و بەرگ لەلایەن «رۆلان بارت»ەوە یان گەڕان بە شوێن پێکهاتەهاوبەشەکانی ئەفسانەکان لە لایەن ئستراوسەوە... هەروەها دۆزینەوەی بونیادی سینتاکسیSyntax/نەحو/ی.زمان وەک نەهاد و گوزارە لە رەوایەدا. لە لایەن «تۆدۆرۆف»ەوە دوزینەوەی زنجیرەی یاساگەلی زمانی دەق،/لە دەقی ئەدەبیدا/ بووبە ئەرکی سەرشانی بنەماخوازەکان، بۆ وێنە ئەوان سەبارەت بە ئەفسانەکان ئەیاننووسی:

«.. ١٠ـ ٣ـ ٣ کارێکی گران و ئەستەم دەدرێ بە کەسایەتی سەرەکی ئەفسانەکە

١٠ـ٣ـ٢ کارەکە ئەنجام ئەدرێ

١٠ـ٣ ـ٣ پاڵەوان ئەناسرێ

١٠ ـ٣ـ٤ پاڵەوانی درۆینە یا پیاوکوژ ئەدۆزرێتەوە ـ خراپ بە تاوانی خۆی دەگا – پاڵەوان ژن دینێ و دەگا بە تاج و تەخت.

بەم جۆرە بنەماخوازەکان بە شێوەیەکی سەلبی لە ژێر تەوژمی دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵایەتی و هونەریی سەردەم دێنەدەرێ و پێوەندیی خۆیان لەگەڵ مانا و حەقیقەت بچران.

١٠ ـ ٤ دیاردەناسی Phenomenology هوسرێل:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەر بەرهەمێکی هونەری یا فەلسەفی هەتا نەبینرێ یا نەخوێنرێتەوە هیچ نیە. کە وایە بەردەنگ/موخاتب/ و ناوەرۆکی زانیاری و زانستی ئێمەیە کە گرینگی ئەدەنە دەقەکان ـ هەتا بەرهەم بەدەست بەردەنگ نەگا نابێتە واقعییەتێکی جوانناسانە و تەنیا وەک بیروڕاییێک لە زەینی خولقێنەردا ئەمێنێتەوە.

ژان پۆل سارتر ئەڵێ ئەوە ڕاست نیە کەسێ بۆ خۆی بنووسێ بۆ وەی گەورەترین و خرابترین شکستی ژیانی ئەبێت بەوە، ئەوە خوێنەرە کە دەبێ هەمووشتێک بخولقێنێ ..بەرهەمی ئەدەبی هیچ نیە و نابێتە هیچ، ئەگەر لە تەرازووی توانای فیکری خوێنەردا، ئێستاکە بەرهەمێکی ئەدەبی بە کەماڵ ناگا جگە لە ڕێگەی خوێندنەوە نەبێ.ـ ئێستا هونەرمەند کاری تەکمیڵکردنی ئەو بەرهەمەی کە دەستی تێداوە ئەداتە دەست خوێنەر. کەوایە، هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بانگهێشتنێکە لە خوێنەر بۆ عەینی کردنی ئەو بەرهەمەی کە من لە ڕێگەی زمانەوە ئەمهەوێ ئاشکرای کەم.

/ادبیات چیست. سارتر ل ١٥/

کەوایە جوانناسیی وەرگرتن لە پیوەندی نێوان دەق و خوێنەرەوە دەست پێدەکا.

بە مجۆرە فنۆمنۆلۆژیای هوسرێل لە لایەن شاگردەکانییەوە،کە هایدگر و گادامێر لەوانەبوون، دەلکێ بە هێرمنۆتیکەوە واتە (زانستی ڕاڤەکاری(ترٖویل) و چەندبۆچوونە) و دیسانەوە دینەوە سەرنیچەکە:

بۆچوونەکان ئەتوانن ئەوەندە زۆر بن کە هیچیان دروست نەبن.

١٠ـ٥ هیرمنۆتیک / لەریشەی Hermenuen، یۆنانییە بە مانای ڕاڤە و تەئویل و بۆچوون، واتە، وەرگێڕان بۆ خۆت و ڕوونکردنەوە بۆ ئەوەی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

تییێبگەی و شەرحی بکەی. شلایرماخر دەڵێ:«هەرشتێ لە پاڵ هەمووشتەکانا پیک دێ و بە پێچەوانەوە» واتا، مانای هەر وشەیەک لەو دێڕەدا روون ئەبێتەوە کە ئەو وشەی تیایە و دێریش ماناکەی لە رووی وشەکانییەوەیە.

ماخر پێی وابوو هەر دەقێک تەنیا لەدوو ڕێگەوە ئەناسرێ:

١٠ ـ٥ ـ ١ ناسینی چۆنیەتی زمان و رێزمان، کە لەو حاڵەتەدا هەر ئەوندە کە دەزگای نیشانەناسی دەقەکە بناسرێ ئەو لایەنە روون دەبێتەوە

١٠ ـ ٥ ـ ٢ هەل و مەرجی تایبەتی و فکری نووسەر و چۆنیەتی ژیانی کە لەم حاڵەتەدا ناچار بە تەئویل واتە بۆچوونەکانین.

گادامێر نووسی:« مانای دەقێکی ئەدەبی چیە؟ ئایا ئەتوانین هیواداربین لەو بەرهەمانە بگەین کە لە باری فەرهەنگی و مێژووییەوە لە گەڵ ئێمە نامۆن؟ عەینی زیهنی نووسەر(Mental object) کە لەکاتی نووسینی بەرهەمەکەدا لەو باوەڕەدا بووە یا ویستوویەتی بیدرکێنێ، هەر ئەوە مانای دەقەکەیە و بۆ ئەبەدەیش ئەوە ئەبێ؟

هیرش E.D.Hirsch وتی :«ئەتوانین چەند تەفسیری موعتەبەر و جیاوازمان لە دەقێک هەبێ بەو مەرجەی هەموو ئەو بۆچوونانە لە چوارچێوەی سیستەمی ئێحتماڵ و چاوەڕوانکراوی مانا و مەبەستی نووسەردا جێگیر بن – ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ تەفسیر و بۆچوونی خوێنەر، نەک مانای دەقەکە.» نووسەران ماناکان سازئەکەن، بەڵام خوێنەران تەعبیر و بۆچوونەکان هەڵئەبژێرن»....

٤ ـ بەم جۆرە کاتێ دوو یا چەند بۆچوونی جیاواز و رەنگە دژبەیەک لە دەقێک لە لایەن «بنەما شکێنەکانەوە (DeConstruction) خراپاڵ یەک، ئیتر دنیا هاتە سەردەمێکیتر و بونیادی زانست و فەلسەفە و مێژوو و

هونەر رووخا و شتێ بە ناوی مانا و حەق و حەقیقەت و دروشم و ڕەڕەوایاتی گەورە بەتایبەت سنتەر/مەرکەز/ رمان بە سەر یەکدا:

«جیهان هیچ نییە جگە پیازێکی ئاسایی .. ئەگەر لۆکانی یەکەیەکە هەلۆەشێنینەوە، لە ئەنجاما هیچ نامێنیتەوە.»

(ئمبێرتو ئکۆ)

٩ـ ئا ئێرە ئێمەی کورد «غایب» بووین . ئەدەبی کورد ئەم جم و جووڵانەی نەدی و هیچ ئاگاشی لێ نەبوو..

٥ ـ مەسەلەی نەست لە پسیکۆلۆژیادا لە لایەن فرۆیدەوە و نەستی گشتی یا بەکۆمەڵ لە لایەن «یونگ» وە تێکەڵ ئەو بۆچوونانە بوو و مانای وشە و تەفسیری دەق ئەونەی‌تر بەربڵاو کرایەوە. «من»ە کان لەت لەت بوون ..مێژوو کەوتە بازنەی گومانەوە و هرەمی مێژوو سەرەو خوار کرایەوە.

٨ـ فمنیسم واتە، جووڵانەوەی فکری و بەرەنگاریی ئەدەبی ژنان لە بەرامبەر مێژووی نێردا. هەمدیسان جیهانی تەئویل و بۆچوونی خستە بەرپلاری شک و بەمجۆرە بازنەکان لەسەنتەرەکان چۆڵ بوون. نووسەرانی سەرەتارەش‌بینی‌پاش‌مودێرن بە گومانەوە روانیانە هەموو مودێلەکانی لەناوبردنی سەنتەرو رەفزکردنەوەی جوانناسی (ستاتیکیا) هەلبژاردە و فورمالیسمی ئەزموونی و تێکشکانی هەموو سنوورەکانی گوتار. سڕینەوەی سنووری نێوان فەرهەنگی سەر و فەرهەنگی خوار. هونەر و سەنعەت فەرهەنگ و بەرەنگاری بەرامبەر مانا و تەئویل و مێژوو وسیر تا پیازی پێشوو...



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

رۆلان بارت «چێژی دە»ق«ی نووسی و چێژ و نەشەی خوێندنەوەی خستەسەرباسەکە. بەجێگەی دەقی ئەدەبی فیلمی پۆرنۆگرافی وەک دەقێکی چێژدەر بەلام نەشەنەدەر ناودێرکرد. هەر ئەو لە کتێبی Z/S دا نووسی :

«هەولدان بۆ مەبەستی دەرخستنی بینای دەقەکان عەبس بەلام بەکەلکە بۆوەی هەردەقێک شتێکی جیاوازە. ئەو جیاوازییەش بۆ ئەوەنییە کە دەقی وا تا ئێستا نەنوسراوە، بەلکوو بە هۆی «وەک دەق بوون»ەوەیە». بارت دەسەلاتی خوێنەری ئەوەندە ئازاد کرد کە ئیتر بونیاد و ماناش فت..ئەوەی کە ما، چێژ بوو و نەشە لە دۆزینەوەی پێوەندی یا ناپێوەندییەکانی زمان. بارت نووسەری مران و خوێنەری کرد بە دەرهێنەر.. دەقێکی باش کاکێشانێک لەدالەکانە نە بینایەک لە مەدلوول. سەرەتای نییە و لە هەزاران شوێنەوە ئەتوانی بچێتە ناوی ـ هیچ دەرکەیەکیشی ئەوە نییە کە بلێی ئەمە درگای سەرەکییە یا لاوەکی، ئەو رەمزانەی هەیەتی چاو تا کار یا هەتەرکات.. درێژەی هەیە.. بروانە تەفسیری رولان بارت لە چیروکی «سارازینی» بالزاک لە کتێبی Z/S

٦ ـ بنەما شکێنی (Deconstruction) ژاک دریدا لە سالی ١٩٦٦دا وتارێکی بلاوە کردەوە کە سەنتەری مانایی لە ناوەراست پێکهاتەکاندا تێکشکاند. دریدا گوتی مەرکەزی مانایی لە ناو پێکهاتەکاندا دەسەلاتداران بەلام خۆیان لێکدانەوەی بنەماییيان لەسەر ناکرێ. ئەو پیشانیدا کە «من» هۆی سەرەکی ئەو سەنتەرەیە و چاک و خراپ، خێر وشەڕ» خوا و شەیتان لەو منەوە دەست دەستپێدەکا. دریدا وتی : «کاتێ من لەلایەن فرۆیدەوە کرا بە دوو «من»ی هەستی و نەستیيەوە و /منی تریشی پێ زیاددەبێ/ ئیتر مەرکەزەکانیش ئەشکێن و هەمو



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

مەرکەزییەتەکان بۆوەدەبێ کە سەرەوخوار بکرێن.»واتە، چاک بێتە خوارەوە و خراپ بچێتە سەرەوی هرەمەکە...تاد، دریدا هەروەها هرەمی گوتن/نووسین ی سەرەوخوار کردەوە و وتی: نووسین جۆرێکە لە گوتن.»

سەرەو خوارکردنی هرەمەکان ئەونەیتر دنیای دەق و زانست و هونەری شلەقاند.

٧ـ فکر و ئەدەبی کوردی هێشتا تێکەل ئەم باسە نەبووە...

١٤ ـ cimulacrumm(وانوێنراو،رەبالنوع، بوت، شبەواقعیت) /وانموودە/

کە لە رووی روونوسێکی خراپەوە ئەنووسرێتەوە یا ئەکێشرێ و روونووسێکی خراپ و کەم شێوەیە لە ئەسلێ کە بە بڕوای ژیل دلۆز و لیوتار بەرەبەرە لە لایەن سیستەمەکانی دەسەلاتەوە پارێزراوە. نیچە بە سەرترین هێزی درۆی ئەزانێ، راستییەکان لەناو وەکراستییەکان هەروەها وەکراستییەکان لەناو راستییەکانا ون بوون، کەوایە، هەموو راستییەک ئەتوانێ لەراستیچوویەک بێ و بەپێچەوانەشەوە.. بەوجۆرە مرۆڤ بە شوێن کام حەقیقەتا وێڵە؟ راستییەکان ئەوانەن وا لەلایەن دەسەلاتەکانەوە لە سیبرنتێک و دەزگاکانی پێوەندیی جەماوەرەوە بلاو ئەکرێتەوە و خەلک گوێی لێ ئەگرێ و ئەیبینێ و ...تاد جگە لەوە درو راستە یا راست درویە، بۆ کەس روون نابێتەوە سوورپر ریالیستەکانیش سەری خۆیان ئێشان. فتۆکردنی جیهانیواقع نەیئەتوانی کارساز بێ، بۆوەی کێ نالێ مونتاژ نییە و دەستی تێ نەبریاوە؟ کاتێ والت دیسنی لەگەل ئەنیمەیشنەکانی خۆیا دەست لێ ئەداتەوە لە گەلێیان ئەدوێ.. کاتێ ئاکتەرێکی ساخ و سەلیم لە فیلمێکا هەتا ئاخر بە بێ پێ یاری ئەکا.. کاتی جیهانی وێنە و سینما ( و دەقی ئەدەبیش) ئەتوانێ هەرچی ئەیەوێ بینوێنی، کاتی مارکی سۆنی Sonyو ناسیۆنال بە سەر هەموو



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەسکردێکەوە هەیە و کەسیس نازانێ کامە مارکی ئەسڵە و کامە درۆ ئیتر کامە مێژوو؟ کامە راستی؟ کامە بونیاد؟

«وتیان لەو ئەچێ!
ئەکرێ هەموو بیپەرەستین!
هەتا مابوو،
ببوو بەخوا
کە مرد بوتێکیان لێساز کرد
ئێستا هەموو بوتپەرەستین.»

بروانە ئەفلاتوون و وانمودەها،ژیل دلۆز، هەروەها وانمودەها، ژان بودریار، مانی حقیقی.

١ پاش مودێرن چیە؟

لیوتار: من بە هونەرێک ئەڵێم مودێرن کە هێندێ لە سەنعەتەکەی بەوتەی دیدرۆ، بخاتەگەڕ بۆ ئەو حەقیقەتەی کە: ئەوەی وا نانوێنرێ هەیە. بەو جۆرە لە پەیکەرە سازی ولاسایی کردنەوە دووری بکا، وەک «مالەویچ» و چوار گۆشە سپیەکەی لەزەمینەی سپیدا. پاش مودێرن بەبێ شک بەشێکە لە مودێرن، «پاش مودێرن گومان کردنە لە هەر چیەک پێمان گەیشتووە و تەنانەت ئەگەر مێژووی بگا بە دوێکە. هەر بەرهەمێک تەنیا کاتێ مودێرنە کە سەرەتا پاش مودێرن بووبێ. بەوجۆرە پاش مودێرن ناکەوێتە ئاخری مودێرنەوە بەڵکوو لە کاتی زایینی مودێرنا ئەوەستێ و ئەوەش قۆناخێکی وەستاوە. «پاش مودێرن بەشوێن نواندنی نوێی ئەو نەنوێنراوە نوێیانەدا ئەگەڕێ، نەبۆ ئەوەی چێژی لێوەربگرێ، بەڵکوو بۆ ئەوەی بتوانێ هەستێکی بەهێزتر لەو شتە نەنوێراوەدا پیشان بدا»



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

«کات و هێزێکی زۆر بۆ یەکیەتی و پێوەندی و ئەزموون و یونیاد و ئاشتی و ماناو... تەرخان کرا
وەرن با دژی گشتێتی بەشەڕ بین... وەرن با ببینە شاهێدی ئەو شتانەی نەنوێراون... وەرن با جیاوازییەکان بە هێزتر کەین و ئابرووی ناوەکان بپارێزین!»
لیوتار، پاش مودێرن چیە؟/سرگشتگی نشانەها/

(۲ـ)ـ دەڤیدلاچ پێنج تایبەتمندی بۆ دەقێکی پاش مودێرن ناوئەبا: دژایەتی، بێبونیادی، بێیاسایی، زیدەڕەوی ولکاندنی کورت ( short sircuit) /کاروان شمارە ۲.

(۳ـ)ـ ئیهاب حەسەن و تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی پاش مودێرن:
گیرۆدەی ژیانی شاری (Urbanism)ناچاری لە کەڵکوەرگرتن لە تکنۆلۆژیا، سڕینەوەی مرۆڤ (Deehumanizatin)، ئەشق بەسەرەتایی بوون... ئرۆتیسم... دژی ئەخلاق... بەئەزموونی...

(٤ـ)ـ لە مەبەدوا ئەدەبیّ دروست ئەبێت کە باسی جیهانێکی جیا یا تێکەل بوونی دنیاکان ئەکا... ئەوجیهانەی بەناوی «شوێنیتر»وەپشت گویّ خرابوون سەرلە نویّ دێنەوە سەرباس و لیّدوان، ئەشق بە مردن... بەنادیار... گۆشە نشینان و ...
میشل فۆکۆ کاتیّ باسی ئەم بیّنەزمییە دەکا دیّتە سەر ئەو«شوێنیتر» انە Heteropia کە «ترسناکن،رەنگە بۆ ئەوەی بەدزییەوە زمان ئەخەنە مەترسییەوە، بۆوەی ناوە گشتییەکان ئەشکێنن یا تێکەڵیان ئەکەن.. بۆوەی نەحو (Syntax) ئەرووخێنن... «شوێنەکانی تر » زمان وشک ئەکەنەوە و رەوتی وشەکان ئەوەستێنن.. لەگەڵ رێزمان بەشەڕدێن... ئەو شوێنانە ئەفسانەکانمان ئەتاوێننەوە و تەغەززولی شێعرەکانمان



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نەزۆک ئەکەن...» شۆینیێتر سازکردن بووتیقای ئەدەبی پاش مودێرنە: هەر چەشنە ئاواتی، ویکچوویی دەقەکان لە جیهانی واقع،ئەسڕنەوە ...دەقی پاش مودێرن خالقی دەق ئەکوژێ بۆوەی بتوانێ بچێتە ناو دەقەکەی، لەگەڵ لاسایی(Representation) سەر ئەکەوێ... جا ئیتر چی ئەمێنێت بۆئەوەی بنووسرێ؟ مەگەر خۆا بزانێو منەکان و دەسەڵاتەکان.

٥ – ئەم بۆچوونانە هاتە ناو دەقی فەلسەفی، سیاسی و هونەریی وڵاتی ئورووپا و ئەمریکا.

هێشتا کورد هەر خەریکی شیعر بوو و شۆڕشە هەتا هەتاییەکەی و ئاوارەیی و هەڵەبجە و شەڕیناوخۆیی و... لە ١٩٩٠ بەولاوە چەند دەقێکی رەخنەی نوێ لەلایەن وەرگێرانی فارس و عەرەبەوە کەوتە بەردەستی رۆشنبیرانی لاوی کورد و لەرێوە شوێنی خۆی دانا؛

بڕواننە ژمارەکانی گۆڤاری، رەنگە ١٠٠ تیراژی، ئازادی هەڵبەت هەر پەنج ژمارەی لێ دەرچوو نە زیاتر و دواجار «رەهەند» و لەم دواییانەدا سەردەم کەسەرەتا بە هەوڵی بەرێزان بەختیار عەلی و ریبین هەردی و چەند دۆستێکیانەوە بڵاو کرایەوە و هێندێ وەرگێران و وەرگرتنی بارت و هایدگر و نیچە تا فۆکۆ و دریدا و لیوتار و چەند رەخنەیەکی نوێ هاتەناو دەقی کوردییەوە. لە کوردستانی ئیرانیشدا کتێبگەلی «ساختارو تاویل متن» «مودێرنیتە =»،«هنر و زیبایی» و... بەڕێز بابەک ئەخمەدی و چەند کتێب و وتاری لەوچەشنە لە گۆڤارەکانی فارسیدا شوێنی خۆی دانا و هێندێ لەلاوانی رۆشنبیری تارادەیەک ئاشنا بە بۆچوونەکانی نیشانە ناسی، دیار دەناسی و رەخنەی تەفسیری و بنەماخوازانە و... کرد. پۆست مودێرن کە دژی دەسەڵاتەکان هەوڵی دەرچوون لە بازنەی خولانەوەی ئەدا لای ئیمەبوو بە دەسەڵاتێکی تر و



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

خۆی تیكەڵ شەڕی لە میژینەی سوننەت و مودێرن خوازەكان كرد و ئەو تێكەڵ بوونەش بەبێ شوێن دانان نەبوو، بروانن لاپەرەكانی ئەندیشە و وتاری هەفتەنامەی سیروان، پرۆژەی شیعری داكار، چیرۆك و شانۆنامەی لاسایی، شیعرەساتەكان، «نارنجیێتی تلووعستان و شین ترین بەتاڵ و چركانەكانی داكاری، جم و جووڵی چیڕوكی نوێ لە بانە و بۆكان و... تاد لەژێر دەسەلاتی ئەندیشە و تكنیك و بۆچوونەكانی ئەدەبی مودێرن و پاش مۆدیرندان و هێشتا زۆر زووە بۆ وەی داوەرییان لەسەر بكرێ (هەڵبەت داوەری نە بەمانای كلاسیك): جارێ با بچنەناو «بایگانییەكان» تا دوایی...

(١٣ـ)ـ هەموو لایەنەكانی نوێخوازی تایبەتمەندییەكی بونیادییان هەیە، ئەویش بۆ چوونی نوێیە لەسەر دووخاڵی گرینگ:

١ـ پرسیار
٢ـ بەرەنگاری و دژایەتی كردن...

ژێدەر:
هەموو ئەو كتێب و وتارانەی لەو پێوەندییە دا خویندوومەتەوە و روونوسێكی خراپم لێ هەڵگرتوە، كێ چووزانێ رەنگە هەموشی هی خۆم بێ!!
ئێستە كە هەمووشتێك بەدەست خوێنەرە با بۆ خۆی بگرێ بەشوێن سەرچاوەكاندا...



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لە ژمارەی یەکی دەقدا /دوای ئەوەی ماوەی ساڵێک وتارەکە لای بەختیار سەجادی بوو بلاو کرایەوە.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# ئەدەبی پۆست مۆدێرن
## سەرهەڵدانێکی تر...

فێردمورا مارکۆ یەکێ لەهۆیەکانی سەرهەڵدانی پۆستمۆدێرن لەئەدەبدا بە کێشەی نێوان دەقی شیعری و رۆمان /چیرۆک/ دادەنێ ودەڵێ کە خوێنەری شیعر لە ئەمریکادا کەمەو بە پێچەوانە رۆمان زۆر دەخوێندرێتەوە هەر بۆیە زۆر لەنووسەران هەوڵی نزیکخستنەوەی تایبەتمەندی یەکانی شیعر و رۆمانیان داوە،

«کاردانەوەی شەڕی سارد و گەرمی دوو جەمسەری دەسەڵاتی جیهانی...ڤیتنام...تروورگەلی سیاسی/رامیاری/ واتیرگیت، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی مافی شارستانی /مەدەنی/ چوون بۆمانگ، قەیرانی ئنرژی و.. لە سەرروناکبیران /شاعیران ونووسەران/ دوو جۆربوو:

یەکەم ئەو ئەدیبانەی کە سەرنجیان دایە ئاڵ وگۆڕی کۆمەڵایەتی ئەو رووداوە ترسهێنەرانە «نورمەن میلێر»،«ئالێن گینزبۆرگ» «ئاردیان ریچ» «جان دیدبۆن» تویێنەرانی ئەو گرووپەن..

دووهەم ئەو ئەدیبانەی کە سەرنجیان دایە لایەنی ئاڵو گۆڕی فەلسەفی- ستاتیکیای هونەر «جان بارت»«جان ئاشبری» دانیێلد بارتێڵمی، چارلزئولسۆن/ لەبەرهەمەکانی دوایی‌دا/ هەر وەها زۆرنووسەری‌تر وەک «کێرک وانەگات»تامس پینچن«رابێرت کووڕ» «ئاددۆران»یش لە هەر دوو بەرەدا کاریان دەکرد...تێکەڵ بوونی عیلاقاتی

کومەڵایەتی وستاتیکی بووە هۆی سەرهەڵدانی ژانرێکیتری ئەدەبی کە بە ناوی ئەدەبی پۆست مۆدێرن سەری هەڵدا و تایبەتمەندیەکانی شیعر «کە لە ئەمریکادا خوێنەری کەم بوو/ و ڕۆمانی /کە لەئەمریکا زۆردەخوێندراوە/ لە یەکدی نزیک خستەوە» ئەگەرلە هێندی وردکاریتر چاوپۆشیبکەین دەتوانین ڕێکەوتی سەرهەڵدانی ئەدەبی پەسامودێرن بە وردی دیاری بکەین، ساڵی١٩٥٦ زایینی واتە ئەوساڵەی کە«ئالێن ..بۆرگ» کۆمەڵە شیعری «لوورە»ی بڵاوکردەوە شیعری پۆست مۆدێرن لەدایک بوو. هەروەها لە ساڵی ١٩٥٧ واتە ئەو ساڵەی کە «جەک کێرواک» ڕۆمانی «لەجادە»دای بڵاو کردەوە، ڕۆمانی پەسامۆدێڕن تێکەڵاوی ئەدەبی سەردەم بوو.

بەرهەمە شیعرییەکانی «ئالێن..بۆرگ» و نووسراوەکانی «جەک کێرواک»لە لایەن زۆریٚ لە ڕەخنەگرانەوە درانە بەر پلاری دژایەتی، بەتایبت لە لایەن ناوەندە ئەدەبی-ڕۆشنبیرییەکانی ئەو کاتە کەخۆیان بە پارێزەری ئەدەبی مۆدێرن ئەزانی..، ئەو دەقانەی بۆرگ وجەک کێرواک بڵاویان کردەوە، جەخت کردنی دووباررەبوو لەسەرخودی/self/ خاوەن ئەزموون، وەک سەرچاوە و کەرەسەی بەرهەمەکانیان /پێشتریش «تامس ولف» و ویلیام کارلۆس و ویلیازمز تئودێر رووتکە هەوڵی زۆریان دابوو کە ئەو باسە بسەلمێنن، هەر بۆیە بەرهەمەکانیان لە دەرەوەی ستاتیکیای مۆدێرنیستییەوە دەستنیشان دەکرا. ئەو کاتە ئاڵاهەڵگرانیئەدەبی مۆدێرن ئەمانە بوون، تی.اس.ئلیووت، ئیزراپاوند، جیمزجۆیس،والاس ئستیونس،...

بە پێچەوانەی مودێرنیستەکان کە پایان لەسەر ریوایە و کەنایە و مێژوو داگرتبوو کێرواک و بۆرگ گەڕانەوە سەر ئەو ڕۆمانسیسمەی کەماوەیەکی زۆروەک مانگ چووبوە ژێر هەور و لەناکاودا لاپەڕە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەدەبییەكانیان داچڵەكاند و درەوشانەوەیەكی تریان دەست پێكرد. ساڵی ١٩٦٠ ئەو دوانە لە هەڵبژاردەی شیعری نوێی ئەمریكی/دانیێڵدئالێن/دا راوبۆچوونێكی سەیریان دەربڕی،بە پێی ئەو بەیاننامە «خێرایی» /سرعت/ و خۆهەژاندن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی هونەریدا دەوری دەگێرا ودەچوونە جێگەی شێوەی بەئاگا و هەڵبژاردەی پاوند و ئلیووت لە شیعرداوجویێس وهمینگوێی لە چیرۆكا...

كێرواك لەو كتێبەدا ئەنووسێ: «مۆسیقا/كێش/ چۆنیەتی بڕیاردانی ئێوە بۆدەربڕینی خێراخێرای دێرەكانتان دیاری دەكا. هەرچەند ئەوشیعرەتایبەتمەندی و یاسای دیاری كراوی شیعری هەبێ یان لە قاڵبی پەخشاندا نووسرابێ ...رواڵەتی/شكل/ نووسینی دێرەكان، شۆرشی بێسەروبەری چیرۆكەشیعر یان پەخشانی شاعیرانەیە، كە لە دێری كۆتاییدا دوویات بوونەوەمان بیردەخاتەوە /تەداعی/»

بێگۆمان ئەومانیفێستە ئەدەبییە لە خۆوێژی/خۆژەنی/ مۆسیقای«جاز»ەوە سەرچاوەی گرتووە.. جان كێرواكJaekkerovac لە كەڵە مۆسیقاژەنی جاز /ساكسیفۆن ژەنی بەناوبانگ/ ئاڵتۆ چارلی پاگێرئیلهامی وەرگرتووە بێرگیش لە یاداشتەكانی ئەو كتێبەدا ئاماژە دەكاتە پێوەندی نزیكی شیعروپەخشان و موسیقاو ئەو شێوانەی كە لە نووسنی«لووره »دا كەڵكی لێوەرگرتووە،

هەموو بەشی سەرەتایی شیعرەكە لە نیوەرۆیەكدا ساز بوو ... كاتێ كە سەرقاڵی تماشای فیلمێكیكومێدیكلاسیكبووم بەمۆسیقای جازەوە..فەزایەكی گێڵگەوجانە و«ئابسترە»ی هەبوو... جوانی وێنەكان بەهۆی بێ مەنتیق بوونیانەوە بوو، بۆوەی زێهن هیچ هەولێكی نەدابوو ئەو وێنانە بخاتە یەك و پێوەندییان بۆ سازكا...»



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

جاک کێرواک دەڵێ که: «جادە»م ئەوەندە بەپەلە تایپکرد کە مۆڵەتی گۆڕینی کاغەزەکانم نەبوو... ئەم جۆرە نووسینە بە پەلا و بێ ڕاوەستانە، لەسەریەک،تا دە ڕۆژان درێژەی هەبوو...» هەر بەو بۆنەشەوە ترۆمنکاپووتە» دێرە بەناوبانگەکەی خۆی نووسی ، «ئەمە ئیتر نووسین نیە، تایپ کردنە»

هەرچەند بەرهەمەکانی بێرگ و کێرواک لە لایەن خوێندکارانی زۆرەرە پەسەنداکرا و سەرکەوتنێکی باشیان وەدوست هێنا بەڵام ئەوە بەرهەمەکانی "ویلیام بارۆز" بوو کە لە کۆتایی پەنجا وشەستەکانا ئەدەبی ئەمەریکی ئێجگار کەوتە زێر کار دانەوەی بەرهەمەکانییەوە. ئەو زمانی لە کۆت و بەندی سوننەتی ڕزگار کرد و بۆ یەکەمجار دژبە کردەوەی ساختەچیانەی نووسەرانی هاوسەدەی خۆی، لە تکنیکی تیکە تیکە کردن /cui-up/ کەڵکی وەرگرت. لەو چەشنە نووسینەدا شادێرەکانی شیعر و پەخشان و بەڵگە ئەدەبییەکانی پێشوو کۆلاژ /تێکەڵ/ دەبوون و بەرهەمێکی ئەدەبی پێ سازدەکرا...

بارۆز بەوتێکەڵاو کردنە شەمەنەفەری بە پرتاوی ناوا /١٩٦٥/" بلیتێ کە تەقیەوە/١٩٦٧/ نەرمە ماشین/١٩٦٥/و..چیروکگەلێکی زۆری نووسییەوە... هەروەها ئەو لەگەڵ بریۆن گیش دەقە ئەدەبییەکانی پێشووی لەدەقێکی نوێدا کۆکردەوە و هەوڵیاندا کە ئەو کارگەلە ئاسایی بنوێنن، هەرچەند ئەو چەشنە بەرهەمانە لەرووی کاری دادائیستەکانەوە بوو لەسەدەی بیستدا، بەڵام ئەوان ئەوەشیان پێزیادکرد کە نووسەر قۆپیەکاری وشەیە و وشەکان پێکەوە مونتاژ دەکەن

ئیهابحەسەن پەیوەندییەکی گرینگ دەخاتە نیوان بەرهەمە ئاوانگارد /پیشرو/ە کانی بارۆز و تایبەتمەندی پارودیک/بەرەونەمان/ی زمانی لە ڕۆمانە پاشمۆدێرنەکانا. ئەو ئاماژەدەکاتە بەرهەمی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نووسەرانی پۆست مۆدێرنی وەک جان بارت وتامس پینچن- دانیێلد بارتیێلمی- رابێرت کوور-روودۆلف-وییێرلیتزێر و رونالد سۆکە و دەلێ؛ ئەم نووسەرانە حەزیان لەو بۆچوونە /لەبەرهەمەکانی بارۆزدا/ نەکردوە کە دەبێ جیهان بسرینەوەو نەیهێڵین یا حەز بکەین لە ناسینی ئەو سرینەوەیە..ئەوان هەروەها ئەو بۆچوونەی بارۆزیان پەسەند نەدەکرد کە سازکردنەوەی جیهان بوو لە قالبێکی/چوارچێوە/ ئابسۆرد و رووبە زەوال و تاقەکە سیدا..

پسپۆریکی تری زیبازیی ئەدەبی پۆست مودێرن لە ئەمریکادا چارلزئولسنە کە پشتیبانێکی جێیبڕوابوو بۆ نوسەران و هونەرمەندانی نوێخواز لە پەنجاکاندا.. چارلز لەساڵی١٩٥٠دا وتارێکی سەبارت بەشێعر بلاوکردەوە ..کاتی ئەو وتارە دوای چەند ساڵ لە هەلبژاردەکانی ئالیندا بلاو کرایەوە سەرنجی زۆر کەسی بۆ لای خۆی راکیشا و بەپیریەوە چوون. بەیاننامە ئەدەبییەکەی ئولسن باوەکوو لە رووی ناوەرۆکەوە لە نووسراوەکانی گیتربێرگ و کێرواک ئەچوو بەلام جەم و جۆرتر ورۆشنبیرانەتر ئەینواند، ئۆلسن پای لەسەر ئەوە داگرتبوو کە «دەنگی نووسەر لە نەفسییەوە دێ» ئولسن پەرەی دایە ئەو ژانێرەی کە بۆخۆی «فورمی ئازاد»ی ناو نابوو... مەبەستی ئولسۆن لەو ناوە ئەوە بوو کە نووسەر لە کاتی نووسیندا پشت نەبەستێ بەهیچ بینا و ناوەرۆکێکی دیاری کراوەوە... بەلکوو دەبێ ناوەرۆک و بنەما/ساختار/ لە کاتی نووسیندا پێکبێ. ئەو هەروەها ئاماژە دەکاتە شیعرەکانی رابێرت کریلی و ئەلێ،« فۆرم چشتێ نیە جگە لە گەشەی ناوەرۆک»... دیسان چیرۆکەکانی ئدوارد دالبرگ دەستنیشان دەکا و دەلێ: ئەوەی وەردەگیرێ /دریافت/ دەبێ راستەوخۆ و بەخێرایی ببێتەوە بە گرتنێکیدی..»

ئەم بنەما نەزەرییە، بووە هۆی ئەوەی کە زوریێ لە نووسەرانی نوێخواز بە شێوەی ڕاستەوخو لە ساڵی ١٩٦٠ بە دوا وەدووی کەون و سەریێ لە نێو سەرانا هەڵێنن.. ئەو سەرهەڵدانەش بە دوو شێوەی دژبەیەک هاتنە ئاراوە؛

لە لایەکەوە سووربوون لەسەر لایەنی نەست و خودیNووسەر/ego/ و دواجار ڕەوانناسی تاک کە دەبووە هۆی گەشە و کرانەوەی دەروونی و زێهنی پڕ لە ئاژاوەی نووسەر.. نموونەیەکی بەناوبانگی ئەم چەشنە خوێندنەوە«ژیان»ی رابێرت لاول» بوو کە لە ساڵی ١٩٥٩ دا بڵاو کرایەوە و بووە هۆی باو بوونی شیعری ئێعترافی /confessional poetry/ لەناو ڕەخنەگرەکانا...

ئەو تەعبیرە /ئیستلاح/ بەرهەمی ئەو شاعیر و نووسەرانەی دەگرتەوە کە بە شێوەی نائاگا دەروونی شاردراوەی خۆیان دەرئەبڕی.. ئەو ناوە، جگە لەوەی سوننەتی تۆبە و گوناح لە ئایینی کاتۆلیکدا وەبیردەخاتەوە، ناوی گۆڤارێکی جەماوەر پەسەندی/ئێعترافی حەقیقی/ش بوو... لەم شێوەدا شاعیر هەموو کردەوەو گوناحەکانی خوی دەهاوردە سەر کاغەز و ترسێکی لە ئاشکرابوونی دەروونی خوی نەبوو... ئەم چەشنە نووسینە بەرەبەرە هاتە ناو چیرۆک و ڕۆمانیشەوە...

هەر لەو ساڵەدا «نورمەن میلێر» پروپاگەندە بۆخۆمی بڵاوکردەوە... کتێبێکی بێ وێنە کە نەدەچوە هیچ خانەیەکی دیاری کراوەوە.. لەو کتێبەدا «میلێر» هەموو نەهێنی و خواستە دەروونییەکانی خۆی../ لە هەستی خۆیەوە بەرامبەر ڕەخنەگرەکان، تا حەز بە تووڕەیی و زۆربێژی و غەرق بوون لە جیهانی ڕۆماندا دەگێڕێتەوە.. ڕۆمانی ئێعترافی ڕاستەوخۆ، بەورۆمانەی نورمەن میلرەوە بوو بە باو،...



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەرچەندە لە دەهەکانی ١٩٦٠ ـ ١٩٧٠ دا رۆمانگەلێکیتری لەو چەشنە نووسران، «دەنگی ناحەزی زەنگ»ی سیلۆیاپلاس» شکایەتی .. فلیپ راس و... لەو رۆمانەدا تابۆی کەسایەتی ساز کردن دەشکێ و نووسەر بە بێ ئەوە هەست بە شەرم بکا، زۆربە روونی خوێندنەوە و لێکۆلینەوە دەکا لە رۆحی خۆی ...

لەرۆمانی پۆستمودێرندا گەڕانەوە بۆناوخۆ/self refrentialit/ تایبەتمەندییەکی سەرەکیبوو کە لە ناو نووسەراندا پەرەیسەند، هەرچەند دواجار زۆر لە نووسەرانیش گاڵتەیان پێکرد.

نموونەیەکی بەرچاوی کارکردی ئەو گاڵتە پێ کردنە« سپی بەفرین»ی دانیێڵ بارتیێلمی»ە بارتیێلمی پرسیار نامەیەک دەخاتە بەرچاو خوێنەران و داوایان لێدەکا کەسایەتی ناو رۆمانەکە هەڵسەنگێنن، بۆ وێنە لە سەرەتای رومانەکەدا ژیانی جان بارت دادەبەزێنێ و زۆر بچووک دەینوێنێ، « چ زەجرێکی گەورەیە دەستپێکردنی چیرۆکێکیتر.. چیرۆکێکیتر سەبارەت بە چیرۆکنووسێ کە ئەیەوێ چیرۆک بنووسێ، رۆچوونێکیترا!» / لە رۆمانی کوردیدا باڵندەکانی دەم با بەئاشکرا جێپەنجەی ئەم بۆچوونەی لە سەرە/

بەڵام مامۆستای گەڕانەوە بۆ ناوخۆ و دەروون، ناباکۆفە، pale fire کتێبێە کەهەموو چوارچێوە و رواڵەتە سوننەتییەکانی رومان تێک دەشکێنی و هەڵیاندەوەشێنێتەوە،

ئەو کتێبە بە پێشەکییەک دەست پێدەکا و ئینجا ٩٩٩ شیعر دێنێتەوە و دواجار ١٦ لاپەڕە سەبارەت بەو شیعرانە ئەدوێ و ١٠ لاپەڕەش سەبارەت بە ناوەرۆکە...

بەم جۆرە ئەوەی کە سەدان ساڵ لە سەر ئەدەب گوترابوو یان هاتبووە نووسین.. هەڵوەشایەوەو.......



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەو پرسیارانەی ڕووبەڕووی ڕۆژنامەگەری سەردەم دەبێتەوە؟

-١-

لە سەردەمی نڤیسارا،زمان تەنیا ئالآی گەشاوەیە کە هەموو هێزەکانی هێناوەتە ژێر سێبەری بەرینی خۆی. دەسەلآتی زمان باوەکوو تانوپۆی کێشاوەتە ناو سەرەتاییترین بنکەکانی کۆمەڵگاو ژیانەوە، لە سەرەوەش بۆتە مۆتەکە وکەرەسەی دەستی هیزەکانی خۆی !! بەردەوام لە ململانێ لەگەڵ خۆیدا زل و زلهێزتر ئەبێ...و مەیدان بۆ وانموود /simulacrom/و دمامک ئاوەلا تر...ڕاستی و حەقیقەت ومەجاز ئەو شتەیە لە کاناڵەکان و ڕایەڵکانی زمانەوە ئەدرکێ،/ یان باشتر وایە بڵێن ئەسەپێ...هەر بۆیە زمان لە /ڕێگای نیشانەکانەوە/ بەردەوام نوێ و نوێ تر ئەبێتەوە و نیشانەکان زێدەتر پەرە دەسێنن و حەقیقەتەکان ڕەنگاڵەتردەبن ..

لەسەردەمی دەسەلآتداریێتی زماندا، کەمترین کەرەسەی «بوون» بە ستراوە بە کەرەسەی دەربڕینەوە. واتە هەیت، ئەگەر کەرەسەی دەربڕینێکی زمانت هەبێ و نییت ئەگەر لەو کەرەسە بێبەش بی! ڕۆژنامەگەری سەردەم وەلآمێکە بە یەکەم پرسیاری سەدەی مۆدێرن:

«بوون یا نەبوون؟»

دیارە هاسانترین وەلام «بوون»ە!بەلآم هەرکە ئەو پرسیارەت وەلآم دایەوە، لە ڕێوە دەیان پرسیاری قەبە تر ڕووبەڕووت دەبێتەوە:

بۆ دەنووسی؟

چی دەڵێیت؟

بۆکێ دەنووسی؟

چۆن ئەروانیتە ئەم جیهانە ڕەنگاڵە و ئەچیتە کام بەرەوە؟



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ڕاست برۆی چەپیت و لار برۆیت ڕاستی یان بەپێچەوانەوەفەرقێ نارژێ!!بێلایەنی، بی....یت و بێ لایەن نەبیت ،بتهەوێ و نەتهەوێ ئەکەویتە تۆڕی دەسەلاتێکی زمانی و سیاسی و دەیان ئیسم و میسمی ئە بازارە ئالۆزەوە و کە هەزاران دەستی ژێر پەردە و دەرپەردە / بە هەزاران کەرەسەی دیار و نادیاری زانستی و غەیرە زانستی، مرۆڤانە و نامرۆڤانەو.../ بەرزت دەکەنەوە یا نوقمی زەویت دەکەن و ئەتپلیشێننەوە..ئەرکی ڕۆژنامەنووسی سەردەم ئەستەمترین ئەرکی جیهانی مۆدێرن و پاشمۆدێرنە!



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# چەند یادداشتی بێمانا

## /٢/

### کێشەی نێوان فۆرم وناوەرۆک

له حەقیقەت تێپەریوە باوان
ئەم سەردەمی دەسەڵاتە
بە کام ناونیشان بتدۆزمەوە.. » شیعرەسات ٢

« ئێستە نازڵ بین و زمانیان بئاڵۆزێنین، بۆ وەی لە زمانی یەک نەگەن..
کەوایە خوا ئەوانی بە سەر ئەرزدا بلاوکردەوە و شارەکەیان بۆ ساز نەکرا
هەر بۆیە ناویان نا «بابێل»..بۆ وەی لەوێ خودا زمانی خەڵکی هەموو جیهانی
گۆڕا/ئاڵۆزاند/

تەورات، ئەهلی عەتیق، کۆچی سەرهەلدان، بەشی یازدەهەم



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەگەر ڕەخنەش بە بەشێ لە زمان بزانین کە هەوڵی ڕوون کردنەوەی بنج و بناوانەکانی فەلسەفە و زانست و هونەر ئەدا و دەبێتە زمانێکی تر و بلاو بوونەوەی زمانەکان، فرەمانایی و چەند دەنگی دەبێ بلێین مێژوویەکی درێژ خایەنی هەیە، بەدرێژایی تەمەنی مرۆڤی خاوەن زمان ... هەنێ کەس بە هیچی زانیوە و زۆر کەسیش وەک هۆکارێکی گرینگ لە ڕەوتی ئاڵ و گۆڕگەلی جیهانیدا حیسابی لە سەر کردۆتەوە..

ئەوەی لە مەیدانی ڕەخنەوە هاتۆتە دەربڕین حەتم لە سەر لایەنێکی ڕوخسار یان ناوەڕوک دواوە. کێشەی نێوان فۆرم و ناوەڕوک لە ڕەخنەدا کێشەیەکی مێژووییە و ڕوناکبیران هەر لە سەرتای سەر هەڵدانی فلسەفە، وەک ئەندیشەی مرۆڤایەتی، لە سەری ڕۆشتوون و مشت و مڕیان لە سەر کردووە ڕاستیەکەی ئەوەیە هەنووکە هەنێ مشت و مڕی بزافی ڕەخنەیی لە کوردستانیش /باوەکو ڕاستەو خۆ نایێتە دەربرین/هەر دەگەڕێتەوە بۆ نێوان کێشەی ڕوخسار/فۆرم/ و ناوەرۆک.

ڕوخسار چیە؟

پێوەندی ڕوخسار و مانا لە چیدایە؟

بێمانایی دەتوانێ بوونی هەبێ یا نا؟

ئەوەی کە ڕوناکبیران هەوڵیاندا لە کاتی هەڵسەنگاندن و شیکاری ئەدەبی و هونەری، خۆیان لە داوەری کردنی بیروڕایی دورەپەرێز بگرن دەبێ میراتی سەدەکانی شازدە و حەفدەی زایینی بێ. سەردەمێکە زانستی فیزیکی نوێ لە کۆمەڵگای ئوورووپاییدا سەری هەڵدا «ڕووناکبیران بۆ بەربەرەکانێ کردنی دەست تێوەردانەکانی کلیسا لە کارەکانیاندا وایان بە باش زانی کە گرینگی بدەنە بابەتی /عەینی/ بوونی بەرهەم و دەست بەرداری ئەو دەسەڵاتە زمانییەی کلیسا بن کە بە پێی قازانج و بارودۆخی خۆیان فەلسەفەیان دەسەپاند بە سەر بەرهەم و لێکۆڵینەکاندا بەو کارە ڕوناکبیران بەرهەمیان وەک



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

زانست دەست نیشان دەكرد و هەوڵی ئەوەیان ئەدا خۆیان له غەرەزەكانی كلیسا بپارێزن»/لووسین گولدمەن فەلسەفەی علووم ئینسانی ێ ٢٩/.

ئەو كاتە زانست بە تایبەت فیزیك لە پلەیەكی سەردا بوو ئەوەش رەنگە هۆكاریٚ بوو كە زانستە كۆمەلایەتییەكان /هەروەها مرۆڤخوازەكانیش/ زانست بكەنە پێوەری بەرهەمەكانیان. لەوە بەدوا بابەتی بوون و زانستی بوون ببوونە دوو وشەی هاو مانا. بە راستی لەو كاتەدا گەشەی سەر سوورٍهێنەری زانست لە بەراوەرد لەگەڵ زانستی كۆمەڵ و مرۆڤدا بابەتی بوونی زانستە سەرەتاییەكان دەنوێنیٚ /كە بە هۆی دوورە پەرێزی لە دەست تێوەردانە زێهنیەكان ئەو رێگەیە خۆشتر بوو/ هەر چەند لە بواری هۆیەتی /علییەت/ و ئانترۆپی و مانی چاكە / بقای اێلح/ ئەو دوورە پەرێزیە ئەستەم بوو، بۆ ئەوەی هەڵوێستە فەلسەفیەكان خۆیان دەهاوێشتە ناو باسەكان و خۆیان تێكەڵاو جیهانبینی و زانستی مرۆڤ دەكرد / تێكەڵ بوونی زانستی مرۆڤ لەگەڵ جهانبینی بە گشتی، لە رووی ناچاریەوە بارە زانستیەكەی كەم دەكاتەوە/ بەو هۆیەش هێندی لەخاوەن رایانی بواری رەخنەی ئەدەب و جوانناسی خوازیاری بابەتی بوون یا زانستی تەواو/ناب/ بوون، هەر چەندە گومانی تێدا نیە كە رووداوە كۆمەلایەتیەكان، تەنانەت هونەریش، بە لەونیٚ بابەتین/ عینین/ بەلام نابیٚ لەگەڵ واقیعە سروشتیەكان تێكەلاویان بكەین... بیرۆكەی سەربەخۆ بوونی بەرهەمی ئەدەبی هونەری ئوستوورەیەكە لە تێكەڵ بوونی توخمە جیاوازەكانی زیهنییەتی مرۆڤی رۆژئاوا. بەشێكی ئەم بیر و را غەیرە سیستمیە دەكریٚ بە ئاكامی بە شكردنی جیهان بەو پاژە بچووك و بە رواڵەت سەربەخۆیانە بزانین كە زانست لە بەشكردندا كردوویەتی، هەر وەها سەرنەكەوتنی هەندیٚ سیستەمی فیكری لە سەدەی رابردوودا ـ كە چاوی بڕیبوە چوار چێوەیەكی گەورە و هەوڵی

پێشبینی كردنی مێژووی ئه‌دا بۆ داهاتوو!! ئه‌مانه و ساز بوونی چه‌ند سیسته‌مێكی میلیتاری زۆربێژ له سه‌ده‌ی بیسته‌مدا ببوه هۆی جیابوونه‌وه‌ی كۆمه‌لناسی ورد له‌كۆمه‌لناسی كه‌لانی (ئسپێنسێر و كیێنت). به‌و جۆره‌ی كه كارل پوپێر«زانستی به یاساكردنی مێژوو» /مێژووییه‌تیٚ كه دیعایه‌ی پێشبینی‌كردنی داهاتووی ده‌كرد / به فه‌قیر و لاواز و بی‌مانا زانی و رایگه‌یاند كه«ناتوانین به شێوه‌ی زانستی هۆكاری گه‌شه و ره‌وتی داهاتووی مه‌عریفه پێش بینی بكه‌ین»

/جامعه باز و دشمنان *ن جلد صهارم ێ ١١ــ ٣٧/

«بۆوه‌ی هه‌ر رووداوێكی كۆمه‌لایه‌تی نه‌ك هه‌ر كاریگه‌رێتی هه‌یه له سه‌ر رووداوێكی تر، نه‌ك هه‌ر رووداوێكی‌تر ساز ده‌كا، به‌لكوو هه‌ر ئه‌و رووداوه بایه‌خی گرووپێكی تر له رووداوه‌كان ده‌گۆریٚ»

/پوپر فقر تاریخیگری ــ احمد ارام ێ ٨١/

به‌م جۆره بۆ ئه‌وه‌ی گه‌لاله‌و نه‌خشه‌یه‌كی نویٚ بتوانیٚ له كۆمه‌لگایه‌كی دیاری كراودا بیێته دی پووپێر به ره‌فز كردنه‌وه‌ی بیرۆكه‌سازی له‌ئه‌ندازه‌ی گه‌وره‌دا/كه خوٚی ئه‌ندازیاری خه‌یالێنی پیده‌گوت/ ده‌چیێته سه‌ر «ئه‌سلی ئه‌ندازیاری بچر بچر یان ئه‌ندازیاری كۆمه‌لایه‌تی، به مه‌به‌ستی ته‌نگه‌به‌ركردنی ئه‌ندازیاری خه‌یالی و پێشبینیكه‌رانه » جامعه باز./كۆمه‌لگای كراوه/ جلداول ێ ٥٣ /

ئه‌م گوتانه‌ی پوپێر به له‌ونیٚ ده‌چیێته‌وه سه‌ر بڕوای «جان ئیستوارت میل» كه زانستی بوونی «زانستی كۆمه‌لایه‌تی» خستبوه ژێر گومانه‌وه. میل پی وابوو هیچ یاسا و هه‌مه‌كییه‌كی جیٚ باوه‌ڕ و متمانه له‌و بڕیارانه‌دا نیه. هه‌ر به‌و هۆیه‌ش« پێش بینی كردن له سه‌ر ئه‌و حوكم و بڕوایانه هه‌رگیز نایه‌تیٚ دی

/*یزایا برلین ــ صهار مقالهـ درباره *زادی ێ ٣٢٦/



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

له پاڵ ئه‌م روانگه‌دا ـ بۆ زانستی مرۆڤـ ـ روانگه‌یه‌كی سه‌ره‌كی، بوون خوازانه‌ش /وجوودیه‌ت/ هه‌بوو كه تاقه‌كه‌سی وه‌ک جه‌زیره‌ییێكی جیا له كه‌سانی دی ده‌بینی. كه ئه‌وه‌ش بوو به پاڵپشتی فه‌لسه‌فه‌ی رۆخسارخوازی و سه‌رهه‌ڵدانی هونه‌ر بۆ هۆنه‌ر شوێنی ئه‌وروانگه‌یه‌شی له سه‌ره

❏

گرینگی فۆرم و رۆخسار پێشینه‌یه‌كی مێژوویی ئیجگار دوور و درێژی هه‌یه: له فه‌لسه‌فه‌ی ئه‌فلاتوون دا - یۆر یا مپل ـ وان له‌دونیایه‌كی دیكه‌دا ئاڵ و گۆری ئه‌م جیهانه ناتوانێ شوێنی له سه‌ر دابنێ، كات و شوێنی بۆ نییه و هه‌رگیز نارزێ .توخمێ ره‌سه‌نه و مه‌به‌ست و مه‌نزووری شوناسه ...زانست و مه‌عریفه /به زمانی ئه‌فلاتوون ئیپس تمه/ به‌رهه‌می جیهانی یۆر یا روخساری سه‌ره‌كییه / یۆراعلا/ و جیهانی هه‌ست/عالم شهاده/ جگه شك و گومان ناگاته هیچ كوێ. به بڕوای ئه‌فلاتوون بوونی ئه‌ندیشه له وه‌همه‌وه بۆ رۆخسار هه‌مان تێپه‌ڕینه له‌گومانه‌وه به‌ره‌و زانست، له ریساله‌ی فیلبووس «سوقرات »له وڵامی «پرۆتارخووس»دا ده‌ڵێ:

« جوانی ئه‌و شتانه‌ی ئێستا ده‌مهه‌وێ پیشانی بده‌م ئه‌و جوانییه نیه كه مه‌به‌ستی خه‌ڵكه. مه‌به‌ستی من جوانی بوونه‌وه‌ر و شه‌مایه‌ل نیه، مه‌به‌ستی من له جوانی، چشتێكه راست یان گرد یان ئه‌و پانتا و حه‌جم ره‌هه‌ندیه كه به یارمه‌تی كه‌ره‌سه‌یه‌كی وه‌ک گوونیا و هێڵ كێش/ هێڵی راست یان كه‌وانی/ده‌كێشرێ. جوانی ئه‌و جۆره شتانه رێژه‌یی نین، ئه‌مانه بابه‌تی موتله‌ق و هه‌تا هه‌تایین كه له زاتی خۆیاندا جوانن و هه‌مووكاتێ ئه‌و چیزه‌مان پێده‌ده‌ن كه تایبه‌تی خۆیانه.»



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

❏

«ئالفیێردنورسی وایت هیێد» سەبارەت بە ئەفلاتوون دەڵێ:

« هەموو سیستەمە فیکرییەکانی دوای ئەفلاتوون چ شتێ نینە جگە پەراوێز نووسین لە سەر بەرهەمەکانی ئەو.» ئەم گوتەی وایت هیێد بە هەر هۆیەکەوە نووسرابێ، لە سەر ئەم باسە، واتە پێشینەی فەلسەفەی ڕۆخسار خوازی دێتە دی. تەنانەت ئەگەر بمانهەوێ ڕەوتی پیشاندانی ئەو کاریگەرێتیە/ لە سەر بیر و ڕای بیرمەندان/لە بەرچاو نەگرین گوتەکەی وایت هیێد لە سەر فەلسەفەی جوانناسی هێربێرت رید بەرچاوە رید لە« فیر کردن بە شێوەی هونەر»دا بیر و ڕای ئەفلاتوون، لە«فیلبووس دا»، ڕاستەوخۆ دەهێنێتەوە. ئەو گوتەیەکی کوهلێر/ ڕەوانناسی ناسراوی قوتابخانەی گشتالت/ لە سەرەتای کتێبەکەی دا دەنووسێ: جوانی و بەرجەستە بوونی بەرهەمی هونەری بۆ ئێمە بە پێی پێکهاتەکەیەتی. رید دەڵێ: هەموو ئەو شتانەی کە جوان و سەرنج ڕاکێشن و سەرەتا لە ڕیگای هەستەوە چیژمان دەدەنێ، شەقڵی هونەرییان پێوە دیارە. ئەگەر لەوانە وردبینەوە، دەبینین کە لایەنی هاوبەشی هەموویان، لە بوونی فۆرم یان ڕۆخسار‌دایە. ئەگەر کەسێ باش کار بکا یا جوان بە ڕێدا بڕوا بە جۆرێ کە چیژێک بداتە ئێمە دەتوانین بڵێین کە ئەو کەسە لە سەر فۆرمێکی باشە./خۆش فۆرمە/

بە پێی ئەم گوتەیە وادیارە رید هەوڵی داوە کە بۆ پرسیاری بوونناسانەی «هونەر چیە؟» وەڵامێکی بنەما خوازانە بداتەوە.. بۆیە دەڵێ: هونەر لە هەموو ئەو شتانەدایە کە چیژێکمان دەداتێ و هۆی ئەو چیژە وەرگرتنەش بە ڕای ئەو« ڕۆخساری باشەیە».

دیارە ئەگەر پێوەرمان بۆ ناساندنی فۆرمی باش کردەوە و بژاڤی مرۆڤـ بێ و بۆ هەڵسەنگاندنی هونەر هەر ئەوەش بکەینە پێوەر،



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەوە لە جەغزێکی هەڵەدا دەسووڕینەوە کەوایە پێوەرێکی ترمان پێویستە... پێوەریک کە سەربەخۆیی خۆی لە مرۆڤـ پیشان دابێ – تیورەییێکی سەر بە خۆ لە مرۆڤـ – بۆ وەی ڕەنگە کاریگەرێتی دیتنی بزاڤی ڕێک و پێک و خاوەن ئیقاع یا بەرهەمێکی جوان، لە سەر جەماوەر چون یەک نەبێ /کە وایشە/ ئەو پێوەرە سەر بەخۆیەش بە رای رید«سروشت»ە کە ئەگەر لێی ورد ببینەوە زۆر شتی تێدا دەبینین، وەک گژ و گیا گوێچکە ماسی بلوور ئێسک ، چ ساف و چ زبر، ناو چاڵ بێ یان کەوانی، هەروەها ئەوشتانەی کە گرد یان پێچەڵاو پلۆوچن و بنەما و چوار چێوەیەکی ڕێک و پێک و ورد و هەندسەییان هەیە و پێوەندیەکی ئەندازایارانە زاڵە بە سەریاندا... لە جیهانی بیرکاری هەندەسەدا ئەوەی هەبێ نەزم و ڕێک و پێکییە پرۆسەی ڕۆخسار لە فەلسەفەی ئەرەستوویشدا زەمانەتی ماهییەتی شتەکانە، واتا روخساری هەر شتێ هۆی بوونی ئەو شتەشە، بۆ وەی هەویە و بابەتێتی هەر شتێ /اشیا/ لە رووی روخسارەوە دەردەکەوێ، بۆ ئەوەی ئێمە شتەکان لە رووی روخساری /فۆرمی/ ئەو شتەوە دەناسینەوە کەوایە ماتریال /مادە/ کاری ئەوەیەکە هەڵگری جۆری ڕۆخسار بێ. مادە هەڵگر و کەم کارە بەڵام ڕۆخسار ئاڵ و گۆر خواز و پر جم و جووڵە... بەمجۆرە تایبەتمەندی ڕۆخسار ئەوەیە کە بوون /هەستی/ بداتە مادە،.واتە «بوونی هەر شتێ منەتباری فۆرمەکەیەتی»/بوتیووس/.

چەمکەکان /مفاهیم/ وەک کەرەسەی بێ ڕۆخسار و دەرنەکەوتوو وان کە لە ژێر تیشکی قاڵب و چوار چێوەدا روخسار وەردەگرن و سیمایەکی هونەری دەگرنە خۆ. ئەگوستینی قەدیس‌یش لە ریسالەی «نەزم»دا جوانی شتەکان دەخاتە پای روخسارەوە و دەڵێ:لە بەر ئەوەی هەرشتێ بە لەونێ لە سیما و ڕۆخسارێکی تایبەتدا دەردەکەوێ بیرکردنەوە لەشتێک کە فۆرم /شکل/ی نەبێ مەحاڵە و ناکرێ/. لە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لایەکی دیکەوە، بە رای ئەو هەموو شتێکی ئەم ژیانە/بوون/ تەسەووریێکی فۆرمیە لە ئەندیشەی خودا کە وایە ناشیرینی /ناجوانی/ گوتاری نەبوونە واتە، شتەکان رەنگە لە جوانییەکی جیاواز کەڵک وەربگرن و رەنگە هێندێ لەو شتانە رۆخساری تەبای خۆیان وەرنەگرتبێ /کە ئەو شتانە لای ئێمە ناشیرینیە /.

توماس ئاکویناس / گەورەترین فەلەسووفی مەسیحی لە سەدی ناوەڕاست/ جوانی بەوەی دەزانی کە چێژ بداتە هەستی دیتن. ئەوەش هەر راستەوخۆ گوتەیەکی ئەفلاتوونە و لە ریسالەی «فدرووس»ی وەرگرتووە/لەو بەشەیدا کە دەرکی جوانی دەخاتە پاڵ هەستی دیتنەوە/ فدرووس، دال، ٢٥/ ئەوەش بخەنە پاڵ گوتەکەی ماتیس لە سەر رێژە و پێکهاتە و هاو ئاهەنگی گشتی بەرهەم لە هێربرت رید ـ« مانانی هونەر» وەرگێڕانی دەریا بەندەری تهران ـ جیبی ١٣٥٤ ل ٢١٩/ .

بە بۆچوونی ئاکویناس، جوانی دیاردەیەکی رۆخسارییە. پێوەرەکانی جوانی بە بڕوای ئاکویناس بریتین لە:

• گشتێتی/ یان کەماڵ Integritas/ ئەم خاڵە دەبێتە هۆی ئەوەی کە شتی ناتەواو و شکاو جوان نەبن...

• رێژە و ئەندازە/Poroportio/ کە هەم رێژەی نێوان پاژەکانی /اجزا/ شتی جوانی لا مەبەستە و هەم پێوەندی نێوان،شتەکە و بینەرەکەی، لە بەر چاوە.

• تیشک و درەوشانەوە /claritas/ رەنگە مەبەستی ئاکویناس لە نوور یان تیشک/ هێمایەک بۆ* لە سیما و حەقیقەتی خودایی/ کە بەشێک بوو لە بڕوای نوێ ئەفلاتوونیەکانیش /هێندێ لە توێژەران و راڤەکارانی بەرهەمەکانی ئاکویناس پییان وایە مەبەست درەوشانەوەی تیشکی روخسارە بە سر ماتریال/مادە/دا . بە کورتی، وادیارە چەمکی ئەرەستوویی روخسار لەم گوتەی هێربێرت ریددا کورتکراوەی بووچوونەکانی ئگۆستین و ئاکویناس و درێژەی باسەکانی ئەفلاتوون



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ـ ئەرەستوویی بیّ له هونەر ناسیدا، رید له مانای هونەردا هونەر به هەولّدانیّک دەزانی بۆ ئافراندنی روخساری چیژدەر. چیژوەرگرتن له هەستی جوانیش دەخاته ئەستۆی سازبوونی یەکیەتی و تەبایی نیّوان روخسار و دەرکی هەستەکان. /ی ١ـ٤/

❑

روخسار هەر له سەرەتاوه هەستی بیرمەندانی بزواندوه و وەک بابەتیّکی سەرنجراکیّش، له هەمان کاتدا ئالۆز، له سەری رۆشتوونه. له لایەکی دیکەوه روخسار یان فۆرم و قالّبی شتەجوانەکان /که بەرهەمی هونەریش دەگریّتەوه /به هۆی هەست بزویّن بوونیانەوه ، بەرجەستەتر دەبنەوه ، ئەوەندەی که بتوانین بلّیّین شیّواز یا شیّوەی دەربرین که به گشتی بنەما یا روخساری بەرهەمیّکی هونەری پیّکدیّن*/ هۆکاریّکی سەرەکیه بۆ مانەوەی بەرهەم و /هەر وەها /هەلّسەنگاندنی هونەر،.به تایبەت ئەگەر ئەوەشمان له بەرچاو ب* که ناوەرۆکی هونەرەکان لەپای روخسارەکانیان ئیّجگار کەمن و به نواندنیّکی نو* نەب* کاریگەریّتی ئەوتۆیان ناب* و ناچنه زیّهنەوه /بۆیه/جەخت کردنه سەر فۆرم /روخسار/ لەلایەن ئەفلاتوون – ئەرەستووەوه بەهادان/پیّزانین/ بووه به ئیّعتباری فەلسەفەی جوانناسی. «ئاکویناس» و «ئەگۆستین»یش پەسەندیان کردووه.

❑

ئەو بۆچوونانه له قۆناخیّکی تردا بوون بەوه که ، «بەرهەمیّکی هونەری زاتیّکی سەربەخۆی هەیه»

له سەدەی رەوشەنگەریدا پیّوەری سەرەکی بۆ جوانناسی واته واقعیبوونی روخساری سروشتی کەوته ژیّر گومانەوه و کەسانیّک هاتنه سەر ئەو بڕوایه که هونەرمەند لاسایی سروشت ناکاتەوه، بەلّکو



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

خۆی وەک خوداوەند/ کە بوونی لە هیچ خوڵقاند/ خولقێنەری بەرهەمەکەی خۆیەتی. فیلیپ سیدنی لە«بەرەنگاری لە شیعر»دا شیعر لە سروشت جیا دەکاتەوە و دەڵێ*، شاعیر لە ژێر گزینگی هێزی ئافرێنەری خۆیدا سروشتێ دەخولقێنێ* کە بوونەوەرەکانی، یان لە سروشتیان تێپەراندوە یان لەوان جیاوازن و نوێن»

خاوەن شکۆکردنی هونەر و هونەرمەندان تا ئەو لووتکەیە... بە ئاشکرا دژایەتیکردن بوو لەگەڵ شاردنەوە و دەرکردنی هونەرمەندان لە فەلسەفەی ئەفلاتوون و یۆتۆپیاکەی‌دا

/بڕواننە کۆماری ئەفلاتوون ـ ٥٠٩ ـ ٥١١ تیمائووس ‹١٩ ـ گورگیاس ٤٦٣ ـ ‹٤٦٥/

لەم سەدەیەشدا باوەکو ناو بە ناو هێند* تیۆرەی نە زۆر بەربلاو لەلایەن رەخنەگرانەوە لە سەر سەربەخۆیی هونەر بلاو کرایەوە بەلام سیستەماتیکترین تیۆرە لە لایەن کانت ەوە لە کتێبی «رەخنە لە داوەری» /نقد قوە حكم/دا بلاو کرایەوە. لەو کتێبەدا کانت گرینگی زۆری دایە ئامانج /غایەت/ zweck masig keit/ کە بە ڕای ئەو بوونێکی سەر بە خۆی هەیە لە خواست یا مەیلی مرۆڤـ کانت پێی وایە ئامانجێتی/غائیت/ دەتوانـ* ئامانجی تیا نەبـ*(!!)

کورنێر راڤەکاری گەورەی بەرهەمەکانی کانت سەبارەت بەو گوتەیە دەڵێ*:« ئێمە زۆر جار شتگەلێک دەبینین / ص ئەوانەی دەستکردی مرۆڤن، ص شتی تر /کە ئەوەندە ئەجزایەکی خاوەن ریژە و ریک و پێکیان هەیە کە بە گشتی وەک شتێکی گەلالەدار /گرحدار/ دێنە بەر چاو ـ بێئەوەی بیر لەو ئامانجە بکەینەوە کە خاوەنەکەی بۆی داریژاوە ـ تەنانەت هەرگیز بیریشی لێناکەینەوە کە کێ و بۆ ص مەبەستـ* سازی کردووە ـ کانت پێیوایە جوانی جۆری ئامانجێتییە/غایت/کە بێئەوەی ئامانجەکەی لە بەر چاو بگرین دەناسرێتەوە/دەرک دەکر*/. ئەو رۆخسار و ئامانجێتی لە یەک جو*



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەکاتەوەو دەڵێ هەموو کەس لە ڕوخسار یا سیمای شتەکان دەگا بەڵام ناوەرۆکی بەرهەمی هونەری ئێعتبارییەو هەر کەسەو بە بۆچوونی خۆی بۆی دەچێ. بە ڕای ئەو ئامانجێکی گشتی /کل هدفمند/لە دوو لایەنەوە دەبینرێ: یەکەم ئەوەی کە بمانهەوێ ئەو شتە لە ڕەهەندی ئامانج خوازیەوە ببینین دووهەم هەر ئەوشتە بەپێی زەوق و سەلیقەی جوانناسانە هەڵسەنگەینن. ئەگەر وەک گەیشتن بە قازانج و کارکردی شتەکە تماشا و پەسەندی بکەین ئەوە ئامانج خوازین و ئەگەر ڕێژە و تەبایی نێوان پاژەکانی ئەوشتە، بە پێی زەوق و سەلیقەی جوانناسانە هەڵسەنگێنین، بێ ئەوەی ناوەرۆک یا چەمکێکی پێوە ببەستین ئەوە داوەرییەکی جوانناسانەمان کردوە» S.korner سەرچاوە:« فۆرم چیە » حشمت Kant ١٩٦٧ pp١٨١- ٢ ١٨٤- ١٨٥/ علایی./

کانت لە بەشی دووهەمی «ڕەخنە لە داوەری»دا بەم جۆرە شیکاری شتی جوان» das schoneدەکا: ئەو چێژە کە بوونی واقعی شتەکانمان وەبیر دەخاتەوە قازانج یان قازانجێتی ە و ئەو هەستەش لەگەڵ مەیلی مرۆڤدایە. کاتێ پرسیارێ سەبارەت بە جوانی بێتە ئاراوە مەبەست ئەوە نیە کە بزانین لەگەڵ بوونی ڕاستەقینەی شتێکدا ڕووبەڕوو ببینەوە یا نا؟ بەلکو مەبەست ئەوەیە کە ڕوونی بکەینەوە دوای دیتنی ئەو شتە جوانە و دوای تێرامان/ ترمل betrachtong/ چۆن قەزاوەت / داوەری/ دەکەین.

گرینگئەوەیە کە، دوای خۆنواندنی blosse vorstellung شتەکە ئەو شتەم لاپەسەند دەبێ یا نا... دیارە بۆ ئەوەی شتێکمان لاجوان بێ و پیشانی بدەین کە خاوەن زەوق و سەلیقەین دەبێ چۆنیەتی خۆنواندنی شتەکە لە بەر چاو بگرین نە ئەو هۆکارانەی کە بوونی ڕاستەقینەی شتەکان ئەنوێنن ـ هەموومان دەبێ ئەوە بزانین کە داوەری کردن سەبارەت بە جوانی ئەگەر تۆزاڵە قازانجێکمان لە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەرچاو ب* داوەریەکی ب* غەرەز و ب* لایەن /و لەرووی دلّپاکیەوە/ نیە. ناب* کەمترین لایەنی جوانی شتەکان لە کیس بچ*، بەلّکوو دەب* بە راستی ب* لایەنی خۆمان بپارێزین بۆ وەی داوەریەکامان زەوق و سەلیقە بە سەریدا زالّ ب* /رەخنە لەداوەری ل ١٣٠/ کانت لە درێژەی باسەکەیدا زەوق بە «هێزی داوەری» / beurtheilungs vermogen/.دەناسێن* و شت* جوان یا جوانی بەوە دەزانیّ کە هیچ چەمک* نەتوانی داگیری بکا و زۆربەی خەلّک چێژی لێوەر بگرن. بە رای ئەو، چێژ وەرگرتنی تەواو لە جوانی ئەوە دەسەلمێن* کە جوانی بە ب* خێر و قازانج ناهێتە هەلّسەنگاندن و ئەگەر سوودی تاقەکەسی لە ئارادا نەب* جەماوەر بە گشتی لە بەرەی چێژ کەلّک وەردەگرن...

فەلسەفەی جواناسی کانت،کە بە رای هێگل یەکەم گوتاری عاقلانەیە لە پانتای مەعریفەی مرۆڤدا، بەرهەمی توێژینەوەی دەرهەستانە/انتزاعی/ یە لە سەر بابەتگەلی/جوانی ـ راستی و. هەر بەو جۆرەی کە کانت خۆی لە سەرەتای /بەرهەمە ناو براوەکەیدا/ دەلّی دەتوانین دەسەلات و لێهاتوویی رۆحی مرۆڤـــ بکەینە س* بەشەوە:

واتە ئـــــــــــیرادە ↓ هـــەســـــت ↓ ئەندیشە ↓ .

هێزی مەعریفی، دەرک و هەستی چێژ و رەنج، داوەری و هێزی مەیل کە لەگەلّ عەقلدا تەبان/هاورێژەن/

الف ـ دەسەلاتی مەعریفی یا شوناسی مرۆڤـــ کە لە فکردا خۆی دەنوێن*، ئامرازێکە بۆ ناسیتنی نەزەری جیهان و گەیشتن بە راستی و



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

حەقیقەت. کە وایە گەڕان بە دوای ڕاستیدا دەچێتە ئەو بەشە لە ڕۆحی مرۆڤـــ کە لەکێشە نەزەریەکان رادەمێنـ*

ب ـ عەقڵ کە چاو دێری چاکە دەکا و لە پانتای کارکردی مەیل و ئیرادەی مرۆڤـ دا خۆی دەنوێنـ* و..

ج ـ جوانی کە دەچێتە ئەو بەشەی، لە عەقلی کارکردی و رامانی نەزەری بە دوورە، ئەویش سنوورێکە لە نێوان ئەو دوانەدا کە نە بە شوێن پرسیار و وەڵامەوەیە و نە بەدوای کارکرددا دەچـ*..

فەلسەفەی جواننناسی کانت میراتی توێژینەوەی نەزەری و دەرهەستانەی فەیەلسووفەکانە و وەک ریچاردز دەڵـ* /ایۆل ڕەخنەی ئەدەبی/ بەرەکەشی ئەوە بوو کە «جوانناسی بخاتە خانەی ئیدەئالیسمەوە»

I.A.Richards,the principles of Literary criticism ١٩٦٧ ١،٢،٦

ئامانجێتی بـ*ئامانج و چێژی دوور لە قازانج، واتە بنەما سەرەکی‌یەکانی سیستەمی جوانناسی کانتی هەر دووکیان لە فەلسەفەکەی خۆیەوە وەرگیراون کە لەسەر دوانەیی /دوئالیسم/ ڕۆنراون. بە پـ*ی ئەو بۆچوونە هونەر یەکیەتی دەخاتە نێوان دوانە لێکدژەکانی وەک: ورد و درشت ـ عەقڵ و خەیال ـ یاسا و زۆرە ملی و...

جیهانی نواندن و ئازادی کردەوەی مرۆڤـــ باوەکوو لەگەڵ هونەردا دژایەتییان هەیە، هەر پێکەون و ڕەنگە یەکیش بگرن. چەمکی ئەزموونی جوانناسی، کە دەکەوێتە نێوان دوو پانتای ڕووداوی بابەتی /عەینی/ و ئەخلاقییەوە، چەمکێکی زێهنییە. جوانی لە پێشکەش کردنی چێژێک بە هەست یەکجار سەرترە بەڵام بە سەر ئەوەشدا جگە بە جۆرێکی گشتی پێناسە ناکر*، بۆ وەی ناچێتە ناو هیچ چەمکێکی تایبەتەوە بە بـ* هیچ زانستیٚ دەرک دەکر*، بەڵام خۆی پلەی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

زانستەکان دەباتە سەرەوە. ئەو رازی بوونەی بە هۆی ئامادە بوون و دەرەکی جوانی بە مرۆڤــ دەگا، ئاکامی تەعامولی هەست و عەقلّە. چەمکی جوانی لای کانت بە سەر لایەنی ڕۆخسار و ڕازاندنەوە و جوان سازی و دەرهەست بوونی شتەکانەوە بەندە بەو بۆچوونە هێلّکاری پێچلّ پێچ و خەیالاّوی و نەقشی بڕگە بڕگە و موسیقای بێ شیعر و... ئەوەی کە هیچ چەمکێ نەدەن بە دەستەوە، دەبنە جوان و جوانین بە گوتەی هێربێرت رید زانستی جوانی /علم الجمال/ کانت بریتییە لە «باس لە بابەت گەلی دەرهەستی وەک خەیالّ، وەهم، روخسار و گومان... ئەمانەش پێوەندیان بە هونەرە بابەتیەکانەوە یەکجار کەمە . هیچ شێوازێکی ڕەخنەی لەم زانستە سەر هەلّنادا و لەگەلّ ڕاستییە مێژوویەکان هیچ پێوەندییەک ناگرێ» / هنر امروز سروش جیبی امیرکبیر ١٣٥٤ ـ ێ ١٥/

به سەر ئەوەشدا لانی کەم لە یەک شوێن دا بۆ چوونەکانی کانت و رید یەک دەگرنەوە، کانت جیاوازیەک دەخاتە نێوان گەشەی جوان ناسی /Gemein gultig keit/ و ئیعتباری بابەتی /...allgemein کانت چەمکی دووهەم /ئیعتباری بابەتی/ بۆ ئەو داوەریانە دادەنێ کە زانستی و مەنتقین و بڕوای وایە کە ئێمە لە داوەری جوان ناسانەدا ئەسلّەن کارمان بە سەر شتەکەوە نیە بەلّکوو کاری مە قوولّبوونەوە و تێرامانە لە سەر جوانییەکە. مەبەستی کانت لە چەمکی یەکەمدا ئەوەیەکە وەرگرتنی جوانی لە ناوەندێکی تایبەتدا نابەسترێتەوە و لە ئیختیار کەسێکی تایبەتدا نیە، بەلّکوو هەموو کەسێ دەگرێتەوە .

ئەمە هەر بۆچوونە کەی ریدە کە بڕوای وا بوو روخسار یا بنەمای شتێکی جوان نابەسرێتەوە بە کات و شوێنی تایبەتەوە. ئێرنێست کاسیرێر فەیلەسووفی بەرجەستەی نوێ کانتی /ئالمانی سەردەم/ بۆ شیکردنەوەی چەمکی گەشەی جوانی ناسی کانت دەلێ «مەبەست ئەوەیەکە: ئەگەر بەرهەمێکی هونەری بەرەی نامۆییەکانی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سەلیقەی تاقە هونەرمەندێ بـ*، توانای نیشتەجـ*کردن و بلاو کردنەوەی پەیامەکانی بەرین ناب*»

/Ernest cassirer Anassay on man _ ١٩٧٠ _ ٣٧١،٣٧٢ vol٣

ئەگەر ئەم گوتەی کاسیرێر ئاوا لێکبدەینەوە کە بابەت و ناوەڕۆکی تاقەکەسی دەبنە کوسپ* لە ڕێگای جیهانیبوونی بەرهەمێکی هونەری و بە لەون* دەیکێشنە گۆشەگیری ناوچەییەوە، ناتوانین بڵێین وانیە بەلاّم لە دەرەوەی بازنەی چەمکەکان/ ناوەڕۆک / واتە لە باری فۆرم و ئافرێنەری هونەرییەوە تەنانەت لەو شوێنانەدا کە هونەرمەند باس لە نامۆیی دەروونی کەسێتی خۆی دەکا لە باری ناسکی هەست و ڕەوان ناسییەوە وەلامێکی بەجێ و جیهانی ئەداتەوە

❑

ئەم باسانە هەمووی ڕەنگە زیادی بن و فەلاسەفە هەموویان سەری خۆیان ئێشاندب* جوانی بەرهەمێکی هونەری لە هیچ ئەرێ و نەبێ یەکدا نابەسرێتەوە و سەیر ئەوەیە ئەوەندە بەرهەمێکی هونەری خزمەتی بە فەلسەفەو فەیلەسووفان کردووە، ئەوان/ لە ئەفلاتوونەوە کە هونەر و هونەرمەندانی لە یوتۆپیاکەی فر* دا دەرەوە تا دریدا کە فەلسەفەو هونەری رۆژئاوای تێکشکاند / خزمەتیان بە هونەر نەکردوە. دەیان کتێبی قەبە قەبەی فەلسەفی لە سەر تاقە دێرێکی شکسپێر دەنووسر* .. بەلاّم ئەمانە ئەوە ناگەێنت کە هونەرمەندان ئاگاداری ڕەوتی فەلسەفەی جوان ناسی نەبن جوانی لەروخساردا بـ* یان ناوەڕۆک گرینگ نیە گرینگ ئەوەیە ئەم دووانە پیکەوە نەبن هیچ نین بە تایبەت ئەگەر مرۆڤــ و هەستی مرۆڤــ نەیان بینی* کە وایە هونەر و جوانی روخسار بۆ ئێمە دێتەوە سەر مرۆڤـ و بەس .../ مرۆڤیش خوا عافووکا پیاوێ چاک بوو/ نیچە گوتەنی هونەر ژیانمان



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بۆ والیدەکا کە مرۆڤـ بتوانـ* تێیدا بژی /هنرزندطی را ممکن و شایستهی زیستن میکند/

❏

ئەوەی گرینگی روخسار لە سەردەمی مەدا دەسەلمێنـ* هاتنە ئارای ئەو هونەر و لق و پۆ هونەریانەیە کە لە مێژوو دا هەر نەبوونە و بە فکری ئەو فەیلەسووفانەشدا نەهاتوە، سینەما ، وێنەگری ویدیوو دەزگاکانی پێوەندی جەماوەری و شورشی ئانفۆرماتیک جهانی رازاندنەوە و مۆدی جل و بەرگ و شانوی نویٚ و پروپاگەندە بۆ کەرەسە و کالا کە هەموویان بە سەر کۆڵەکەی گرینگی روخسار و فۆرمەوە راوەستاون هەر بۆیە ئمبێرتواکوٚ سەردەمی مە بە سەردەمی وێنە ناو دەبا و وێنەش دەکر* بلێێن هەر روخسارە .

بە پێچەوانەی بۆچوونی یەکی لە رۆشنبیرانی کوردستانی ئەو دیو کە گوتوویە «شیعر بەرجەستە بوونی جیهانبینییە، قۆناخێکە بەرامبەر دیاردەکان» جهانبینی و ئیدیولوژی ریگای دەربڕینیان زۆرە و بە داخەوە لەمێژووی ئەدەبی کوردواری دا بە هۆی نەبوونی مەودا بۆ لقە جیاوازەکانی نووسین و ویستی سیستەمەکانی دەسەلاتی رامیاری و /دەسەلاتی زمانی ئیدیولوژی / کە باسێکی جیایە و پێویستە بەتێر و تەسەلی لێی بکولێتەوە/ هەموو شتـ* سەپاوە بە سەر شیعردا نکوولیشی لیٚ ناکر* کە لەو بوارەدا شیعر و شاعیری کەڵ کەڵێشمان هەبووە و زۆربەی شاعیرانی مێژوویی و سەردەمیشمان لەو بوارەدا قەڵەمیان خستۆتە گەڕ بەلام ئەگەر هونەر و رۆشنبیری هەوڵدان بـ* بۆ دەرباز بوون لە بازنەی دەسەلاتە زمانییەکانی ئێستا /کە پێم وا بـ* باشترین پێناسە بـ* لە شیعر و هونەر بە گشتی/ ئەوا بۆچوونی ئەو بەرێزە دەچێتە بازنەی ئەو سەلەفیەتەوە کە خۆی هەولی دەرباز



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بوونی لێداوە و بە وتار شیعر و رۆمان بەرەنگاری بووە. ئەو بەرێزە دەڵێ:« نەمری شیعر بە هۆی فۆرمەكەیەوە نیە بەلكوو نەمری شیعر لەوەدایە كە بە پێی كاتە جیاوازەكان مانای جیاواز بدا بە دەستەوە....ئەدەب دەرخەری رووە شاراوەكانی مێژووە.».'هەروەها'«پایەكانی شیعری نالی ئەمرۆ لە ناو شیعری كوردیدا نەماون بەڵام كاریگەی شیعری نالی «نەگۆڕە» ئەگەر نەمری شیعر پایبەند بوایە بە هێزی فۆرمەكەیەوە لە مانەوەدا ـ شكسپێر ـ حافز ـ تاگۆر ـ گوتەـ پوشكین ـ نەمر نەدەبوون سەیر لەوەدایە ئەمرۆ هێندی كەس نەمری «گۆران» دەبەستنەوە بە نەمری فۆرمی گۆرانەوە نەمری گۆران بە جۆگەیەكی دیكەدا دەڕوات كە جیاوازە لە جۆگەی فۆرم... پێم وایە نەمری هەرشیعریك / یان تیكستێكی ئەدەبی/ لەوە دایە كە بە پێی كاتە جیاوازەكان مانای جیاواز بدا بە دەستەوە، جیاوازی بە مانای فراوان بوون لە مانادا..ئەگەر مەحوی شاعیرێك بوایە شیعرەكانی نەیانتوانیبا لەو مانایانە دەرچن كە لێكۆلەرەكانیان لە پەراوێزدا دەینووسن نەیدەتوانی كار لە ئێمە بكات كە ئەو دەڵێ« دنیا تیاترۆیە مەوەستە تیا برۆ» یان دەڵێت « بە جێ نایەت دەبێ رووكەینە سارا ـ حەقی ئادابی مەجنوونی لە شارا» مەبەستی گەڕانەوەی هەبووە بۆ لای ئەو هێزە گەردوونیە پاكەی كە رۆحی عەودالی بووە بەڵام ئێمە ئەمرۆ لە ئەزموونی خۆمانەوە لە گەڵ ژیان و شارستانیەت دا لەو شیعرانە دەگەین ئەو شیعرانە لە كاتی خۆی دا رۆشنبیرانی نزیك خستۆتەوە لەخوا بەڵام بە مانا هاوچەرخەكەی رۆشنبیرانی ئەمرۆ دوور دەخاتەوە لە شارستانیەتێك كە لەسەر نامۆبوون و خوێن راگیڕاوە نەمری مەحوی لەوەدایە كە شیعرەكانی دەتوانن بە ئاسانی لەو مانایەوە بارگە بگۆزنەوە بۆ ئەم مانایەی دیكەمان ... لەمێژە سۆفی پایەبەرز «جلال‌الدینی مولوی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

رومی» وتوویەتی مانا لە شیعردا ریگایەكی دیاری نیە وەک بەردی قۆچەقانیە بە كەس راناگیر* /رامان ٥١ ێ ٣٨/

❑

به داخەوە ئەو بەرێزە فۆرمی پیناسە نەكردوە نازانم مەبەستی لە فۆرم چیە كە دەڵێ* «پایەكانی شیعری نالی ئیستا لە ناو شیعری كوردی نەماون،بەڵام كارگەری مانای شیعری نالی نەگۆڕە ..» با بپرسین مەگەر زمان تەنیا لە ریگەی فۆرمەوە نیە كە مانایەک دەبەخشێ*؟ مەگەر فۆرمە جوراو جۆرەكانی زمانی نیە كە توانای راڤە و فرە مانایی دەبەخشن بە مرۆڤـــ مەگەر زمان و فۆرمەكانی / بەتایبەت بەدیع و عەروز و قافیە و یاریە زمانیەكان لە شیعرەكانی نالی و مەحویدا/ تەنیا ریگەی دەربڕینی مانا و ناوەڕۆک نییە؟ مەگەر « جیاوازی بەمانای فراوان بوونی لە مانادا» تەنیا لە ریگەی جیناسە فۆرمیەكانی نالییەوە نیە؟ هەر نموونەكەی ئەو بەرێزە دێنمەوە «دنیا تیاترۆیە مەوستە تیابڕۆ» نەمری ئەم شیعرە بە پێی ئەم ناوەرۆكە نیە كە «جهان سەحنەی شانۆیە » /كە ئەم دێڕە هی شكسپیرە نە هی مەحوی و بەرلە شكسپیریش دڵنیام بە لەونیێتر هەبووە بۆیە شانۆ بوونی هەیە/ ... گرینگی ئەم شیعرە لەوەدایە كە مەحوی شانوی بە فۆرمە* نوێ نووسیوە بەجۆری كە مانای تیدا ترۆ بوونیش دەدا ئەوە خوێنەرە كە بەپیێ زانست و زانیاری و هەستی جوان ناسی و.. خۆی كامیان هەڵدەبژێری و یان تێكەڵیان دەكا. هەڵەی ئەو بەرێزە لەوەدا نیە كە گرینگی ئەداتە مانا و مەعریفە، هەڵەكە لەوەدایە كە ئەو بەرێزە یاریەزمانیەكان، كە دەبنە هۆی فرە مانایی بەرهەمێكی شیعری و هونەری، وەک فۆرم لە بەرچاو نەگرتووە بۆ وێنە خوازە و مەجازە شیعریەكان كە بەشێكەن لە فۆرمە جیاوازەكانی پێكهاتەی زمان /كە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

شیعریش دەگرێتەوە / و دەبنە هۆی ئەوەی زەنجیرەی ب*كۆتایی مەدلوول سەر لە نو* بێنەوە سەر دالەكان و بەو پێیە مانا بەردەوام بكەوێتە دواوە و درێژ بێتەوە و فرە مانایی پێک بێنن / لێرەدا پێویستە سەرنجی ئەو بەرێزە بۆ تەوەرەی هاونشینی و جێنشینی دالەكان لە لایەن یاكوبسنەوە رابكێشم.، من دڵنیام ئەو بەرێزە ئاگاداری بۆچوونەكانی یاكوبسنە لە سەر ئەو دوو تەوەرەیە/ وەک گوترا ئەوەش لە بەشی فۆرمی زمان دایە نە لە بەشی ناوەرۆک دا كە دەكەوێتە ئەستوی خوێنەر و راڤە و بۆچون و چۆنیەتی وەرگرتن /دریافت/ بەو پێیە مانەوەی «گۆران»یش دەگەڕێتەوە بۆ كار كردن لە سەر فۆرمی نۆی لە شیعری كوردیدا، نە بەو دروشمانەی سەبارەت بە كۆمەڵ و چین و مەدەنییەت داویەتی گۆران ئەو شاعیرە بوو كە بازنەی دەسەڵاتی زمانی باوی بە هێنانەكایەی فۆرمگەلی جیاواز تێكشكاند.گرینگی ئەو لەوەدایە نە لەو مانایانەی بۆ وێنە لە «گوڵی خوێناوی»دا هێناویەتی / كە هەموومان دەزانین ئێجگار پێش لە گۆرانیش هەبووە/ ئەوە فۆرمە كە بەردەوام لە پساندنی ئەو زنجیرانەدایە كە خۆی سازی دەكا و خۆشی لێیان دەرباز دەب* ـ

راستیەكەی ئەوەیە كە فۆرمی شیعری نو*ی كوردی بە هۆی دەرباز بوون لە كلیشە فۆرمیەكانی شیعری كلاسیكی ـ عەرووز و قافیە و... ئەو دەرفەتەشی دایە شاعیران كە پانتای مانا و فرە مانایی دەقەكانیان پتر ب* و وێنە شیعریەكانیش /ایماژ و پێوەندی نێوان سروشت و مرۆڤـ و دیاردەكان كە دیسان وەرگرتنی فۆرمی نوێ بوو/پەرە بگر* .جەوهەری هونەری دەق بەوە گڕ و تین دەگرێتەوە كە فۆرمەكەی ئاڵ و گۆڕی بەسەر ب* ئەگینا حافز گوتەنی: «یک قیٌه بیش نیست غم عشق و وین عجب.. از هر زبان كه می شنوم نامكرر است»

سەرەتا نموونەیەک لە برێشت بێنینەوە: برێشت دەڵ* «ئەتوانین تووڕە بوونی «شاه لیر» لەكچەكانی خۆی جۆری پیشان



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بدەین کە ئەو تووڕە بوونە لای بینەر ئاسایی ب* و هەر ئاگاشی لەو تووڕە بوونە نەب* لە لایەکیترەوە ئەتوانین وا پیشانی بدەین کە بینەر لە پاشا لیر تووڕە بب* و زۆر جۆریتریش دەکر*.. با نموومە لە دەقەکانی بەرێز بەختیار عەلیش بێنینەوە «ئێوارەی پەروانە» /لە رۆمانە باشەکانی ئەدەبی کوردیە/ کە وەک ناوەرۆک باسی کێشەی مرۆڤی تاقەکەسی/ کورد/ دەکا لە بەرامبەر سیستەمەکانی دەسەڵاتی ناو کۆمەڵگادا / بە هەموو لقەکانیەوە/ دینی ـ سیاسی ـ جەماوەری./ بەختیار عەلی وەک ناوەرۆک جگە دروشمەکانی اگزیستانسیالیزم ـ ئازادی تاقەکەس ئازادی ئەویتر ترس و دڵەڕاوک* و دڵەخۆرپێ و ئەنجام مەرگ و ... چیتری هەیە؟ / مەبەست ناوەرۆکە!/ کە بۆ وێنە سارتر و مالرۆ و کامۆ نەیانگوتب*.؟!

بەڵام ئەو رۆمانە لە باری سیستەمی گێرانەوە ـ فانتازیا و وێنە سازی ـ ناونان ـ ئوستوورەسازی و... کە هەموویان دێنە خانەیی فۆرمی ئێوارەی پەروانەوە، رۆمانێکی بە قەوەتە و دڵنیام بوونی خۆی دەسەپێن* / سەپاندووشیەتی/ و دەمێنیتە ـ...ئەو تکنیکە فۆرمیانەن کە دەرفەتی راڤە و لێکدانەوەی زیاتری داوەتە خوێنەر و رۆمانێ نو*ی سەردەمی لێ ساز کردووە. ئەگینا بەش بە حاڵی خۆم وەک ناوەڕۆکی نو* هیچم تیا نەدی کە مالرۆ نەیگوتب* بڕوانە «مرۆڤی یاخی»ئالبێرکامۆ: مرۆڤێک کە لەمەو پێش بە تەنیایی دژی پووچی و بێهوودەیی جەنگیوە ... ئەوا لەگەڵ خەڵکانی دی دەستی داوەتە دەست و لەگەڵ ئەوان دژی زوڵم زۆر رادەپەر* و بەو بۆنەوە تەنیا و بێ هیز نامێن* بەڵام ئەم راپەڕینە دەبێتە هۆی ساز بوونی دەسەڵاتێکی تر مرۆڤی تەنیا کە خەباتی جەماور داڵدەی دابوو دیسان تەنیا دەبێتەوە ... مەبەستی کامۆ ئەمەیە کە مێژوو وەکوو جەغزیک بنوێن* کە هاورێ لەگەڵ خوێن رشتن و پیاو کوژی فیڵ و تەڵەکەدا بە شورشی ئازاد پەروەری دەست پێدەکاو ئەنجام دەگاتە کویلەتی و وەحشی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

گەری:«بوونی من لەمەترسی‌دایە چونکە کەسانی دیش هەن کە دنیای تایبەت و دەستکردی من بە دنیای تایبەت و دەستکردی خۆیان دەزانن کێشەکە لێرەدایە کە ئەو دنیایەی ئەوان دنیای منە سەر باری خۆیشم کە واتە وەک چون من ئەوان بە ئامیری کاری خۆم دەزانم ئەوانیش من بە ئامیری خۆیان دەژمێرن لە بەر ئەوەی فرە ژمارەیی ویژدانەکان ژیان شووم و ناخۆش دکا و دەبێتە هۆی ئەوەی لە شەلەژان و دلتەنگی‌دا بم ئەوین و هاوکاری و دۆستایەتی هەوێنی ڕەش بینی و ناهومێدین بۆ وەی ئەو پێوەندیانە بە پێی سروشتی خویان داگیر کردنی ئازادی /ژیانی / کەسانی دی دەخوازن* ئەمەش چ چارەیەکی نیە، جا لەبەر ئەوە خۆ بوون و هەموان بوون کارێکە ناشێت، ئازادی مرۆڤــــ سووچێکی داپۆشراوە»

/دڵە تەپێی وجوودییەت/سیرووس پەرهام/وەرگێڕانی ێ ـ سوارۆ(سووزەنی)/ نووسەری کوردستان، ژمارە ١٤

یان بڕواننە کتێبی/ سەردەمی مەنتەق/ پالەوانی ئەم کتێبە کەسێکە کە وێرای هەموو زەبر و زەنگی دنیای متریالی ئازادی دروونی خۆی دەپارێزێ «کاری شورش ئەوەیە کە مەسەلە تایبەتیەکانی خۆی حەلّ و فەسل بکات نەک مەسەلەکانی ژیانی ئێمە چارەسەر بکات نەهێشتنی گیر گرفتەکانی ژیانی مە تەنیا کاری خۆمانەو بەس وەدەست هێنانی ئازادی مەحالە /مالرۆ/ .

ئەلّبەت ئەوە ئاساییە کە ئەو بەرێزە بە هۆی حەزی خۆی و بەهادان بە ئیپستمولۆژیاو مەعریفەو دەسەلاّت هەر ئەوانەشی لە هونەردا پیّ گرینگ تر بێ* بەلاّم ئەو بەرێزە دەبێ* ئەوەش بزانی کە حەقیقەتەکان زۆرن!.

لە بەرهەمێکی هونەری پوختدا فۆرم ئەوەندە جوان خۆی بلاّو دەکاتەوە کە ناوەرۆکی لیّ جو* نابێتەوە، بەلاّم ئەگەر بمانهەو* لەو



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەرهەمە پوختەشدا گرینگی بدەینە لایەنێکی ئەو دوانە ،ئاساییە گرینگ فۆرمەکەیەتی!

درێژەی هەیە

---

تێبینی

١ ـ بەشی یەکەمی ئەم یادداشتانە دوای دووسال لە دەق ی ژمارە ١ دا بلاَو کرایەوە.و هێندێکیشی لە رچە/سروە/دا بلاَو بۆتەوە.

٢ ـ بژاردە بێژیەکان/ گزینگویە/هەر کامە و لە وتار یان کتێبێک وەرگیراون و لە کاتی خۆیدا یادداشتم کردوون و... هێند بەدوایاندا مەگەڕن!



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# فەرهەنگ زنجیرەی بێکۆتایی مەدلوول:

پێشەکی:

که دەڵێین فەرهەنگ به بێ ئاڵ و گۆڕ نابێ بۆ وەی فەرهەنگ بەو ئاڵ و گۆڕ و گەشه و نەشەوه زیندووه ئەگینا دەمرێ یان له بیر دەچێتەوه.فەرهەنگی کودەواری له دوای شکستی یەکجارەکی مادەکانەوە مەودای ڕەوت و گەشەی لێ سەندرایەوه و بەداخەوه دەسەڵاتداری چەند هەزار ساڵەی پاشایەتی نەک هەر پێشگیری له گەشەی فەرهەنگی کورد کرد بەڵکوو هەوڵی تیاچوونیشی ئەدا. ئەوەی، بەرهەمی نەفەوتاونی زمانی کوردییه که لەناوچه شاخاوی یەکانا خۆی له زمانی عەرەبی دوورەپەرێز گرت و تێکەڵاوی ئەو شەپۆڵه پڕ تەوژمه دەسەڵاتی زمانییەی عەرەبی نەبوو.

دیاره زمان وەک سەرترین کەرەسەی فەرهەنگی هەر گەلێ تا بمێنێ هەڵگری داب و نەریت و فەرهەنگ و هونەر و زانستی ئەو گەلەشه. نامەوێ له پێشەکییەکەدا درێژدادڕی بکەم بەس دەبێ بوترێ، باوەکوو شای ئێران/حەمەرەزاشا/ لەم دواییانەی دەسەڵاتداری خۆیدا جێگەی هەناسەدانێکی بۆ فەرهەنگی کوردی هێشتەوه و به چاولێکەری عێراق هێندێ مەودای ژیانەوەی داب و نەریتی کوردەواریدا* بەڵام ئەوه دوای شۆرشی گەلانی ئێران بوو که کوردەواریش هەستی به شنەی ئازادی کرد و ویستی لەو بەهاره گوڵ بچنێ و بۆن و بەرامی به وڵات دا



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بڵاو بکاتەوە.لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران واتە لە ٥٧ بەم لاوە کوردەواری بە خۆی و زمان و فەرهەنگ و شارستانییەتییەوە جووڵاوە و تۆوشی ئاڵ و گۆڕ و گەشەی فەرهەنگی هاتەوە. بەڵام بە داخەوە مەودا کە کە, بوو چەند شەڕی ناحەز بووە هۆی وەستانی دووبارەی ئەو ڕەوتە دوای ئەوەش بە شوێن دەرچوونی یەکەم گۆڤاری کوردی بە هیمەتی مامۆستا هێمن و چاپی کتێب لە لایەن ناوەندی بلاو کردنەوەی سروەوە، ئەنجومەنە ئەدەبی هونەرییەکان و چەند سمینار و کۆنگرە و یادمان و رادیۆتلویزیۆنی بە زمانی کۆردی فەرهەنگی کوردی کەوتەوە ئاخافتن و ئەگەر ئەم نموونانە و چەند نموونەیەکیتری وەک جەشنوارەی شانۆ مۆسیقا و شێوەکاری پ*زیادکەین دەب* دیانبەوە دابنیێین کە لەم دوو دەهەی کۆتایی سەدەی بیستدا ئێمەش ڕەوتی فەرهەنگیمان بووە.بەڵام دەبیَ هێندیَ رەش بینانەتر بڕوانینە ئەم بابەتە و بەوە دڵخۆش نەبین بۆ وەی لە دواکەوتووترین کۆمەڵگای ئەمڕۆی جیهان/تەنانەت لە شاخی ئەفریقاش ئەم رفۆڕم گەلە کراون.../

فەرهەنگ بریتیە لەو دەسەڵاتە گۆتاریانەی لە ئوستوورەی مێژوومانەوە لە ئاکا ناهوشیاری کەسی و جەماوەریان دا رەگ و بنەچەکی دا کوتیوە و بەردەم وام لە پێوەندی لەگەڵ فەرهەنگ کانی دی دا تووشیی ئاڵ و گۆڕ و دواکەوت و پێشکەوت بووە و دەب*...بە واتایەکیتر فەرهەنگ مێژووی راستەقینەی گەلانی جیهانە و بە و هوشەوە وشەیەکی فرەمان*ییە هەڵگری و زۆر لایەنی دیار و نادیاری کۆمەل و زانست و ئەندیشە و سیاسەت کردەوە و داب و نەریت و دین و فەلسەفە فولکلور و هونەری .... تادیە مەبەستی ئەم وتارە پێناسەکردنی فەرهەنگ نیە و نایەوە بە تووڵایی لابیرێنتەکانی فەرهەنگ دا شۆڕبێتەوە و گوڵ یان درک بچن* پەس ئەیەو* بڵ*



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

١ – دەقی فەرهەنگی لە چی دایە و ئەو دیاردانەی راستەو خۆ وناراستە و خۆ شوێنی لە سەر دادەنین و دەبنە هوٚی ئالٚ و گۆر و نەوەستانی یان مەرگی دەبەن کامانەن و .

٢ – مقەستەکانی دەسەڵات راست چۆن لەگەلٚ فەرهەنگ دا پێوەندی دەگرن و بۆ چە ئامانجیٚ لەگەلٚ سەلەفیەتی فەرهەنگ سازی گشتی و جیهانی دا چۆن رووبەروو بینەوە

٣ – فەرهەنگی کوردی وەک وردەفەرهەنگ ەمێنێتەوە یان....

فەرهەنگەکان چاک و خراپیان نیە. بوٚوەی بنەا سەرەکیەکانی فەرهەنگی هەر کۆمەلگایەک لە ناو خۆی دا موعتەبەرە(١) بەلٚکو لەیەک چوویی و جیاوازیان هەیە و ئەم وتارە سەرەتا هەو ئەدا هەر چوار خالٚی دەست نیشانکراوی سەرەوە لەو روانگەوە لیٚک بداتەوە.

یەکەم: رەوتی فەرهەنگی بریتیە لە پیٚوەندی ئازاد و دژایەتی لاوی نەریتە فەرهەنگیە جیاوازەکان بوٚ سەقامگیر بوونی نەریتێکی فەرهەنگی نو* و

فەرهەنگ وەک ئاو* وایە کە لە رەوتی خوٚی دا چالە ئاوەکان بۆ خۆی دەدۆزێتەوە پریان دەکا...

ئەو چالئاوانەی کە پر بن تەنیا ئالٚ و گوٚرێکی خۆ ویستیان لە گەلٚ دەکا ئەگینا ناتوانٚ* بیانگۆری کاتی عەزەمەتی هەر فەرهەنگی ئەو کاتەیە کە بتوانی گۆتارەکانی بنێرێتە دەرەوەو چالٚ ئاوەکانی تر پر کاتەوە... بە پیٚچەوانەوە کاتی فەرهەنگی نەتوانی لەو وەرگرتن و ناردنە دەرەوە دا دەورێکی بەرچاو ببینی و زۆربەی دیاردەکانی لە فەرهەنگی ترەوە وەربگر*، بەرە بەرە دەبێتە وردە فەرهەنگ و بەرەبەرھ فەرهەنگی زالٚی گەلانی تر بوارە چۆلەکانی پر دەکەنەوە کێشەی ئەم بەشھ ئەوەیە کە سەر چاوەکان لە دەسەڵاتی فەرهەنگێکی ترەوە هەولٚ بدەن بەردەوام چالٚی ئاوەکانی تر بگۆرن بـ* ئەوەی ئاوی لیٚ وەرگرن ئەمە مەترسی وەردە فەرهەنگەکانی مێژوو بووە.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دووهەم:سیاسەت وەک دەسەلاتێک کە زۆربەی زانستەکانی مرۆڤی خستۆتە ژێر کێنەوە لە رووی سروشتی خویەوە بەردەوام ویستوویەتی فەرهەنگەکان یەک لایەنەکاتەوە و لەیەک چووی کەیان بگەیەنەتە سەد لە سەد و بە قازانجی خۆی کەلکی لیٚ وەربگر*

سێهەم: باوەکوو هیچ دەسەلاتێکی سیاسس بەگشتی ئەم کارەی لە دەست ئەهاتووە بەلام مێژوو دەلٚ* توانیویەتی لەزۆر برگەدا بەر بە رەوتی فەرهەنگی بگیر* و بە پیٚچەوانە بەرو پیٚش چوونی ئەو فەرهەنگانە لەناو بەری بروانن ولاتانی بەناو«بەبرهای ئاسیا» گوتاری وەک یەک بوونی فەرهەنگەکان . واتە سەنعەتی بار هیٚنانی گشتی لە رووی یەک فەرهەنگی جیهانیەوە/Globalisation culturalisim/ ئیٚستا سیاسەتی فەرهەنگی گەشەی ولاتانی دەسەلاتداری جیهانیە و بە هۆی کەلک وەرگرتن لە دزگاکانی پیچوەندی جەماوەر سەتەلایت و ئینترنیٚت و..... خەریکن بەریوەی دەبەن ئەم جیهانی بووتەش لە لایەکەوە چوار چیوە فەرهەنگی و چوٚنیەتی کردار و ژیانی کۆمەلٚگا کان بۆ وەیئەو ر*ی جیهانیەکە مارشال لوهانMarshall mc luhan قسەی لیٚدەکا دیهاتیٚکە کە لە رووی چوار چیچوەی گەلالٚی رۆژ ئاواییەوە ساز دەکر* و ئەوەش کاردانەوەی هەیە لە لایەن هوویەی فەرهەنگی ترەوە(٢)

سەنعەت فەرهەنگ دژی رەسەنایەتی فەرهەنگی گەلان و چەند فەرهەنگی عادلانەی گەلانی کەم دەسەلاتی جیهانیەو بەرەبەرە دیانخوا و فەرهەنگ* زالٚە/کە هەر فەرهەنگی رۆژ ئاوایی ب*نیشتەج* دەکا هەر بویە پۆست مویرنەکانی رۆژئاوا ئاویان لە فەرهەنگە وردەکان دایەوە و هەولٚی ساز کردنی فرە فەرهەنگی لە دەقەکانیان دا بەرچاوە

داریوش شایگان دەلٚ*:«لەسەفەریٚکدا کە چەند سالٚ پیٚش بۆ لوسئانجلس کردم لە کەناری بەرزی؛وینیش بیچ؛ دا کاتی هاوژینی چەند فەرهەنگی ناتەبام پیکەوە لەیەک شوین دا بینی ئەوند سەرم



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سوور ماکە نەبیتەوە دۆخی دەریا کە دا چەند دووکانی بە* دەرگاو پەنچەرەم بینی ە بە درێژایی چەند کیلومتری کەرەسەگەلٚ جۆراوجۆر وسەر سوورهێنەریان دەفرۆشت لە پێشکەوتوو ترین تکنۆلۆژیاکانەوە وەبگرە تا دواکەوتووترین کەرەسەکانی فەرهەنگی مرۆڤــــــ ..لەو کەنارە دا داب و نەریتی «شەمەنی بوومیەکانی ئەمریکی، وەرزش کلاسیکی یوگای هێندی، تبی دەزری»چینی و فالگیری و هەموو جۆرە ماساژ و شێلانی ژاپونی زانستی ئەحکامی ئەستیرە ناسی..زانستی ئەحکامی ئەستێرە ناسی.. هەموو کەن و پەلی ژیانی رۆژانە و بریک دانسی و رەقسی راک م دەبینی... هەمو شت* لەیەیەک کاتدا و لەیەک شوێندا... ئێمە شایەدی هەموو رەوتی زانستی و فەرهەنگی مرۆڤــــــ بوون لە سەدەی پێش حەجەرەوە تا دووربینیەکانی تەنانەت داهاتووش ئەکوت رۆحی پۆست مۆدێرن یتە هەموو پانتا و قوژینی دەدرەکانی شوناسی مرۆڤی بەشێوەی عەموودی و ئوفقی خستبوو بە سەریەکا و کەوتبوونەپێش چاو.

لە هەزارەی سێهەم داین، بەلام سەدەیەک دەب* کە کۆمەلگای مە لە دەورەی تێپەرین/گزار/دایە تێپەرین لە بایەخە کۆنە فەرهەنگیەکانمان بەرەو بایەخ گەلێکی کۆنی فەرهەنگی سەد سالان زیاترە کە فەرهەنگی سوننەتی مە رووبەرووی فەرهەنگ گەلێکی دی بۆتە وە کە لە بنەرەتەوە لە گەلێ ناتەبایە... ناتەبای و یەک نەگرتنەوەی ئەو سیستمە گەلە نەک هەر تێپەرینی دژوار کردوە بەلکو رۆژ لە دوای رۆژ دژایەتی و کیشمەکێشی ئەو بایخ و شێوەگەلەی زیاتر کردوە هەلبەت ئەم دژوازیانە چەرمە سەریانە لە هەموو ئەو کۆمەلگا یانە د* کە خەریکی تێپەراندنی ئەو هورەیەن بووە ون دەب*/دەنیر*/ بەلام کە هەل و مەرجی تێپەر بوونی ئێمە دا دژوازگەلەکانمان رووبەروو بونەوە یەکەم تایبەتمەندی فەرهەنگ و مێژووی خۆمانەوە رچاوەی گرتووەــــ بۆیە دهورەی گۆزانەوەی ئێمە تووشی پێچ و



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پلۆوچێک نەخۆشینێک بووە کە بە ب* تێگەیشتنیان و دوزینەۆەی چارەیەک بە هیچ کۆی ناگەین.

یەکەم کێشەی ئێمە ئەوەیە کە فەرهەنگی سوننەتی ئێمە بهر لە دەورەی تێپەرین بۆ ماوەیەکی درێژخایەن تووشی راوەستان و قەیران کوشەندە بووە  توانای گەشەو نەشهی بزوتنەوەی لا سەندۆتەوە/یان کەم کردوتەوە/ دووهەمین دژواریەکانی مە ئەوەیە کە کێشە و دژایەتی نۆی و کۆنە لەمیانیسمی پەرچەم و جوولی کۆمەلّگاو گەشەی فەرهەنگی خۆمانەوە هەلنەساوە بەلّکو قرِەکە لەنێوان بایەخە فەرهەنگیە کۆنەکانی/خۆمان/ و بایخە نویً کانی/بیگانە/ دا بووە. کەوایە بایخگەلً قەدیمی خۆمت کەوتۆتە دژایەتی کردنی ئەو بایەخە لە نوێیانەیکە لە فەرهەنگی بیانی ویستوومانە.

گیری سێهەمی ئێمە بایەخگەلی فەرهەنگی نو* بێگانان تەنیا لە رێگەی هاوسێیەتی و ناردن و وەرگرتنی باوو سروشتیە نەهاتوونەتە داراوە بەلّکو لە زۆر مەیدانی وەک سیاسی کۆمەلاّیەتی – ئابوری– فێر کردن و راهێنان، زانستی و ئەندیشەوە پیوەندی لەگەلً سولّتە و وابەستەگی ئیستعماری سیاسەتی دالّدەدان و... ە و ە بووە.

چوارم کێشەی سەربە خۆیی نە ئەوەیی مەیە ولە پیۆەندی ئیستعماری و ئیریالیستی ئەوانە

هەر بۆیە سوننەت بۆ ئێمە لەگەلً چارەنووسی نەتەوەییمان پێکەوە گر* دراون هەولّدان بۆ سەلماندنی فەرهەنگی نو* وەک پالپشتی بە بێگانانەوە دێتە بەر چاو و دژایەتی لەگەلً دەکریً و بە داخەوە زۆری لە سیاسە بازە هەلپە رەستەکانیش بە فیلّ و کەلّەک و سیاسەتی جەماوەر پەسەند کەلّک لەم تایبەتمەندیەوە وەر دەگرن و بە کێشانی سیمانی مار کومەلّگا دژ بە مەعریفە و گەشەی فەرهەنگی تیژ دەکەنەوە پالّپشتی جەماوەر دەدەن بۆ بەرەنگاری کردن لەگەلً رووناکبیران و نویخوازانی دلّسۆز و راستەقینە، دژ بە فەرهەنگی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دموکراسی و ماقی مرۆڤــــــ و ئازادی ئیراده و دەسەلاتداری نەتەوەیی و پیشەسازی وفەن و تەکنیک ناسی و هۆنەری مۆدیرن دەوەستن... ئێستە ئەگەر لەم بایەخە گەلە رۆژئاوا خراپ کەلّکی وەرگرتوە یان دەکریٚ باسیٚکی ترە شیٚوە نا مرۆڤانەی ئەوان ناب* ببیٚتە هۆی دوورکەوتنەوەی ئیٚمە لەو بایەخەفەرهەنگیانە بەو هۆیانە سەرەوە بەداخەوە چارەسازی بۆ رەوتی فەرهەنگی لەم سەد سالّەدا کەوتۆتە داوی توندرەوی و تۆری سیاسەتەوە/هەلّویستەی سیاستەوە/ و ئیٚمەش نەتەنیا رەوتی فەرهەنگیمان نەبووە .. بەلّکو بەدزیەوە لە ژیر دەسەلاتی فەرهەنگی جیهانیداین وەک قەلەکە نەر* رۆیشتنی خۆمان لە بیرماوە و نە ئەزانین وەک رۆژئاواییەکان برۆین بەریٚ دا کا برۆین.تا کات* کە بە قوولایی بەو ئەندیشەی رەخنەگرانەوە نەتوانین پانتای ئەو هەلّسەنگاندنانە بپیٚوین و نەزانین«خۆمان جیمان هەیە» و «لە فەرهەنگی بیٚگانە جیمان دەو*» هیچ ریٚگەی یەکمان بۆ گەشەی فەرهەنگی چارەنووسی نەتەوەیی بۆ ناکریٚتەوە. لە پرۆسەی تیٚپەرین لە دەورای سوننەتی بۆ مودیٚرنەهەرگەلیٚک ئەو هەلّبژاردن و تۆیژینەوە رەخنەکاریەی پیٚشدایە... پیٚکهاتەی ئەو هەولّ و جم جوولە بە توانا و بایخدارە فەرهەنگیانە نەتەنیا گەشەی فەرهەنگیمان پیٚویست و بەلّکو حەیاتیە،

*I. خۆمان جیمان هەیە*

*فەرهەنگی نا ئاگای جەماوەری ئەستووی، باوکی ئازاد بە جەرگ وفیداکارو پالّەوانەوە .. رۆنراوە و ئەوەی لە متیٚولۆژیا ئیٚمە وەک نەتەقەیەکی رۆژی هەلاتی دەردەکەو* ئە باو:هـ بەردەوام/تەتەم/ە شوانی پالّەوانی کۆیخایی پاشایی و... کردوە لە میٚروومان دادەستی لە کور کچەکانی خۆشی نەپاراستووە و ئیستا کە باوەکوو توانای تەنانەت شوانیەکەشی نەماوە بەلام وەک دەسەلاتیٚکی گۆتاری لیٚمانی*



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

*ویستووه چاومان له یاساكانی ب* و پاله‌بازنه‌ی ئه‌ر*... یان«ناف كانیه‌وه نه‌ترازێنین.*

سه‌یر ئه‌وه‌یه ئه‌م فه‌رهه‌نگه دا سه‌پاوه سوننه‌تیكه نه‌ك هه‌ر گوتاری زالی تۆیژی ده‌سه‌ڵاتدار بووه به‌ڵكو به‌درێژایی مێژوو فه‌رهه‌نگی زالی گوتاری شورشگێریه‌كانیشمان بووه....

/براواننه بزوتنه‌وه سیاسی ـــ دێنی ـــ جه‌ماوه‌ری... له ماده‌كانه‌وه. تا مه‌شروته/ له فه‌رهه‌نگی ئێران دا/ و بزووتنه‌وه‌كانی كورده‌واری له خانی له‌ب زێرێنه‌وه تا شیخ سه‌عید و شیخ مه‌حموود ، قازی و.... تا دوایی...

/هه‌روه‌ها له باری ئستووره‌و ئه‌ده‌بیاتیشه‌وه بروانه رۆحی ئه‌ءبیاتی كلاسیكی كوردی و فارسی. كه هه‌ر هه‌مووی ئه‌و راستیه‌ی سه‌ره‌وه ئه‌سه‌لمێنی ـــــ به‌یتی/

به‌ب* ره‌خنه‌گرتین توند و تیژ له باوك و باوك سالاری و منال كوژی ناتواننی هه‌نگاو بنێینه ناو فه‌رهه‌نگی مۆدێرنه‌وه و ئه‌و رۆشنبیرانه‌ی كه پیان وایه به‌لاسایی كردنه‌وه‌ی هێندی خوو ره‌وشتی مۆدێرن ئه‌توانن مودێرنیزاسیونی فه‌رهه‌نگی به ره‌وپیش به‌رن له هه‌ڵدان؟ ئامار گه‌شه‌ی ئه‌ده‌بی فه‌رهه‌نگی/راسته ئێمه زۆربه‌ی كه‌ره‌سه‌كانی فه‌رهه‌نگی مودێرنمان وه‌رگرتووه و خویندن و په‌ره‌وه‌رده (به‌تایبه‌ت كچان)/ هه‌ڵبه‌ت هیچ شتێكمان به‌وان نه‌داوه/ ئێستا كه‌ڵك له رادیو تلویزیون و ئینترنیت و زانكۆ و زانستی پزشكی و ته‌نانه‌ت ئیدیولوژیه سیاسیه‌كانی ژۆژئاوا چاپ و ئه‌ده‌بیات و فه‌سه‌فه و هونه‌ر و لقه‌كانی و..تار.. وه‌رگرتووه ... به‌لام هه‌مووی ئه‌مانه دا سه‌پاو بووه و به‌شێوه‌ی ره‌خنه له سوننه‌ت و جـ* خۆشكردن بۆ دیارده‌ی نۆی نه‌هاتوونه‌ته ئاراوه. واته ئێم‌ه هێشتا وه‌زعی سوونه‌ت و مودیرنه‌مان بۆ خۆمان روون نه‌كردۆته‌وه كه‌وایه چۆن ئه‌توانی باسی ره‌وتی فه‌رهه‌نگی بكه‌ین.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

مۆدێرنیته له ڕۆژئاوا بهرههمی ڕەخنەی خەڵاتی ڕۆشنبیرانی سەردەمی خۆیان بوو بۆ دامەرزاندنی فەرهەنگی مرۆڤخوازانه و عەدالەت و ئاسایشی کۆمەڵ و هەموومان دەزانین فەلسەفه و زانست و فەرهەنی گوتار گەلیکی جهینین به پ٭ چاو گرتنی ڕەوتی مێژووی ئەو گوتارانه بەلاسایی کردنەوه ناتوانین قەیرانی ڕاوەستانی فەرهەنگی چاره سەربکەین کەوایه بامەودا بدەینه ڕەخنەگران و ڕۆشنبیرانی دڵسوز و نیشتمان پەروەدەی وڵاتەکەمان لایەنەکانی فەرهەنگی سوننەتی بپشکنن و بیدەنه بەر ڕەخنەی زانستی ئەم تۆژیانه.

II. ئەو کیشانەی مۆدێرنیته و زانستی مودیرن له ڕۆژئاوا نەی کرد بیناسێنی بۆ وەی تووشی قەیرانی ڕۆژ له دوای ڕۆژ گەورەتری ڕۆژئاوا ئەبین بۆ ئەمکارەش دەب٭ ئاگاداری ڕاو بۆ چوونەکانی کەله ڕووناکبیرانی پوست مۆدێن /که مودێرنی‌یان داوەته بەرپلای ڕەخنەیی ببنیەوه و گوتاری چەند فەرهەنگی بکەینه گوتارێکی زاڵ.

III. دەنگی ڕووناکبیرانمان بەگویی جەماوەر وتەنانەت جیهانیش بگەیەنین و بەم کاره فەرهەنگی خۆمان له قەیران و مردن ڕزگارکەین. دیالۆگی فەرهەنگی ساز کەین بۆ وەی«فەرهەنگەکان له گوشه گیری و دووریپەرێزی دا دەمرن، بەڵام پیوەندی لەگەڵ یەکدا دەو کەمەن و پربەرتردەبن» کارلوس فوئنتس- هەموومان کۆچەرین...

«تیگەیشتنی هیرمنوتیکی گەشەی فەرهەنگی ئەوەیه که تیگەین گەشه یان ڕەوتی فەرهەنگی له ئیستا دا چ مانا یەکی هەیه – تیگەیشتنی هیرمنوتیک بەرهەمی وت ویژی ڕەسەنی ئیستا و ڕابردووه ئەوەش کاتێ ڕوودەدا که لەنیوان ئێستا و ڕابردوودا پیکهاتەیک له سنوورەکانمان له بەردەست داب٭... مەرجی ئەو پیکهاتەیەش خوی سوننەته» گادمیر



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# نالی و خوێندنەوە نوێكانی سەردەم

١ـ فینۆمینۆلۆژیای شیعری

• ئەم وتارە بە پێچەوانەی وتار نووسی باو، بە شێوەی گوزین گوویە واتە هەڵبژاردەكان پێشكەش دەكر⁎. ئەوەش تەنیا لە بەر نوێخوازی نیە، بەڵكو نەمویستووە بەر بە تەقینەوەی وێنە شیعریەكان بگرم و بیانخەمە چوار چێوەی یەكیەتی بابەتی وتارەوە.

• بە ڕای من ئەگەر كوردەواری ئەوەندەی شاعیری باشی بوەو/هەیەتی/ئەوەندەش ڕەخنەگر و خوێنەر و ڕاڤەكاری باشی هەبوایە، ئێستا كە دەبوا زانستی ئەدەبی سەردەم و زۆربەی ڕێبازە ڕەخنەیی و ڕاڤەكاریەكانی/وەک ڕەخنە زمانناسانە، نیشانە شناسی/زبانیی/ بوونخوازی، فۆرمالیسم، بنەماخوازی. زانیاری دەر/اگلاعات/هیرمنوتیک/ڕاڤەكاری/، ڕەخنەی كۆمەڵناسی ئەدەبی، فمنستی/ ژنخوازی/ و هەڵوەشانەوەو لەم دواییانەشدا ڕەخنەی پەسا مودێرن و... /تەرزداری دەقە شیعریەكانی نالی بوونایە، بە تایبەت دیاردەناسی شیعر و شاعیر، یاریە زمانیەكانی و ڤیتگنشتاین لانی كەم دەبوا بە ناوی نالیەوە بوایە.

• باوەكوو غەزاڵە سركەكانی نالی بۆ هیچ مانایەكی سەرهكی خۆ بە دەستەوە نادەن، بەڵام ئەگەر لە سەر لایەنێ⁎ لە ماناكان بڕیارێک دراب⁎ بە پێی پێش ئیدارک⁎ بوە لە شیعرەكانیتری خۆی و زۆربەی ئەو شیعرانەش لەگەڵ وتارەكە پەیوەستە.

ئانارشیسمی شاعیرانە بریتیە لە هەوڵدان بۆ دەربازبوون لەو زمانە دەسەڵاتدارە باوەی لە سەردەمی شاعیر و پێشتریشدا سەپاوە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەوڵی مانەوە ئەدا وەک هێزێکی سەرەکی مێژوویی، ئەدەبی هونەری شاعیر نایهەو* لارەملی ئەو سیستەمە زمانییە بە* کە شاعیرانی پێش خۆی ڕەچاویان کردووە و وەک ڕەخنەگریش «ڕاپەڕینێکی بوێرانە ئەکا بە رامبەر ئەو زەواڵەی کە ڕەنگە لە قۆناخێکی تایبەتدا دەست بنێتە ئەوکی هونەر» ئەوەش بە فۆرمی نوێی زمانی نەبە* نارەخسە* واتە بە بە* گۆڕینی فۆرمی زمانی هیچ شاعیر* ناتوانە* ئەو جیابوونەوەو دەربازبوونە بسەلمێنە*، ئاوڕدانەوەیەک لە دەقە شیعریە دەوڵەمەندەکان و چۆنیەتی مانەوەیان تائێسا،ص لە ڕۆژهەلات و ص ڕۆژئاوا، چشتە* نییە جگە مێژووی بەردەوامی ئەو دەربازبوون و جیابوونە زمانی و فۆرمیانە ( نموونە ناهێنمەوە ئەگینا دەبە* باسی سەدان شاعیر بکەم).

ئانارشیزمی وەرگرتن یا خوێنەرانە بریتییە لە هەوڵدان بۆ دەربازبوون لە بازنەی ئەو دەسەلات ڕاڤەکارییەی کە بەناوی دەقی ڕەخنەیی و بۆ چوونی مێژوویی، سەپاوە بە سەر دەقەکاندا و خوێنەر بە* ئەوەی بیهو* ئەکەوێتە داویەوە. ئەرکی ڕەخنەی نو* فۆکۆ گوتەنی دۆزنەوەو ئافراندنی ئەو ڕاڤەکاریەیە کە مێژوو (وەک دەسەلات و مەعریفە ) مەیدانی دەرکەوتن و گەشەی ئەداوەتە* و نەیهێشتووەوە سەقام گیربە*:

«لابدە نالی لە ئەنباری جیرایەی ێالحان
گەرچی بیتە خۆشە چینی دانەیی خەرمانی ڕۆم»
دیاردەناسی شیعری هەولێکە بۆ :

دەربازبوون

لە بازنەکانی دەسەلات – مەعریفەی مێژوو بۆ دەرخستنی جوانکاری و ستاتیکا و ئەزموونی ڕاڤەکاری نو* ـ هەر بۆیە دیاردەناسان گرنگی ئەوتۆ دەدەنە خوێنەر و تیۆری وەرگرتن ـ خوێنەری باش لای ئەوان ئەو خوێنەریە کە لە کاتی خوێندنەوە یان



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دیتنا، واز له فهلسهفهو زانستی مێژوویی خۆی بێ⁕ و لهو تهقینهوه کاتیهی بکۆلێتهوه که وێنهیهکی شیعری (بۆ وێنه) له ڕووبهری ڕهونیدا سازی دهکا..دیاردهناسان ههروهها ههوڵ دهدهن خۆیان له بۆچوونی زیهنی «سوبژێکتیو» دووره پهرێز بگرن و له ڕێگه گهلی عهینی (ئوبژیکتیو) دهقهکه بهرهو خۆیان بگوێزنهوه. ئهمه وهک دواجار باسی دهکهین ڕێچارهیهک بوو که نالی سهبارهت به بابهتگهلی جیاواز ڕهچاوی کردووه.

«دیدهم ههموو شۆراوه به شور ئاوی سورشکم
لهو لهوحه نیگارینه نهعـــــــــــهین و نهئهسهرما»

کریشنا مۆرتی لای وایه له ههر ڕوانینێکدا س⁕ عامل (هۆکار)ی سهرهکی ههیه:

یهکهم: خودی دین (دیتن) observation

دووهم: ئهو کهسهی ئهڕوان⁕ واته observer

سێیهم: ئهوهی لێیدهڕوانی واته observed

مۆرتی ئهڵ⁕: ناب⁕ هیچ ماوه (فاێله) یهک بکهوێته نێوان ئهو کهسهی ئهڕوان⁕ و ئهو شتهی لێیدهڕوان⁕، بۆ وهی (فاێله) ماوه بهرههمی زهمینه و پێشداوهری ئێمهیه و ڕوانینێکه له چاوی میرات و ڕابردووهوه بۆ دیاردهکان»...

مۆرتی دهڵ⁕:«ئهگهر بهو چاوهوه ئاوڕ له دیاردهکان بدهینهوه شتهکانی بهو جۆرهی پێویسته نابینین» ▶.. به واتایهکیتر چاومان دهب⁕ بشۆرین و به جۆرێکی تر ببینین» ئهوهی که سوهرابی سپهری (له شاگردهکانی مۆرتی به دهیان جۆر شێواندوویهتی» من نمیدانم چرا گویند، اسب حیوان نجیبی است، کبوتر زیباست، و چرا در قفس هیچ کسی کرکس نیست، گل شبدر چه کم از لاله قرمز دارد..»

ههروهها به ڕێز بهختیار عهلیش ئهم بۆ چوونهی له شیعری جهلالددا ڕهچاو کردووه...



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نالی حەریفی کەس نیە،
ئلیف و ئەلیفی کەس نیە،
بەیتی رەدیفی کەس نیە
هەرز نووسە گەپ دەکا!

بە چاوی کەسانی تر دیتن، گوم بوونە لە ناو تارمایی مێژوودا و بە کۆلّدادانی ئێسکی رزاوی مردووەکانمانە کە پڕن لە دووشت، بوغز و رق یا خۆشەویستی و ئەوەش سهپاون بە سەر دەقەکاندا ـ کەوایە بە چاوی ئەوان دیتن دەبێتە هۆی خراپ دیتن یا باش دیتن کە هەر دوو لابەلای دیاردە ناسەکانەوە هەلّەیە و نابنە شوێن دانانی راستەو خۆی وینەکان لە سەر رەوانی خوێنەر یا شاعیر خۆی ▶.

«بێتە حوجرەم پارچە پارچەی موسوەدەم بکڕ* بە رۆح
هەر کەسا کۆتالّ و پارچەی ب* بە دیل سەودا دەکا
شیعری خەلّکی کەی دەگاتە شیعری من بۆ ناسکی
کەی لـه دیقەتدا پەتک دەعوا لـەگەلّ هەودا دەکا»

باشلار لە دیاردە ناسی شیعردا دەلّ* :« لێرەدا مرۆڤــ دەب* لە وەرگرتن لیّهاتووب*، واتە گرنگی بداتە وێنە لە کاتی سەرهەلّداندا، ئەگەر بمانەو* فەلسەفەیەک بو شیعر بناسین، ئەو فەلسەفەیە دەب* لە پێوەندی لەگەلّ بەندێکی شیعریدا بەرجەستە ببێتەوە و لە پێوەندی تەواو لەگەلّ وێنەیەکی سەربەخۆدا... وێنە یا (ایماژی) شیعری تەقینەوەیەکی کتووپڕە کە لە رووپەڕی رەوانی مرۆڤدا دەدەکەو*، جگە ئەوەش هیچ وتەزا (مقولە)یەکی گشتی رێکخراو ناتوان* ببێتە بنەمای فەلسەفەی شیعری. بەتایبەت ئەندێشەی ئەێلّ و هەوێنی سەرەکی وێرانگەرە، بۆ ئەوەی دژایەتی هەیە لەگەلّ فعلییەتی رەوانی و نوێخوازی، کە بۆ شیعر حەیاتییە، بەلاّم فەلسەفەی شیعر دەب* ئەوە قەبوولّ بکا کە کار /کنش/ی شیعر پێشینە هەلّ ناگر*، یان لانی کەم پێشینێیەکی نوێیە کە دەتواننی رەوتی بیچم وەرگرتن و سەرهەلّدانی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

تیا رچاو بکەین بە رای من پێوەری راستەقینەی توێژینەوەو هەڵسەنگاندنی بوونی /وجوود/ وێنەی شیعری پێچەوانەی هۆکار /علیت/ە واتە لە روی تەقینەوەو دەنگ دانەوەوەیە ▶»

ئاوی کەوسر نوشی سوفی بێ* کە من
ئاوی ئینسان یەعنی ئاوی لێو دەخۆم

نالی شاعیرێکی لێهاتووە کە هەر دوو لایەنی ئافراندن و خوێندنەوە /واتە رەخنەی /دژ بە دەسەلآت زمانیە باوەکان نواندوە

الف ـ لە رێگەی زمانی تایبەتی خۆیەوە /سورانی،وشەگەلی فارسی، عەرەبی، تورکی.../ نامۆ کردنەوەو بەرجەستە سازی گەیاندۆتە ئەپەڕی خۆی، ئەوەی کە دواجار فۆرمالیستەکان ئاوەڕیان لێ دایەوە

ب ـ لە رێگەی کێشی عەرووزەوە کە تا ئەو ستا بۆ زمانی کوردی تاقی نەبووەوە دژی کێشی بڕگەیی هەتا ئەو کاتە ببوە بنێشتە خۆشە، هەڵساو پێشانی دا زمانی کوردی نەک تەنیا ئەو توانایەی هەیە بەڵکوو خۆی گوتەنی دەتوانێ* ملکی ئەوانیش داگیر بکا:

فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە
نالی ئەمـــــــڕۆ ساحــــبی ســــــێ ملکــــە دیوانی هەیە

ج ـ مەعریفەی دەسەلآتداری سەردەم نەیتوانیوە نالی لە خشتەی خۆیدا ببەستێتەوە وەک دووار پیشانی ئەدرێ* ئەنگوستی ئیشارەتی نالی بە ئاگاو نا ئاگا بەردەوام رووەون زەویە نەک ئاسمان.

بە گشتی نالی گوێی نەداوەتە رابردوو لە ئێستادا شیعر دەڵێ*(گوتووە) وەک ئەوەی بۆ یەکەمجار دیاردەکان دەبنێ*... ئەو هەروەها گو* ناداتە ئەو راڤەکارییەی تا ئەوساتە لەسەر شیعر هەبوە واتە ئەو کە بازی دیدەبازە نەک شەوارەی دستەمۆ ( لێم حەرامە دانەو و ئاوی حەماماتی حەرەم ـ من کە بازی دیدە بازم نەک شەوارەی دەستەمۆ) ئەو دیوانەکەی بە جینوە دەری حوسن و جلەو کێ



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

تەماشاوە دەست پێدەکا: تەقینەوەی ئەم وێنەیە تەقینەوەیەکی ئاسایی نییە... بۆ ئەوەی جیلوە دەری حوسن و جلەوکێشی تەماشا بوَن و بەرامی ئەرزی لێدا نەک ئاسامان:

بڕواننە نخوازهی جلەوکێش کە ناتوان* ئاسمانی ب*(بۆ ئەوەی باری سۆز و عاتیفی جلەو کێش لە خوارەوەیە). سەر رشتەیی دین دێتەوە سەر دیتن بۆ ئەوەی هەر س* وێنەی سەرەکی ئەم دێڕە دێتەوە سەر کاری دیتن، کە وایە دین لێرەدا ناتوان* مانای دیتن نەب* ▶

هەروەها بڕواننە جیلوە/حوسن/ تەماشا رشتەی دیتن/دین/ کە هەموویان بەر هەستن و ناچنە خانەی دەرهەست (یا انتزاعەوە).

بەیتی دووهەم: باخی گوڵ /خوازە بۆ ڕوو/ میهر /خۆشەویستی، مل و لەعل/ خوازە بۆ لێو. دیسان دەگەڕێتەوە بۆ هەستی مرۆڤانەو پێوەندی بە تەماشاو دیتنەوە هەیە ـ نالی لە بەر ئەوەی خوێنەر نەچ* بە لایەکی کەدا بە ئەنقەست لە مەسرەعی دووهەمی ئەو بەیتەدا وەک لەف و نەشر بەرامبەر گوڵ /شەوقی ڕوخ و بەرامبەر مێهر /واتە/ بزەییاری داناوە کە زائقە بەخشن، زائقەش بۆ چێژ وەرگرتنی بەرهەست د* ئە دەر هەست وەک مەزەو..../ زائقەش لە زمانی عەرەبیدا وەک دیوانەکەیشا( ژێر نووس) نوسراوە مئەنەسی ( مێی زایقەو ئەندامی زائقەش دیارە زمانە و زمان بۆ هەست و دەرکی ئاسمانیش(واتە میتا فیزیکی) ناتئان* ئەمێی ب*....

با دیسان بڕوانینە خشتەی بەرامبەرەکان

فهیپاچی ـ شەوق

ریاچی طول – روخ

میهر ـ زەوقی لەب

مل و لەعل ـ زائقە بەخش

دیارە خیتاب مێیە!

وێنەکان دیسان دەتەقنەوە ڕهوانی مەش داگیردەکەن، بڕواننە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

جیلوه دەری حوسن / وێنەی یەکەمی بەیتی یەکەم فهییاچی و ریاچی گولْ یا/ شەوقی روخ ومل و لەعلی، ئاوڕدانەوە و وەڵامدانەوەی ئەویش بەمیهری جەلال/ واته پێکەنین به دەم نالیەوە/ نه تەنیا نالی بەڵکو سوڵتان و شەهنشاش گێژ دەکەن دەیانخەنه هات و چۆی سەرزەدەوە..../ زەرراتی عکووسی کەششی مێهری حەلالن بەمانایەکیتر ئەتوانـ* هەر ئەم باسه بسەلمێنـ* که به داخەوە لێرەدا بۆ ئەوە نابا باس بکر*/

سوڵتان و شەهەنشاش له هیچ قامووسێدا موریدی جەلال به مانا ئاسمانیەکەی نەبوونه و بەڵکوو دایم بهـ دوای زاییقەوە بوونه... ئەمانه هەمووی نیشانەن که خوێنەری زیرەک دوای کەو* و وێنه شیعریەکان بداته دەم یەک – هەڵبەت نەبەرەو ئاسمان بەڵکو بەرەو زەوی بۆ لای کەششی مێروگەوره بوونەوەی (پەرەسەندنی) بۆ ئاواتی ماچ له دێری چوارەمدا:

جان بەر له بی بۆ سەی له بته عاشقی زارت فالبائس یەستەوهب من فیک معاشا (داوای معاشت لێدەکا) ئێسته زرزاتی عکووس (وێنەی یەکەمی بەیتی سێهەم) جان بەرلەب (وێنەی یهکەمی بەیتی چوارەم)

فالبائس (وێنه یەکەمی خشتەی دووهەمی بەیتی چوار بەراورد بکەن بۆ وەی سەری هەوداکەی نالیتان لیْ ون نەبـ*. هەروەها دووپات بوونەوەی لەت (۳جار) زاروفی (هەر به مانای لەب) له یه: بەیتدا له باری نا ئاگای هۆش هەستیەوه ئەسەپـ* به سەر بائسدا و به زۆریش بوه ئەیکا بهـ باس واته ماچکەر/ هەر چەند به مانای ناهومێدیش بـ* هەر هیچ مەسەله ناگۆڕ*/ نالی لەم شیعرەدا دەسکاری زمانی دەسەڵات ئەکاو به ئیزافەکردنی گول به لا حەول سەر له نو* راپێچمان ئەکاتەوه بۆ ئەرز. دوا جار وەک ئەوەی ئاگاداری دەسەڵاتی راڤەکاری سەردەم بـ* و ئەزانـ* که خویچنەر رەنگه بخرێته سەر ڕیگەی جاران، حوجەتی خۆی تەواو ئەکا.نییەتی نالی سیحری بەیان و حیکمەتی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

شیعره و بەس، بەڵام قووەتی دڵی نییەو ئەترسێ و قودرەتی ئینشاکەی هەر ئەوەندە ئەتوانێ بڵێ«نالی نییەتی سیحری بەیان، حیکمەتی شیعره / و لەوە زیاتر ـ داری ـ لە دوایە/ ئەمما نییەتی قووەتی دڵ قوودرەتی ئینشا. دیاردە ناسی، ئانارشیزمی وەرگرتن یا ڕاڤەکاری نوێ:

پێم دەڵێن مەحبووبە خێڵ و قیچە مەیلی شەڕدەکا
خێڵ و قیچە یا تەرازووی نازی نەختێ سەردەکا!

نالی بە دوو شێوە ئاوڕی لەو بابەتە داوەتەوە: یەکەم وەک بەم دێڕەدا دەرئەکەوێ ڕوانگەیەکی دیاردەناسانەیە واتە خۆی خستۆتە جێگەی بینەر /خوێنەر موخاتیبەوە/ و بە چاوێکی شۆڕاو لە هەموو ئەزموونەکانی ستاتیکا ئاوڕی لەدیاردەکان/ لێرەدا چاوی خێڵی مەحبووبە /دراوەتەوە، نەک وەک ڕاڤەکاران و شاعیرانی پێشوو کە لایان وابوو تەنیا کۆتر جوانە و بەس/ وەک لە پێشەکی ئەم وتارەدا باسکرا، نالی لە چاوی خۆیەوە چاوی مەحبووبە ئەنوێنێ و ڕێگەیەکی تر دەخاتە بەردەم جوانناسی سوونەتییەوە.

مەیلی ڕاست هاویتنی موژگانی دڵ پەیکر دەکا ـخێڵ و قیچە یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو نالی بەم جۆرە ئەیسەلمێنێ گولی شەبدەر /وێنە/ نە تەنیا هیچی لە گوڵاڵە سوورەو وەنەوشەو نیلووڤەر لە باری جوانییەوە کەمتر نییە بەڵکوو سەرتریشە ک/ سەرنج بدەنە ئەوەی کە سوهراب سپهەری دووسەدە دوای نالی شتی وای گوت و بوو بە کەڵە شاعیر/ چاوی هەمرەنگی گوڵی مەستی شەو ڕۆژن مەدام یەک لەنەشکوفتەی وەنەوشەو یەک لە نیلوڤەر دەکا دوای تەقینەوەی وێنەی سەرەکی و سەلماندنی ئەوە کەک چاوی مەحبووبە بە خێڵیش هەر جوانە ئانارشیزمی وەرگرتن دەبێتە ئانارشیزمی هێرشکەر: دژ بەو دەسەڵاتە ڕاڤەکارییەی کە تا ئێستا وەک تووتی هەر شتی دووپات



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کردۆتەوە و هەوڵی ئەوەی داوە کە دیاردەکان لە خۆیانا بتوێننەوە. پێشتر خۆی فەرموویەتی:

توتیی تۆ لە حرێی دڵ داوی تەمەع دەکاتە مل
بولبولی من لە ئەشقی گوڵ موستەغنیەو تەرەب دەکا

نالی لێرەدانەک هەر سەفی خۆی لەگەڵ تووتی بێزەکان جیا ئەکاتەوە بەڵکو وەک کەج نەزەر هێرش دەباتە سەریان کە چوو زانن خوار و ژوور کامەیە،

«عەکسی چاوی تۆ لە چاویدا بە خواری تێدەگەی
کەج نەزەر کەی فەرقی خوار و ژوور و خێر و شەڕ دەکا»

شۆڕشگێڕی نالی لێرەدایە کەدەردەکەو* بریا مامۆستا هێمن لە جوابی ئەو کەج نەزەرانەدا کە گوایە نالییان بە «زمانباز» ناو بردووە ▶ /باسی زمانبازی نالی وەک ئازایانەترین زیبازی ئەدەبی لە بەشی دووهەی ئەم وتارەوەد* و ئەوەش با بمێنێ* بۆ جیگەی خۆی/ ئەمانەی بگوتایە /بە بەڵگە بهار دبایە/ کە شاعیران و شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەی جیهانن، ئەوەی ڕووبەڕووی دەیان دەسەڵاتی قەبە دەبێتەوە و دەڵێ* نا، ئیجگار لەو سیاسەتبازە دەمامک لە چاوانە شۆڕشگێڕترن کە تەنیا دروشم ئەدەن و هەر تاو* کاسەلێسی پاشایەکەن... کەچی نالی تاقەموویەکی تووڕەیی یار ناگۆڕێتەوە بە هەزار تووڕەیی پاشایەتی و تەوقی وەزارەت:

شایستەی شان لایەقی مل تووڕەیی تۆیە
تنەک تووڕەیی شاهەنشەهیی و تەوقی وەزارەت
ک* دەستی دەگاتە بەی و ناری نەگەیشتووت
لەو تەختە کەوا ساحیبی مۆرن بە سەدارەت

و بە دەیان نموونەی تری وا نالی وەڵامی ئەواەی داوەتەوە:

هەر کەس* نوقسانی خۆی باوێتە سەر ڕووی ئاوێنە
شاهیدی هەر چەندە رای المین) ک* باوەڕدەکا



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەۆهی رووی ئاحەزان لە ئاوێنەی چاوی قیچی یاردائاو بە جوانی پێشان ئەدا چۆن ئەتوانێ شۆڕشگێڕ نەبێ؟ شۆڕشگێڕی لە شکاندنی بازنەی دەسەلاتی زماندایەو چاوی نالیش وەک چاوی مەحبووبە بە راستی شاهینەو داییم سەر دەکاو لە هیچ ناگوزەرێ:

نالی ئەو وەحش غەزالە کەس ئەبەرداوی نەکەوت
چونکە شاهێنی دوو چاوی تیژە داییم سەر دەکا
نالی نیچە ئاسایان بە پێچەوانەوە

شمشێر لە ئاسمان ئەسوێ و عرفانییەت و تەقەدوسی ئەشقی خانی دێنێتە خوارەوە... بە داخەوە ئەوەی شیعری مەستوورەی تائێستا خوێندۆتەوە ئاوڕی لە گرنگترین مەسەلە نەداوەتەوە و نەیپیکاوە:

ئەشقی زەوینی و بێ ریایی نالی لە ئەشقی واعیزان و سۆفیان و زاهیدانی دەمامک لە چوو درۆزن موقەددەسترو شاعیرانەترە لەوانەی خوی گوتەنی،

ریشەکەی پان و درێژە و بۆ ریا خزمەت دەکا
زاهیرە هەر چەن بە توول و عەرزی ریشی دا ریا

ئەو بە مەیی کونە لە سەر عادەتی نەو یەکجارەکی دووسەد ماتەمی تەوبە دەشکێنێ،

ئەی واعیزی بارید چییە هەر وەک هەرەسی کێتو
بەو وەعزە کە بایە هەموو هاتوویی بە سەرما بۆ
بۆ هەرکەسە مەبزوولە تەریقێکی ئەمانەت
هەر ئاشقی بێچارە لەرێی خەوف و خەتەرما.

٥ـ بۆ دەمامک لە چاوان مەترسییەک نییە لە ئارادا بۆ ئەوەی دەمامک زۆرە و لە کاتی پێویستا هەر کامیانی پێخۆش بێ دەیکاتە چاو... /دەیکەنە چاویان/



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

تەنیا عاشقی شۆڕشگێڕ و شاعیری بێچارەیە كە بەردەوام لەمەترسی و خەتەری چارەنووسی هەلّلاجیدایە. پول ریكۆر سەبارەت بە رەخنەی دیاردەناسانە دەلّێ«دیالێكتێكی نێوان پێش ئیدراك و پێش داوەریە»، پێش ئیدراكی من بۆ ئەم قسە هەر شیعرەكەی نالی خۆیەتی:

سور شكم نەقشی چاوی تۆ دەكێشێ

جێگام سەردارەكەی مەنسوورە ئەمشەو

نالی بۆ بە زمانی سۆرانی شیعر دەلّێ؟ نلی بۆ كێشی خۆمالّی بە كارنابا؟ نالی بۆ ئەوەندە وشە ئارایی دەكا و لە هیچ وشەیەك ناپرینگێتەوە؟ و...

بۆ ئەوەی نالی ئەیەوێ شاعیر بێ و فەنی شیعر لە هەر كوێ بێ بە هی خۆی ئەزانێ... بۆ وەی نالینایەوێ توتی بێژ بێ بۆ وەینالی ئەیەوێ رچەشكێن بێ نە سیاییلەشكر...بۆ وەی نالی ئەزانێ لە پانتاری ئەدەبدا تەنیا یەكمان هەیەو كاری (خارق‌العاده) ئەگینا دوو سێ و تا ئاخر دۆڕاندوویانە، تەنیا شاسوارە لە عەرسی ئەدەبدا دەمێنێتەوە:

یا لەمەیدانی فەساحەتدا بە میسلی شەهسوار

بێ تەئەموول بەو هەموو نەوعە زمانی رادەكا

نالی یەك و ئەو كەس كە تەمامی غەزەلی بیست

مەعلوومی بوە زور و كەمی خاریقی عادات!

---

پەراوێز:

١ـ نطاهی بە سلّهری ـ انتشارات مروارید

٢ـ بڕوانە freedom from know یا رزگاری لە زانین ـ كریشنا مورتی. لە سەرچاوەی پێشوودا

٣ـ پدیدار شناسی شیعر ـ شلایر ماخر ـ ارغنون ١٤

«شەوقی كە نەبێ باسیرە مەئیووسە لە دیتن!



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەر شەوقی ئەوە قووەتی دینی بەنەزەردا» یا
«چاوێکی لە نالی کرد، دین و دڵ و جانی برد
گەر زوڵفە ئەگەر نازە گەر خەندەیە گەر چاوە»
«تۆ کە حۆریت وەرە ناو جەننەتی دیدەم چ دەکەی »
یا «نالی وەرە لادە خەدەنگی موژەیی یار
ئەو کافرە مەستانە کە غارەتگەری دینن»

٤ ـ بڕوانە پێشەکیەکەی ، مامۆستا هێمن لە دیوانەکەی چاپی (ئینتشارات ێلاح الدین الایوبی)دا

٥ ـ نالی هەموو ئەو کەسانەی کە بەناوی دینەوە ریادەکەن دەکوت*/سۆفی ـ شێخ ـ واعیزـ زاهید ـ تەنانەت مەلا «وەک سۆفی سافیمەبە ئالوودە بە دنیا ب* هوودە موکەددەر مەکە سەرچاوەیی مەشرەب/کە لێو ب*/

«شێخ بوو سەراپا دەلەک و رێوی دەپۆش*
نالیم و بەرووتی لە هەموو دیدە دەپۆشم
ئەمە جێی رەمز و ئیشاراتی دەروونە لە گەرووی
تەنگی پڕ غەرەغەرەیی واعیزی غەڕڕا نییە باس
یۆفی لە فەقر و فاقە وەکوو ناقە فاقی دا
تەسبێحی دامەو دانە یە ریشی دوو فاقی فاق
یۆفیان هاتنە مەیدان وەرەقی دیدە بشۆن
لە کن ئەو دێمیە وشکانە لە دەریا نییە، باس
ـ یاخۆ بووە بە یۆفی وشکی لە حەق بە دوور ـ



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# «رچه رچه‌ی لێ ده‌بێته‌وه»

«به بۆنه‌ی ساڵهاتی رچه و ره‌وتی نوێخوازی ئه‌ده‌ب و ره‌خنه‌ی کوردی له سروه‌دا»

لاپه‌ره‌کانی رچه«به‌شی ره‌خنه و ئه‌ده‌بی نوێخوازانی گۆڤاری سروه. به سه‌ربه‌رزییه‌وه و پای نایه سێهه‌مین ساڵی ده‌رچوونی خۆی. له ماوه‌ی ئه‌م دوو ساڵه‌دا رچه وه‌ک به‌شێکی نوێخواز هه‌وڵیدا به چاوێکی ده‌یان جار شوردراو، سه‌رله‌نوێ ئاوڕ له ده‌ق و زمان و ره‌خنه‌ی کوردی بداته‌وه و به‌خۆشحاڵییه‌وه توانیویه سه‌رنجی چالاکترین نووسه‌ران و ره‌خنه‌گرانی نوێخواز به‌ره‌ولای خۆی راکێشی و وتاری قه‌به‌یان لێ بلاوکاته‌وه و به‌رده‌وامه که سه‌ری ... به‌لام ره‌وتی خێرا و ئاڵ و گۆری خێراتر و له په‌ستای.. ژیانی شارستانی نوێ و مۆدێرنه فێری ئه‌و راستیه‌ی کردین که‌هه‌موو رچه‌یه‌ک ئه‌گه‌ر رچه‌ی‌تری لێنه‌بێته‌وه سه‌رله‌نوێ ده‌که‌وێته‌وه ناو سووڕی بازنه‌ی سه‌له‌فیه‌ته‌وه رووناکبیرانی ئه‌مڕۆژینه له سه‌ر چرکه‌ش حیساب ده‌که‌نه‌وه چ بگا به ساڵ و مانگ! که‌وایه نووسه‌ران و ره‌خنه‌گرانی نوێخواز و هه‌موو ئه‌وانه‌ی ده‌ستی رچه‌یان به گه‌رمی گوشی و رۆحی تازه‌یان دایه ژیانی دووساڵانه‌ی، هه‌وڵ ئه‌ده‌ن له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی جه‌خت بکه‌نه سه‌ر رێبازی سه‌رکی رچه، که هه‌مان پشتیوانی له نوێخوازی و بزاڤی ره‌خنه‌ی نوێی و به‌ره‌ه‌ڵست بوونیان له‌گه‌ڵ سه‌له‌فیه‌ت و وانمووده، هه‌وڵئه‌ده‌ن گه‌شه بده‌نه فره ده‌نگی و چه‌ند راڤه‌یی ده‌ق و خوێندنه‌وه‌ی هه‌مه لایه‌نه‌ی دیارده‌کانی نوێخوازی.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

له‌م قۆناخه‌دا رچه ئاماده‌یه مه‌یدان بداته هه‌موو قه‌ڵه‌م به‌ده‌ستانی نوێخواز بۆ وه‌ی گوتاری نوێخوازی زێده‌تر بپشكنن و شرۆڤه‌ی بكه‌ن. دیسان سوورن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كۆشكی سه‌ربه‌خۆی هونه‌ر و ئه‌ده‌ب به هه‌ر چه‌شنه ئاجوورێكی پته‌و /چ بیانی و چ خۆماڵی/ به‌رز و به‌رزتر بكه‌نه‌وه و هه‌موو شێوازه ره‌خنه‌یی‌یه‌كان بهێننه پانتای كاركردی نڤیساره‌وه. رچه له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا كه هه‌موو چه‌شنه روانینێك بۆ سه‌ر ئه‌ده‌ب به ره‌وا ده‌زانێ، به‌ڵام لای وای هیچ كام له‌و شێواز و قوتابخانانه ناتوانن سه‌ره‌كی‌تربن و ببنه زمانی باوكانه‌ی ده‌سه‌ڵات. بۆ وه‌ی نیچه گوته‌نی ـ راستیه‌كان زۆرن!

هه‌روه ها له ساڵی داهاتوودا رچه هه‌وڵ ئه‌دا؛

١ـ جه‌خت بكاته سه‌ر ده‌ق و ره‌خنه‌ی چه‌ند ده‌نگی‌وه‌وه و چه‌ندین گۆشه نیگا له سه‌ر ده‌ق پێكه‌وه بڵاو بكاته‌وه

٢ـ ئاورێكی ره‌خنه‌گرانه بداته‌وه له پرۆژه‌ی شیعری پێوه‌ر ـ جیاواز و خوێنه‌ران و ره‌خنه‌گرانی ئه‌و پرۆژه‌یه زیده‌تر بناسێنێ.٣ـ ببێته تریبۆنێكی ئازاد بۆ به‌ره‌ی لاوانی نوێخواز بۆ ناساندنی چالاكییه‌كانیان له بواری ئه‌ده‌ب و ره‌خنه‌دا

به‌و ئاواته‌وه رچه وێڕای سپاس و پێزانین له هه‌موو ئه‌و نووسه‌رانه‌ی له‌م ماوه‌دا یارمه‌تییان‌دا و رچه‌یان گه‌یانده ئه‌م ئاسته، سه‌رله نوێ له هه‌موو قه‌ڵه‌مبه‌ده‌ستان ده‌گێڕینه‌وه له‌ۆ پانتایه‌دا بێن به‌پیر رچه‌وه و پانتای باسه‌كانی به‌رین‌تر بكه‌نه‌وه.

سه‌ركه‌وتوو بن ـ رچـــه



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# بۆ دەرچوونی ٢٠٠ ژمارە لە حەوتوونامەی سیروان

لە وڵاتێکدا کە ژمارەی گۆڤار و حەوتوونامەکانی /بە زمانی کوردی/ بە قامکەکانی دەست دەژمێردرێن، دووسەدژمارەی حەوتوونامەی سیروان حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگرە سیروان ڕەنگە بەرهەمی بەربەرکانێی دو هێزی سەقامگیربووی زمانی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ناخۆیی، سیستمەکانی دەسەڵات /سەلەفی ـ رفۆرمیست/ بێ بەڵام ئەوەش لەبەرچاوە کە سیروان باڵە رفۆرمخواز و نوێخوازەکەی بوو کە لە هەمان سەرەتاوە هەوڵی ئەوەی‌دا بە شێوەی نوێ ئاوڕ لە رۆژنامەگەری و دواجار لەو پانتایەدا ـ ئەندیشە و ئەدەب و هونەر ـ بداتەوە. رەنگە لاپەڕەکانی «ئەندیشە»ی سیروان یەکەم لاپەڕەکانی مێژووی رۆژنامەگەری کوردستانی ئێران بوو کە بە هەوڵی نوێخوازانی لاو پای نایە مەیدانێکەوە کە تازەگەرییەکەی ئاشکرا و بەرچاو بوو. ناساندنی ئەو رێبازە فکری و رەخنەیی و فەلسەفیانەی کە تەنانەت لە ئێرانیشدا بەو هەموو رۆشنبیر و نووسەر و ئەدیب و چاپەمەنیەیەوە کەمتر بەرچاو دەکەوت. ئاوڕدانە لە زمان و نیشانەناسی تا هێرمنۆتیک و بنەماخوازی و بنەماشکێنی تا پۆستمۆدێرنیتە و کێشەکانی لە گەڵ مۆدیرنە و ... لەو لاپەڕانەوە کەوتنە بەردەستی خوێنەران و دواجار لە گۆڤار و حەوتونامەکانی‌تردا تەشەنەی‌کرد. ئەمانە و ئاوڕدانەوەی زێهنی و کارکردی لە سەر ئەدەبی نوێ /لە داکارەوە تا بنەماشکێنانە /پۆستمۆدێرنی/ لە لاپەڕەکانی بەشی ئەدەبی و وتوێژەکانی سیروان لە گەڵ ئەدیبانی و نوێخوازانی بەرەی لاو، سیروانی هێنایە پلەی یەکەمی حەوتونامەکان. هەڵبەت ئەو پلەی یەکەمییە بۆ سیروان لەناو سێ و لەم داوییانەدا چوار حەوتونامە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ڕەنگە جێی شانازی نەبێ، بەڵام شانازی پشتیوانی کردن لە قەڵەمی نوێ و نوێخواز ڕەنگە تا هەتایە بەباڵای ئەو حەوتونامەوە بدرەوشێتەوە. هەرچەند وەک هەمیشە بە داخەوە لە بەر ئەوەی سیروان لە کەناڵێکی تایبەتەوە دێتە بڵاوکردنەوە، هەنێ جار ناچار بووە بچێتە مەیدانێکەوە کە ڕۆژنامە و حەوتوونامەی سەربەخۆ ڕەنگە نەچن، یەکدەست نەبوونی بەشی کوردی و فارسی لەم حەوتوونامەدا، بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتی زۆرتر دەوڵەتی و ئوستانداریانە و ... لە قورسایی و بارستای ئەو دووسەد ژمارەیە دێننەخوارەوە. بەڵام چار چییە؟ وەک گوترا ئەمەیە دەسەڵاتی تا ئێستاکەی ڕۆژنامەگەری کـــوردی لە کوردستانی ئێران و هەر ئەوەندەی لە دەست هاتووە. ڕۆشنبیران و ئەدیبانیش بەردەوام چاوەڕوانی ئەوەن هەموو گۆڤارەکان بەرەبەرە لەو جۆرە ڕۆژنامەگەرییە بێنە دەرەوە. تا ئەوکاتەش ئەم چەشنە کارە دەبێ بەردەوام بێ و لە لایەن هەموو قەڵەمبەدەستانیشەوە پێویستە، بۆ بردنەسەرەوەی ئاستی فکری و ئەدەبی و ڕەخنەییەکەی، پشتیوانی بکرێ. سیروان دەبێ بە هەموو توانایەوە لە پێناوی بنەبڕکردنی سەلەفیەتی هەمەرەنگە و تاکدەنگی و باوکسالارانە هەنگاوی قاییمتر هەڵێنێ و مەیدان بداتە چەن دەنگی بوونی فکر و ڕەخنە و ئەندیشە و ئەدەب. ئەوەی وەک خۆرە کەوتوەتە گیانی فەزای ڕۆشنبیریەوە باندبازی و دەمامکبازاڕ و عەشیرەتگەری زمانییە کە لام وایە سیروان و لاپەڕەکانی دەتوانێ و دەبێ دژیان بوەستن و مەیدان بدەنە ڕەخنەگران بۆ وەی ئەو خەسارانە باشتر بنوێنن و ئاشکراتری کەن. تاقە شتێک کە بۆ خۆشترکردنی ئاگری نقیسار و ڕونکردنەوەی هەرچی زێدەتری تاریکی پێویستە ئازادی دەربڕین ە و ئینجا لە و ئازادییەدا پێبەندبوونی ڕووناکبیرانە بە دێموکراسی و چەندەنگی بوون.. دەیسا بەرەو ئەو ئامانجە با سیروان لە دووسەد ژمارەی داهاتوویدا پرسیارەکانی بخاتە گەڕ و گومانەکانی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سازکا ! با رووناکبیران و قه‌ڵه‌مبه‌ده‌ستانیش رێ بۆ بیرکردنه‌وه له‌و گومان و پرسیارانه خۆشکه‌ن! هه‌ڵبه‌ت به نڤیسار نه‌ک هه‌جو و هه‌تک کردن و ئه‌ده‌بی چه‌قه‌خانه‌یی...

له‌ئه‌نجامدا، به‌ش به‌حاڵی خۆم، به‌بۆنه‌ی ده‌رچوونی ٢٠٠ژماره حه‌وتوونامه‌ی سیروان پیرۆزبایی‌یه‌کی گه‌رم و گوڕ ئاراسته‌ی به‌رپرسان و نووســه‌رانی به‌ڕێزی سیروان ده‌که‌م و هیوادارم له‌پێناوی گه‌شه‌کردنی هه‌رچی زێده‌تری رۆژنامه‌گه‌ری کوردی سه‌رکه‌وتووتر بن.به‌وهیوایه‌وه!



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# خوێندنەوەی چیرۆکی «شەو نا خاتوونێکی هەتاوی»

## /بە بۆنەی چوارمین فستیواڵی چیرۆکنووسانی ڕۆژئاوای وڵات/

ئەگەر چیرۆک هەوڵدان بێ بۆ دەربازبوون لە واقیعی درۆینەی شتەکان و هاتنە نقیساری قاشەزێهنییەکانی مرۆڤ بۆ دەرخستن و دیاریکردن و تیشک خستنەسەر لابیرێنتە پێچەڵوپلووچەکانی دەروونییانی ئینسانی، ئەوە دەبێتە یەکێ لە گرینگترین ئەرکەکانی زمان بۆ خولقاندنی جیهانێکی بە ڕواڵەت ناواقع، بەڵام لەڕاستیدا واقعیترین ڕاپۆرتی مرۆڤ لە خۆی و دیاردەکانی دەوروبەری. کەوایە لەم پێناسەدا گرینگی دراوەتە

ئەلف ـ واقعی درۆیینەی /وانموود/ی ڕواڵەتی جیهان.

ب ـ دەرچوون لە بازنەی متافیزیکی گوتە و ئەدەبی زارەکی و وەنقیسار هێنانی زێهن و گۆتار.

ج ـ ڕۆچوون بە ناو قاشە زێهنییەکان و دەرونیاتی مرۆڤ ، وەک واقعیترین (!!)کەرەسەی ناسین وناساندنی.

کەوایە کاتێ باس لە خولقاندنی جیهانێکی تر دەکەین، دەبێ چیرۆک و ڕۆمانیشمان لە بەرچاوبێ.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەم پێشەكییە كۆرتەوە لە سەر ئەدەبی داستانی، چیرۆكی بەناو خەوناوی ، « شەونا خاتوونێكی هەتاوی »* دەخوێنینەوە:

«كارتی شاروەندییەكەم خشاندە نێو درزی سەر درگای ژووری ژمارە٩٩٩ .دوای دەنگێك كراوە. كاتێ چوومە ژوور..زیاتر لەئێوارێ لەشەقام لەوكاتەی ژنێكی سەرتاشراوی مەستی پیاوئاسا باوشی پیاكردم و بەربووە ماچ كردنم شلەژام..»

ئەمە یەكەم پاراگرافی ئەو چیرۆكەیە. لە یەكەم پاراگرافەوە ـ ئەگەر وەك رەخنەی نوێ مەبەستێتی تەنیا لە دەق و زمان بڕوانین ـ لە گەڵ دوو بابەت رووبەروو دەبینەوە:

١ ـ دەق هەڵەی زمانی تێدایە

ئەو خوێنەرەی لەسەر دەق و زمان لەنگەر دەگرێ، لای وایە دەبێ «دەقێ بخوێنێتەوە تادەگاتە ئەوشوێنەی كە بەلایەوە نامۆیە . یانی یەكەم ناریێكی زمانی یان فۆرمیك/بیچمی/ دەدۆزێتەوە، پاشان هەوڵبدات ئەو ناتەباییە لەگەڵ ناتەباییەكانی هەموو دەقەكە بە گشتی و لەگەڵ یەكە یەكەیان هەڵسەنگێنێ و پێوەندی و ناپێوەندییەكەی دەستنیشان كا»

وەك دەزانین ئێمە كارتی شاروەندیمان نیە. ژووری ژمارە٩٩٩ ش هەر نامۆیە... كاتێك هەموو دەقەكە دەخوێنینەوە دەبینین نامۆیی یەكەم ،تەنیا لە پوخت نەبوونی زمانی دەق و بچووكبوونی بازنەی وشەی نووسەرەوە سەرچاوەی گرتووە و نامۆییەكی فۆرمی نیە/ شەهروەندی لە بری هاو وڵاتی داناوە/.

نموونە بۆسەلماندنی ئەم قسەیە لە دەقدا زۆرە «دوای دەنگێك كرایەوە»!! ئەگەر خوێنەر یان رەخنەگر لە دەق بپرسێ؛ چی كرایەوە؟ ئەوە دەق دەڵێ: درزی سەر درگای ژوورەكە كرایەوە! ئەمە لە حاڵێكدایە كە مەبەستی نووسەرئەوەیە كە درگا كە كرایەوە و دەقیش دواجار هەر ئەوە دەڵێ.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەر لەو پاراگرافە نموونەیەکی دی بێنینەوە؛ دێڕی سێهەمی ئەم بەشە هەڵەی سینتاکسی /رێزمانی/ بەرچاوی تێدایە. ئەمەش بەپێی هیچ مەبەستێکی زمانشکێنانە نەهاتووە بۆ وەی زمانشکێنی پێوەندی بەزمانی رەوایی ئەم چیرۆکەوە نیە.

دەق دەڵێ: « زیاتر لە ئێوارێ» /مەبەستی نووسەرەکەی «ئێوارە»یە/ «لە شەقام لەو کاتەی»/مەبەستی ئەمەیە؛ (لە شەقام، ئەوکاتەی)« ژنێکی... شڵەژام»/مەبەستی (شڵەژابووم)ە/واتە نووسەر ئەیهەوێ بڵێ؛ ئێوارە لەکاتی گەڕانەوەدا، ژنێکی سەرتاشراوی پیاوئاسا، لە شەقام، باوەشی پێداکردم و بەربووە ماچکردنم و...

ئەگەر خوێنەر ،بەو زمانە پڕ لە هەڵەوە، تا ئێرە لە چیرۆکەکە گەیشتبێ ئەوا پرسیاری سەرکی چیرۆکەکەی لا سازدەبێ کە دەگەڕێتەوە بۆ بەشی دووی ناموو بوونەکە واتە ژووری ژمارە ٩٩٩ وخولقاندنی جیهانێکی دی.

بۆ ژنێک وەک پیاو لە ئامێزی گرتووە وبەربۆتە ماچکردنی؟/ دیارە کەسایەتی چیرۆکەکە لە زمانی ژنی یەکەم کەسەوە دەئاخڤێ / هەڵبەت وەڵامی ئەم پرسیارە بەرەبەرە لە دەقەکەدا روون دەبێتەوە؛ « لیوانێ ئاوی سارد و حەبێکی کافوور و ..

ب ـ ساز کردنی ئەم پرسیارە لای خوێنەر دەسپێکێکی بنەمایی جوانە، بۆوەی توانیویەتی جۆرە هەڵواسینێک /تعلیق/سازکا کە دواجار قەیرانی سەرەکی چیرۆکەکە لەسەر ئەو پرسیارە گەڵاڵە رێژی دەکرێ.

قەیرانی سەرەکی چیە؟

دەق دەڵێ: لیوانێ ئاوی سارد و حەبێکی کافوور و.. حەبی کافوور، هەرچەندە نامۆیە،بەڵام لەبەر ئەوەی ژووری ژمارە٩٩٩، ئاماژە بە جیهانێ خەوناوی داهاتوو دەکا/ لانیکەم لای ئێمە/بەجێ هاتووە و لەخزمەت باقی چیرۆکەکەدایە.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

قەیرانی یەكەم لەزمانی تلەویزیۆنی زەوی كانالی بیلایەن ـ دیسان ناوێكی نامۆ كە لەخزمەت كەش وهەوای چیرۆكی زانستی خەیالاویدایەـ دەگا بە خوێنەر،/ ژنان و پیاوان شەڕیانە/ واتە كێشەی سەرەكی ئەم كورتە چیرۆكە ئەو شەڕ و كێشمەكێشمەیە كە لە ئەنجامی هاتنە ئارای «فێمێنیست»ەوە پەرەی پێدراوە و ئێستا گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی كە شەڕی فیزیكی بێ. شەڕی فیزیكی قەیرانی یەكەم بەرە و قەیرانی دووهەم دەبا جوێ بوونەوەی ژن و پیاو بۆ دوو شوێنی خەیالی كە لە زمانی هەر دوو كانالی ژنان و پیاوانی زەوییەوە بەیەك جۆر زمان بلاو دەكرێتەوە،/بڕواننە ێ ٢

دەڕوانینە دەقی ئاگادارییەكانی پیاوان و ژنان بۆ وەی بزانین ئەو دژایەتییە توند و تیژە توانیویەتی لە زمانیشدا رەنگ بداتەوە یان نا؟ بۆوەی ئەو خوێنەرەی پشت بە دەق دەبەستێ پێكهاتەی ئەو دژایەتییە دەبێ لە زماندا ببینێتەوە،

١ـ «نوێنەری ژنان لە كۆبوونەوەیەكدا رای گەیاند...تاد»

٢ـ «نوێنەری پیاوان لە كۆبوونەوەیەكی پیاوانەدا رایگەیاند...تاد»

دەبینین كە زمانی هەر دوو بەرەی پیاوان و ژنان یەك زمانە و نووسەر تەنیا بە چەسپاندنی پیاوانێ بە دێڕی یەكەمی ئاگاداری پیاوانەوە ویستوویە ئەو دوو دەقە لە یەك جوێكاتەوە بەلام ئەوە جوێكردنەوەیەكی رووكارانەیە، هەر وەسفە و هیچیتر، بۆوەی زمانی هەر دوو ئاگادارییەكان یەكن ـ /هەلبەت لێرەشدا كارمان بەسەر هەلە زمانییەكانەوە نیە كە ناوبەناو زەق دەبنەوە/

كە وایە خوێنەر یان رەخنەگری ئەمرۆ ناتوانێ بۆ چوونە ناو قوولایی دژایەتی ژنان و پیاوان، پشت بە زمانی چیرۆكەكە ببەستێ ـ ئەمەش یانی ئەوەی كە رەوایەت لەم چیرۆكەدا ریوایەییێكی حەكایەتییە تا چیرۆكی، واتە حیكایەتێك لە زمانی كەسێكەوە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەزمانێکی یەکدەست دەگێڕدرێتەوە ـ تا ئێرە ئەمە دەبێ بە بەشی هەرە لاوازی چیرۆکی شەڕە ژن و پیاو لەم دەقەدا.

بەڵام ئەم لاوازییە لە رووی بابەتەوە ئەتوانێ وەک پتەوبوونی بنەمایی بێتە ئاراوە... بۆ وەی ئەنجامی حیکایەتەکەش هەر ئەوە دەڵێ؛ کە ئەم دوو بەرە دژایەتییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ یەکدی نیە و هەر دوو بەرەکە به یەک پەیوەستن بۆ یەکدی پێویست. بۆوەی بەرە بەرە دەنگی ناڕەزایەتی لە هەتاو بەرز و بەرزتر دەبێتەوە و ...

لەکۆتایی دا دەبێ بگوترێ؛ لەگەڵ ئەوەیدا کە، هەڵبژاردنی ناوی شوێنەکان لەم چیرۆکەدا ژنانەیە و هەروەها هەنێ جەسارەتی قەڵەمی ئەو بەرەی پێوە دیارە، بەڵام ، دەبێ ئەوەش بڵێن: چیرۆکی زانستی ـ خەیاڵی ،باوەکو، لەسەر فانتازیا و خەون رۆدەنرێ، پشتیوانێکی زمانی ـ زانستی هەرە قووڵی لەگەڵە کە بەداخەوە ئەم چیروکە لەو زمانە زانستییە بێ بەرییە

بۆ نموونە کاتێ ژوول وێرن «شەش هەزار فرسەخ لە ژێر زەریا»ی نووسی، هێشتا ژێردەریایی نەبوو، بەڵام زمانی زانستی ئەو چیرۆکە ئەوەند پتەو بوو کە دواجار کاتێ ژێردەریایی سازبوو، هەر بەو چەشنە بووکە ئەو باسی کردبوو. یان چیروکەکانی ئاسیمۆف و کالوینۆ و...

چیرۆکی زانستی ـخەیاڵی درۆگەلی قەبە قەبەیە کە نووسەر بەیارمەتی زمانێکی زانستی، وەک واقیع دەینوێنێ.

بەڵام لەم چیروکەدا، ژنان لە خۆر دەژین و تیشکی خۆر هێشتا فارس گوتەنی« مەهار یان کونتڕۆل» نەکراوە و دەیانسووتێنێ و ...



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

* دەقی ئەم چیرۆکە لە سروەی ژمارەی پێشوودا بلاو کرایەوە.

** پێشتر لەمەڕ جیاوازی حەکایەت و چیرۆک/لە وتاریٚ ڕەخنەیی لەسەر هاوارە بەرە../نووسیومە و لیرەدا دووپات کردنەوەی پیٚویست نیە.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# شێعری جیـــــاواز و
## «من»ەکانی چەق

« لە حەقیقەت تێپەڕیوە باوان
ئەم سەردەمی دەسەڵاتە
بە کام ناونیشان بتدۆزمەوە.. » شیعرەسات ٢

١٣ ـ مێژووی شێعری جیاواز دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی شیعر . بۆ ئەو ساتانەی بە طوتەی ناباکۆف: « منداڵێ بە حەپەساویەوە بەرەو درگای غارەکەیان ڕای کرد و هاواری کرد گۆرگ...های ..گورگ ! بەڵام گورگ* لە ئارادا نەبوو..» بۆ وەی زمانی شێعر زمانێکی جیاواز بوو. جیاواز لە زمانی باوی ڕۆژانە، کە بە پێی محاکات و لاساییکردنەوە لە سروشتەوە خولقا بوو / هەر بۆیە ئەو سەردەمانەی کە زمان نیشانەیێک بوو بۆ گەیشتن بە مەدلوولی واقیع، شیعر بەستزمانانە لە یۆتۆپیاکان فڕێ درایە دەرەوە و کەند وکۆسپی بۆ ساز بوو /

١٢ ـ بەم پێیە هەموو شاعیرانی ڕەسەن شاعیرانی جیاواز بوونە و بە لەون* لە ڕێگەی باو لایان داوە.

١١ ـ مێژووی شێعری جیاواز دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی نوێخوازی و ئەنارشیزمی نەهادینە/سەقامگیر بوو/ی مرۆڤــ کە پێشتر باسم لێ کردوە ٢ /بڕواننە وتارگەلی «دالی شیعر مەبەستی خۆیەتی و بەس » و نوێخوازی و سەلەفیەتی ..» لە زرێبار و ڕچەدا/ بۆ زمانی ئۆستوورەکان و خۆلقاندنی جیهان و فەزایەکی خەوناوی و دوورە دەست...لە مێژووی ئەدەبیشدا قەت «حافز» وەک مەنووچێهری نەینووسی «مەولەوی» لاسایی «سەعدی» ناکاتەوە .. شکسپیێر وەک



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هۆراس نەینووسی و و دانتە نەچووە سەر زمانی شكسپیێر.. ریالیستەكان وەک كلاسیک كارەكان كاریان نەكرد ناتۆرالیستەكان رومانتیک نەبوونە.. لە بەرەی نوێشدا، بنەما شكێنەكان نەتەنیا بنەماخوازەكانیان شڕ كرد بەلَكوو هەموو فەلسەفە و هونەری رۆژئاوایان دایە بەر پلاری سرینەوەی منێتی نیرانەی سەنتەر/چەق/ و سەری هرەمەكەیان كێشایە خوارەوە... ئەمەیە مییژووی هونەر یا شیێعری جیاواز. بەلام هەموو جیاوازیەک پێویستی بە پیۆەرێک هەیە كە لیێ لابدا، ئەگینا جیاوازی ب* مانا دەب*.

١٠ ـ نوێخوازی گوتارێكی كراوەیەو بە هیچ چەشنی ناهێتە بەستران . بۆ وەی نوێخوازی لە كات و شوین دا رووئەدا كات و شوێنیش ب*بڕانەوەیە..بەتایبەت ئەگەر رەهەندی خەون و فانتازیاشی لەگەلَ ب*: ئەمڕۆمان لیێببیێتە هەزاران چركەی برگسۆنی٣ /بەردەوامی زەمەن و درێژ بوونەوە كە بە بۆچوونی رۆژهەلاتی بە ناوبانگە و بیێرگسۆن داكۆكی لیێدەكا/و پیۆەندیدار بە هەزاران چركەی میێژوویی و ئوستوورەییمانەوە نوێخوازی لە هەر چركەیەكدا رووئەداو لە چركەكەی تردا رەنگە بمر*.. كەوایە زۆر بەوە دلَخۆش نەبین كە ئێمە ئەمڕۆكە نوێخوازین رەنگە سبەین* سەلەفی بین.. پیۆیست بە نموونە هیێنانەوە ناكا: میێژوو بە هەموو دەبدەبە و كەبكەبەیەوە ، بە هەموو هیێز و دەسەلاتیەوە لە سەر وانموود سازی و راستی!!كوژی ئەمەی سەلماندوە و هونەر بەهەموو راستگۆییەوە دانی بەسەردا ناوە.ک* نالَ* نالی نوێخواز نەبوو؟ ک* گۆرانی پ* نوێخواز نییە؟ سوارەش نوێخواز بوو. یوونس رەزایی و رەزا عەلیپوور و سامال ئەحمەدی و بیێهزاد كوردستانی و ابراهیم ئەحمەدی وئەحمەدی نیا،حەمەی موەفەقی و رەوفی مەحموودپور، لەیلا سالحی و .. نوێخوازن. بەلام لەو نوێخوازیە سەرمەست نەبین! بۆ وەی بەرەی پیێنج و شەشیش، بەبڕیۆەیە.. هەن* قوولَتر ئاوڕ لە نوێخوازی بدەنەوە! بۆ ماوەیەكیش



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بووە لە کەناڵ کاتی هێڵەکی بیهێننە دەر*: حافز و نالی ئێستاش نوێخوازن.. مێهدی سوهەیلی بێچارە هە تا هەتایە سەلەفی بووە.باوەکوو میدیاکانی دەسەلات بە نوێخوازیان لە قەلم دابیٚ..کە وایە با لە چەقی منێتی نێرانە بینە دەر*! نوێخوازی ڕەوتێکی بێبڕانەوەیە..تەنیا کاری کەس و دوو کەس نییە، لێی کەم دەبێتەوەو پێی زیاد ئەب*.. جا ک* بۆ ماوەیەکی درێژتر هاورێی ب* گرینگە.. کە نوێخوازیش نەبی، گرینگ ئەوەیە سەلەفیانە ـ بەداخەوە ئەم وشەیەش/ وەک وشەی نوێخواز / لە لایەن پێوەندیەکانی دەسەلاتەوە «مەسخ»کراوە و ڕۆشنبیران لەمە بە دوا دەب* لەفکری وشەگەلیٚ تردا بن بۆ وەی بتوانن وەک نیشانەی پڕ بە پێست لە زماندا بێنە ململان* ـ بەردی قەبە نەخەیتە سەر ڕێی. بۆ وەی دواجار دەدر* بە سەر خۆتا! ئاگاداری بەرەی وانموودی نوێخوازیش بن ! ئەوانە بەدەمامکی نوێگەرییەوە، خەنجەر بە دەستن.. هاکا وەشاندیان!

٩ ـ ڕەزا عەلیپوور شاعیری لاو لە وتوێژێک لە گوڤاری ئایندەدا هەنیٚ بیر و رای خۆی لەمەڕ نوێخوازی شەپۆلی چوارمی شیعری لە کوردستانی ئێران دەربڕیوە لەو وتوێژەدا خۆی وەک باوکی بیست و چوار ساڵەی هەمووی شاعیرانی کوردستانی ئێران ناساندووەو هەن* لە دۆستانیشی وەک درێژەدەری ڕێگای خۆی ئەژماردوە /بڕواننە ئاینده ژمارەی ٣٣ /کەمەبەستی ئەم وتارە نیە ئەوەی ڕاستی بێت هەمووکەس ماڤی ئەوەی هەیە خۆی بە سووپەڕمەن بزان* بەلام هەرگیز نەبێتە نیچە. ڕۆشنبیرانیش ئەو مافەیان هەیە بلێین ئەوانەی لەنیچە نەگەیشتن سووپەڕمەنەکەیان کردە هیتلێر

ئەوەی مەبەستی مەیە ئەوەیەکە لەو وتوێژەدا هیچ ئاماژەیەک بە دەق نەکراوە. زۆربەی بۆچوونەکان زێهنییە و لە دژایەتییەکی ئاشکرادایە لەگەڵ یەکێتی بابەتی دەقی وتوێژەکە لەو وتوێژەدا باسی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سە* ژانیری ئەدەبی،/ شیعری جیاواز، رەخنەی ئەدەبی و چیرۆک و رۆمانی/ کراوە کە من لە سەردێری وتارەکەیەوە دەست پ* دەکەم:

ئەلف ـ دەقێکی وەرگیراوە حەمەسالح سووزەنی لە وتارێک دژی سووپرمۆدێرنەکاندا ئەڵ*: «ئەوەی کە ئێستا باندێکی سە* چوار کەسی بەناوی مۆدێرن و ئەندیشەوە خەریکن و تاقەشتێکیش دەرکیان نەکردووە ئەندیشەو مۆدێرن و چەن دەنگی و سەرەتایی ترین یاسای ئەمانە واتە دیموکراسیە» /نوێخوازی و سەلەفییەتی .. رچە سروە ژمارە ٩٠/ سەیر ئەوەیە ئەو وتارە ئاراستەی بەرێزان رەزا عەلیپوور و دۆستانی ئەوساتەی کرابوو کە بۆ رەزا خۆیشی ئێستا خراونەتە بەرەی سەلەفییەتەوە /بڕواننە وتاری جەغزی دەسەڵات سیروان ژمارە ١٧٧ / بەڵام رەزا هەر ئەو قسەی لە زمانیخۆیەوە کردوە و دژی کەس نازانم ک* دووپاتی کردۆتەوە: «بەب* دیمۆکراسی چەند دەنگی بوون لە شیعردا روو نادا»

ب ـ ئەو دێرە لەگەڵ ناوەڕۆکی وتوێژەکە سەد و هەشتاد دەرەجە دژایەتی هەیە بۆ ئەوەی ئەو بە ب* رەعایەت کردنی دیمۆکراسی تەنیا منێتی خۆی بینیوە و بەس / کە لە درێژەی وتارەکەدا ئاماژەی پێی دەکر*/

٨ ـ لە دەقی ئەو وتوێژەدا ئەو بەرێزە بۆ خۆی مێژووی کاری ئەدەبی خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ چوار ساڵ لە مەوبەر و ئەو کاتەی کە خۆی لە حەوتوونامەی سیروان دا دامەزراوە. پاشان دەڵ* ئەو کەسانەی کە شیعری سەردەمی خۆیان دەنووسن و بە قەولی هێگڵ رۆڵەی زەمانی خۆیانن ئەوانە شاعیری هاو چەرخن.. شیعریش لە کوردستانی ئێراندا لە ساڵی ١٣٧٧ بەولاوە هەند* کاری لە سەر کرا من بۆ خۆم ئەگەر دیاری بکەم رەنگە باوەکوو هەر چەند دانە شیعریشم بڵاو کردەتەوە، یەکەم کەس بووبێتم کە ئەو کارەم ئەنجام دا ...لەوە بگەڕێین کە ئەو بۆچوونەی لە زمانی هێگڵەوە هاوردییەتی لە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بنەڕەتەوە هەڵەیە ڕۆڵەی زەمانی خۆ دەبێتە کۆری (نە ژنی) شیر و پڵێنگ و تاد.. /ئەو قسەیەش بە تەون کری قسەکانی دیکەی ڕەزا ناخوا کە خۆی بە پۆست مۆدێڕن ئەزانێ/ ڕاستیەکەی ئەوەیە کە جم و جووڵی نوێخوازی لە کوردستانی ئێران /ئەگەر سەلەفیانەنەڕوانینە بابەتەکە باسی بەرەی ئۆپۆزیسیونیش نەکەین/ کاری کەس و دوو کەس نەبووە و وانیە کە بگەرێتەوە بۆ سێ چوار ساڵ لەمەوبەر،/ یانی ئەو ساڵەی کە ڕەزا دەستی داوەتە قەڵەم یان سەرەتای دەستپێکردنی ئەو بێ بە نووسین/ بۆ ئەوەی ڕەزا چوار ساڵ لەمەوبەر تاقە شیعرێکی لە گۆڤاری سروەدا بڵاو کرایەوە کە تەنانەت شیعرێکی مامناوەندیش نەبوو جگە ئەوەش ڕەزا بە قەولی خۆی یەکەم کاری گرینگی قسەکردن لەمەر شیعرێکی دەساڵ لەمەو بەری من لەسەر ساختگرایی لە شێعری ئەمڕۆ دا بوو لە ئەنجومەنی ئیرشادی سەقز کە ئەوکاتە لەوێ مەشقی شیعری دەکرد.

مێژووی ئەم جموجووڵە دەگەرێتەوە بۆ ئاوڕدانەوە لە لادان لە نۆرمی زمانی مەحوی، گرینگی دان بە فۆرم و تەکنیک لەلایەن فورماڵیستەکانی هەولێر ... ئینجا کاری چەند قۆلی لە لایەن شاعیرانی بە گوتەی ڕەزا «بەینابەین» لە سەر فۆرم و چەند دەنگی،فکر و فەلسەفە و ستاتیکیا، بزووتنەوەی داکار، /بە هەموو کەم و کووڕیەوە/ دواجار جم و جووڵی پەرەدان بە خوێندنەوەی نوێ و بزاڤی ڕەخنەیی نوێ لە لایەن ڕەخنەگرانی لاو وکاریگەرێتی جەماعەتی«ئازادی» و «ڕەهەند» /کە ڕەزا و دوور لە ئێستایان«پەیڤ» لە لایەنگرانی بە قەولی فارس «سەرسەختی ئەوان بوون./لە سەر ڕەخنەی نوێی کوردستانی ئێران.. هەمووی پێکەوەو هەرکام لە لایەنێکەوە، بەشداری ئەو بزووتنەوەیەن کە ڕەزا ویستوویە بە ناوی خۆیەوە تەواوی کات و بۆشی تەواو نەبووە. بەدبەختی ئەوەیە گرینگیدان بە «من» و منایەتی لای ئێمە لە ئەدەب و ڕەخنە و هێزی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

قەڵەم زێدەترە. واتا هەوڵدان بۆ وەبەرچاو خستنی «من» لە هەوڵدان بۆگەشەی ئەدەبی،زیاترە و ئەو ئەم دەخاتە پەراوێزەوە.. نموونەی هەرە ئاشکرای وتوێژی «بەیان عەزیزی»/مەجیدی/ و ڕەزا عەلیپوورە لە سەر چەمکی توێخوازی لە کوردستانی ئێران لە شیعرستان و ئایندەدا. ئەوان لەو وتوێژانەدا دەلێن ئێمە شێعری نوێمان دروست کرد!! دەقی ئەو وتوێژە بۆ وەی بیسەلمێنێ* سەری گوریسی بەرەی چوارەم بەدەست خۆیەوەیە، پەنا دەباتە بەر ناحەزترین شێوەکانی سەلەفی و ماکیاولیستی./ لەوە بگەرین کە ئەو بۆچوونە لەمەڕ سەرقافڵە و سەرەگوریس سەلەفیانەیە بۆ وەی لە جیهانی مۆدێرن و پاش مۆدێرندا سەر قافڵە دەبێتە چەند دەنگی و سەرەگوریسیش دەبێتە هەزاران تاڵی دیار و نادیاری پێوەند و ناپێوەند. تەواو بوو ئەوکاتانەی شاعیرێک بەتەنێ* لووتکە بێت و بتوانێ* کێوەکانی دی داپۆشێ*! ئێستە هەموو کەلێن و قوژبنێکیش لەو تەشتە ئاسمانیانەوە دەبینرێن، کێو جێی خۆی هەیە/ ئەو دەڵێ* تەنانەت ئەو پۆلێنبەدیەش کاری خۆمە/ بڕواننە «ئاوڕدانەوەیەک لە ڕەوتی شاعیرانی نوێ*» دنیای سخن ـ ژمارە ٥٠ و٥١ لە مەڕ شاعیرانی «معیار» «بەینابەین» «نوێ*» نووسینی علی باباچاهی/ ڕەزا لەبیری چۆتەوە خۆی داوای لە من کرد ناوی ئەویش لە بەرەی چوارەمی شاعیرانی کوردستانی ئێران لە وتاری «ئێپیستمۆلۆژیای شێعری نوێی کوردی» لە تاران بەرم. /ئەو وتارە هەم لە کۆنگرەی تاران /خویندرایەوە و هەمیش دوو بەشی لە رچەدا بلاو کرایەوە.

٧ ـ لەو وتوێژەدا هاتووە: من هەمووی چوار شێعرم بلاو کردۆتەوە بەڵام، ١٥ ـ ٢٠ ڕەخنەی لەسەر نووسراوە/ با لەوەش بگەڕێین کە ١٥ ـ ٢٠ ژمارەیەکی ڕەمەکییە و کەس نازانێ* ١٥ ئەسێحە یان ٢٠ /ئینجا تۆ بلێی ئەو بابەتانەی کە بە ڕاسپاردەی خۆی کەسانی وەک جەماڵ مەلایی دەینووسن بە ڕەخنە لە قەڵەم نەدابێ*؟!لە خۆڕا



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نیە کە فوکو جەخت دەکاتە سەر بایگانیەکان/ مەبەست لە مێژوو تەنیا تێپەربوونی کات بۆ گۆڕانی سیستەمی دەسەڵات نیە... بەڵکو گۆڕانی پێوەندیەکانی دەسەڵاتیە لە هەر دووبەرەی سەرەوە و خوارەوە، بۆ وەی پیوەندیەکانی دەسەڵات ـ زانست ـ لە هەر دەورەیەکدا.. بۆ پتەوتر کردنی سیستەمی پێوەندیەکان، دەیان بەرەو شەپولی بەڕواڵەت نو⁕ زل دەکاتەوە. شەپۆلی دیتران یا دیگەری شیعر فارسیش کە خۆیان بە شەپولی شاعیرانی حەجم ناو دەبرد ڕەزا عەلیپوور ئەو ناوەی لیٚ نەناون. ئەو تەنیا تایبەتمەندی شیعری ئەوانی قۆستۆتەوە بۆ سەر شیعرەکانی خۆیان. ئەگینا کییە کە نەزانی نە ڕەزا چەندەنگی بوونی داتاشیوەوە نە هەر شیعرەکانی ڕەزا ئەو تایبەتمەندیەی تێدایە و چەندەنگی بوونی شیعری کوردی ئەسەلمێنٚ⁕.

چەند دەنگی بوون کە بۆ خۆی چەپکێکی فەرزییە/ هەرگیز ناتوانیٚ تایبەتمەندی کەس⁕ ب⁕ کە تەنیا یەک وشەی ناسیٚوە/ هەڵبەت لەو وتویژەدا/ ئەویش «من»ی خۆیەتی و بیست و چوار ساڵیەتی. تەنانەت ئەگەریش ناوی کەس⁕ دی دەبا لە بەر خۆی ناوی دەبا«بەرهەرچی ریدایە کتوپڕ بتکاتە شاعیر و پێت بلیٚ ڕەزایە بیست و چوار جاریە» ـ قالیەکەمان ماسی دەبم ڕەزا عەلیپوورـ ئایندە ۳۳ ئەگینا /بە قەولی بەختیار عەلی: کەسیٚ کە نەتوانیٚ هەموو دەنگەکانی دیکە و کەسانی تر لە قووڵایی دەروونی خۆی خرکاتەوە، ناتوان⁕ شیعری چەند دەنگی بنووسیٚ (ڕامان ژمارە ...)

٦ ـ لەمە بەدوا بەرێز فەریدوون پێنجوێنی لە مەسەلە گەیشتووە و ئیتر زۆربەی پرسیارەکان لە زمانی ڕەزا خۆیەوە دەکات واتە ئەمە ڕای خۆتە یان تۆ خۆت ئەلیٚی لە ناوە دیارەکانی شیٚعری، ئایا کۆدەنگی هەیە لە سەر ئەو بۆچوونەی خۆت یا قسەو بۆ چوونی خۆتە؟ لە وڵامی ئەو پرسیارەدا ڕەزا ب⁕ ئەوەی ناوی ڕەخنەگرەکان بەر⁕ دەلٚ⁕: پانزە بیست ڕەخنە لە سەر کارەکانم نووسراوە،



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئیجماعیش هەیە لە سەر ئەم قسەیە. هەموو کەس ئەزانیٚ ئەمە ڕاست نیە. ئەوەی لە کوردستانی ئێران باسی شیعری جیاوازی /هەر کەسی بەلەونـ*/ کردووە بەڕێزان فەرزاد میرئەحمەدی، عەبدوولخالق یەعقووبی، ڕەهبەری مەحموودزادە، موراد ئەعزەمی حەمەسالح سووزەنی بوونە یا هەر دۆستانی خۆدی ڕەزا واتە بەڕێزان هۆژەبری، حەمەی موەفەقی جەماڵ مەلایی بەختیار سەجادی . کە لەناو ئەمانە دا زۆربەیان باسی دەقی شیعری ڕەزایان نەکردووە. موراد ئەعزەمی لەوتاری لادان لە نۆرمی زمانی شیعردا/سروە ژمارە ../ هەر ناوی ڕەزاشی نەخستۆتە ئەو قافڵە. بەڕێزان یەعقووبی مەحموود زادە تا ئێستا هیچیان لەمەڕ شیعری ڕەزا نەیاننووسیوە. فەرزاد میرئەحمەدی، ئەنوەر هۆژەبری و سەلام قادری، ناوی ڕەزا لەگەڵ دەستەیەکی دیکەی نوێخواز دێننە ئاراوە./ بڕواننە وتوێژی هوژەبری و قادری، لە شیعرستانەکان دا و وتارە ڕەخنەیەکانی فەرزاد میرئەحمەدی لە ژمارەکانی سیروان دا/ حەمەسالح سووزەنیش تەنیا لەبەشی لە «ئیپیستمۆلۆژیای شیعری کوردی»دا دوو دێڕی لە ڕەزا هاوردۆتەوە بۆ خولقاندی فەزاییکی دیکە ئەویش لەگەڵ شیعری بەڕێزانی تری وەک یونس ڕەزایی، ئازاد ڕوستەمی، بێزاد کوردستانی ، شەهابی شیخی و نوێخوازانی دیکەدا. حەمەی موەفەقیش لە وتارێک دا کە بۆ ڕچەی بەڕیٚ کردووە و بە زووی بڵاو دەکرێتەوە ڕاییکی تری هەبووە. ئەمانە دەق پێمان دەڵێ*. بە لاّم قسەی ڕەزا شتێکی ترە بەیەک هۆ، ئەویش چەقین لە چەقی منێتی دایە /ئەویش چەقی منی نێر یان منی باوک/ ئەوەی ڕاستی بێت کەسی ناو ئەو جەغزەش ناتوانیٚ چەند دەنگی بخولقێنـ* .

٥ ـ چەنددەنگی وانموود سازییەکە کە شاعیر ئەیخولقێنـ* بۆ وەی جیاوازی بخاتە ناو لەحنی دەنگە شیعریەکانەوە «بۆ چەند دەنگی بوون و سێڵاوی هۆش پێویستە شاعیر لەگەڵ کەسایەتییکی تر



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

جەوهەرێکی هاوزاد پێک بێنـ* ئێنجا بگاتە شهوودی بیرەوەری ـ زمانی و نووسینی ئازاد/خودبەخودی/ کە ئەوەش بە ڕای من ئەستەمە بۆ ئەوەی کونترۆڵی بەرزەمەن ئێجگار سەختە »/وتویێژ لەگەل شەهریار مەندەنیپوور نسل سوم، وەرگێرانی حسەین شێربەگی/. کە وایە هەر شاعیر یا نووسەرێک هەنـ* یاسای تایبەت دائەتاشـ* بۆ ئەوەی پیشانی دا کە چۆتەوە زێهنی کەسێکی دیکەوە سووررياليستەکان هەوڵی ئەوەیان دا ئەو وانموود سازیە لە زمان دا بەرەو زێهنێکی تر ڕاکێشـ* و هەموو کەس ئەزانی کە ئەوە کارێکی دژوارە نەوەک هەرنەکر*/ ئەبینین کە دەقی وامان بە تایبەت لە ڕۆماندا زۆرە/ بۆ وەی ئەستەمە ئەو بەرزەمنە زمانیە کەڕ و کوێرکر*.

پوست مودێڕنەکان بە هاوردنەوەی ڕاستەو خۆی دەقی کەسانی د* بۆ ناو دەقی خۆیان ئەو کارەیان کرد و هەموومان دەزانین کە تاوانی دزێتیان خستە سەریان...بەلاَم ئەو بۆچوونەی ئەوان واقعی تربوو و ڕەزا بەلای ئەو جۆرە ڕوانینەش دا هەر نەچووە. کەوایە چەند دەنگی بوون تکنیکێکی زێهنییە کە بە هۆی وانموودسازی لە سەر زمان دیتە ئاراوە و ناتوانـ* واقعی بـ* / هەر چەند ئێمەش چاوەڕوانی واقعی بوون لە هونەر ناکەین / ڕەزا باسی بۆچوونی باختین لە سەر دەقەکانی تۆلستۆی و داستایووسکی و چەند دەنگی بوونی بەرادەرانی کارامازۆف دەکا .. بۆ وەی زێهنی بوونی ئەم بۆچوونە پیشان بدەم من چەند دەنگی بوونی بەشی ئاخری «ئاناکارنینا» دێنمەوە لە زمانی کۆندراوە کوندرا دەڵـ*: ئەوشوێنەی ئاناکارنینا ڕێدەکەو* و بە دوای دلّدارەکەیدا دەگەڕ* ڕاوی جیهان بە خێرایی لەچاو ئاناوە لەگەڵ هەستی ژنانە تێکەڵاو دەکا و بە جوانی ئەیوەسفێنـ* ئەوەیە چەندەنگی بوون. ئەو منە «متەکەسرر»انەی هیوم/کە لە تەک بێژییەکان دا دێنەوە/ هەر منە، بەلاّم جارجار بە هۆی نزیکایەتی لە زمانی کەسانـ*تر /ئەوەش ڕەنگە بە هۆی ناخودئاگای کۆمەڵی یۆنگ/ لە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەنە* دەق دا وەک چەنددەنگی بوون خۆ دەنوێنە*/ بروانن دواهەمین هەناری دنیا و سە* منی هەیاسی سوبحدەمی ١.و ٢و ٣/ ئەو کارەش تەنیا کاری ڕەزا و شێرکۆ و ڕەفیق سابیر و بەختیار عەلی ومن و ڕەزا و ئێوە نیە... دەقی کلاسیکیشمان هەیە کەئەو نزیکایەتییەی تێدا دەبینر* ـ چهل تن چیرۆکنووسی فارس ئەڵ*، من ئەتوانم لە کۆنترین چیرۆکدا مۆدێرنترین کاتەکانتان پیشان دەم منیش ئەڵێم ئەتوانم ئەو کارە لە شیعردا بکەم../ هەڵبەت ئەمە بە مانای هەڵوێست نەگرتن برامبەر کلاسیزم نییە/. ڕەزا سەبارەت بەوە دەڵ*: ئەوانە دەنگ نین، ئایدیۆلۆژین و باسی نموونەکەی شێرکۆ بێکەس دەکا ـ تۆ بڵێی پیڵاوەکانی خوا چەند گەورەبن ـ ئەڵ* ئەوە دەنگی شاعیرە ناوەیەتە دەم مندالّەکەوە. بۆچی بۆ هەموو ئەو دەقانەی بە ڕواڵەت چەند دەنگین، ناتوانین ئەو ڕاڤەکاریەمان هەب*؟ ئیدیوٚلوژ* کلاوێکی هەراوەکە پێت خۆش ب* ئەتوانی بیکەیتە سەر هەموو شیعر*. دەسەلاّت و پێوەندیەکانی لەم بۆ چوونە سەلەفیانە بە ڕاستی کەڵک وەردەگرن و زۆر دەق و وشە ئەخەنە ناو ئەو بازنەوە و بە پ*ی زەرەرو زیانی ئەو دەقانە .. مۆری ئیدیۆلۆژیکیان لێدەدەن و بەو بیانووەوە مەودای دەربڕین و نەشو و نمای لێدەسێننەوە ـ فەرمانی مورتەد بوونی شیرکۆتان خۆ لە بیر نەچۆتەوە ـ بۆ وێنە منیش ئەتوانم بڵێیم شیعری شاعیرانی بە قەولی زەرا بەرەی چوار ئیدیولۆژیکە... بەلاّم لەو ئیدیۆلوژیکەیەکە /لە لایەن هێزەکانی پەروەردەی دەسەلاّتەوە لە زانکۆکان بەوانە ئەگوترێتەوە و / لەخزمەت دەسەلاّتدایە و زەرەری بۆ پەزەکان نیە... ئەم بو چوونەش هەر ئەوەندە هەڵەیە کە قسەکانی ڕەزا... بۆ وەی دەق لە باری نیشانەناسی و هێرمنوتیکەوە، دەکر* وەک کراوە بخوێنرێتەوە و لە دەیان شوێنەوە درگای لە سەر بکەیتەوە یان دایخەی.. پێشتر لە وتاری«سووپێر مۆدێرنەکاندا »ئاماژەم کرد بوو کە دەقی دەولّەمەن



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەموو بۆ چوونەکان ـ تەنانەت ئیدیۆلۆژیش قەرزارباری خۆی دەکا و خۆشی بە هیچیانەوە نابەسێتەوە.. یەکێک ئەتوانی تۆمەتی ئیدیۆلۆژی لێدا و مەودای دەربرینی نەداتﮯ یەکێکیش ئەتوانﮯ /وەک بنەماخوازە تەکوینیەکان/ سەنگینی باری کۆمەلآیەتیەکەی بە پﮯی نیشانەکانی ناو دەقەکە پیشاندا.. سوور بوون لە سەر هەرکام لەم بۆچوونانە/بەتەنی/ دەتخاتە بازنەی سەلەفیەتەوە شهریار مەندەنی پوور لە مەڕ هەنﮯ لاوی بەناو پوست مۆدێرن ئەلێ:

«ئەمانە لە ئەسلّی شتەکە نەگەیشتوون، هەر ئەوەش بە قسەکانیانا دیارە، دیتوومە رەخنەگرێکی لاو وێرای تێکەلّکردنی چەن گوزارەی/دێری/ ناکاملّی بارتی یەکەم و دووهەم لە باختین و دریدا و فۆکۆ لەوتارێکدا زۆر بە بڕشت ومتمانەی ئوستوورەییەوە کە ناوەکەی‌تری جەهلی مورەککەبە لەمەڕ هەبوون و نەبوونی رۆمان قسە ئەکەن.. بۆ وێنە دەلّێن: رۆمان دەبﮯ پرسیارێک بﮯ لە بوون ـ سەرنج بدەنە وشەی دەبﮯ ئەویش کاتﮯ کابرا خۆی بە پۆست مودێرن بزانیّ»

بەرێز رەزا عەلیپوور لەسەرووی قسەکانیەوە شیعری پێش خۆی و شاعیرانی بەقەولی خۆی بەینابەین دەکوتﮯ، بەلآم لە خوارەوە لە باختین نمونە دێنێتەوە کە هەموومان ئەزانین رەخنەگر و رووناکبیرێکی بەینابەینە.. واتە باختین کەوتە نێوان هونەر و ژیانەوەو. ئەو دەلّێ:«کەسایەتییەکانی کارناوالّ/ کە زۆربەی پرۆژەی رۆشنبیری باختین دەگرێتەوە/وەک دەلقەکێک لەمرزی نێوان هونەرو ژیاندان»

جگە ئەوەش چەند دەنگی بوون لە راستیدا وتەزایەکی کۆمەلآیەتییە دژ بە چەقین لە بازنەی منی دیکارتی‌دا.. باختین، هەموو ئەو باسانەی لە سەر چەند دەنگی بوون دەیکا، پێوەندی هەیە بە کارناوالّەکانەوە کە بەڕای ئەو مەنتیقی چەند لایەنەی هەیە. واتە منەکانن لە چاوی یەکدیەوە... من هەم سووژە و مم ئوبژەیە.. ئەو



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سه‌باره‌ت به به‌رهه‌مه کانی داستایووسکی ده‌ڵێ*: «پێکهاته‌ی نووسراوه‌کانی ئه‌و چه‌نده‌نگی تێدایه . به‌و مانا که وه‌ک کارناوال هه‌ڵگری ده‌نگی که‌سی دیشه له‌ناو خۆیدا».

ئه‌وه‌ی که له وتوێژێکی کورتدا ده‌یان جار ده‌ست ده‌خاته سه‌ر منی نیرانه‌ی خۆی نابێ* هه‌ر باسی باختینیش بکا. جگه ئه‌وه‌ش باختین ئه‌م قسانه‌ی له ساڵی١٩٢٩ واته حه‌فتا و ئه‌وه‌نده ساڵ پێش کردوه و مه‌به‌ستی ئه‌و زێده‌تر له سه‌ر ژانێری رۆمانه.که به هۆی خولقاندنی که‌سایه‌تی له کات ـ شوێن/cronotope زاراوه‌یه‌کی باختینیه/ئه‌توانێ* چه‌ند ده‌نگ بێ* به‌ڵام ده‌قی ئه‌و وتوێژه کاتێ باسی رۆمان ده‌کا ده‌ڵێ*:«ره‌نگه رۆمانیش ئه‌گه‌ر بۆ چه‌ند ده‌نگی له به‌ر چاو بگرین ... ئیمکانی ئه‌وه‌ی نه‌بێ* چه‌ند ده‌نگی تیا ئه‌نجام بدرێ* چونکه که‌سێک هه‌یه ئه‌مانه ده‌نووسێت که ره‌نگه ئه‌و که‌سایه‌تی خۆی ته‌جروبه نه‌کردبێ*!!»

الف ـ سه‌رنج بده‌نه وشه‌ی ئه‌نجام بدرێ*... واته چه‌ند ده‌نگی بوون له لایه‌ن که‌سیکه‌وه ئه‌نجام ده‌دری* ـ یانی چه‌نده‌نگی بوون تکنیکی وانموود سازیه**

ب: ئه‌گه‌ر چه‌ند ده‌نگی بوون نه‌توانرێ له رۆماندا «ئه‌نجام بدرێ*» که‌وایه ئه‌و بۆ له باختین نه‌نموونه‌ی هێناوه‌ته‌وه؟!! / ره‌نگه له به‌ر ئه‌وه‌ی نه له باختین گه‌یشتووین و نه له چه‌ن ده‌نگی بوون ـ بۆوه‌ی وه‌ک وتمان باختین باسی کاردانه‌وه‌ی کارناوال ئه‌کا له ناو رۆماندا...

درێژه‌ی هه‌یه

---

- Lechte john - جان لیچت له سه‌ر پرۆژه‌کانی باختین ده‌ڵێ*:« له راستیدا شوێن په‌نجه‌ی که‌ڵک وه‌ر گرتنی باختین له



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

وتەزاگەلی وەک کات ـ شوێن و ژانێر بریتیە لە سرینەوەی کار و باری تاقەکەسی و منێتی» /بروانە «پەنجا رۆشنبیری گەورەی ئەم سەدەیە» جان لیچت

- ** بروانە وتاری «پەراوێزێک لە سەر ناوی گوڵ» ئیمبرتۆ ئاکۆ ـ بەشی ک* قسە دەکا ـ ئەمجار ئەزانن کە چەنددەنگی بوون دەمامکێکە کە نووسەر سازی دەکا.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# ڕۆشنبیران
# و
# بزاڤی ڕۆشنبیری لە کوردستانی ئێران

ڕۆشنبران ئەوانەن سەریان بەو پرسیارانەوە قالّە کە پێوەندی بە هەبوون و ڕەوتی ئەو هەبوونەوە هەیە /ئەم پێناسەیە بوون بە هەموو لقەکانی ژیان ـ کۆمەلاّیەتی ـ ئابووری و فەرهەنگی یەوە دەگرێتەوە/ ئەم بزاڤە لە کوردەواری دا

a) بە هەموو لایەنەکانیەوە سەپا بەسەر شێعر و شاعیردا هەر بۆیە سەردەمانـ* شاعیرێتی ڕەنگە هاو مانا لەگەلّ ڕۆشنبیریش بوایە.

b) شوێن پەنجەی ئالّ و گۆر گەلیّ سیاسی ـ کۆمەلاّیەتی جیهانی لە سەدەی بیست بووە هۆی سەرهەلّدانی ڕۆشنبیری بە مانای غەیرە شاعیریەکەی لە کوردستانی ئێراندا ئەو ڕۆشنبیرە بە گوتاری ناسیونالیستی (نەتەوەیی) گەلی کوردەوە هاتە مەیدان ... تا ئێستاش لە گوتاری ڕۆشنبیری ئێمەدا بەرەیەکی زالّ بوونە .

c) بزاڤی ڕۆشنبیری چەپ لە کوردستان کە جار و بار لەگەلّ بەرەی دووهەم تێکەلّ بوونەو هەنیّ جار خۆی لیّ جو* دەکاتەوە ئەم ڕەوتە ڕۆشنبیریە لە سەردەمانی شۆرشی گەلانی ئێرانەوە تا دوای لەناو چوونی یەکیەتی سۆویەت دەبێتە گۆتارێکی نیمچە زالّ و بەرەگەلی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی تەنانەت ئەدەبیشی لیّ بۆتەوە ... بە هۆی کێشەی سیاسیەوە ئەو گوتارە بە روالّەت کشاوەتە ئەو بەر سنوورەوە و لە ڕێگەی تەنزیماتی نهێنی و رادیۆکانەوە دەسەلاّتی خۆیان پاراستوە. کە وایە کاتـ* باس لەبزاڤی ڕۆشنبری لە کوردستانی ئێران/بە شێوەی عەلەنی/ دەکر* لەو دوو بەرەیە «فاکتور» دەگیر*



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

/ئەوە با بمێنێ* بۆ ئەو کاتەی ئەوانیش بەشداری دیالۆگەکان بن یان نەبن. /

d) ماوەیەک ڕاوەستان و پشکۆی ژێر خۆڵە مێشمان هەیە زۆرتری باسەکان ئەگەرێنەوە بۆ هەنێ لێدوان و مشت و مڕی «مەحفەلی» ... گۆڤارە کوردیەکان هیچ مەیدان* یان با بڵێین دەلاقەیەک بەرەو ڕووی ئەو باسانە ناکەنەوە ▶ بەڵام لەو ماوەدا گوتار گەلێکی وەک باوک ـ دەسەلات ـ دەمامک و وانموود ئازادی و یەکێتی نووسەران و ڕەخنەی ئەدەبی بە شێوەی خویندنەوەی نو* و...دێتە ئاراوە و لە کۆبوونەوەی ڕەسمی و غەیرە ڕەسمیەکاندا/ کە زۆر بەیان ئەدەبی بوون/ دەهاتە لێدوان...

e) لە ٧٦ بەم لاوە هەنێ مەیدانی دەربڕین بۆ ڕۆشنبیران ڕەخسا و بزاڤی ڕۆشنبیری کوردیش لەو قاوخە هاتە دەر* بەشی یەکەمی «ئازادی و کێشەی ڕۆشنبیرانی کورد» لە سیروان دا بلاوکرایەوە و بە س* جۆر هەڵس و کەوتی لەگەڵ کریا: ١ـ لە لایەن ڕووناکبیرانی ژێر باڵی دەسەلاتەوە بە توندی ڕەفز کرایەوە و وەک کێشەیەکی تاقەکەسی نوێندرا ▶ ٢ـ ئەو ڕەخنەیە هاتە سەری کە باسی گوتاری ڕۆشنبیری بەر تەسک کراوەتەوە بۆ ڕووناکبیرانی «عەلەنی» ئێستای کوردستان /کە دیارە موخاتبی ئەو وتارە هەر ئەوانیش بوون نە وەک ڕۆشنبیرانی ئوپۆزیسیون لە دەرەوەی وڵات یان حیزبەکان ▶/ ٣ ـ لە لایەن سیروان و بەرێز فەرەیدوون ئەرشەدیەوە هەوڵدرا باسەکە بەرتەسک بێتەوە بۆ سەر ئەنجوومەنی سنفی نووسەران و یەک دوو ژمارەش هەر بەو زمانە لە نووسەران ڕووناکبیران داوا کرا کە ئەو ئەنجوومەنە سازکرێت ▶ و دواجار درگایان لەسەر باسەکە بە گشتی داخست . بەڵام بزاڤەکە ڕانەوستا و هاتە ئەم مەیدانانەوە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

الف ـ گوتاری كۆمەڵایەتی له لایەن ڕووناكبیرانی ڕفۆرمیستی بەرەی دووی خوردادەوە/ عەزیز مەولوودی،خالید تەوەككولی، و ../ له سیروان و ڕۆژنامەكانی دووی خوردادی دا كه مەبەستی ئەم وتارە نیە

ب ـ بزوتنەوەی نوێخوازی ئەدەبی فەرهەنگی كه له بەیاننامەی داكار دا هاتە دەربڕین، داكار به هەموو موشكیلەو كلیشه ساز كردنی دواجاریەوە دەنگدانەوەی باشی هەبوو.له ڕەوتی دواجاری ڕۆشنبیران و نووسەراندا/هەر چەند له ڕێگەی دژایەتیكردن یا جیا بوونەوە له وان/ بۆ وێنه پۆست مۆدێرنەكان كه دواجار بۆ خۆیان بوون به چەند باڵ و هەنێكیان خزانه ژێر باڵی دەسەڵاتی سەلەفیەتەوە...واته بزاڤی ڕۆناكبیران و نووسەران بەرەو نوێخوازی به هەموو وێنەكان و دەمامكەكانیەوە /به شێوەی نووسراو/ له داكارەوە تەشەنەی كرد... له داكار بەو لاوە بزاڤی ڕۆشنبیری به شێوەی ئەدەبی فەرهەنگیەكەی پەل و پۆی بلاو دەكاتەوە /بزاڤی چیرۆك و ڕۆماننووسی له بوكان و بانه پوست مۆدێرنیزمی ئەدەبی و ڕچـــــه وەك تەوەرەی نوێخوازی ڕەخنەیی و سەرهەلدانی ڕەخنەگرانی لاو و .../

بەرەبەرە جیاوازیەكان له چوار دەستەی سەرەكی سەلەفی ـ نوێخوازـ وانموود و بێلایەن دا ئاشكرا دەبێ* /كه ئێستا سەرەتای هەرا و هوریای پێكداكێشانیانه هەلبەت ئەمجار به شێوەی نووسراو./

I. سەلەفیەت : له ئەسڵ دا ئەو باڵەیه كه باوەڕی به نوێخوازی نیه له قاوخەكەی خۆی دا ڕاحەتترە و نوێخوازان به ئەمریكی و ئۆرووپایی(بیانی) دادەنێ و گاڵتەیان پێدەكاو ئەگەر دەستیش بدا دەیان كۆژێ و دوو پووت ئاویش بەشوێنی دا دەخواتەوە هەر وەها بۆتە گۆپاڵی دەستی بەرەی وانموودی نوێخوازیش بۆ سەر نوێخوازان....

II. بەرەی وانموود : ئەو بەرەیه كه له لایەن هێز و پێوەندیەكانی دەسەلات ـ زانست دوە قوت بوونەوەتەوە بۆ



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەرپەرچدانەوەی هێزەكانی نوێخواز و لە ناو بردنیان هەڵبەت نە لە ڕێگەی ناشارەزایانەی سەلەفیەتەوە بەڵكو لە ڕێگەی«تەمێ و چاودێری»و هەڵخەڵەتاندن و حەزف«سرینەوە» و مەودانەدان بە دەربڕین و ... بەرەی وانموودی نوێخواز بە دەیان ئیسم و میسمی بازاڕی مۆدێرنیزم و پاش مۆدێرنیزمەوە دێنە مەیدان بۆ ئەوەی بەرەی نوێخواز و نانوێخواز، «بەینابەین» و ب٭لایەن بشوێنن و لە ژێرەوە /نەک وەک سەلەفی لە ڕووەوە/ پێیان پێبکەنن. ئەم بەرەیەش /وەک ڕووەكەی دیکەی کە هەمان سەلەفیەت بێت/ بچووکترین داهێنانیان نیە بەڵام لەوان زرینگترن گوێڕایەڵن لە ڕێگەی پێوەندیەکانیانەوە بچووکترین تا نوێترین گوتار لە لایەن نوێخوازانەوە بدرک٭، دەیقۆزنەوەو بە ناوی خۆیانەوە لێی دەکەنە هەراو هۆریا ئەمانە لە ژیانی کەسی خۆیان دا هەو نین، بەڵام لە پشت فافۆنی تلەویزیۆن و تریبۆن دەبنە لە مارکس رادیکاڵتر و قۆتابخانەی فرانکفۆرتیش بە سەلەفی دادەنین....ئەمانە گەورەترین کۆسپی سەرریێ نوێخوازین بۆ ئەوەی بە هەزاران دەمامکی بە ڕواڵەت زانستیانە دێنە شەڕی ڕووناکبیرانەوە...

.III بزاڤی نوێخوازی ـ ڕەخنەیی : شەڕی براکوژی، ئاوارەیی، قات و قڕی هەڵەبجە، هەرەس لە دوای هەرەس و لە هەمووی گرینگتر سروەی ئازادییەک /ئەویش بە ئاستەم/ بووە هۆی ڕاچڵەکاندنی هێندێ لاوی /بەژمارەی قامکەکانی دەست/ڕەخنەگر. ▶ ڕەخنە بە مانای خوێندنەوە ـ گومان کردن ـ پرسیار کردن ـ چەند لایەنە دیدن و نووسین لە لایەن ئەم بەرەوە هاتە ئاراوە/کە کەوتینە قۆناغی نووسین ئەمانەشی بەدواوەیە/ فارس گوتەنی«اجتناب ناپەزیرە» دەبوا یەکدەنگی ببوایە بە چەند دەنگی باوک ببوایەتە منداڵەکان سەوز یان زەرد ببوایەتە ڕەنگاڵەی بەهار قارەمان ببوایەتە مرۆڤـــی ئاسایی و بیبەش لە هەموو ئەو هێز و دەسەڵاتەی ڕۆژ لە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دوای رۆژ دادەمزرێ و لق و پۆ دەکێشێ... ئەوەش پێویستی بە نوێخوازان بوو کە سەرەتا چەمکەکان مانا بکەنەوە ... دەقەکان لە سەررا بخوێنەوەو پێناسەی نوێ و دەقی نوێ تر بخوڵقێنن بەگشتی زمانێکی دی دابێنن لە راستیدا نوێخوازان ئانارشیزمن دژ بەو چەقە رەچەڵەک بەستوانە لە لایەک و دژ بە دەمامک و وانموود لە لایەکی دیکەوە/ ئەم بزاڤە لە کوردستانی ئێرانیش دەستی پێ کرد و وەک پێشتر نووسیبووم خەریکی وەرگرن و جیا کردنەوەن ▶.. رەخنە لە سەر ئەم بەرە نوێیە بەمانای ئەوە نیە تەم بزاڤەمان نیە راستە هەن هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی دژی ئەم بزاڤە لە ئارادایە و رەوتی ئەم نوێخوازیە موشکیلەی زۆرە.. بۆ وەی /هەر لە کاناڵەکانی پێوەندی دەسەڵاتەوە هاتوونەتە مەیدانەوە.. چوونە پێش ئەستەمە، بەڵام بزاڤەکە هەیە و حاشای لێناکرێ. هەروەها حاشاش لەوەناکرێ کە بەرەی نوێخوازن یەکدست نین /و ناشبێ یەکدەست بن بۆوەی سەردەمی لووتکەیکێو ساز کردن لە شاعیر و نووسەرێک تەواو بووە.. بۆ وەی لابیرێنتەکانی جیهانی مۆدێرن و پاش مۆدێرن نایەنە ئەژمار و هەر کەس بتوانێ لەکاناڵیکیشەوە نوێخواز بێ ئەرکی خۆی بە جێ هێناوە/ هەنێ بە ئارام و لەسەر خۆ دەچنە پێش ـ هەنێ رادەکەن و ناچار دەبن هەنێ شتی دەوروبەر نەبینن ـ هەنێکیش بە شوین ناو وناوەدەرکردندان ئەگەریش نوێخوازن، خۆیان لە نوێخوازیەکەیان بە گرینگتر دەزانن.... بەڵام ئەمانە هەموویان بەرەی بزاڤی رۆشنبری ئێستای کوردستان ئێرانن بە هەموو هێز و لاوازیانەوە ـ نوێخوازان ئەگەر بە راستی نوێخوازن نابێ رەخنەگرتن لە خۆ رەفز بکەنەوە بۆ وەی تازە کەوتوونەتە رێ و هەڵە لە هەر لایەکەوە رەنگە رووبدا گرینگ ئەوەیە پێبەندی دیموکراسی بین. نوێخوازان نابێ بەشیوەی وەستاو «ایستا» ئاوڕ لە مرۆڤـــ و رەوتی رۆشنبیری بدەنەوە هەموو ئینسانێ لەتوانایدا هەیە بگۆڕدرێ لەوە قەڵس مەبن دوێنێ یەکێ



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سه‌له‌فی بووه... ئه‌میرۆ هاتۆته به‌ره‌ی نوێخوازانه‌وه... به پێچه‌وانه خۆشحالیش بن له‌وه‌ی کاریگه‌ری نوێخوازان له به‌ره‌کانی دیکه‌شدا ره‌خنه‌ی کردۆته‌وه... ئه‌و ئالْ و گۆرانه له هه‌ر چوار به‌ره‌ی بیلایه‌ن، سه‌له‌فی، وانموود و نوێخوازاندا روو ئه‌دا.../به‌ره‌ی تریش هه‌یه . به‌شیوه‌ی میتا فیزیک تماشای شته‌که نه‌که‌ین/ هه‌نه نوێخوازانیکیش که به‌لای سه‌له‌فییه‌ت دا خزاون و ده‌خزن.. به ره‌خنه‌ی زانستی بالْیان بگرن و مه‌هیلْن.

ره‌وتی ئالْ و گۆرگه‌لی دنیا به قازانجی نوێخوازانه

---

١ ـ بۆ وه‌ی سروه و ئاوینه له ژێر ده‌سه‌لاتی سه‌له‌فیدا بوو و ئه‌و وتارانه‌ش له‌ده‌ره‌وه‌ی ولات بلاو ده‌کراوه کارگه‌ری ئه‌و تۆی نه‌بوو

٢ ـ « کۆمه‌لگای ئینسانی یا...» سیروان ساالی٧٧هه‌ر چه‌ند دواجار نووسه‌ری ئه‌و وتاره له‌و بۆچوونه په‌ژیوان بۆوه، به‌لأم ئه‌و پاژگه‌ز بوونه‌وه‌ی نه‌هینایه نووسین.

٣ ـ « ئه‌ندیشه» ژماره وتاری یه‌کیتی نووسه‌ران به چ نرخیک

٤ ـبروانئه وتاری یه‌کیتی نووسه‌رانی کورد به‌ریز فه‌ره‌یدوون ئه‌رشه‌دی سیروان ژماره سالْی٧٧

٥ – به هۆی پیوه‌ندی هه‌نی له نوێخوازانی کوردستانی ئیران له‌گه‌ل جه‌ماعه‌تی«ئازادی»و دواجار /ره‌هه‌ند/ و متالای ئه‌و گۆڤارانه له کوردستانی ئیران کاریگه‌ری ئه‌و بزاڤه له‌م دیو ناب* که‌م ره‌نگ ببیته‌وه.

٦ ـ نوێخوازی و سه‌له‌فیه‌تی ... رچه (سروه‌ی ژماره ١٩٠)



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# یه‌كیه‌تی نووسه‌رانی كورد
# بۆ ص ئامانجیٚ؟

له میٚژه ئه‌دیبان و شاعیرانی كورد باسی یه‌كیه‌تی‌نووسه‌ران ده‌كه‌ن و نه‌خشه و پلانی بۆ ده‌كیٚشن و... به‌لاٚم ئه‌نجامه‌كه‌ی له چه‌ند وتار و هیٚندیٚ قسه‌ی دانیشتنه‌كان تیٚنه‌په‌ڕیوه‌و هیچ كۆڕیٚكی تایبه‌تی بۆ نه‌كراوه‌و...

كیٚشه‌كان كامانه‌ن و ئیٚمه چۆن لیٚیان ده‌رباز بین؟

ئامانجی ئه‌و یه‌كیٚتییه چییه؟

ئه‌نجومه‌نی یٚنفی نووسه‌ران ده‌توانیٚ یه‌كیه‌تی نووسه‌ران وشاعیرانی كوردیش بیٚ یا نا؟

یه‌كیه‌تی نووسه‌رانی سه‌ربه‌خۆ یانی چی؟

سه‌ربه‌خۆیی له یاسای ئیٚستاكه‌ی ئیٚراندا ده‌توانیٚ مانای پڕ به پیٚستی خۆی وه‌ربگریٚ یا نا؟

پیشه/یٚنف/ی نووسه‌ریمان هه‌یه یا نا؟

داواكاری مافی نووسین ده‌بیٚ چۆن بیٚ؟...و ده‌یان پرسیاری دیكه، هیٚشتا بیٚوه‌لاٚم ماونه‌ته‌وه و ئیٚمه‌ش له سه‌ره‌تای ریٚگه‌دا وڕ و كاس راوه‌ستاوین.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

یەکیەتی نووسەران دەبێ ناوەندێکی سەربەخۆی رووناکبیری بێ بۆ پاراستنی مافی هەمەلایەنەی نووسەران و شاعیرانی کوردستان و دووربێ لە هەرچەشنە پێوەندی و لایەنگرایەتی حیزبی و ئیدیۆلۆژیکی و دەسەلاتگەل سەقامگیربووی دەولەتی و غەیری دەولەتی، بەتایبەت کەسایەتی وابەستە/گوێلەمست/..

ئامانجی یەکیەتی نووسەران دەبێ: الف – هەولدان بێ بۆ دابینکردنی ئازادی دەربڕین، کە سەرەکیترین کەرەسەی پێویستەبۆ رێکخستنی ئەو ناوەندە و هەر رێکخراوەیەکی شارستانی. واتە بە بێ ئازادی یەکیەتی نووسەران /بە هەرناوێکەوە/ درۆشمە و بەس و نووسەران و شاعیرانی راستەقینەش لەگەل دروشمدان دا نەتەنیا تەبا نین بەلکو بە هەرچەشنە بەرنگاری دەبن. ب:– پاراستنی مافی نڤیسار/کۆپیرایت/.ج: دەرکردنی گۆڤار و رۆژنامەی سەربەخۆ و بەرەنگای کردنی هەرچەشنە سانسۆر و وشکەبیری لەو پانتایەدا...

ئەنجومەنی یێنفی نووسەرانی کورد، ناتوانێ یەکیەتی نووسەرانی کورد بێ! بۆ وەی نووسەری حرفەییمان/واتە ئەو نووسەرەی تەنیا لە رێگەی نووسینەوە بژی/لە کوردستانی ئیران نیە یان ئێجگار کەمن و ئەوانەش کەهەنە زێدەتر رۆژنامەوان بوونە نەک نووسەری حرفەیی. جگە ئەوەش بەستنەوەی یەکیەتی نووسران بە «یێنف»ەوە کارێکە کە ئێستا هیچ لایەکی پێ ناخلەتێ و بەو ئامانجەش دێتە ئاراوە کە درۆشمی سەرەکی یەکیەتی نووسەران/دابین کردنی ئازادی دەربڕین وئازادیخوازییەکەی/ بخاتە ناو کەوانەوە.

ئەوانەی پێکهێنەری یەکیەتی نووسەرانی کوردن/هیئت موئسس/دەبێ وەک شاعیر و نووسەری سەربەخۆ بناسرێن و لە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لایەن شاعیران و نووسەران خۆیانەوە هەڵبژێردراوبن ، تەنیا چاپی کتێب و دیوان لە دۆخی ئێستاکەی ئێمەدا کە زۆربەی نووسەران وقەڵەم بەدەستان بێ دیوان و کتێبن ناتوانێ مەرجی سەرەکی بێ، بۆ ئەو هەڵبژاردنە!

پێویستە سەرەتا ئەو کۆڕ و ناوەندانە لەشارەکانی کوردستانی ئێراندا بەرێوەبچێ ئەوانەی ناسراو و هەڵبژێردراون بێنە یەکەم دانیشتنی لێژنەی بەرێوەبەری کاتی/تادانیشتنی یەکەم کۆڕی گشتی/مجمع عمومی/. ئەوانەی بەنرخی ڕۆژ نان دەخۆن و لە هەموو کاسەیەکدا کەوچکن ناتوانن ببنە ئەندامی لێژنەی پێکهێنەر!

ئەندامانی سەرەکی ئەنجومەنە ئەدەبییەکانی ئیرشادی، بەناوی ئەنجومەنەوە، ناتوانن بێنە یەکیەتی نووسەرانەوە/مەگەر بەشێوەی ڕەسمی و نووسراو دەسبەرداری ئیشەکەی خۆیان بووبێتن یان ئەو بەڕیزانەی کە بەراستی وەک نووسەر دەناسرێن و بەرپرسایەتی ئەنجومەنەکانیان وەئەستۆ نەبێ/

یەکیەتی نووسەران یانی ڕێکخراوەیەکی مەدەنی کە داکۆکی لە مافی نووسین دەکا. بەبێ هیچ مەرج و ئەگەرێکی تایبەت نابێتە داردەستی هیچ حیزب و ئیدۆلۆژی و دەولەت و دەسەلاتێک!

تائەوکاتەی ڕوانین بۆ هەموو دیاردەکان لە یەک ڕۆچن و چاویلکەی یەکڕەنگەوە بێ هل و مەرجی عینی بۆ دامەزراندنییەکیەتی نووسەران تەماوییە...بەلاّم ئێستاکە جگە رووناکبیران و ئەدیبان، تەنانەت باڵێکی دەسەلاّتداری ئێرانیش درۆشمی ئازادی و ڕفۆرمی هەمەلایەنەدەدات، دۆخێکی باش ڕەخساوە بۆوەی ئێمەش هەولێک بدەین و تاقیکردنەوەیەکمان هەبێ!



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دوای ئەوەی كۆڕی پێكهێنەر /هیئت موئسس/بە پێی بۆچوونەئەمڕۆژینەكانی خۆی مەرامنامە و ئەساسنامەی یەكیەتی نووسەرانی هێنایە نووسین و لە لیژنەی گشتیدا پەسەند كرا دەب* ئیزنی یاسای بۆ وەربگیریەت یا هەوڵی بۆ بدر*. بەڵام ڕێكخراوەی یەكیەتی نووسەران ناب* خۆی ببەستێتەوە بە وەرگرتن یان وەرنەگرتنی ئەو ئیزننامەوە..ئەوەی ئاشكرایە یەكیەتی نووسەران نە ڕێكخراوەیەكی رامیاری/سیاسی/ە و نە بۆ رووخاندن و وەدەستگرتنی هیچ هێز ودەسەلاتیكی سیاسی و دەوڵەتی هەوڵ ئەدات. كەوایە هەر بەو پێیە یەكیەتی نووسەران ب*یاسایی نەكردووە و تا وەرگرتن و وەرنەگرتنی ئیزننامە درێژە بە كاری خۆی دەدات!

كێشەكانی ئێستای مە بۆ دامەزراندنی یەكیەتی نووسەران یا هونەرمەندان كامانەن؟

ئەو كێشانە لە دوو دەستە دا پۆلێنبەندی دەكرێن:

ئەلف ـ كێشەی ناوخۆیی ب ـ كێشە دەرەكییەكان

ئەلف ـ ۱ – نووسەرانی مە هێشتا هەر چاویان لە سمینار وكۆبوونەوە و كۆنگرە و ئەنجومەنەكانە كە پرۆگرامی ئەدەبی سازكەن و هێند* كەس بە دەوریەوە خڕكەنەوە..دوای ئەوەش دیسان چاوەڕوانی بۆ كۆڕێكی تر و..تاد باوەكوو لەقسەدا زۆبەی شاعیران و نووسەرانی كورد باسی دامەزراندنی یەكیەتی نووسەران دەكەن بەڵام لەراستیدا كەس تائێستا قۆڵی لێهەڵنەماڵیوە و نەكەوتۆتە شوێن كارەكەوە. ڕەنگە یەكێك لە هۆیەكانی ،وەك پێشتر باسی لێكرا، ئەوە ب* كە ئێمە نووسەرانی پیشەیی/حرفەیی/مان كەمە هەركام لە بەرێزانی شاعیر و نووسەر یا مووچەخۆری دەولەتین و یان لە كەسپ وكاری ئازادان و نووسین كاری دووهەمیانە.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەلف ـ ٢ ـ لەم وڵاتەدا ئەوکارە تا ئێستا بەکاری سیاسی لە قەڵەم دراوە زۆربەی دۆستان لایان وایە دواجار قڕەی گەورەتر و گرت و بەند و .. لەشوێنە و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کێشەدەرەکییەکان کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەی پێدەکەین

ئەلف ـ ٣ ـ لە باری ماڵیەوە کەس پشتیوانی ڕێکخراوی وای نەکردوە و نایکا. دیارە ڕێکخراوەبە بێ پشتیوانی ماڵی لای نووسەران*کە زۆربەیان لە باری ماڵیەوە وەزعێ باشیان نیە ناتوان* دایەرەیەکی بە پیز و بەتوانا ب*.. بۆیە هەموو دەڵێن : باشە بۆسازی ناکەن؟!! و خۆی لێ دوورەپەرێز دەگرن.

ئەلف ـ ٤ ـ دووربوون لە یەکدی، درەنگ دیتنی یەکتر، پێوەندی گرتنی کەم و.. کێشەیەکی ترە کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ باری ماڵی و مەرجە دەرەکیەکان.

ب ـ کێشە دەرەکیەکان کامانەن؟

ب ـ ١ ـ باڵی دەسەڵاتداری سوننەتی ، زۆربەی نووسەران بە مووچەخۆرانی ڕۆژاوا دەناس* پێیان وایە نووسەران و هۆنەرمەندان تا ئەو کاتە دەب* ئازادییان بدرێت* کە بەواندا هەڵبڵێن.. لەوە زێدەتر نۆکەرایەتییە بۆ فەرهەنگی ڕۆژاوا و ئایدۆلۆژی بیانی و... هەربۆیە نەک هەر بەرگری لە دامەزراندنی یەکیەتی نووسەرانی کورد دەکەن، بەڵکو لەگەڵ هیچ یەکیەتی نووسەرانێک نین / بڕواننە کێشەی یەکیەتی نووسەرانی ئێران و ئەو زەخت و زۆرەی لە سەریانەو../

ب ـ ٢ ـ کوردەواری بە هۆی کێشەگەل تایبەتی مێژوویی/سیاسی خۆیەوە بەداخەوە لە لایەن سیستەمەکانی دەسەڵاتەوە هەرگیز بڕواو متمانەی پێنەکراوە و بە گۆمانەوە ڕوانیویانەتە هەر جم وجووڵێکی گشتی و جەماوەری..تەنانەت ئەگەر ئەو جم وجووڵە بە ئامانجی خزمەتی ئەدەبی و فەرهەنگییەوە دەستیپێکردب* و بە ناوی ێنفی یا هەرچییەکی دیکەوە ب*، هەر بەرد دەخرێتە سەر ڕێگای. شێوەی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ڕاستەوخۆی ئەو بەرگرییە نەدانی ئیزننامەی یاساییە و شێوەی ناڕاستەوخۆیش هەناردنی داردەستەکانی خۆیانە بۆناو ئەو ڕێکخراوانە بە مەبەستی شێواندن و سەرنەگرتن یان وەدەستەوە گرتنی لەلایەن خۆیەوە*

ب ـ ٣ ـ کاتی خۆی نووسەرێکی تورکی فارسی نووس گۆتی: خراپی سیستەمەکانی دەسەلآت/هەلبەت مەبەستی ئەو دەسەلآتی پاشایەتی بوو/ ئەوەیە شاعیر و چریک وەک یەکدی تماشا دەکەن!!و بە یەک جۆر مەحکەمە دەکرێن!!

گرتنی ڕۆژنامەنووسانی ئێرانی و زیندان و فڕکەوراکەیان، بەستنی زۆر* لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی بەرەی ڕفۆرم و..لەم دەورەشدا ئەوە دەسەلمێنێ* کە بەداخەوە هێشتا ئەو گۆشەنیگایە نەفەوتاوە.کەوایە دامەزراندنی یەکیەتی نووسەرانی کوردهەلبەت بەو شێوەی کە باسکرا، واتە سەربەخۆ و بێ*لایەنگری لە هیچ لق و بالێکی ناوخۆیی و دەرەوەیی کێشەی بەدوودا دێ* و نووسەری واشمان کەمە کە خۆی لەو ئاوە خۆڕە بدا ئەوەیە تا ئێستا دامەزراندنی یەکیەتی نووسەران لە قسەی تێنەپەڕاندووە و دلنیام تا ئەو کاتەی بەرەی سوننەتی مەتەرێزەکانی لە دەست نەداوە... سازیش نابێ* یان ئەوە نابێ کە مەبەستی مەیە

* – باشترین نموونە بۆ ئەم خالە هەلبژاردنی ناوخۆیی ئەنجومەنی شانۆی شاری سەقز بوو، دوای ئەوەی کەسی دەستنیشانکراو هەلنەبژێردرا ئەنجومەنیان هەلوەشاندەوەو هەرئەو کەسەیان سەرلەنوێ کردەوە بە بەرپرسی ئەنجومەن و ../بڕواننە وتاری،« می‌نویسم تا در تاریخ تئاتر بە یادگار بماند»سیروان....



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

## «دال»ی شیعر مەدلوولی خۆیەتی و بەس

«شوێن ئاسکێکی وەحش کەوتین
ئەو کاتەی لاو بووین
هەزارمان گرت هەو نەبوون
هەر هیچیشیان
هەویش بوون
هەر هەمووشیان ..»
«درۆکانی موقەددەس»

شێعر چیە و چۆن پێناسە ئەکرێ

بەرامبەری ئەم پرسیارە ئەمەیە، زەریا چۆن لە هێڵەك ئەدرێ؟

بە پێی دیاردەناسی /فنۆمنۆلوژیا/ راستە هەر کەسە لە گۆشە نیگای خۆیەوە ویستوویە بیبەسێ بە مانا و هەستێکی کاتیەوە، بەڵام هەر ئەوکەسە دوای ماوەیەك رەنگە پێناسەکەی خۆی رەفزکاتەوە و بە جۆرێتر بۆی بچێ،دەڵێن زمان سەرەتای بوونی مرۆڤە ... کەوایە دایە گەورەمان فێر باوە ئادەمی کرد و بووە هۆی دەرکردنمان لە بە هەشتی خوایی... یان ئەو داشە «ئیستعارە»یە بوو کە «گایا» دایە دەست«کرۆنووسی» کوڕی بۆ وەی باوکی خۆی «ئۆرانووسی» پێ لەت لەت بکاو.... هەر بویە شیعر بە پێچەوانەی زانست مل ناداتە /تابۆ/ یاساکانی باوك و لە هەموو «یۆتۆپیا»یەك فرێ دەدرێتە دەرەوە/هەڵبەت ئەگەر کچی دایکی خۆی بێ/ ئاخر شێعربنەی دایکانەی هەیە و ئێستاش مل کەچی دایك سالاری رۆحی نەرم و ژنانەی ئیلاهە «ئۆرفە»یەکانی ئاسمان



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

وزه‌وییه! هه‌ر بویه به ناوی « ته‌ئنیسی» /مێی/په‌ری و فریشته و ئیلاهه‌وه گۆش کراوه،

Orphee /ئۆرفه/ له‌میتۆلۆژیا یوونانیه‌کانا، ناوی شاعیرێکی ده‌نگخۆش و سازێنه‌ری «چه‌نگ»ه که به‌هێزی شێعره‌کانی گیانه‌له‌به‌ران، ته‌نانه‌ت داروبه‌رد ئه‌هه‌ژێنێ... بۆوه‌ی ناتوانێ داوی /evridice/ ئورییهیمی خێزانی بژی به ئیزنی خواکان؟ ده‌چێته جیهانی مه‌رگ ... به‌ڵام له‌گه‌ڕانه‌وه‌دا، باوه‌کوو ئاوڕدانه‌وه‌ی لێ مه‌نع کراوه ... ئاوڕداته دواوه و به‌و بۆنه‌وه ئوریدیس بۆ هه‌تاهه‌تایه ون ده‌بێ و ئورفه‌ش ده‌بێته ئوستووره‌ی شاعیرێ که به بێ خه‌یاڵی ئوریدیس ناتوانی بژی و به‌رده‌وام له شێعره‌کانیا ئوریدیس ئه‌ژیینێته‌وه...

ره‌نگه مۆسیقای شیعر ده‌نگدانه‌وه‌ی«نا»کانی ئورفه بێ له چه‌نگه‌که‌یدا بۆ نه‌زمی دڵڕفێنی سروشت و نمه‌ی باران و جوانی ئه‌ستێران له چاوه‌کانی ئوریدیس‌دا نازانم .... به‌ڵام ئه‌زانم خه‌یاڵی ئورفه سێهه‌م که‌ره‌سه‌ی شێعری بوو /دوانی زمان و موسیقا/ بۆ ژیانی به‌رده‌وامی له‌گه‌ڵ ئوریدیس و نوستالژی شیعری....

یان شێعر ... ره‌نگه که‌مه‌ربه‌نده‌که‌ی «ئافرودیت» بێ که « پاریس» ی paris هاندا له نێوان «وێرا» و «ئاتنا»دابووه و به‌رده‌وام ناچار بووه له‌گه‌ڵ دێو و درنجان به شه‌ڕ بێ و چه‌کی به‌ره‌نگاری له‌شان بکان...

هه‌رچی بێ گومان له‌وه‌دایه نیه که شیعر له جنسی ئیلاهه‌یه و حه‌زی له یاساکانی به‌ستنه‌وه‌ی پیاوانه نیه شیعر جگه زمان هیچی‌تر نیه، ده‌سه‌ڵاته‌کان زمان سازیان ئه‌کاو شیعریش لهۆ ده‌سه‌لاتانه‌یه که به یاری وشه ساز ده‌کرێ و ده‌فرێ... «یاریه‌کی ئازاده به‌ڵا, وا ئه‌نوێنێ که به راستی خه‌ریکی یاری ئه‌قڵه»



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەر بۆیە دەسەڵاتەکانی ئەقڵ و مانا و یۆتۆپیاکانی سەرکەوتن و دیوایە گەورەکان بەردەوام هەوڵی ڕاوکردن و هاوردنە ژێر ڕکێفی خۆیانیان بوداوە و هەرگیز وەک دەسەڵاتێک دیانیان پیانەناوە: بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە شیعر لە مێژە ئاڵای سەربەخۆیی هەڵداوە، هەرچەند مقەستەکانی زانست ـ دەسەڵات لە زۆر بڕگەی مێژوویی‌دا پەل و پویان کرد بێ دیسانەوە وە قەقنەس لە ئاگری لەشپی خۆی بووژاوەتەوە و بانگی سەربەخۆیی هەڵداوەتەوە،

«شمشێرە تیژەکانتان فڕدەن

شەونم ئەیانرزێنێ

شیعر نەیانبەزێنێ (٢) /شکسپیر/

«من آنم که در پای خوکان نریزم

مرا این قیمتی در، لفظ دری دا» /ناصر خسرو/

«گۆشتی من ڕاخەن بە ماشا

لە من خەن تیرو کەڤانا

ناچمە دیوانی .. میروحاکها» /فەقێ تەیران/

بەڵام ئایا شیعر ئەتوانێ هەتا... هەتایە... خۆی لە بازنەی زانست دەسەڵا" بپارێزێ و ئەو کەلەبچە نەچێتە پای، کەواتە لەمێژوو دا سەدان جار بەزۆر چەپاندوو یانەتە پای و زە وشییان پێوە بەستۆتەوە

سەدان جار ئەینووسمەوە

ئەدز هەرگیز ناخولێتەوە» /لە زمانی کالیلەوە/

دیارە شاعیر لە ناو هەر کۆمەڵێک‌دا بژی زمانی چەند هەزار ساڵەی ئەو گەلەی لە پشتە شەڕ و ئاشتی، هومێدورەش بینی، ڕەنج و شادی ، داگیر



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کراوی و داگیر کەری و برا کوژی و ئاوارەیی، مۆسیقا و گورانی و خۆشەویستی ، یاری و گەمەو بەیت و باو داب و نەریتی ئەو گەلە وەك ئەزموونێکی مێژوویی لە ناخودئاگای» بیرو هەستیدا ئەژی و ئەکوڵێ و ساردئەبێتەوە و لەگەڵ ئەزموون و رۆشنبیری کەسی خۆیدا تێکەڵ ئەبێ و لەکاتی خولیایی دا بێ ئەوەی بیر لە «فرمۆڵێ» شیعر بکاتەوە، تەنیا رێکە ئەداتە هاتنە دەرەوەی ئەو سێلاوە بو ناو دەمارەکانی خامە... شاعیر بیر لە فرمۆلی شیعر وەك پێناستە ناکاتەوە، وەك چۆن هەنگ بیر لە فرمۆلی هەنگوین ناکاتەوە»وەك چۆن پەپوولە بیری لای سووتان نامێنێ... وەك چۆن بولبول ئاگای لە پەنجە تیژەکانی هەڵۆی دەسەلات نیە ... ئەو گوڵی لامەبەستە و گۆرانی... کە هەزاران ساڵە فێری بووە و دڵنیام ئاگای لە دەزگا و نۆتەی گۆرانیەکانیشی نیە... ئەوە کێشەی ئێمەیە کە ئەمانەوێ پێناسە بۆ چرینی بولبول ساز کەین... هەنگوین فرمۆڵە بکەین یان ئەشقی پەپوولە لە بپێوین....شێعر دۆزینەوەی پێوەندیگەلێکی نوێیەلە نێوان دیاردەکانی سروشتا.... لە نێوان سروشت و مرۆڤا....لەنێوان من و تۆدا.... من و کۆمەڵدا.... لە نێوان من و خۆمدا.... لەبەین زەوی و ئاسماندا لەنێوان هەست و نەستا.... لەنێوان شێعر و پەخشان و فەلسەفە و زاستا- لەنێوان ئێستا و مێژوو ئایەندەدا.... شعر ئەشق و نفرت و بێلایەنی زمانە.... ئەرێ شێعر چی نیە.؟ شێعر هەرخۆیەتی و بەس.... شیعر منم کە رەنج ئەبەم شیعر تۆشی کەئەمکوژی شیعر ئێمەین کە رەنج کوژین.... بە موسیقاوە یان بێ مۆسیقا — بە مارشەوە یان بە دزیەوە و لە بەندیخانەیەکی تۆڕدا...

«نیچە» ئەڵێ فیلە سووفان هەرچی خۆیان هەڵمستین.... فرۆفشیتاڵ بەکەن... کتێبی قەبە قەبە چاپ بکەن یان هەڵیت و پڵیت بڵێن و رشیپان



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دانێن و گاڵتە بەوانی تریکەن.... جگە خۆیان و دەروونی خۆیان هیچیان نەگوتووە..../نیچە:ئەوپەڕی چاکە و خراپە/ منیش ئەڵێم ڕاستە- شاعیریش پەت لەخۆی تێنەپەراندوە.... جا ئەو خۆیە کێ بێ.؟ یەکێ بێ بازنەیەکی دەسەلات هەڵیمساندبێ.؟

یان: ئەوینێک ئاگری دابێ و دەردێک پکشیاندبێتەوە و زل هێزێک پای نابێ بە سەریا.....

یان: گیری کردبێ بەدەس "ژوزفین" و سالوومە و "ناتالیا" یەکەوە.؟ سما نوێل کانت شێعر دەبەسی بە جواینەوە و سەرچاوەی جوانیش بە سروشت و نەزمی سردشت ئەزانێ بەلاّم هەربەتە نیا لاسایی کردنەوەی ڕاستە و خۆی سروشتیش بە هونەرنازانێ و باسی نبوغ ئەکاو داهێنان کە پی وایە هۆنەرلەزانین/کارلەرووی زانستەوە/ جوێ دەکاتەوە.... بەلاّم کاتێ دێتە سەرپێناسەی نبووغ و داهێنان ئەوە ئیتر دائەمێنێ :

"ئەتوانین هەموو ئەو شتانەی "نێوتۆن"لەبەرهەمە قەت لە بەین ئەچوەکەنیدا/ بنەمای حکمەتی سروشت/اصول حکمت طبیعی/هاور دوویەتی بە باشی فێربین، سەرفەنەزەر لەوەی چمێشکێکی گەورە پێویست بووە بۆ خوڵقاندن و دۆزینەوەی ئەو بنەمایانە" بەلاّم ناتوانین شێعرێکی ڕەوان بڵێین... هەرچەندەش یاسای هونەر و ئامۆژگاری شارعیرانی باش و سەرکەوتوو بخوێنەوە و فێری بین١

دیارە لە بەر ئەوەی نیوتون خۆی ئەیزانی چی کردوە و ئەشی توانی هەرئەوشتە فێری قوتابیەکانی بکا... بەلاّم شاعیران لەکاتی خولقاندندا بیرلە فرمۆلی شێعرەکەیان ناکەنەوە. وەک باسی کرا ئەوە بەکێشەی خۆیان نازانن. ئەوە کێشەی کانتە کە ئەیەوێ بزانێ نبود و داهێنان چیە؟



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

"عین‌القضات" ئەڵێ : ئەی جوامێر! ئەم شێعرانە بە ئاوێنە بزانە ئەزانی خۆ ئاوێنە خۆی سیمای نیە... بەڵام ئەوەی لێی بروانێ خۆیی تیادەبینێ هەوەها ئەوە بزانە کە شیعر لە خۆیا بێمانایە، بەڵام هەرکەسە و ئەوەی لێی تێ ئەگا کە رەخنەی رۆژگار و کەماڵی کاری خۆیەتی/ئەیەوێ یان حەز ئەکا تیا ببینێ/٢

ئەمە بۆ چوونێکە کە دواجار دیاردە ناسانی ئورووپی لەهۆسرێل‌ەوە تا دوایی... سەبارەت بەدەق و خوێنەر دایان و ئەنجام گرنیگی داهێنان لەنووسەر و شاعیرەوە گویزایەوە لای خوێنەر رەنگە لەسەردەمی"عین‌القضات" دا هەردوو جۆرە ئاوێنە/ساف و ژەنگ‌دار/ هەبووبێ و "عین‌القضات" باشی بۆ چووبێ ـ بەڵام ئێستا زانستی درۆو شه نعەت فەرهەنگ ئەوەند ئاوێنەی جۆراو جۆریان ساز کردوە کە ئەتوانن ماست بەرەش و رەش بە سپی بنوێنن کە وایە هەروا کە شاعیری بە توانا و لە شاعیر چوومان زۆرە، خوێنەر دەبێ ئەو گرینگەمان لەبیرنەچی کە شاعیر و خوێنەری بە توانا هەڵبژێرین ئەگینا ئەکەوینە دوای سەنعەت فەرهەنگی‌وە.

زمانی سەنعەت یانی کارخانەی شیوسازی لەدووی چوار جیوانەوە کە باوەیان بەپێی دەسەلاتێک ئەیانی وێ باوبێ. شیو سەنعەت یانی شیعری شەوچەرە بۆ کاتی بێکاری وگەمە یانی" سەرپۆشێک بو سەر درندایەتی ناوکۆمەڵگا و بە ئەسپایی رۆشتن بەلای درندەدا بۆوەی هاشاوڵت بۆنەبا... یانی نەفی ئاڵ و گۆری سوڵتە و سوپاپی ئیفنسال بۆ کۆمەڵگایەکی بەری لەعەداڵەت و سەربەخۆیی و ئازادی" شیعری سەنعەت یانی دژایەتی کردن لەگەڵ شیعر- لەگەڵ سەربەخویی هونەر و زمانی ئانارشی هۆنەری



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ڕەسەن دژی بینای کۆن... بۆ ئەو شتانەی کەنیە... یانی نوقم کردنی دەنگی تاقەکەس لەناو کۆمەڵدا یانی سازکردنی زەوقی گشتی بۆ پەرەدان بە سەرمایە و قازانجی زیاتر" یانی سازکردنی "سیستەم" لەلایەن ڕۆژگاکانی پێوەندی جەماوەرەوە... یانی ئازادکردنی لەش و هێرش بۆسەر ڕۆح [٣] بەڵام زمانی هۆنەر بە پێچەوانە "داڵەی تا قە کەس ئەدا لەبەرامبەر کۆمەڵدا وەک ئاررشودەڵێ: هونەر" "ئپوزسیون"ی سەنعەت فەرهەنگە: زمانی هونەر یانی زمانی نامۆ کردنەوە...

یانی دەرچوون لەبازنەی زمانی ئەوانیتر... یانی تازەکردنەوەی پەیتاپەتیای دەقەکان ماناکان... یان بێماناییەکان... یانی زمانی دەروونی من بە هەموو جیاواز یەکیەوە کەگەلەڵ زمانی تۆ هەیەتی زمانی هونەر وەک کانت ئەڵێ یانی زمانی نبووغ.

بەداخەوە کەسیش مانای نبووغ نازانێ!! ڕەنگە نبووغ یاری کردنێ بێ بەسەر پردی سراتەوە خلیسکان بە هەرلایەکدا /دەی کوژی/ دەبێتە یاری مەرگ!

شێعر:

بەرهەمی ئەشقە بە مرۆڤـ

و مرۆتایەتی! مرکات " ال"ە کانی

شێعر کەوتبێتینەو تۆڕی ماناوە ئەوەیان درکاندوە

شێعر دژی یاساکانی موقەددەسە! بۆوەی شێعر مێژوو بە

مێژووی مرۆڤـــ نازانێ... مێژوو درۆیەکی گەورەیە... درۆیەک کە

ئەیەوەێ

نیۆنیێ کە ڕاستە: بەڵام شیعر ڕاستێکە کە بە جلی درۆوە دێتە گفتگۆ

بەڵام ئێستا؟



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

له جیهانیکی دۆڕاودا ئەژین!

لەسەردەمی مەسخی وشه

به نرخەکاندا... سەردەمی

دەسەڵاتداری و دیکتاتۆریەتی زمانی باوکدا:

---

لەجیهانی زمانی دووهەزار رووی ئینترنێت و سیبرنتیکا... ئەو و شانەی سەردەمانێ خەڵکی لەخەوداپچڵەکاند... ئێستا بوونەته تۆڕ و شێعری پێ راو ئەکرێ و خەڵکی پێ گەوج...

سەردەمانێ که عەقڵانیەت و زانستی پوزیتیویستەکان... بۆته بۆمبای قەڵەو قەڵەو و کوشتاری قەبه قەبه: له ئاشویتسەوه تا جینۆسایه.....

وشەگەلی ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و یاسا و ئەوین... کەو توونەته زیندانی سەنعەت فەرهەنگ لەتلویزیۆن و رادیۆ و گۆڤارەکانی درۆدا

لەسەردەمی مەرگی واقعتەکانا... لەجیهانی شبهی واقعی و "وانموو"دا جیهانی شاعیر و نووسەر و هونەرمەند سازی لەشەو و رۆژێکا... جیهانی گەوره کردنەوەی سیمای ناواقعی/لەشێعر چوو و لەشاعیر چوو/ به ناوی شیعر و شاعیرەوه له جیهانی حیزبایەتی و شۆڕ شگێری دڕۆدا....

شێعری بەسزمان چی لەدەست دێ!؟ جگه هەڵاتن دپەنابردن به قووڵایی دەروونا... جگه هەوڵدان بۆ شکاندنی ئەو زمانه کلیشه دەسەڵاتانه... جگه هەواڵدان بۆدەر چوون لەوبازنه نەحسانه... جگه کوشتنی ئەو باوکه زمانیه... ئەسەن کێ ئەڵێ شێعر ئەبێ حەتم ئەوکێکی هەبێ...

تاکه لەکۆڵ شێعر نابنەوه؟!



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

1. نقد قوه حکم- اما نوئل کانت-عبدلکریم رشیدیان- نشرنی ۱۳۷۷ چاپ اول ص ۲۴۵
2. " نامه‌های عین القضات همدانی" تصحیح علینفی منزوی، صفیف غیرات- تهران ۱۳۶۱ – نامه ۱۵ ص۲۱۶
3. له‌زمانێ تووکویل "ه‌وه" "دیالکتیک رۆشنگریٚ ئادز تر....



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

## توسعــــــــه“

## «دال»ی بر مدلولهای بیشمار

«فهم هرمنوتیکی/Hermenotic/ توسعه این است که دریابیم توسعه برای ما در حال حاضر چه معنایی دارد. فهم هرمنوتیکی نتیجه گفتگوی اصیل میان حال و گذشته است واین فهم هنگامی رخ می‌دهد که میان حال و گذشته ادغامی از افقها وجود داشته باشد. شرط ادغام چنین فهمی خود سنت است» /گادامر نقل به معنی/

در عصر تسلط و دیکتاتوری زبان در زمانه مسخ واژه‌های ارزشمند و روایات بزرگ و یوتوپیاها.. هر پدیده‌ی‌اجتماعی می‌تواند وانموده و شبه واقعی باشد از آن جمله؛ توسعه.. آزادی.. عدالت.. حقوق.. قانون.. علم و... که در زمانهای گوناگون نقشهای خوب، بد، وحشتناک بازی کرده‌اند و هر کدام به خودی خود می‌توانند روایاتی بزرگ خلق کنند و آن را در جهنم«آشوتیس»ها و سرد خانه‌های«سیبری» بیندازند.

پدیدارشناسان نشان‌دادند که هرکدام از این واژگان از منظر هزاران نفر /مخاطب/ می‌تواند هزاران تأویل و تعریف پذیرد. مسلماً تعبیر قبایل آدمخوار از واژه توسعه /یا معادل آن/ با برداشت جامعه مذهبی، سوسیالیست.. مدرن و غیره... گوناگون و گاه متضاد است.

نمی‌خواهم بگویم«توسعه‌ها بسیارند پس توسعه‌ای وجود ندارد» فقط می‌خواهم اینرا گوشزد کنم که اینقدر علم و «پوزیتیویستها» را به رخ نکشیم و با وانموده‌ها و کلمات قشنگ همدیگر را نفریبیم.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

توسعه برای ما در حال حاضر یعنی«توافق نوعی ما» دراتحادملی، برای«حق حیات، آزادی بیان و جستجوی سعادت»!

و مشکلات عمده در راه توسعه عبارتند از؛ نهادینه نشدن فرهنگی اجتماعی هیچکدام از اصول فوق.

تردیدی نیست که تسلط نظامهای سلطه گوناگون در تاریخ چند هزار سالەی ایرانیان/و کردها گاه بەعنوان مجموعه و گاه زیرمجموعەی ایرانیان/ و وجود کلکسیونهایی از قدرتهای مستبد در اپیستمەهای سیاسی، نظامی، فرهنگی... ایرانیان تأثیری واحد و گاه گوناگون بر نظام زبانی/نشانەای/ موجود به جا نهاده اند و شکستن حصارهای زبانی آنها در جوامع اسطورەگرای شرق چندان ساده نیست. /البته اگرموقتاً از تعابیر پست مدرنی پایان تاریخ و شالوده شکنی و... بگذریم و اگر به تاریخ‌گرایی متهم نشوم... چون خود را از طرفداران حقوق طبیعی می‌دانم/

ابتدا از نظامهای استطورەای به عنوان ناخودآگاه جمعی و بعد تاریخ بحث را آغاز می‌کنیم بدون مقدمه باید گفت: نظام اسطورەای ما، ظاهراً بر پدر و قهرمان مذکر نجاتبخش متکی است. البته پدرها فرزندان را می‌کشند و رستمی می‌باید تا استقلال ایران زمین تأمین گردد و آرشی که سرحدات را مشخص کند... در تاریخ نیز فرهنگ نهادینه اعتقاد به بروز قهرمانان ناجی از گئوماتا و ابومسلم و مازیار و بابک گرفته تا نادر افشار/که پسرش را کور کرد/ میر پنج و شیخ فضل‌الله و مدرس و کوچک و بزرگ خان جنگلی و.../در کردها نیز از خان لب زرین و شیخ عبیدالله تا شیخ سعید و شیخ محمود و قاضی محمد.../کاریسماهایی که سر بازند یا پیروز شوند و کیست که نداند ایستالینها و....ها در صورت به قدرت رسیدن ضرورتاً دیکتاتو خواهندشد و اساساً دیکتاتوری یا استبداد معروف شرق در همان نهادینه شدن سلطه زبانی گفتمان **پدر– زور** به جای گفتمان **فرزندان و گفتگو**ست.

ماکیاولی در نامه به شهریار به دقت بر این تفاوت/ استبداد شرق و غرب/صحه می‌گذارد[1]؛ «سلطنتهای شناخته شده به دو صورت اداره می‌شوند:

---

[1] N. machiavelli. The prince Newyork ١٩٥٠ p ٤٣



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

۱ـ نوعی که حاکم و کارگزارانش حکومت‌کرده و وزرا به لطف و اجازه حاکم او را در حکمروایی بر قلمروش یاری می‌رسانند.

۲ـ نوعی که حاکم و اشراف /بارونها/ حاکم بوده و موقعیت آنها به لطف و مرحمت فرمانروا است که نجات و اعتبار خانوادگی آنها را حفظ می‌کند.در حکومت نوع اول حاکم/شاه/ از قدرت بیشتر/نامحدود/ بر خورداراست مثال این دو نوع حکومت در این زمان شاه ترک و شاه فرانسه است.»

بعدها دیویدهیوم، مونتسکیو، هگل، مارکس، ... بر این تفاوت صحه گذاشتند به نظر مونتسکیو؛«جوامع شرق هیچ محدودیت، واسطه و ممنوعیتی برای حاکمانشان نمی‌شناسند، زیرا اساس این جوامع یک اصل اساسی‌است؛ **ترس!**

در این جوامع انسانها خلق شده‌اند تا از اراده مطلق حاکم کورکورانه اطاعت کنند و انگیره‌اش ترس است[2]» هگل نوشت؛ «**شرق میدانست و اکنون نیز می‌داند که تنها یک تن آزاد است و جهان یونانی و رومی میدانستند که گروهی از افراد آزادند و جهان ژرمنی می‌دانست که همه آزادند.**[3]» و صد البته میدان برای شورش فکری مدرنیته که اساس توسعه‌های فرهنگی، فلسفی، سیاسی و اقتصادی... است در جوامع دوم و سوم بیشتر فراهم بود و دیدیم که چگونه نقد تاریخ تاریخ دیگری آفرید؛ عصرروشنگری زمینه را برای نهادینه‌کردن بینش تازه آماده‌کرد«چنین بینشی در واقع بینش **پرسش و اعتراض** بود. پرسش راجع‌به آنچه وجود ندارد و اعتراض به آنچه حکم‌فرما شده‌است»/آدوینس/

البته در ایران نه تنها پرسش کفر بود. بلکه اعتراض هم کیفری کمتر از مرگ نداشت. اگر قبول‌کنیم که دستاوردهای هنر، فلسفه و علم جهانی‌است و نباید در انحصار هیچ نظام خاصی از سلطه باشد/که متأسفانه اکنون هست/ پس، ما نیز می‌توانیم با نقد ریشه‌ای استبداد شرق، راه را برای مرحله‌ای دیگر از تاریخ و گذار به جامعه مدرن فراهم کنیم؛

---

[2] G-Montesqviev- the spirit of the lows. New york ۱۹٦۳ p-۲۳
[3] G- Heyel. The philosophy of his teory. Newyork –۱۹٤٤-p.۱۰٥



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بررسی استبداد حداقل از زمان حکومت قاجار به بعد ضروریست... زیرا قاجاریان بسیاری از مشخصه‌های استبداد شرق را آشکار کردند؛«پادشاه را شاه شاهان، سلطان سلاطین، قبله‌عالم، مطیع کننده اقالیم.. دادگستری مردمان نگهبان گله‌ها... حامی بیچارگان، فاتح سرزمینها، سایه خداوند در زمین/ظل‌الله/ و... می‌نامیدند A[4] قدرت شاه به طور بالقوه بسیار گسترده بود، او مالک همه زمینهای غیر وقفی بود که قبلاً بخشیده نشده بودند. او می توانست دارایی آنهایی را که معضوب شده بودند مصادره کند/A/ رعایاش را در موقع ضروری برای قشون فرا می‌خواند/A/ و مستقیماً در بازار در تثبیت قیمتها، خرید و فروش و انبار کردن مواد غذایی مداخله داشت/A/ وی صاحب مرگ و زندگی رعایایش و عزل ونصب صاحب منصبان قلروش بود/A/ که عبار بودند از وزرا، مستوفیان میرزا های درباری ایالات مرکز، افسران و مأموران ارتش، حکام سراسر کشور، شیخ الاسلام، که رسماً عنوان رهبری جامعه اسلامی در ضهر را بعهده داشت، کلانتر که بر تولیدات اصناف و محسب که بر کارهای عمومی بازار نظارت داشت/A بطورغیرمستقیم/ به نظر می‌رسید که قدرت شاه از دربار به همه مناطق امپراطوریش گسترش پیدامی‌کرد/B/[5]» هر کدام از این گزینه‌ها چنان نهادینه شده بود که انقلاب مشروطیت، که خود تحت تأثیر سلطه زبانی/فرهنگ اعتراض/ انقلابات جوامع غربی بود. نتوانست کاری از پیش برد... فقط اختلافات اساسی سنت و مدرن را آشکار تر ساخت و اعتقاد به کاریسمای رهبر را بیشترنمود... گفتمان آزادی از راه زور و اسلحه و جنگ به همان شکل باقی ماند ونقد ریشه‌ای میدانی برای نشو و نما نیافت ... و البته شاه همان شاه و خان همان خان ومملکت همان مملکت باقی ماند و مردم هم آزاد بودند که خدا را شکر کنند که در گیرودار«آشوب و بلوا» نمرده‌اند، این گفته‌ها حمل برنادیده گرفتن نوگرایان و اهداف خیرخواهانه و اصلاح طلبانه جنبشها و اعتراضات توده‌ای تاریخی ملی و مذهبی و... رهبریت آنان نیست، فقط

---

[4]- هر کدام از این گزینه‌هارا با A و Bمخصوصاً مشخص کرده‌ام: A برای گزینه‌های که اکنون نیز سلطه زبانی خود رادارند. B برای گزینه‌هایی که کاربرد زبانی نشانه‌یی سابق را ندارند

[5] ـ یرواند ابراهمیان- مقالاتی در جامعه شناسی ایران



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

موشکافی مسئله از دیدگاه کلی‌نگر پدر در ناخودآگاه جمعی به عنوان کاریسما است.

نقد تطبیقی گزینه‌های بالا نشان می‌دهد که /بقول فوکو/؛ هر لحظه از تاریخ ما نه لحظه‌ای/مرحله‌ای/ در خط تکامل/و توسعه/بلکه لحظه خاصی است که نشانگر تأمل مخاطره‌آمیز سلطه‌ها و نبردهاست و ما از شکلی از سلطه به شکلی دیگرسلطه افتاده‌ایم و با تأسیس رژیمهای حقیقت/!!/ بر ضد و بردیگران حکومت کرده‌ایم[6]»

اما اینکه قبول‌کنیم که حقیقتها بسیارند و تنها رژیم حقیقت ما نیست که در جهان/یا در ایران/ وجود دارد می‌تواند اولین گام باشد برای خارج شدن از دایره آن نوع سلطه/یا نظام تک سلطه‌ای/که البته همه می‌دانیم که چنین نظامی وجود خارجی ندارد، زیرا در نظام به ظاهر تک سلطه‌ای سلطه‌های زبانی دیگر نیز وجود دارند که پیوسته بر پتانسیل قدرتهای خویش می‌افزایند و آن را برای لحظه‌ی «تعامل مخاطره آمیز دیگر» نگهداری می‌کنند. از آن جمله سلطه‌های زبانی؛ فرهنگی هنری، قومی، طبقه‌ای، سیاسی،اقتصادی و سیبرنتیکی.... که در عصر ما از قویترین قدرتها هستند.

چنانکه دیدید نظام به ظاهر یک سلطه‌ای/و بعد یک‌حزبی/ شاهنشاهی بعداز مشروطیت نیز با تمام قدرت به قلع و قمع گفتمان‌های ملی، مذهبی، سوسیالیستی و... پرداخت اما آنچه ماند سلطه زبانی گفتارهای مذکور بود و آنچه رفت نظام شاهنشاهی بود و... اما متأسفانه چون قدرت /سلطه/ گفتمانهای سیاسی بر همان کاریزماتیک پدر و رهبر مذکر استوار بود، توسعه سیاسی/غیر از مقطعهای که قدرت کنترل حاکمیت کم بود/ صورت نگرفت. در عوض گروها و دسته‌های خشونت طلب و شبه فاشیستی سازمان یافت و حدیث مفصل.. که در توان این مقال نیست.آنچه ماند روشنفکران فراری وسازمانهای محفلی و زیر زمینی و دوباره جمع آوری نیروهای مخفی برای«تعامل مخاطره‌آمیز دیگر» بود ..

---

[6] ـ میشل فوکو ، از کتاب فراسوي ساخت گراي و هرمنوتيك...



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

در کردستان نیز وضع از آن بهتر نبود؛ کاریسماهای سیاسی در طول تاریخ در فکر انقلاب(!!) مداوم بوده‌اند وهیچگاه تحلیلی مشخص از شرایط و سلطه‌ی موجود ارائه نداده‌اند و طبق معمول همیشه شکست خورده‌اند و همراه خود علاقمندان پر شور وصادقی را به شکست کشانده‌اند/ این گفته دفاع از رژیمهای خودکامه‌ای نیست که همیشه به شدیدترین نحو تا کشتار جمعی شهرها و روستاها کردها را سرکوب کرده‌اند/ بلکه نقدیست ریشه‌ای از سیاست و تحلیلهای همیشه چون یک آنها و همیشه منجر به شکست که در طول تاریخ شاید نمونه‌ای برایش پیدا نشود.. جالب اینجاست که هیچ وقت از شکستهای متمادی خود تجربه نگرفته‌ایم و همیشه در همان چاهی افتاده‌ایم که دفعه قبل نیز افتاد بودیم. بعد از التیام هر زخم مشغول فراهم‌کردن زمینه برای شکست دیگری بوده‌ایم. بقول محمد مکری/از نویسندگان کرد/«بذی شؤرِشی کورد هةتا..هةتايةا!»ـ زنده باد انقلاب ابدی کردا!!ـ طنزی قوی و رسا؛

شیخ سعید به مقابله ترکهای جوانی بر می‌خیزد که خود/ظاهراً/ در حال انقلاب و اخراج بیگانگان هستند و توده‌های ترک را پشت سر دارند. شیخ محمود هنوز مشکل کردها را با امپراطوریهای سلطه‌ی اطرافش حل‌نکرده در فکر اخراج بریتانیای کبیر(!!) است. قازی محمد/ از خوشنام‌ترین رهبران کرد/ بدون کسب حمایت توده‌های شهری و روستایی بسیاری از نقاط کردستان، اعلام استقلاال و جمهوری می‌کند و بیشترین همش بر پشتیبانی مقطعی خارجیا نیست که انسان را با نفت عوض می‌کنند و چه صادقانه سر در راه اشتباهش داد. و ملامصطفی با اتحادهای بیجا با رژیمهای خودکامه هرازگاهی«هەرسی»/بهمن/ دیگر بر شکستهای دیگر می‌افزاید.

وئاپو هنوز حق تعیین سرنوشت کردهای ترکیه را نگرفته مدعی براندازی قدرتهای جهانی امپریالیسم و صهیونیسم و ارتجاع منطقه و.. شد. احتمالاً متهم خواهم شد که سیاست حکومتهایی را که هیچ وقت کُردها را به رسمیت نشناخته‌اند و«سرکوب»/سیاست همیشگی/ آنها بوده‌است را تأیید کرده‌ام ، که چنین نیست اما ساده اندیشی است که فقط سرکوب را عامل شکستهای تاریخی قلمداد کنیم و داستان ادامه دارد...



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

اگر؛ روشنفکران کرد همگام با روشنفکران اصلاح طلب سایر اقوام با نقد ریشه‌ای سیاست‌گذشته در جهت نهادینه‌کردن گفتمان **فرزندان و گفتگو** گام برندارند.

اتفاقاً شرایط تاریخی برای چنین اقدامی اکنون بعداز دوم خرداد در ایران در حال شکل گیریست... روشنفکران کرد اگر دچار «چپ روی کودکانه» قبلی نشوند و اصلاح طلبان اگر قصد نهادینه کردن گفتمان گفتگو و توسعه سیاسی را دارند؟ باید قدم پیش بگذارند .. نمی‌گویم گذشته را فراموش کنید اما از گذشته پندگیریم و آن را نقد کنیم.

همه میدانند در جنگ و درگیریهای داخلی و حذفهای به ظاهر فیزیکی پیروزیی وجود ندارد. نیروها هرز رفته و روند توسعه کند خواهد شد.

مگر اینکه در راه نهادینه‌کردن فرهنگ توسعه و اتحاد ملی گام برداریم و سعی‌کنیم درگیریها را قلمی کنیم...تضادها و درگیریهای قلمی در حوزه‌های مختلف راه را برای آزادی بیان/احزاب،سندیکاهاو محافل روشنفکری بعنوان بازوی مردمی، پشتیبان جامعه‌مدرن/عدالت اجتماعی و دمکراتیزه شدن فراهم‌خواهدکرد... فراموش نکنیم که هر طرح تحلیلی/برای توسعه/ که در علوم اجتماعی بکارمی‌رود با مشکلهای بنیادی پیوندی عمیق دارد» مشکلهای بنیادی را دریابیم و از نقد آنها نهراسیم که زمانه به نفع ماست. به نفع مردم و دمکراسی در جامعه‌ای مدرن!

در خاتمه من نیز می‌گویم:

**«همه آدمیان برابر زاده می‌شوند/زن و مرد/ و آفریدگارشان حقوقی به آنان داده که بازپس‌گرفتنی نیست. از جمله حق حیات، حق آزادی و حق تلاش در راه سعادت..**

**ملتی که خود را وقف این اعتقاد کردپیروز است![7]»**

---

[7] - از اعلامیهَ استقلال آمریکا نقل از حقوق طبیعی و تاریخ – اشتراوس - باقر مؤمنی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نۆبێلی ۲۰۰۱ و

سێر،وی،ئێس،نایپۆل

خەلآتی نۆبێل سالەهایە وەک پڕبایخترین خەلآتی جیهانی ئەدەبی و ... ماوەتەوە و زۆر شاعیر ونووسەری گەیاندۆتە پەڕپەڕۆچکەی ئاسمان وبەڕای زۆری لە ڕەخنەگرانی جیهانیش چاوی لە زۆر کەسان نووقاندوە و بۆتە شیری دەست دەسەلآتە ڕەنگالەکانی پانتای سیاسەت و ... و لەراستیشدا کەم نەبوونە کەلە شاعیران و نووسەرانی جیهانی کە وەبەر ڕەحمەتی «نۆبیل»دەران نەکەوتوون و ئەمەش هیچی لە شان و شکۆی ئەو نووسەر و شاعیرانە کەم نەکردۆتەوە و ڕەنگە بەناوبانگتریشی کردبیتن . بەسەر ئەوەشدا کەمیش نەبوونە ئە و نووسەرانەی خەلآتەکە بەبالای وان دووراوە و مافی خۆیان بەراستی وەرگرتووە..

.... ویدیادهار، سووراپراساد،نایپۆل یش

خلآتی نۆبێلی۲۰۰۱ ی وەرگرت...

نایپۆل لە سالی ۱۹۳۲. ز. لە «چاگواناس»شارۆچکەیەکی «ترینیداد» لە بنەمالەیەکی هێندی و ئەسلە «بەرهمایی» لەدایکبوو.کاتێ تەمەنی شەش سال بوو خۆی و بنەمالەکەی چوونە پ*یەتەختی ترینداد«پۆرت ئاو ئسپاین»/Port of Spain/ . باوکی نووسەر و ڕۆژنامەوان بوو کە بە هۆی نەخۆشینی دلەوە سالی ۱۹۵۳ کوچی دوایی کرد، بێئەوە سەرکەوتنی کوڕەکەی وەک نووسەرێکی هەلکەوتە ببینێ. ئەو بە نووسراوەکانی خۆی نایپۆلی هیوادار و دلگەرم دەکردەوە. لە نامەیەکدا نووسیبووی:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

« له هونەرمەند بوون مەترسە دی اچ لارنس نووسەرێكی هەلّكەوتە بوو، لەهەر درۆخێک دا دەب* وەک ئەو فكر بكەیتەوە هەمووشتیّ لەپێناوی هونەردا»

له هەژدە سالّیدا یەكەم كورتە چیرۆكی خۆی دایە دەست بلاّوكەرەوەیەک بۆ چاپ بەلاّم پەسەند نەكرا. نایپۆل دوای كۆتایی خوێندن لەكالیّجی بەندەرێكی ئسپانیایی لە سالّی ١٩٥٠ دا ئیزننامەیەكی زانكۆی ئاكسفۆردی بەخەلاّت وەرگرت. له ١٩٤٩ دا دوای ئەوەی چەند رەسمێكی خۆی/ بەپێی داواكاری زانكو/ بۆخۆشكەكەی دەنێریّ، ئەنووسیّ: من هیچ كات نەمزانیبوو سەر و *سیمایەكی* چاخم هەیە، بەلاّم رەسمەكەم وا دەلیّ... كات* شێوەی ئاسیایی خۆمم لەناو رەسمەكەدا بینی، پێم وابوو هێندیەک ناتوانی لەوە زیاتر كە من هێندیم هێندی بنوێنیّ. هیوادار بووم قەلاّفەتێكی رۆشنبیرانە بنێرمە زانكۆ.. بەلاّم ئەشا ئەوشتەی دەرهاتووە چوونە» دوای نەخۆشینێكی ئاساب هاتە خۆكوشتن بەلاّم بەخۆشییەوە كەپسوولی گازەكەیان لەتەواو بوونا بوو... له ئاكسفۆردا « پاتریش هیلّ» دەناسیّ و لەسالّی ١٩٥٥دا ئەیهێنیّ. پاتریشا له سالّی ١٩٦٦دا دەمریّ و نایپوّل دوای ئەو «نادیرا ئالۆی»ئەسڵە پاكستانی و رۆژنامەوان ئەهێنیّ. دوای كۆتایی خۆێندنەكەی ریّگەی خۆی بۆ نووسەرایەتی هەلّدە بژێریّ... ئەمە ئەوكاتە بوو كە نایپۆل خۆی بە بیرەگ ئەزانی... بەلاّم كاتیّ دەستی كردە ئەزموون وەرگرتنی پیّش زەمینە ترینیدادیەكەی... دەنگی خۆی وەک نووسەرێكی دەهەی پەنجاكان دۆزیەوە. نایپۆل یەكەم كتێبی خۆی/ شەقامی میگوال/ لە سالّی ١٩٥٩دا بلاّو كردەوە...ئەو كتێبە خوداحافیزییەكە لە«پۆرت ئاوسپاین»ی ترینیداد. كەسایەتییە جۆراوجۆرەكانی گەلاّلەی چیرۆكەكەی بریتیبوون لە«بووگارت»/ ئەو ناوەی لەفیلمی «كازابلانكا» وەرگرتبوو/ و« بیوردزۆرت» كە شێعرەكانی دەفرۆشێتە چوار سێنت/قڕان/ «مەن مەن» كەبوونەوەرێكی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نامۆیە بۆ دانیشتوانی شەقامی میگوال. بێژەری ئەو چیرۆکە کوڕێکە لەتەمنی بالق بووندا کە هەولی ئەوە ئەدا خەرجی خۆی دەربێنێ و ئەنجام بۆ خوێندن دەچێتە دەرەوەی ولات

« هەموویانم داناو خێرا بەرەو فرۆکە کە رۆشتم..ئاورم لەپشتەسەر نەدایەوە. هەر ئەوەندە ئەمروانیە سێبەرکەی بەردەمم، کولە بنەیەکی سەماکەر لەسەر باندی فرۆکە خانەکە..»

لەکارەکانی دواییدا نایپۆل وازی لەو تەوس و توانجە هێناو له ١٩٦٠ دا «چارلزپوور» لەبەشی ناساندنی کتێبەکەیدا گوتی: «دوو پێشنیار کەوتوون بەسەریەکا ئەم تەریبە لە ئاکامدا شایانی ئەوەیە کە بیرمان بخاتەوە هەموو جیهان وەک یەکن.. لەو حالە دۆستانەیەدا رەنگە چیرۆکەکانی «ژیان بەسەر چۆمی می سی سی سیپی»"مارک تواین؛ مان وەبیر بێتەوە، دەبێ بلێم «شەقامی میگوال» لە ترینیداد لە راستیدا نە ئەوەندە لە ؛گیت فیشرۆ؛ ئەچێ و نە «میسووری» باوی سەدەی نۆزدەش دێنیتەوە یاد. ئەوەی لە کتێبەکانی ئاغەی نایپۆلدا سەرنج راکێشە ئەمەیە کە ئەو جیهانی خۆی بە شێوەیەکی بێهاوتا ئەنوێنێ»

/نیۆیۆرک تایم ٥ ی مەی ١٩٦١/

لە سالی ١٩٦١ دا «خانوویەک بۆ ئاغەی بیسواس» بلاو دەکاتەوە، کە زۆر کەس وەک شاکاری نایپۆل ناوی لێدەبەن، ئەو رۆمانە چیرۆکێکی تراژدییە بە زمانی تەوس.. کە باسی سەربەخۆیی هەویەی هێندیەکی بەرەهمایی دانیشتووی ترینیداد دەکا.

لە پشت «موهان بیواس»/ کەسایەتی سەرەکی ئەو رۆمانە دا/ تا ئەندازەیەک کەسایەتی باوکی نووسەر نوێنراوە..نایپۆل سەبارەت بە کەسایەتی باوکی گوتوویەتی : ؛باوکم لە هەموو بابەتێکەوە پیاوێکی خاوەن ئەزموون بوو، بەلام زامە رۆحیەکانی ئێجگار لەوە قوولتر بوو کە کەس بۆی بێتە سەر باس.؛



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لەو رۆمانەدا «بیسواس» هەر لە منداڵی‌یەوە بەوبەخت بووە و گەورە ترین ئاواتی تەنیا خانوویێکە کە هی خۆی بێ، ئەوەی کە بنەمای ژیانی ئەوی لە سەر دامەزراوە .. چیرۆکێ کە تەوسی کۆمەلأیەتی و جۆرە شوێن دانانێکی زگ سووتاوانەی تێکەلأو کردوە و کەوتۆتە شوێن ئەو هەولأنەی کەسایەتی چیرۆک بۆ شوغڵە جۆراوجۆرەکان ئەیدا..لە کێشانی تابلۆوە تا رۆژنامەوانی و..

دواجار نایپۆل لە کتێبی «لە نێوان باوک و فرزەند»دا سەرلەنوێ دەگەرێتەوە سەر کەسایەتی باوکی،شوێن پاییک لە وێکچوونی ئەو دوانە لەساڵەکانی سەرەتای دەهەی پەنجا.

لە ١٩٦١دا نایپۆل یارمەتی‌یەکی ماڵی لە دەولەتی ترینیداد وەردەگرێ بۆ وەی سەفەرێک بەرەو جەزیرەکانی کارائیب بڕوا..ئەو لەو سەفەرە درێژخایەنانەی دەهەی شەست و حەفتای بۆ هێند، ئەمریکای باکوور، ئەفریقا ، ئێران، پاکستان، مالێزی و ئەمریکا کەڵک وەرئەگرێ و چەند بەرهەمێک ئەخولقێنی کە بریتین لە« هێندوستان شارستانیەتێکی زامار» ١٩٧٧ و «پێچێک لە چۆمدا»/١٩٧٩/ کە رۆمانێکی رەش بینانەیە سەبارەت بەئەفریقا و لەوێدا بەروونی لە خراپەکانی بەشەر/مرۆڤـ/ ئەدوێ ـ چیرۆکەکە لە ولأتێکی وەک «زەئیر» یا « ئوگاندا» دا هاتۆتە ئاراوە ، سەلێم ی راوی موسڵمانە و بنەماڵەکەی بازرگانی ئەسڵە هێندین. سەدان ساڵە لە ئەفریقادا ئەژین. سەلێم دووکانیک دەکاتەوە لەپاڵ پێچی چۆمێکدا و هێندێ سەرکەوتن وەدەست دێنێ کە لە ولأتی ژیر دەسەلأتداری«بیک مێن»ی باوک سالار بەسەر خەڵکیدا داهاتوویێکی نیە. جاریکی دی کەسەلایەتی سەرەکی نایپۆل بیانی‌یەکە، کەتێدەگا لە رەوتی ژیاندا گەیشتۆتە کۆتایی ڕێگا و دەبێ واز لە هەمووشت بهێنی... لەشوێنیکی ئەو چیرۆکەدا «فردیناند» /دۆستی «سەلیم»ە/کاتێ لە بەندیخانە ئازادی دەکا دەڵـــێ:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

«گەون خۆی جولاندەوە بەلام شوێنی بۆ رۆشتن نەبوو» ئەوە رەمزی نایپۆلە بۆ ولاتێکی وا وــ بەگشتی جیهانی سێهەم ئەو لە شوێنێکدا گوتوویە:« ئەفریقا فەرهەنگی نیە » دێرک والکێتی شاعیر لە جەزیرەی هێندی رۆژئاوای ئەمریکای ناوەراست کە کاتی خۆی خەلاتی نۆبێلی ١٩٩٢ی بەرکەوت، سەبارەت بەمە ئەنووسی« نایپۆل خۆشی لەرەش پێستەکان نایێ » لەسالی ١٩٥٠ دا نایپۆل لەبریتانیا نیشتەجێ دەبێ بەلام چەند سەفەرێک دەکا، وتار و نوسراوەکانی بەرهەمی ئەم سەفەرانە زۆربەیان سەلبین، هەست بزوێن نین و بەدووی دۆزینەوەی کۆمەلانی جەزیرەی هێندی رۆژئاواوەیە لەکتێبی« رێگای ناوەراست» ١٩٩٤٦ دا ئەنووسێ: زنجیرێکی پۆلا وەک تایبەتمەندی فەرهەنگی هێندی رۆژئاوا سالهایە کەوتوتە بەرسەرەنج...بەلام ئەمە ئەوشتەیە کە من بێزم لێیەتی./ رقمەلێی/

دواتریش« لەناو دیندارانداا »١٩٨١ کە لە لایەن موسلمانە سەلەفییەکانەوە تاوانبار دەکرێ... دوایین سەفەری نایپۆل ئەم کتێبەی بە شوێنەوەیە، کە وێنە گەلێ پیاوێکن لە سەفەرەکانی بۆ ولاتانی ئیسلامی غەیرە عەرەب وەکوو ئەندۆنزی و ئیران و پاکستان و مالزی.

لە رۆمانی « مەتەلێ هاتنە ناوەوە/چوونە ژوور/١٩٨٧ کە تا ئەندازەیەک وەزعی نووسەر خۆی دەگرێتەوە ، نایپۆل باس لە نووسەرێکی کارائیبی دەکا کە چێژی گەرانەوەبۆ ولات، دوای سالها ئاوارەیی، دەچێژی... ئەوەش کاتێکە ئیتر حەرەکەی جیهان لای ئەو وستاوە و بێ مانایە. هەوێنی سەرەکی بەرهەمەکانی نایپۆل ئەو زەرەر و زیانانەیە کە ئیمپریالیسم لە ولاتانی جیهانی سێهەمی ئەدا، وەک ناردنە دەرەوەی فەرهەنگ و کەلک وەرگرتنی نابەجێ لە ئازادی...ئەو وەک چیرۆکنووسێک بە هۆی پیشاندانی رەش بینانەی سروشتی مرۆڤــ_بنەماکانی مەنفاو دوور خراوەیی و نامۆیی لە بەرهەمەکانیا



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لەگەل ؛ جۆزێف کێنراد؛ بەر ئاورد دەکرێ لە وتاری «تاریکی کێنراد» ١٩٨٠ ئەو هەوێنە دەروونیانەی خۆی بە ناوی

« فەزایەکی تاریکی کێنرادی لە سەر زەوی» ئەناسێنێ. لە دەهەی نەوددا نایپۆل لە سەر کارە غەیرە چیرۆکی‌یەکان هەلۆیست ئەگرێ. لە سالی ١٩٩٤ « ریگەیەک لە جیهان»/دوای ماوەیەک زۆر/ بلاو دەکاتە وە، ژیاننامەیەکی خۆنووس و هەروەها مێژوونامەی لە چیرۆکچووی ئیستعماری کە لە زمانی «سێروالتێر دالی؛ یەوە تا شۆڕشی سەدەی نوزدەی فرانسیسکۆ میراندا دەگرێتەوە... لە رۆمانی« لەتە تەمەن»/ نیمەعمر٢٠٠١دا/کەسایەتی سەرەکی رۆمانەکە ناوی «ویلی سامرێست چاندارانە/ لە دایک بووی دەهەی سی هێندووستان.../ نایپۆل ئەم ناوەی لە نووسەری ئینگلسی «سامرێست موام»، کە دیداریکی لەگەلْ باوکی هەبووە، وەرگرتووە ... ویلی دەچێتە لەندەن و لەوێ وەیلان و ئاوارە کتێبێ بلاو دەکاتەوە و؛ ئانا؛ ژنە دوورەگێکی ئەفریقایی دێنێ و لەگەلْ ئەو دەچێتە ملکی بنەمالەی ئەوان لە ئەفریقا.. ویلی گیری کێشە دەروونی‌یەکانی خۆیەتی .بۆ وەی وەک کوڕە «بەرەهمایێک» لای وایە کەسێکی هاوردوە کە بۆی ناشێ/حەرامە/ باوکی ویلی یاخییەکە کە لە دەیرێکدا دەمرێ و ویلی ش بەرامبەر هەوێنی ئاواتەکانی باوکی یاخی دەبێ ... لە ولاتی ژنەکەشی دا سیستەمی کولۆنی لە چڕاندایە، بەلام ئەو هەروا نامۆ دەمێنێتەوە.. دوای هەژدە سالْ دێتەسەر ئەوەی ژنەکەی بەجێبهێلێ و هەویەی راستەقینەی خۆی ببینێتەوە .. ئەو لەتە عومرێک ژیاوە و ئەوەش تەنیا تاپۆیەک بووە و بەس... نایپۆل ئیتر نالێ چی دیتە پێش، ویلی بە دووی وجوودی خۆیەوەیە و باقی چیرۆکەکە سێبەری ئاوەلایە بۆ وەی خۆینەر بۆخوی لەگەلی بڕوا...

نایپۆل لەماوەی تەمەنی نووسینیدا ئەم خەلاتە پر بایەخانەی بەرکەوتووە:



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- ✓ خەلاتی بووکێر بە هۆی لە ناوچەیەکی ئازاد لە١٩٧١ دا
- ✓ خەلاتی ئەدەبی ئینگلیسی کووهین لە سالی١٩٨٩ دا .
- ✓ نازناوی sir /سێر/ لە ١٩٨٩ دا .

ئەمەش کتێبناسی دی، ئێس، نایپۆلە

- ✓ مافی رای ئەلوێرا ١٩٥٨
- ✓ شەقامی میگوال ١٩٥٩
- ✓ خانوویەک بۆ ئاغەی بیواس ١٩٦١
- ✓ ئاغەی ئستۆن و هاونشینی شوالیە ١٩٤٣
- ✓ ئالایەک بەسەر جەزیرەوە ١٩٦٧
- ✓ لە ناو چوونی ئالدۆرادۆ ١٩٦٩
- ✓ لە ناوچەیەکی ئازاد دا ١٩٧١
- ✓ گریلاکان ١٩٧٥
- ✓ دۆزینەوەی سەنتەر ١٩٨٤
- ✓ مەتلی چوونە ژوور ١٩٨٧
- ✓ ریگەیەک لە جیهان دا ١٩٤٩
- ✓ لەتە تەمەن ٢٠٠١

---

سەرچاوە:

عصر پنجشنبەها شمارە ٣٧-٣٨



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# دەق و رەخنە

## دەق :

خاتوو ئیلعوزارLady Lazarus

«سیلڤیا پلات» ٠ ن: چیا موحدی

دیسانەوە ئەو کارەم کرد

دەسالآن جارێك
کارێ وا دەکەم
موعجیزە یەکی پر بزاف
پێستم وەك«ئاباژۆری» نازیەکان ئەدرەوشێتەوە
پای راستم
سەنگێکە بیخەنە سەر قاقەز
رووم بێ سیما
کەتانی ناسکی جووەکان
ئەی دوژمن
دەسرەی سەر رووم هەڵدەرەوە
ترسێنەرم؟ وانا؟
لووت، قوڵکایی چاوم
زنجیرەی ددانەکانم
تامی ترشاوی دەمم
لە رۆژێکدا... دەفەوتن



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئێجگار زوو،
ئەو گۆشتەی گۆر رزاندوویە
سەر لە نوێ دەڕوێنەوە
من دەبمەوە بە ژنێکی دەم بە بزە
تەمەنم هەر سی ساڵە و
وەك پشیلە نۆ گیانم هەیە
ئەمە جاری سێهەمە
چ نەگبەتیەك
دەساڵ جارێ مردنەوە
بە ملوێن دەمار و پی
جەماوەر تۆم دەترووکێنن و هێرش دێنن
بۆ وەی بزانن چۆن دەست و پام رووت ئەکەنەوە
«ئیسترێپتیزێکی» گەورە
ئاغەکان... خانمەکان
ئەمە دەستم
ئەمەش ئەژنۆکانم
رەنگە پێست و ئێسکی زیاتر نەبم
بەڵام، هەر ئەو ژنەم... هەر ئەو
یەکەم جار کە هەڵکەوت
دەساڵان بووم
هەڵکەوتێک بوو و ئیتر هیچ
جاری دووهەم ویستم تەواوی کەم
وەك گۆی ماسی
دەرکەم لە خۆ ژەند
ئەوان ناچار بوون لە دەرکە بدەن.... لێدەن....
لاس در گل شوران فقط وانمود می‌کند که همان لاس بیتهاست و گرنه زمین تا آسمان از هم متفاوتند. این‌لاس خودش‌را تعریف‌می‌کند تا آینده را نیز نشان دهد «روایت ضد فراموشی»[*] لاس نه تنها گل شوران/رمز اسطوره‌ای و یوتوپیای رؤیاهای نهادینه/ را نمی‌یابد، بلکه در این سفر مرگبار خودش را نیز می‌بازد، خانواده و جامعه هم برایش عبث می‌شوند و به او خیانت نیز می‌شود... پس لاس ماسک وانموده است برای اینکه تحول نشانه از سوبژه و ابژه و انسان را به Simulacrom/وانموده/ نشان‌دهد. برای اینکه تاریخ و آینده رابه زمان حال بیاورد؛

**لاس نهایت وانمودگری عصر خویش است.**

بر همان اساس شخصیتهای گل شوران در یک زنجیره شبه واقعی به میدان می‌آیند برای اینکه شبه تازیخی را از روی شبه تاریخی دیگر بسازند.. برای اینکه تاریخ وانموده ما را نشان دهند... تاریخی که همه کس در آن بازنده است؛ پسر دل پدر را به درد آورده و باعث مردنش می‌شود... برادر برادر خود را می‌کشد و به ناموسش خیانت می‌کند... زن مقصر همیشه‌ایست، عشق اشرف آرزوها و درونیات انسانی تا پایین‌ترین حد خود یعنی به شهوات و لمسیات نزول می‌کند باز هم به نمونه‌ها بنگریم:

- ◀عشق/ در پروسه وانمودسازی / به شهوات تبدیل شده است
- ◀ قهرمانی/در پروسه وانمودسازی/ به بزدلی فرخه و ترس خانزاد تبدیل شده است

انقلاب و انقلابگری/ در پروسه وانمودسازی/ به قاب عکس و یادگار و جستجوی هویت گذشته جهت فراموش نشدن تبدیل شده است

خلاصه اینکه **کردار و رفتار و گفتار نیک** به **خیانت وتسلیم و مرگ** تنزل یافته‌اند. این است تاریخ وانمودۀ انسانی**!!**

**قرائت ششم از قرائت پنجم**

قرائت پنجم تاویلی بیش نیست و نباید انتظار داشت کل معانی متن رابا آن گشود..و **پایان**. برای مثال جنبه ضعف قرائت پنجم اینست که خواننده بدام متن افتاده وگاهاً از خیانت «فرخه» و «خانزاد» می‌گوید.

خانزاد چرا باید خائن باشد؟

برای اینکه ،سلطۀ زبانی معمول / بهتر است بگوییم زبان پدر/این را می‌گوید؛

« پدر پدر ،پدر و آنشب با این کلمه بازی می‌کردم پدر پدر پدر » ص ۱۶۷

«فرخه در آتش احساس گناه می‌سوخت... فرخه واقعاً مقصر است»

چرا لاس بعد از ۱۵ سال/ که بازگشته است/ پیش برادرش فرخه نمی‌رود و از او تشکر نمی‌کند؛که مدت ۱۵ سال پسرش را نگهداری کرده و برای خانزاد زندگی فراهم نموده است؟ « خیلی کم احساس یتیمی می‌کردم عمو فرخه حتی قبل از اینکه با مادرم ازدواج کند به اندازه پدرم مرا دوست می‌داشت» ص ۱۶۷

زیرا بر اساس تابو؛ خانزاد در مالکیت لاس است و بعد از ۱۵ سال بی‌خبری بازهم قباله‌اش بنام اوست. زیرا **لاس پدرش راکشته تا خود پدر شود.** نه برای اینکه یادگار و خانزاد آزاد شوند.

« اما خانزاد فقط مختصزی شنید/ در مورد حفظ شرف خانواده و نامهای مشهور وسواراباب و لاس.../ و در ذهنش جایگیرشد که شرف خانواده به آبروی او بسته بود و آنهم برای اولین بار در خطر افتاده بود چرا؟ چون زن بود و زن بدون مرد، دامنش نیز دشمنش می‌شود... عقل کاملی نداشت و شیطان بهتر می‌توانست به سراغش برود.. چیزی که خانزاد باید آنرا آویزه گوش خود می‌کرد» ص۱۳۲

---

[*] در این مورد به مقاله یادآوری و زمان نوشته بختیار علی در رهند شماره ٦ رجوع شود

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

این فضا و موقعیتی است که بر اخلاقیات ظاهری جمع پیروز است و شخصیتها نیز به عنوان سلطه زبانی مسلط آنرا قبول کرده‌اند. گناه خانزاد و فرخه در چیست؟ فرخه/ تو بگو مجنون/ در آتش عشق لیلی می‌سوزد اما لیلی نیز در آن فضا و موقعیت که حتماً باید شرف یهودیت خود و قومش را حفظ کند و... که آنرا نیز حفظ می‌کند و می‌رود... مجنون حال باید چکار کند؟ مثل مجنون قبلی دیوانه و آواره بیابان شود؟ نه کوه آرامش قبلی را دارد و نه فرخه هم آنقدر مجنون است پس این لیلی نه آن لیلی.. فرخه در تور توطئه راوی گیر کرده‌است، زیرا همه موقیتها اینگونه روایت می‌شوند که اگر شیخ صنعان در آن می‌افتاد، بیرون آمدنش محال بود... همه اینها طرحهای از قبل آماده داستانیست که پایانش بسان روز روشن است؛

خیانت به کی و چرا؟

«درلحظات پایان لذت بفکرشان رسید که چه خطای بزرگی مرتکب شده‌اند، لرز، ترسی کشنده، از فرق سر تا نوک‌پایشان عبور کرد - بسان دو جانور دشمن..» ص۱۴۴

شخصیتها محکومند به اینکه طرح سوم شخص را پی‌ریزی کنند.

گل شوران داستان ازلی و ابدی تابو است- قوانین پدری که ظاهراً مرده، اما در روح لاس و یادگار و همه جامعه و حتی«مادرگلی» دوباره زنده می‌شوند و چنانچه می‌بینم آنها را از خانه بیرون خواهدکرد....

فرخه، خانزاد را ول نمی‌کند و با او زندگی کرده و یادگار برادرش را/ که فکر می‌کند مرده است/ بزرگ می کند. اما یادگار به او چه جوابی می‌دهد؟ او نیز هر دو را خائن می‌داند و به دنبال پدر مرده‌اش می‌رود... داستان شاید بعداز ۱۵ سال دیگر دوباره آغاز شود...

**قرائت هفتم :**

چرا قسمت آخر رمان از گوشه نگاه اول شخص نوشته شده است؟

اگر گل شوران همان قسمت آخر بود چه چیزی را از دست می‌داد؟

تو می‌گویی این قسمت می‌خواهد بر شخصیت اصلی یادگار تأکید کند؟

تا به این ترتیب از نظر ساختاری چرخش دایره ذکر شده را به زمان حال پیوند دهد؟

یا اینکه از نظر هنری تغیر سیستمهای زاویه دید و چند صدایی را نشان دهد؟

این فن از نظر اطناب داستان را تحت فشار قرار نمی‌دهد؟

فکر می‌کنم جواب این قسمت از قرائت مرا شماخوانندگان مشخص کنید... می‌دانم جواب دادن به این پرسشها بر اساس تئوری«دریافت» دوباره متن را از ابتدا به هفت قرائت دیگر ربط خواهد داد.

❑

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# اپیستمۆلۆژیای شیعری کردی

-۲-

مقدمه:

بر اساس قرائت متون شعری مختلف از دیدگاههای متفاوت نقد نوین، در کشورهای غربی و ترجمه این مقالات به زبانهای فارسی،عربی و... بعداً کردی و همچنین؛ آشنایی بعضی از شاعران ونویسندگان کرد به زبانهای خارجی /کشورهایی که چون سیل مهاجر و پناهنده می‌پزیرند/شاعران نسل نوین کُرد تلاش کرده‌اند براین موج نوگرایی سوار شوند. «فرهاد پیربال» از شاعران فرمالیست کُرد می گوید: پرچم پروسه نوگرایی شعر امروز در سالهای ۸۰ / میلادی/ را ع ـــ ع یوسف ، انور مسیفی ،هاشم سراج ،دلشاد عبدالله ،کریم دشتی ،جلال برزنجی و... به اهتزاز درآوردند.

پرچم پروسهٔ تازه‌گری نزد فرهاد پیربال آغاز دغدغه های فُرمی در شعر کُردی است.

فرم چیست؟ به عقیده من فرم ؛ میدان دادن به زبان است، بسان سیستمی از نشانه‌های وانمودهsimulacrum برای آشکار ساختن نهایت وانمودگری و بیرون رفتن از دایره مثُل افلاطونی.یعنی؛ زبان به خود نیز چون حقیقت شک می‌کند و دیگر نمی‌خواهدنقش واقع و شبهه واقع،ایفا نماید و بر معانی و اجتماع و شخصیت شاعر تاکید کند.. بلکه تلاش دارد که فرمهای مختلف بسازد.

**مرحله نشانه به عنوان وانموده؛**

در این مرحله زبان تلاش می‌کند با ماسک وانمود گری ، فرمهای خود را آشکارکند و پرچم استقلال هنر و استاتیک/زیبایی شناسی/را به اهتزاز در آورد.

اینجا دیگر متون شعری نه از روی تشابه یا تفاوت نشانه‌ها و حتی به نشانه انسان به عنوان سوژه و ابژه..(۱) بلکه بسان فرم و تکنیک از حادثه‌های زبانی به میان می آید و نهایت توانایی خود را نشان می‌دهد. فرهاد پیربال نمی‌خواهد بگوید« همهٔ راهها به بانه ختم می شوند» / که البته بر اساس مجاز مرسل شاید معانی زیادی داشته باشد/ بلکه می‌خواهد نشان دهد که این جمله به چند طریق و فرم مختلف می‌تواند نوشته یا وانمود نماید.و چگونه توانایی دارد که به ۳۶ و شاید بیشتر حادثه زبانی بیافریند. در اینجا لذت شعری نیز نه برخواسته از معنا ؛ بلکه از طریق کشف و یافتن تواناییهای زبانیست ،به عنوان سیستمی از وانموده ها / یعنی نوعی آبستراکت شعری / ـــ شعر انتزاعی ـــ زبان به عنوان سیستم وانموده به چند طریق به متون شعری ما راه یافته‌اند؛

الف: به شیوه فرمالیستی یا تلاش برای یافتن شکلهای نوین بر اساس ساختار یا ساختارهای تازه، آشنایی زدایی،عوض کردن جای کلمات ، تصویری کردن نوشتار و ارتباط دستهٔواژگان برای آشکار کردن مقفصودی که شاعر نمی‌خواهد بگوید

۱-آسمان

آ سمان

آس ...... مان /فرهاد پیربال/

۲ـــ زندگی زندگی زندگی زندگی

چند سال عمر کرده ام زندگی

چند سال دگر زنده‌ام زندگی

نمی‌شناسمت زندگی

زندگی زندگی زندگی زندگی

/سباح رنجدر/

۳ ـــ از چهل چشمه بالا می‌روم

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

به آسمان بر می گردم          پـــرواز
ن   ا   م س ئـــــــــــــــــــا پـر
یا «وه نه وشه» بر درختش ؛ پـر

/ سوزنی /

۴ ـ با غم مرگ می‌باریدی/اما فنجانی بی رؤیا از چایی/
یا /تاصبح از سیگار و«لیمو ای لیمو»می‌سوختم/ از کجا ویران شویم؟/نزد هر چه ستاره و آینده و گشایش است/ چون اسب کویرم/

درمتن نخست شکلهای مختلف نوشتن آسمان همچنین دور بودن از آسمان بی‌آنکه نوشته شود ، وانمود می‌شود.

در متن دوم محکوم بودن در دایره زندگی بدون آنکه نوشته شود نمود می یابد/یعنی جبر زندگی /

در متن سوم جابجایی کلمات درخت و کوۀ «وه‌نه‌وشه» و شکستن نحو معمول،پرواز کردن در شکل و عمل وانمود می‌شود.

در متن چهارم نیز حادثه زبانی در جابجایی «دال»هاست و وانمودگری برای ساختن فضایی دیگر/سوررئال/. اگراین متن با زبان معمول نوشته می شد چنین درمی‌آمد؛ اما تا صبح می‌سوختم /بدون رؤیا/با فنجانی چایی و سیگاری و/آواز/لیمو ای لیمو.. که هیچ زیبایی شاعرانه ای نداشت.

ب: به شکل دفُرمه؛ ساخت شکنی در معنا، ساختار، زبان پریشی، چند صدایی و جریان سیال ذهن، به وانموده‌ها میدان داده می شود،تا ظاهر شوندو آشکارا از واقع و شبۀواقع جدا گردندو دوباره شاید با آن درآمیزند، به نوعی که دیگر جدا کردنشان از همدیگر،محال باشد . زیرا ما درعصر وانمودها بسرمی بریم و واقعاً نمی دانیم چه چیز وانمود می کند وحقیقت کدام است و شبۀواقع کدام ؟

هر چند که دیگر شعر به این موارد نمی‌پردازد. شعر بازبان پرواز می‌کند. چه آنرا دروغ بپنداریم و جه راست... در این مرحله تقابلهای دوتایی سرنگون می‌شوند تا آنچه در زبان امکانپذیر است وقوع یابد..تا جاهای دیگر بسازد«جاهای دیگر » بقول فوکو:ترسناک باشد یا ویران‌کننده یا طنز. وانموده است برای براندازی/ویران‌ساختن/ قبل و خلق، زبان دیگر، جهانی دیگر و روایتی دیگر.....

چه تعجب تبسم آلودیست/ رکاب زدن/ ای آهوترین دلبر/با رمیدنهای سوختنی حسرت../ هاشم سراج/

کدام زندگی گل من
درازتر از هرچه ماشین است..     /شیخی/

بسان ماه
که ستاره‌ها در چشمانت آبیند..     / سوزنی/

جای دیگر ساختن به نوعی ساختارشکنی در شعر امروز نوگرایان چوان تبدیل شده است.. تاکجا بتوانند این ساختارها را بشکنند .. پیش یا پس بروند... «جایی دیگر» می‌داند و نامعناهای دیگر...

سرگردانی در خیابانهای شلوق و لزج بودن/ تااینجا/رؤیایی آتشین / در گلوی نارنجیّت طلوعستان/   یا
لانه‌ای از اتهام / لانه‌ای از غربت/لانه ای از سوختن/ درختیم ... با میوه‌های دیوار/ بلند... تاریک../ رستمی /

این فضاهای شعری را درعالم واقع نمی‌توان یافت . شبۀواقع نیز نیست .. رؤیاییست که در زبان رخ می‌دهندو بس!

«دختران رودخانه شده‌اند/ غزلهایم / به خنده هایشان کافی نیست»/ رضایی/

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

جای دیگر  زبان دیگر میخواهد که تنها شاعران جسارت ساختن آنرا دارند ؛

« بدنبال شاهبانوی آرامش /با مستخدمه‌های روشنی پیر شدم.

۱ ــ در بخش اول این مقاله از این زوایا اشعار کُردی قرائت شده‌اند. این مقاله در نخستین کنگرهٔ شعر نو کردی قرائت شد.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# ئێمە و سەلەفیەتی چەقەخانە

بزاڤی نوێخوازی ئەدەبی لە کوردستانی ئێران ئەنجام سەلەفیەتی چەقەخانەشی هێنایە سەر نووسینی بەناو جیدی و راستەوخۆ و ئەمجارە نەبەشێوەی گەمە و کاریکاتێر، بەڵکو بە وتار، هاتە مەیدانی دەربرینەوە،

دوو«وتاری» بوناپارتیزم لە شیعری نویی کوردیدا» /شەندە/ و «تراویلکە» نووسینی مەنسووری حامیدی لە مهابادی ژمارە ١٦ و ١٧ کاردانەوەی ئەو بەرێزانەیە لە سەر بزاڤی نوێخوازی و شیر و تیرکیشان و چنگ و ددان پیشان‌دانە بە ئاڵاهەڵگرانی نوێخواری و ئەو لاوانەی «بە شوێن تراویلکەیەکی پرشینگدار دا لار* دەبا!!!»

باوەکوو رەخنەگرانی ئەدەبی زورتر سەری خۆیان بە دەقی ئەدەبیە قاڵ دەکەن نە بەو جوێن و پلارتێگرتنانەوە بەڵام هەنێ جار ناچار دەبن بێنە ئەم«حاشیە»و کەنارەشەوە بووەی نەهێڵن هەن* لە دوستانیان لەوە زیاتر خۆیان بدەن بە دەست باوە! ئەگەر لە جوێن و تەوس و پلاری ئەو وتارانە بگەڕین و ئێمەش خۆمان بە دەست ئەو شێوە نووسینەوە نەدەین کە ناوبەناو لە ناو وتارەکاندا هاتوون قسەی ئەم بەرێزانە ئەمەیە

١ـ بزاڤی نوێخوازی لە سەر رەوتی ئەدەبی کوردی نیە و کوودەتایەکی بۆ ناپارتیزمیە، با لەوەش بگەرێین کە بزاڤی نوێخوازی هونەری ئەشتوانرێ بە کوودەتا لە قەلەم بدر*، بۆ وەی پشتی بە شورشی جەماوەریەوە نەبەستووە و وەک بچران /گسست/ لە زمانی بنێشتە خۆشە/ نەک خۆشکە/ لە مێژووی ئەدەبی جیهانی‌دا هاتۆتە بەرچاو /لەم بارەوە خوێندنەوەی فوکو لەمەڕ مێژووی نیشانەکان بەو دۆستانە پێشنیاردەکەم و من پێشتر لەوتاری، ئیپێستمۆلۆژیای شیعری کوردیدا ئاماژەم پ*کردوە/

ک* ناڵ* کووبیسم و دادائیستم و تەنانەت هەمەکی رەوتی پۆست مۆدێرنیزم یان بۆچوونەکانی نیچە لەمەر ئاسمان و... کوودەتای /بەقەولی ئەوان بوناپارتیزمی!!/ نەبوون... هەر چەندە واژەی /وشە/ کوودەتا وشەیەکی زمانی ئەدەبی نیە و ئەو بەرێزانە لە ناهۆشیاری زێهنی خۆیانەوە/ کە سیاسەت ب*/ هاوردوویانەتە ئەم پانتاشەوە... بەڵام ئەوە لای ئێمە سەیر نیە و لامان وایە هەموو وشەیەک مافی ئەوەی هەیە بچێتە ناو هەموو باسێکەوە بەڵام قسەی نوێخوازان ئەمەیە ـ بەڵ* بزاڤی نوێخوازی لە پانتای ئەدەبی و هونەریدا دەکر* وەک کوودەتا راڤەبکر* بۆ وەی پشتی بەجەماوەر نەبەستووە نموونەی مێژوویشی زۆرە با دوستان بۆخۆیان دووی کەوەن و ئەوەندە سست و تەوەزەل نەهێننەوە پانتای باسی جیدیەوە. /ئەو بەڕێزانە ئەگەر مەحوی و نالی‌یان بە باشی خوێندبێتەوە دەزانن کە ئەم رەوتە (مەبەست زمانشکێنییە) ئەوەندەش بە ئەدەبی کوردی نامۆ نییە/*

٢ـ «ئەوانە/مەبەست نوێخوازانە/ بەپ*ی تاکتیکی ئاشکرا!!» هەر چەشنە رەخنەیەک بە توندی بەر پەرچ ئەدەنەوە»

بزاڤی نوێخوازی لە کوردستانی ئێران لە سەر بنەمای رەخنە بەند بووە و ئەمەیان ئاشکرایە.بڵاو کردنەوەی دەیان را و بۆچوونی جیاواز و تەنانەت دژبەیەک لە گۆڤارەکانی زرێبار و سیروان و دەق و رچە دا ئەم راستیە ئەسەلمێنی بۆ وەی وەک پێشتر گوترا [1] نوێخوازان هەر لە بنەرەتدا لەگەڵ باوک و دواتر باویکی ئەدەبی، بەرنەنگاربوونەتەوە و ئەو چەمکەش /باوک/ئەوان هێناویانەتە پانتای ئەدەبی کوریەوە ئەگەر مەبەستی ئەو بەرێزانەش رچە ب* ئەوا بە چاو خشاندن بە وتارگەلی رچەدا دەردەکەو* ئەوانەی لە رچەدا بەرهەمیان بڵاو کردۆتەوە وەک یەکدی بیرناکەنەوە و هیچیشیان بە توندی/وەک ئێوە دەفەرموون یەکیان رەفر نەکردۆتەوە ـ لە رچەدا بەرهەمی ئەم بەرێزانە بڵاو کراوەتەوە کە ئاشکرا دیارە لە بەرەیکدا نین ـ عەبدولخالق یەعقوبی ـ رەهبەر مەحموودزادە ـ بەختیار سەجادی ـ شەهاب شیخی ـ فەرزاد میرئەحمەدی ـ ساماڵ ئەحمەدی ـ حوسێن شیربەگی ـ

---

[1] - «توسعه دالي بر مدلوولهاي يشمار»سالح سوزني - مانگه شه و- شماره ي اول و فەهەنگ، زنجیرەی بێکۆتایی مەدلوول ساڵح سووزەنی - اوای کردستان ١ و ٢

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

قادر هیدایەتی ـ موزەفەر بابامیری ـ زاهید حسینی ـ عزیز ناسری ـ رئوف محمودپور ـ رەزا شەجیّعی ـ ـ فەرزاد ئاریا ـ ئەمەجەد غۆلامی و حەمەسالح سووزەنی و...

بەلاّم راستیەکەی ئەوەیە نویّخوازان هەولّیان داوە لەگەلّ سەلەفیەت / بەمانا عامەکەی لە پانتای ئەدەبدا و تاقمی وانمود/ ئەوانەی بە دەمامکی نویّخوازیەوە دیعایەی نویّخوازبوون دەکەن و دیارە کیّشن/ خۆی جویّ کاتەوە ـ و ئەمەشیان بە وتار بلاّوکردۆتەوە. و پیّویست بە دریّژدادری ناکا!

٣ ـ «بەرانبەر بە نویّخوازی باوی نیّو سەدەی رابردووی ئەدەبی رۆژهەلاّتی نیّوەراست و کوردستان ـ بەتایبەت ئیّران سیاسەتی بایکۆت و بیّدەنگیان رەچاو کردوە» دیارە ئەم قسەیە تۆمەتە و بەس بەریّز عەزیز ناسری نموونە زۆری بۆ ئەم بەریّزانە ریز کردوە[2] بەلاّم منیش هەن‌٭ قسەم لە سەر ئەم خالّە هەیە. دیارە نویّخوازان دەستکەوتەکانی ئەدەب و هونەر بە جیهانی دەزانین و لایان وایە هەموو ئەدیب٭ ماڤی ئەوەی هەیە لە تەکنیکە / بە قەولی ئەوان ئاجووری بیگانە/ فۆرمی و ئاوەرۆکیەکانی ئەدەبی جیهانی کەلّک وەرگری – مامۆستا گۆران دەفەرم٭: «نووسەر و شاعیرانی ئەوسا ، بەتایبەت ،شیّخ نووری و رەشید نەجیب و من، کە پیّکەوە بە ئەدەبی تورکی متاپیربووین..ئەدەبی تورکی قوتابخانەی شیعری تازەی تیا پەیداببووکە پیّیان دەگوترا«ادبای فجری ئاتی»کە ئیّمە پیّی متاپیر بووینکە وایە هەمووماں بە یەکەوە دەمانروانیە یەک کلاّورۆژنە..»/کاروانی شیّعری نویّی کوردی – بەرگی یەکەم ـ کاکەی فەللاح – چاپی کۆڕی زانیاری کورد/

ئەگەر بەریّز شەندە زمان و ئەدەبی تورکییەی لا ئاجووری بیانی نییە، باشتر وایە بزانیّ کە شیعری « بۆ بولبول / فرمیّسک و هونەر لاپەرەی ٢٢ /شیّعری« شیللی »شاعیری گەورەی رۆمانتیکی ئینگلیزیە و گۆران بە جوانی هیّناویەتە ناو ئەدەبی کوردیەوە./شیّعرەکەی هەلّۆی هەژاریش خۆ حەتم دەزان٭ هەر شیعرەکەی پووشکینە و دەیان نموونەی تر....«نیما»ش هەروەها، ئەویش بەئاشنایی لەگەلّ ئەدەبی فەرەنسە هاتە ئەو مەیدانەوە... کە وایە نویّخوازان لایان وایە ئاوردانەوە لەسەرچاوە سەرەکیەکان کە بزاڤی نویّخوازی جیهانی‌یە لە ئەقلّی سەلیم نزیکترە ئەو نموونانەش ئەو بەریّزە لە شاعیرانی فارس هیناویە /نیما، شاملوو، فروغ و سوهراب ... هەر هەموویان لەو سەرچاوانە ئاویان گۆزاتۆتەوە – نیما لە ژیّر کاریگەریّتی شیعری نویّی فەرانسەدا بوو ـ شاملو لە ژیّر گاریگەریّتی مایاکۆفسکیدا و فرووغ ئاوی کانی سیلڤیا پلات ی دەخواردەوە و سوهراب لە باغی کریشنا مۆرتی گولّی دەچنی و.../

لەمەڕ ئانارشیزمی ئەدەبیش من پیّشتر لە سەر شیعری شاملو قسەم کردوە و پیّویست بە دووپات بوونەوە ناکا[3]بەلاّم ئەوەی راستی ب٭ سەرچاوەی ئاشنا بوونی زۆریّ لە نویّخوازانی کوردستانی ئیّران تەنانەت عیراقیش/ بە جەماعەتی رەهەندەوە/ بلاّوکراوەکانی فارسییە و ئەمەش وەک ئەو بەریّزە دەفەرم٭/بۆوەی زمانی فارسی زمانیّکی دەولّەمەندە و کاریگەریّتی شیعر و ئەدەبی فارسیش لەسەر نویّخوازان بەرچاوە و حاشایشی لیّ ناکر٭، بەلاّم چۆن ئەو بەریّزە ئەم کاریگەریّتییەی نەدیوە بۆ خۆی ئەزانی و بەس.../ بروانن ئەو وتارانەی لە کۆبوونەوەی شیکاری ئەدەبی شیعری پیّوەر جیاواز ـ لە مەریوان پیّشکەش کرا. تەنانەت ناوی پیّوەر /معیار/ و جیاواز لە وتارەکەی باباچاهی‌یەوە لەمەر شیعری پیّوەر – معیار ـ جیاواز وەرگیرابوو. یان کاریگەریّتی جەماعەتی مەوجی ٣ی فارسی لە سەر هەن٭ لە شاعیرانی نویّخواز بە راستی بەرچاوە. جا نازانم چۆن بەرچاو ئەو بەریزە نەکەوتووە/ دیسان خۆی دەزانیّ/... وەک وتم ئەوانەش دادەنیّم بۆ وەی ئەو بەریّزانە خویّندنەوەی زیاتر بکەن و بۆ خۆیان ئەو سەرچاوانە بدۆزنە...تەمبەلی باش نیە! هەر چەند وەک کیّشاویانە /لە بەناو

---

[2] – بروانن‌وتاری شەندە چەندە مەندە- عەزیز ناسری سروه ژماره١٩٥

[3]- **مردني بي‌کە بميرند** - سالّح سووزەنی - ژیوار - ژماره ٢

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کاریکاتۆڕێکدا/ لایان وایە ئەو سەرچاوانە ئاجووری بیانین، بەڵام لەبەر ئەوەی ویراویانە خۆیان لە باسی جیدی بدەن ناچارن بخوێننەوە/

٤ ـ ئەمانە کەوڵی ئەدەبی کوردی لێک هەڵدەوەشێننەوە و ...من نازانم ئەوە ص ئەدەبێکە بە کاری هێند٭ «ئامالْ نوێخوازی سەرەڕۆ» لێک هەڵدەوەشێتەوە!!؟مەگەر بە گوتەی ئەو بەڕێزە «جیغی بنفش» /هەڵبەت بۆچوونی ئەومان لە مەڕ ئەو شیعرە قەبوولْ نییە/توانیوەتی ئەدەبی «ڕەسەنی» فارسی بشێوێن٭؟ دەیان شەپۆلْ و ڕەهەندی ئەدەبی فارسی ئەگەر گەشەی نەدابێتە ڕەوتی ئەدەبی فارسی کەنگ٭ توانیویە ئەو کوشکە سەربەخۆ و ناسەربەخۆیە هەڵوەشێنێتەوە؟

بە پێچەوانەوە ئەو شەپۆل و ڕەهەندانە شاملو و.. تا بەراهەنی و....ی لێهاتە مەیدان و ئێستاش بەردەوامە ئەوەی ئەو بەڕێزە دەیڵ٭ تەنیا لە مەڕ هەن٭ هونەرمەندی ب٭ ریشە دەتوان٭ ڕاست ب٭، نە بۆ ئەوانەی ماڵْ و ژیانیان لە پێناو ئەو ڕەوتە دا خستۆتە سەر دەست، لە زۆر کوسپ و کەندیان داوە و گلاو و نەگلاو  ئێستاش ماون و سوورن لە سەر ڕێبازەکەیان/کە هەمان ئانارشیزمی ئەدەبی و زمانی ب٭/

داکار و ڕچە /کە من لام وایە ئەرکی خۆی بەج٭ هێنا و ماباقی داوەتە دەست لاوانی نوێخوازەوە/ و پۆست مۆدێرنیزمی ئەدەبیش هەر وایە !ئەگەر بەجێ ْ هاتبێتە ئەدەبی کوردییەوە ڕەنگە بتوانێ ْ کەلێنێکی بچووکی ئەم ئەدەبە بەستزمانە /کە لە سەر ئایدیۆلۆژیای باوک دامەزراوە / پڕکاتەوە، کە نەشی کردەوە ، ئێوە لە چی دەترسن؟ ئەگەر بلقی سەر ئاو بن دەتۆقن و ئەگەر نا وەک بەشێکی تر و شێوازێکی تر لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەمێنێتە وە / ڕەنگە ئەو بەڕێزە خانلەریەکان و مێهدی حەمیدیەکانی دەوری شای لە بیر نەب٭ /کە من بیری دەخەمەوە/ چییان بە نیما و شاملوو کرد « خانلری بە توسگ همین احسان‌الله خان و رفقای او اسباب کنفت کردن مرا در کنطرەی نویسندطان کشیدەبودند. ٭نهایی کە می‌طویند بە کار اهمیت می‌دهیم بە کار یک نفر مخرب قیمت دادند و کار مرا غیر عاقلانە و بصطانە وانمود کردند»/ دفتر یاداشت روزانە نیما .. بەڵام ئەوەی مرد حەمیدیەکان بوون و ئەوەی ما شاملو وەکان دەی سا ئێوە لە بەر چی دەبنە کۆسپی سەر ڕێی نوێخوازان؟؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە نویخوازان حەز ناکەن وزە و لێهاتوویی خۆیان لە پانتای قرم و قاڵی ڕۆخەکاندا/ کە شەڕ لەگەڵْ سەلەفییەت  و وانموود و دەمامک ب٭ لە خەسار بگێڕن بەڵام مەگەر ئێوە ئەو مافەشمان پ٭ ڕەوا دەبینن؟

٥ ـ ک٭ دەسەڵات پەلکێشی کردوە؟

بە خۆشحاڵیەوە ئێمە وەک ئەو بەڕێزە ناڕوانینە دەسەڵات و پێوەندیەکانی./لەوەش بگەڕین ئەم تەوەرەیەش خۆمان هاوردمانە مەیدانی ڕۆشنبیرییەوە/

ئێمە لامان وایە دەسەلاتی سیاسی و ئابووری تەنیا بەشیکی بچووک لە سیستەمی دەسەڵاتی سەقامگیر بووی ناو کۆمەڵگایە / لامان وایە تەنانەت دەسەڵاتی سیاسی ئابووریش جەماوەر بۆ خۆی سازی دەکا /بە ئوستوورەکانیەوە،کە ناهۆشیاری بەکۆمەڵی گەلە، تا دەگاتە چیرۆک و بەیت و باو و فەرەنگ و هۆنەریەوە،  لە کۆمەڵگای بچووکی بنەماڵەوە تا دەگاتە  حکوومەت و دەسەڵاتداری و....فاشیییــــــــــــــــــــــزم. بیرۆکەی ئانارشیزمیشمان بۆ ئەوەی هێنایە ناو پڕۆژەی نوێخوازیەوە ، بۆ وەی هەڵوێستی خۆمانمان لە مەڕ دەسەلات /بەگشتی/ دەر بریب٭/ بروانن‍ە دالی شێعر مەبەستی خۆیەتی و بەس ـ زریبار ژمارە    /جا «بووبێتین بە دەسەلات یان دەسەڵات پەلکێشی کردبێتین!!» ئەوە بایگانییەکانی مێژوو ڕوونی دەکەنەوە و بەداخەوە کاتی وەڵام دانەوەی ئەو بابەتە نەهاتووە..ئەگینا ک٭ نازانێ ْ ئەوەی لە قاوخی بیرۆکەی دەیان هەرەس لە پای هەرەس دا ماوەتەوە ، دەسەڵات پەلکێشی کردوە؟ یان ئەوەی کە ....

« زخمی کە گبری زد هنوز بە جاست. ٭نها نهتنها در سیاست احمق بودند، در رشتەی زندطانی هنری احمق تر بودند..»/نیما هەمان سەرچاوە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەزانم درێژەی ئەم باسە دەمانخاتە ناو دەسەلاتی زمانی شەڕی براکوژیی‌یەوە و من نەتەنیا نامەوێ خۆم بهاوپمە ئەو سیستەمەوە، بەڵکو بە هەموو توانای خۆم و قەڵەم و وشەوە بەرەنگاری دەبم.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# "تەمی سەر خەرەند" بازنەیەکی بەستراو یان...

## چەندخۆیندنەوەیەك
## لەسەر ئاخرین بەرهەمی شێزاد حەسەن

/٨٢/٢/ "تەمی سەر خەرەند" نووسینی شێزاد حەسەن م خوێندەوە. ئەم رۆمانە لەگەڵ یادداشتێکی ئەو بەرێزە لەسەر رۆمانەکە پێکەوە گەیشتە دەستم؛ شێزاد حەسەن لەو یادداشتەدا نووسیبووی:
"ئەم رۆمانە گێڕانەوەی کوشتنی "ئیرۆس"ە لە رۆحی هەمووماندا ئەو وەختەی هێشتا زۆر ساوا و منالین، ئەم رۆمانە فریوی حیکایەتەکانە کە پڕخەیاڵمان دەکەن و دواجار بە نائومێدیمان دەسپێرن، ئەفسانەیەکی شەرمنی منە، چیرۆکی شیرین و فەرهادێک کە زور زوو، زۆر بە ساوایی لەیەک دادەبڕێن، مردن و لێکدابڕانی هەر هەموو شیرین و فەرهادەکان... شۆڕبوونەوە بەناو خەرەندی رۆحی هەمووومان، چیرۆکی وێرانبوونی هەرموو شوێنەکان، ویرانبوونی خۆمان، نەمانی (شوێن و زەمەن) ئەو وەختەی هەتا ئەبەد لە ناو تەمێکدا ون دەبین.... "
خوێندنەوەی یەکەم؛
جیالەوەی شێرزاد حەسەن بۆخۆی نووسیویە، "تەمی سەرخەرەند" دیسان دەربڕینی رقی مرۆڤە لە مودیر.... / کە پێشتر میشێل فۆکۆ لە وتاری "رەخنە چیە" دا ئاماژەی ← شوان←دەسەڵاتی باوک پێکردەوە و نووسەری فارس موختاریش بە باشی شیکردۆتەوە....
بەڵام لەبەرچی جەخت کراوەتە سەر "دیسان"؟
بۆ وەی شێرزاد حەسەن ئازایانە لە مێژە ئەم بابەتەی کێشاوەتە پانتای ئەدەبیات / بە تایبەت کورتە چیرۆک و رۆمانەوە/ و هەر جارەیان لە گوشەنیگایەکەوە لێی ئەڕوانیٚ و دەکری بلێن بەڕێز شێزاد حەسەن لە بنەڕەتدا ئەم بابەتەی کردۆتە سەنتەری فیکری و ناوەرۆکی نووسراوەکانی خۆی و لەو پەنجەرەوە ئەڕوانێتە ئەدبیات بەگشتی؛
لە "گوڵی رەش"دا / کە رەنگە یەکەم کارەکانی ئەو بەڕێزە بێت و چیرۆکی ساڵەکانی ١٩٨٣ تا ١٩٨٦ی گرتۆتە خۆ، ئەخوێنینەوە: "ئەو رۆژەت نایەتەوە یاد کە دایکم بینی ماچت دەکەم... ئەورۆژەی لەباتی ماچ بەعەزرەتەوە گازێکم لەکولـمت گرت و تۆش گریایت، دایکم بە تووڕەییەوە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بانگی کردم پەلی گرتم و منی بردە ژوورەوە، بەتوندی گوێی راستمی راکیشاو شەپازللەیەکی لیدام وتی:
ـــــسەگباب شەرم ناکەی کچی خەلکی ماچدەکەی؟ جارێکی دیکە بتبینم هەر دوو چاوت دەردێنم....
+ بۆماچی نەکەم خۆ ئەمن خۆشم ئەویٚ ... دایکە!؟
ـــــ رۆلە عەیبە ئێمە دراوسێین پیٚ بزانن حەیامان دەبەن تۆ گەورە بووی وامەکە لەم گەڕەکە دەرمان ئەکەن...." گولی رەش، شیٚرزاد حەسەن، ل ٢٨/
ئەبینین کە دەسەلاتی زمانی باوک تەنانەت لە زمانی دایکیشدا سەقامگیربووە و ئەم بابەتە هەر لەو سالانەوە شیرزاد حەسەنی لەگەلٚ خۆی بردۆتەوە ناو بازنەیەکەوە کەدوای دەرچوونی "تەمی سەر خەرەند" بۆمان دەردەکەویٚ کە هاتنەدەرەوە لەو بازنەیە بۆ ئەو زۆر ئەستەمە؛
شیرزاد حەسەن لە حەسار و... دا دەچێتە سەر بنەماکانی ریوایەتی "تەوتەم و تابۆ و دەسەلاتی باوک، لەروانگەی فرۆیدەوە و بەگشتی حەسار و... بە جۆریک هەر رەوایەتی تەوتەم و تابۆیە بە زمانی چیرۆک؛ باوکی دەسەلاتدار دیوارێکی وەهای لە نێوان ژن ومندالەکانی خۆیدا کێشاوە کە تەنانەت دوای کوشتنی باوکەکەش بەدەست کوڕێکی خۆی، دیوارەکە ناڕمیٚ و دەبێتە گریگەل و تابۆگەلیکی بەرزتر و....
ئەم بابەتە واتە ناوەرۆکی حەسار ئەوەند بەسەر ئەو رۆمانەوە قورس بوو کەتەنانەت رەخنەگرانی نوێخوازی کوردیش لە خوێندنەوەو رەخنەکانیاندا تەنیا ئاماژەیان کردە "چی دەلیٚ"ی رۆمانەکە نەوەک چۆن دەلیٚ" و بووتیقا و جوانناسی فورمیک"ی ئەو دەقە. بەداخەوە دەقی حەسارو... لە رۆانگەیەکی جوانناسانە و قوولبوونەوە لە زمان؛ وەک گرینگترین هۆکار لە رەخنە و خوێندنەوەدا، نە خوێندراوەتەوە. باوەکو رەنگە زۆرترین خوێندنەوەی رەخنەگرانیشی لەسەر بووە ئەم قسەیە تەنانەت خوێندنەوەکەی رێبین هەردیش /لە رۆشنبیران و رۆناکبیرانی دەستەی رەهەند/ دەگرێتەوە.
شیٚرزاد حەسەن لە چیرۆکی "کەلەکوران و ئاسکەکچان"یش دا ئەدا لە بنی مەنجەلەکە. کچان و کوڕانی خوێندکار لەم چیرۆکەدا لە سنوورە سوورەکان تێدەپەڕن و هەلبەت دەبنە نێچیری دەم تەور و چەقۆ و چنگ و نینۆکی باوک و براکانیان و...../بروواننە رۆمانی چاو ژۆرژباتای ـ بەشی دووهەم ـ کومێدی ئەتیقە/
لە "پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان"دا شیٚرزاد حەسەن لە دەور و بەر بازنەکەوە لە سەنتەری دایێرەکە نزیک دەبێتەوە و تیکەلاوی فانتازیای دەکاو لیی دێتەدەرەوە تەنیا لەم رۆمانەدایە کە شیٚرزاد حەسەن توانیویە بە زمانێکی نوێوە بێتە پانتای ئەدەبیاتی کوردییەوەو بە تیکەلکردنی زمانی کێشداری حەیران و دەستکاری‌کردنی فورمەباوەکانی گیڕانەوە لە زمانی زانای گشتی و دووهەم کەسی تاک، فۆرم و زمانێکی رەوایەتی نوی بخولقێنیٚ.
بەلام بازنەکە هێشتا ماوەوە وهەلبەت بەستراو. لەبەرچی؟
بۆوەی شیٚرزاد حەسەن لەم دەقەشدا/ تەمی سەرخەرەند/ بابەتەکەی پێچاوەلە حیکایەتەکانی دایە گەورەوە و بزنە شێتەی وەک رەمزی رۆحی سەرکیشی مرۆڤ، رۆحی کە بە گوتەی فۆکۆ نایهەویٚ ملکەچی تەوتەمەکانی حکوومەتکردن /بابلیٚن زمانی دەسەلاتی باوک / بێت، هێناوەتە بەرەنگاری...

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دیاره چارەنووسی شیرین و فەرهادەکان / من ئەڵێم خەج و سیامەندەکان بۆوەی لە فەزاو کەشی دەقەکە نزیکترن / لە زەمان و بێزەمانی دا/ بە مەرجێک لە هەرێمی دەسەڵاتی باوکدا بژین، هە رئەوە دەبێ؛ ون بون لەتەمی سەر خەرەند دا... بزنە شێتەش / بابڵێین سیامەند/ لەو هەڵدێرەوە دەگلێ:

"ئاوە خەج بانگی دەکرد ئامۆزا سیامەنێ/ مەناڵە، مەناڵە گۆڕغەریبەکەم/ بەدار و دارەبەندەوە مەناڵە"

لە بەیتی خەج و سیامەند

ترس و دڵەراوکێ و مردن و ئازاری بیرەوەری و تێمی سەرەکی دەقی ئگزیستانسیالیستەکان بەسەرکەش و هەوای لە حیکایەت چووی ئەم دەقەشدا ئەسووڕێتەوە و هیچ مەودایەکی تر ناداتە دوور بوونەوە و نزیکبوونەوە لە شێوازێکی دیکەی روانین و کەش و هەوایەکی تر؛

"کاکی شۆفیر ئەو هەموو ئەسپانە بە چی مردوون؟"

ل ١٠

تۆ پیرەباوکت بۆ پەرییەکی نەزان جێدێڵی؟ کە دوو رۆژی دیکەی ماوە و دەمرێ!؟

ل ٢٣

دڵمی دەخستە سەر لەرزە لەرزی ترس و تاسە"

ل ٢١

کابرا چیە بۆ دەگریت"

ل٢٦

من فەرهادم شوانە چکۆلەی رەنج بابردوو عومر بەخسەسار؛ قوتابییە تەمبەڵەکەی جاران کە هەمیشە لەسەر ئەزبەرکردنی خشتەی لێکدان و سروودەکان هەموو رۆژی دارکاری دەکرا!!

ل ٢٨

کابرا تۆ چت داوە لە ئاوەدانی و رووناکی؟ تا زووە بگەڕێوە ناو تاریکی ئەشکەوتەکان! چت داوە لە رووناکی رۆژێک کە جگە لە کاولکاری و دڵرەقی هیچی دیکەی تیا نابینی؟"

ل٣١

نەنێ بۆ لە کۆتایی هەر حەکایەتێک ئەوەندە دەگرێت؟"

ل ٣٩

ئەو حەیوانە لە بزن ناچێ هەبێ و نەبێ رۆحی شەیتانێکی واتێدا"

ل ٤١

مەلعوونینە مەیخۆن لێ حەرام کردوون مەیخۆن ...!"

ل ٥٢

شەپازللەیەکی لە ناکاو سرەواندە ناودەمم و بۆ کسێکی خێواندە پشتی سەرم کەوەها توند بوو چۆلەکەی لە بەرچاو تاریک کردم لە ترسانا"

ل٥٩

لە کۆتاییدا؛ "من هیچم نەدەدی ... هیچم نەدەبیست... هاژەهاژی چەمەکەی ناو خەرەندیش لە هەردوو گوێمدا دەمردو... دەخنکا.. خۆیشم بەدەم قوڵپی هەنسکەوە، هەناسە بە هەناسە دەخنکام و لە ناو تەمدا بزر دەبووم!" ل ١٢٨ دێڕی کوتایی دەقەکە.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

شێرزاد حەسەن ئەگەر لە هەوڵی ئەوەدا نەبێ لەو بازنە ناوەرۆکییە بێتەدەر، ئیتر قسەیەکی تازەی بۆگوتن پێنامێنی، بۆوەی، ئەو پێشتر لە دەقی "پێدەشی کارامزە کوژراوەکان"دا ئەم بابەتەی لە ئەندازەیەکی بەرز و بەریندا هاوردۆتە زمان و کردوویەتە فۆرمێکی نوێی گێرانەوەیی /رەوایەتی/ ئەدەب و لام وانییە پێویستی بە دووپاتکردنەوەی پەیتا پەیتا بێت!

ئەم گۆتەیە ئامۆژگاری کردنی شێزاد حەسەن نیە، بەڵکوو راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە شێزاد حەسەن دەبێ زۆر بە جیدی بیری لێبکاتەوە. زمانی یەکدەستی منی یەکەم کەسی تاک رۆحی دەقەکەی کوشتووە /هەرچەند ئەم زمانە لە روانگەی پێکهاتەیی‌یەوە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ناوەرۆکی دەقەکە هەیە و رەنگە لەو روانگەشەوە خاڵێکی بەهێزی دەق بێت لە تەون وکرِی زمانیدا... بەڵام بە بۆچوونێکی تر، بێتو وەک زمان و فۆرم و رۆمانی نوێ بیخوێنینەوە، دەبێتە زمانێکی مردووی بنێشتە خۆشەی چیرۆکە ناتۆرالیستی‌یەکان. زمانی وەسفی درێژ خوێنەر شەکەت دەکا و دەبێتە بەرگرێ لە ریگەی دەرکەوتن و بەرجەستەبوونی جوانکارییە زمانییەکاندا؛

**"گەمەکردن بە خاک یان مووروو، جۆلانێی ژێر شاتووەکەی بەردەمی ماڵیان بێ یان غارغارێنی ناو دارهەناره زرەکان، یان پێئەزبەرکردنی سروودەکان بێ یان خشتەی لێکدان، هەمیشە ستوونێک لە رۆحی رۆشنی بەشەوارەی دەخستم و لە خۆیەوەی وەردەپێچام، برژانگەکانی ئەوەندە ئەستووربوون کەدەکرا بیانبژێرم، لووتی قنجی کە کەمێک بەرز هەڵشاخابوو، لە کچێکی چکۆلەوە دەیکردە شازادەیەکی پڕفیز و ناز، دوو کوڵمی هەمیشە داگیرساو، روومەتی مەیلەو سپی تێکەڵ بە کازیوەی بەیانیان، هەردوو گوێی وردی، بۆنی خۆشی کە بەلامدا تێدەپەڕی و سەرمەستی دەکردم، لاڵ و وڕوکاس چاوەکانم بەدوایەوە بوون لەکراسە گوڵگوڵێیەکەی رادەمام، رەنگرێژ بە شەبەنگی خۆرەتاو، وای لەو لەشە نەرم و نۆڵەی، بۆنی کچانەی کە جیابوو لە بۆنی نەنکم و دایکم و پوورەکانم،دەنگی پڕ لە زرینگانەوەی، وای لە زمانگیران و تەریق بوونەوەی، هەردوو ئەبرۆی پەیوەستی، پێڵوەکانی کەهەردەتوت باڵی چۆلەکەیە و لێکیان دەنێ، دوودەستی چکۆلەی کە لەوە نەدەچوو پەنجەکانیان ئێسقانیان تیابووبێ، تەوێڵی شەمزاوی بەهەتاوی خودا، پەرچەمی پەرێشانی، هەردووشانی چکۆلەوداکەوتوو لە ژێر قورسایی جانتای لە پەڕۆدووراوی پڕلە کتێب و دەفتەر، خەندە و شاگەشکەبوونی هەمیشە ئامادەی، دڵی هەمیشە ترساوی ئەو کاتەی لەگەڵما ئەیوێرا بێتە ناو ئەشکەوتی ــــ دێوان ــــ ...."**

ل ۲۱ و ۲۲

هەروەها، بەهاوردنەوەی چەندنموونەیەک لە زمانی "فەرهاد"/کەسایەتی سەرەکی دەقەکە، کە لە تەمی سەرخەرەندەوە گەڕاوەتەوە/ و نەنێی فەرها/ رەمزێکە بۆ زمانی حیکایەتەکان و بەرەی پێشوو /و شیرین/ منداڵێ کە فەرهادەکان هەر لە دەوری منداڵییەوە ئاشقانە گیرۆدەی دەبن(!!)، ئەتوانین نیشانی دەین کە ئەم دەقە چ شگردێکی زمانیی بۆ دەربڕین ونواندنی کەسایەتییەکان هیناوەتە گەڕ؟

**"ئەوە چیە.... داوەشێی.... نایکەم.... چاوهەڵبڕە"**

**سەرما بردەڵە و غەمگین دەمگوت:**

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

شیرین.... سەما.... بەسە... وەرە... دانیشە!"

ل ٦٥

شیرین: چ نازانیت... فێرت دەکەم... با مامۆستا عوسمان و باوکت ئەوەندەی دیکە رقت لێهەڵنەگرن!"

"من دەمزانی کە ئەمساڵ لە هەموو وانەکانت دەکەویت و....

ل ٦٩

نەنی: رۆڵە شیرینەکەم. تۆ زۆر لەوە چکۆلەتری خۆت بەفەرهادبزانیت!"

ل ٧٠

باوک: سمێڵم بتاشن ئەگەر مەکتەبەکەشی تەواو کردا!

ل ٧٠

فەرهاد: "نەنێ هەتاکەی من لەو ژێرزەمینە حەپس دەکەن؟ مردم ئەوەندەی لانکیش راژەنم..."

ل ٧١

لەم نموونانەدا هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ، کە بتوانێ جیاوازی کەسایەتییەکان لە پێکهاتەی زمان دا بنوێنێ، نابینین بەپێچەوانەی دەقی "پێدەشتی کارمازە کوژراوەکان" زمانی بەرواڵەت حەکایەتی تەمی سەرخەرەند نەیتوانیوە فۆرم و تکنیکێکی بووتیقایی وەدەست بهێنێ ئەگەر شێزاد حەسەن بیهەوێ لەمەڕ کوشتنی "ئیرووس" بنووسی، ئەتوانێ بە وتاریش ئەو کارە بکات و خوێنەریش باشتر لێی تێدەگا بەلام رۆماننووس لەمەڕ هەر شتێک کە بیەوێ بنووسێ، دەبێ سەرەتا رۆمان، بەواتای گشتی وشەکە، بخولقێنێ و شێرزاد حەسەن سەلماندوویەتی کە ئەو کارەشی لەدەست دێ و حەتم لە داهاتوودا رۆمانگەلی دیتریشی لێ دەبینین.

خوێندنەوەی دووهەم؛

خوێندنەوەی یەکە خوێندنەوەیەکی بەپەلە و سەرپێییە. باوەکو وائەنوێنێ کە نایهەوێ لە ناو بازنەی ناوەرۆک دا؛ دەقەکە بخوێنێتەوە، بەلام ناراستەوخۆ خۆیشی هەر لەو روانگەوە گشتێتی دەق دەخاتە بازنەیەکی بەستراوەوە و حوکمێکی داوەریانە و قازیانەی سەپاندوە بەسەردا. باوکو خوێندنەوەی یەکەم راستییەکی لە مەڕ خولقاندنی سەنتەر و گیرکردنی نووسەری لەو سەنتەردا گرتۆتە خۆ، بەلام وەک دەزانین، رەخنە یان خوێندنەوەی نوێ، لە هەر گوشەنیگایەکەوە بێتە دەربڕین، زێدەتر جەخت دەکاتە سەر زمان و دەق و هیچکات خوێندنەوەکەی خۆی لە خوێندنەوەکانی دیکە بەسەرتر نازانێ...

بەلام دەق چی ئەڵێ:

١. "تاکە خولیایەک کە بەدرێژایی ئەو چەند سەعاتە و چەندین ساڵی مانەوەم لە دەرەوە کە هەرهەموو خەیاڵی منی داگیرکردبوو؛ ئەوە بووکەئەگەر ببێ چارێکی دیکە بگەڕێمەوە مەڵبەندی منداڵی" ل٩

٢. کاکی شۆفیر ئەوهەموو ئەسپە بە چی مردوون؟

ـــ ئەسپ نامرێ مامۆستا ئەسپ دەتۆپێ... بۆ جەوابی سوعالەکەشت کەس نازانێ ئەم دەردە ئەسپە چییە لەو وڵاتەی مە بلاوبوویتەوە!"ل١٠/١١

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

یان؛ "سیامەند گوناحت دەگاتێ... بۆ وا لە بزنە شێت دەکەی؟

ـــــ جوان قسە بکە... سیامەند کێیە؟ بڵێ: کاکە سیامەند.... خۆ من لە تۆ نەبوویمە... پاشان ئەوەتا خۆت دەڵێی ـــ بزنە شێت ــــ ئەوە من وەک شوانێکی عاقڵ کەدەبێ نانی خۆم حەلاڵ بکەم.... ناچارم چی بزنی شێت هەیە عاقڵی بکەم هەتا گەر بە کوشتنیشی بێ" ل٧٨

٣. "لەوە دەچوو سەدەها پیاوی دڵرەق و خەنجەر بە دەست ئەو ژنە زۆر شۆخانەی ناو خەیاڵی منیان لە شیرین خەودا لەت و کوت کردبێ، لە بەرچاوانم ئەو ژنانە تەپاوتل لە خوێنی کەسکی خۆیان دەگەوزین و هێدی هێدی شتەکان هەر هەموو لە بەرچاوانم هەلاهەلا دەبوون... شیدەبوونەوە... پەرت دەبوون.... "با" دەیبردن..... دەترسام ... زۆر دەترسام.... شاخەکان وەک ئەوەی لە پەموو دروست بووبن رەشابەیەک لە ناکاوهەڵبکاو رووەو بیابانەکانی دنیا بیانگوێزێتەوە و جگە لە دەشتێکی وشک وقاقڕ هیچیتر بۆ ئێمە جێنەهێڵێ..."ل٩

بەو جۆرەی دەبینین لەم نموونە دەقانەدا ئێمە رووبەڕووی سێ شێوەی گێڕانەوە و سێ جۆر هەڵس و کەوت لەگەڵ زمان بووینەتەوە؛

دەقی یەکەم (١)منۆلۆگەو دەربڕی گفت وگۆی فەرهاد /کەسایەتی سەرەکی رۆمان/ە لەئێستای دەقدا کەڵک وەرگرتن لە دەستەواژەی خولیا وخەیاڵ و مەڵبەندی منداڵی لەم نموونە کورتەدا ئەتوانی زمانی نۆستالژیکیی فەرهاد بە باشی بنوێنێ....

نموونە دەقی دووهەم (٢) دیالۆگە و دەربڕی زمانی ئەوانی دیە لە کەناڵی زێهنی "من"ەوە... لە"تەمی سەرخەرەند"دا، دیالۆگەکان بۆ پیشاندانی دەسەلاتی سەقامگیربوو و زەبروزەنگی کردەوەی دیتران بە شێوەی حیکایەت، واتە ناخودئاگای کۆمەڵ، لە زمانی دایەگەورەوە هاتۆتە دەڕبڕین.. لە خوێندنەوەی یەکەمدا بەداخەوە هەر ئەم شێوە زمانی گێڕانەوەیە کراوەتە پێوەری هەڵسەنگاندن/ بگەڕنەوە بونموونە دەقەکانی خوێندنەوەی یەکەم/

نموونە دەقی سێهەم (٣) زمانی شێعری و ئیماژیکی گێڕانەوەیەو دەربڕی حالاتی دەروونی و قووڵبوونەوەیە لە دەروونی کەسایەتییەکانی دەق... بۆ خوێندنەوەی دەروونشیکارانەی دەق دەبێ سەرنج بدرێتە ئەم جۆرە ریوایەتەی دەق و لە ئەسڵا هەر ئەم بەشەیە کە "تەمی سەرخەرەند"ی شێرزاد حەسەن، بە بەرهەمەکانی دیکەیەوە گرێئەدا.

شێرزاد حەسەن بە رەدیفکردن و تێکەڵکردنی ئەم سێ شێوە رەوایەتە زمانی "تەمی سەرخەرەند"ی لە پێکهاتەیەکی پتەودا، کە هەمان دەقی کاملی رۆمانەکە بێ، دارشتووە و هێناویەتە کۆتایی.

درێژەی هەیە

---

١. بڕواننە "انسان در شعر معاێر...." محمد مختاری و "رەخنە چیە" لە میشل فۆکۆ

٢. بڕواننە وتاری بەرێز عەبدولخالق یەعقووبی لەمەر پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان....

٣. ئەم خوێندنەوانە پێشتر بە زمانی فارسی لە گۆڤاری "گلستانە"ی ژمارە ٥٣دا بلاوکراوەتەوە و خوێندنەوەکانی دیکە بەرەبەرە بلاودەکرێنەوە!

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# بنەماخوازی و
# خوێندنەوەی دەق
**[٢]**

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەر لەوەی بچمەوە سەر باسەکە پێویستە ئاماژەیەک بکەم بەوەی کە زۆربەی بنەماخوازەکان بەدوای دۆزینەوەی بیچم و پێکهاتەیەکی گشتین لە زیهنی مرۆڤ دا و لایان وایە سیستەمی کارکردنی زیهنی بەگشتی پیکهاتەیەکی چوون یەکی هەیەو بەدەور چەقی /من/ یان چەقگەلێکەوە دەسوورێنەوە، بۆ سەلماندنی ئەم بابەتەش هەر لە ئوستوورەکانەوە کە ئەوان بە بۆچوونی "یۆنگ" وەک ناهۆشیاری بەکۆمەلی مرۆڤی دەناسن تا دەگاتە حیکایەت و بەیت و باو و جل و بەرگ و زمان... دەپشکنن و هەولْ ئەدەن پێکهاتەیەکی گشتی بۆ دەستنیشان کەن.

هەلْبەت وەنەبیْ پێتشر هەولْیوا نەدرابیْ و دۆزینەوەی ئەو پێوەندیگەلە تەنیا کاری بنەماخوزاەکان بووبیْ بۆ وێنە دەبیْ ئاورِیْ لە کتێبی فۆرمی گشتی ئاندرە یوولیسی هولەندی بدەینەوە کە لە سالْی ١٩٣٠دا هاتە بلاْوکردنەوە. بەرِای یوولیس "فۆرمی گشتی ئەسلێکی پێکهاتەدەرە کە هاوکات لەگەلْ بیچم وەرگرتنی فکری مرۆڤ لە زماندا دێتە کردار ئەو فۆرمگەلە بە ئەنازەی زمانی مرۆڤ جیهانین" جیهانی بوونی فۆرمگەلێکی وەک ئوستوورە، لەتیفە /قسەیخۆش/ و مەتەلْ هۆیەکی گرینگە بۆ قەبوولْی بیروکەی یوولیس کە "هەبوونی زاتی پێکهاتەدەری جیهانی" بێت واتە فکر و زینهی مرۆڤ رێزمانێکی گشتیهەیە کە بە لەونێکی رێک و پیشک پێوەندییەکانی مرۆڤ ئەخاتە گەرِ" لە کتێبی "بنەماخوازی لە ئەدەبیاتدا" رابیرت ئسکۆلز لە زمانی ئوولیسەوە ئاوا باسی ئەو فورمە گشتییانە ئەکات؛

"١- ئەفسانە: ئەفسانە وەلاْمێکە بۆ مەیلی مرۆڤ بۆ کردەوە ئامانجییەکانی ئوویس پیشانیدا کە چۆن دۆخی مێژوویی تایبەت لە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئیمپراتۆری رۆمی کەونارادا بووە هۆی ئەوەی کە ئەو خاچپەرەستانەی کە لە ژێر ئازاردا بوون، هاتنە سەر پێویست بوونی گەلالەیەکی خۆبەخت کەرانە و پالەوانانە و وەفادارانە ئەو گەلالەیەش لە ریگەی "جۆرجی قەدیس"ەوە ساز بوو.

ئەو ئەفسانانەی جۆرج ئولیسیان بە شیوەی سەربازی مەسیح پیشان ئەدا، وەلامێ بوو بۆئەو پێویستی‌یە و دواجار لق و پۆی زیاد کرد و لەگەلێ ئوستوورەی پێرسئۆس تێکەلێ بوو و قەلەوتر کرایەوە... ئوستوورەی پێرسئۆس لای خاچپەرەستان تایبەتی پالەوانی و وەفاداری بوو لە ژێر ئەشکەنجەدا کە دەبوە هۆی سەرسوورمان لە هێزو دەسەلاتی دینی نوێ لەو فۆرمەدا مرۆڤ ئەفسانە و ئامانج و ئاواتەکانی خۆی دەبێنیەوە ـ ئەم فۆرمە بەشێوەی لفەدوانەی خۆی ـ دژی خۆی و دژی فۆرمی دژی ئەفسانەش ئەنوێنرا ـ لەم دژە فۆرمەدا نموونەگەلی ترسناک دەبینین؛ ئەو پیاوەی کە وەک مەسیح ئەیویست بۆ ساتێکیش بووە لە، ژێرباری خاچەکەی پشتی رزگاربێت.هاواری کرد"خێراکەن"ئەوە لای خاص پەرستەکان دەبێتە دەژ قەدیس ـ جوویەکی /یەهوودی/ ئاوارە کە لەحەنەتی ئەزەلی و ئەبەدی درێژایی مێژووی بەردەکەوێ ... فاوست، دۆنژوان و ئەوانی دیکەش هەر دەوری ئەو کەسایەتی‌یە سەلبی‌یە دەگێرن کە ئەو یەهوودی‌یە ئاوارەیە گێرای ـــ شەرخوازی پالەوانانەی ئەوان دەبنە نموونەی سەلبی و گەورەیی ئەوان. کاتێ ئەو بایخگەلە چێ گۆرکێ دەکەن شەڕی پالەوان، جەزبەو کەش و هەوای رۆمانێکەوە خۆدەگرێ"

٢- ساگا؛ ئەفسانە لە سەربنەمای ئامانجەکان دادەمەزرێ و وەلامی پێداویستی‌یەکی واقعی ئەداتەوە، بەلام ساگا لە سەر بنەمای

راستەقینەی پێوەندی هاوخوێنی سازدەبێ و ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە. کۆمەڵی کەس و کاری نزیک، خوێن و خوێن خوازی، باوک کوشتن، زەماوەند، میرات و بەجێماوی باوک، ساگاکان لەو بازنەیەدا دەسوورێنەوە ـ رەگ و ریشەی ساگا لە مێژوو و میراتی بنەماڵەدا رۆچووە ـ لە ساگا عەشیرەتیەکانی ئیسلەنددا ـ لە شەجەرەنامەکانی کتیبی پیرۆز و لە بەیت و باوی هەمووشوێنیدا دەبینرێتەوە و بایەخەکانی لەگەڵ بایەخی ئەفسانە هاوترازن ساگا و ئەفسانە لە خولڵقاندنی پیکهاتە ئەدەبییەکانی /وەک حیماسە/ دەوری بەرچاو دەگێڕن.

٣- ئوستوورە: ئوستوورە دەورێکی جیدیتر و گرینگ تری لەسەر پیکهاتەی فۆرم و بنەما ئەدەبییەکان دەگێڕێ بۆوەی ئۆستوورەکان لە ناهۆشیاری کۆمەڵدا ماونەتەوە و بەردەوام بە شێوەی نوێتر دێنە ئاراوە. ئوستوورەکان وەڵامن بە پرسیارێکی نەکراو لەمەر بابەتی هەرە گرینگی؛ خولقاندنی جیهان و لە بەرچی مرۆڤ ناڕازی یە؟ ئوستوورە باسی ئەو شتانە دەکا کە خولقاون و هەرگیزش ناگۆردرێن ئەمە بۆوایە؟ زانستی میتۆلۆژییانە لەگەڵ زانینی پێغەمەرانە پێوەندی هەیە، بەو جیاوازییەی کە ئیلهامی غەیبی رەنگە سەبارەت بەرووداوێکی تایبەت بێ و لە کاتێکی تایبەت دا، بەڵام ئوستوورە باسی ئەبەدییەت دەکا ئەو حیکایەتانەش کە وەک ئوستوورە دەگەنە دەست ئێمە فۆرمی ئوستوورەیی بێهاوتان و زۆربەیان لەگەڵ ساگا و ئەفسانە و فۆرمەکانی دیکە /گشتی/ تێکەڵ بوونە ئەدەبیاتی نۆیش بەردەوام ئەو تێکەڵ بوونەی لە ناو خۆیدا /بە شێوەی ئاگایانە و بڕواننە "وڵاتی بێ بەر"ی جیمز جۆیس [نائاگا هاوردۆتە ئەم سەردەمە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

و تێکەل بوونی ئەو فورمە گشتی یانە لەو بەرهەمەدا... یان ئەشیانەو مەشیانەی خۆمان و تێکەڵ بوونی دین و ئوستوورە لەو حیکایەتە ]مێژوویی‌یەدا...

٤- مەتەڵ؛ زانستی شاراوە لە ناو مەتەلەکاندا پێوەندی‌یەکی نزیکی لەگەڵ زانستی ئوستوورەیی هەیە مەتەڵ زانستی ئوستوورەیی وەردەگرێ و بە شێوەی ئەزموون و نواندنەوەی ئەمرۆژینە ئەینوێنێ /دینووسێ یان دیلێێتەوە/ لە چیرۆکی بەر ئاگردان و حیکاتەکاندا وا باوە ئەوکەسەی وەڵامی مەتەڵەکە نەزانی دەمرێ و وەڵام دانەوە ژیان و خۆشبەختی لەگەڵە. لەم فۆرمە گشتی‌یانەدا مەتەڵ گرینگترین فۆرمە کە پشت بە زمان ئەبەستێ و هەموو تواناکانی خۆی لە خولقاندنی لێڵایی‌یەکی مانایی و هێزی راگوێزانی ئەومانایە /بە شێوەی شاراوە/ لە زماندا دەهێنێتە گەڕ:

[ ئەوەی حیکایەتی" وەیخر"ی بیستبێ دەوری مەتەڵ لەو چیرۆکە دا بە باشی دەبینی... خالۆی وەیخر بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی کابرای خراپ نازانێ و ئەو کارانەی ئەو لێی دەوێ ناتوانی وە ئەنجامی بگەیەنێ... مەحکوومەبەوەی کەولێ چەرم لە پشتی بکرێتەوە و... دەمرێ بەڵام "وەیخر"، کە لە باوکەوە، دێوە بە ]شارەزایی لە سەر زمانی کابرای خراپ ـــ تولەی خالۆی دەکاتەوە...

٥- زاراوە و ئیدیۆمیش هەر وەک مەتەڵ لەو فۆرمە گشتی‌یانەیە کە بنەمای زمانی پتەوی هەیە بەو جیاوازی‌یەی کە لە زاراوەدا هەوڵ بۆ لێڵکردن و شاراوەیی مانایی نەدراوە ئیدیۆم پالە سەرکورت کردنەوە /ایجاز/ دادەگرێ و هەوڵ ئەدا لە قالبی فورموولێکی کورتدا بەردەوام لە بیری مرۆڤدا بمێنێتەوە و دژی فەرامۆشی و لە بیرچوونەوەیە.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com



زاراوه ڕووداوگەل مێژوویی بە کورت کراوەیی و بە هاسانی دێنیتەوە بیری مە و بە ڕای "یوولیس" زاراوە فۆرمێکی ئەزموون گەرایە و ریشەکەی لە دیتنی کردار و رەفتاری مرۆڤدا داکوتیوە هەر چەند لە راستیدا زاراوە گەلێ زۆریش هەنە کە لایەنی غەیبی "گەورە ئاو دەڕێژێ و بچووک پای [وتێنەگەیشتوویشی تێدایە تێدەخا" بە هیچ چەشنێ ناتوانێ ببی بەبنەمای رەفتاری و کرداری، ئەم جۆرە زاراوەگەلە تەنیا ئەتوانێ ئەوە بلێ کە ئەزموون گەراکان ]هەموو شتێ ئەتوانن بلێن جگە ئەوەی کە چۆن رەفتاربکەن.

٦- وێنە هاوردنەوە /مپال/ ئەم فۆرمە لە توێژینەوەی ئەدەبی دا بە رەسمی ناناسن بەڵام "بۆ وێنە" پاژێکی گرینگە کە یوولیس وەک فۆرمێکی بەستراو"ی گشتی ناوی دەبا بەڵام وێنە هاوردنەوە حەتم زیاد کردنێکی گرینگە بەو پیڕستە... نموونە یان "مپال" گیڕانەوەیەکی فەرزیەکە کارێکی شیاوگرێ ئەدا بە کۆمەڵێ بایەخ و هەنجاری

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ترەوە ــ یوولیس ئەڵێ؛ ئێمە بە پێی زێهنی خۆمان حەزئەکەین جیهان وەک شتێ ببینین کە بە پێی باو بایەخی بۆدانین و داوەری لە سەر بکەین. کە وایە نموونە /مپال/ وێنەهاوردنەوەیەکی تایبەتە کە ئەتوانین بە شێوەی باو هەڵیسەنگێنن وێنە هاوردنەوەی کامڵ نموونەیەکە کە لەودا کۆمەڵی هەنجارە هاودژەکان تیایدا بەرجەستە بێتەوە و ببێتە کۆسپی سەر ڕێگەی حەل بوونی ئاسان "ئەم فورمە نموونە بۆ ئەم فورمە سەرەکییە [گشتی‌یە یەکێ لە پاژە گرینگەکانە لە ئەدەبی کوردیدا زۆرە و پێویست بە هاوردنەوە ناکا، هەر ئەم نموونانە کە لەم وتارەدا هاتوونە بەسە بۆ ئەوەی گرینگی ئەم فۆرمە رابێرت ئسکوولز بۆ ئەم بەشە ]لە نووسین بە گشتی بسەلـمێنی "نموونە گەل زەجراوی" دووبلینیەکانی جیمز جۆیس دێنێتەوە...

٧- بیرەوەری /خاگرات/ فۆرمێکی سەرەکی‌یە کە هەوڵ ئەدا تایبەتمەندی گەلیکی بیٚوێنە لە ڕووداوێک /نەوعی/ یان تایبەتمەندیگەلێکی بیٚوێنە بە هەموو پاژە عەینی‌یەکانیەوە تۆمار بکا. مێژووی ئەم فۆرمە دەگاتەوە بە گزنفۆن، کەسێ کە بۆچوونە/برداشت/کانی خۆی لە گوتە و یادداشتەکانی /نووسراوەکانی/ سوقرات تۆمار دەکاتەوە یاوەکوو ئنجیلەکان کە بیرەوەری لەوێدا زێدەتر لە ئەفسانەش دەور دەگێڕێ ــ بیرەوەری لە بەرامبەر گێڕانەوە و ڕیوایەکانی دیکەدا /ڕووداو و کەسایەتی‌یەکان/ دەوەستێ و ئێعتبارو ڕاست و دروستی ئەو گێڕانەوانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە و بە هۆی کەڵک وەرگرتن لە بەشە زینی‌یەکانی عەینی، حەزی لە سەلماندنی دیعایەکەی خویەتی. گرینگی و چوونەسەرەوەی /اوج گیری/ بیرەوەری و بوونی بیرەوەری

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

به فۆرمی گشتی لەگەڵ چوونە سەرەوەی زانستی مێژوویی و ڕۆمان وەک فۆرمێک سەرەکی لە ئەدەبدا تیکەڵ دەبن؛ هاوکات هەردووکیان گەشە ئەسێنن. ئەو بزاڤە زێهنییەی کە لەم ئاڵ و گۆڕەدا هاتە گۆڕێ؛ ئوستوورە و ساگاو ئەفسانەشی کردە دەرێ و کارگێری ئەوانی کەم رەنگ کردەوە بۆ وەی بیرەوەری، بابەتی مێژووگەریشی هێنایە گۆڕێ و ئەو پێوەندییانەی بیرەوەری دیاری کردبوون دەسەپێ بەسەر فورمگەلی پێشوودا و دەبێتە دەسەڵاتێکی فۆرمیک، کە وایە فورمگەلی تێکەڵاوی بەرهەمە رئالیستییەکان بەراستی لە تکنیک و بایخگەلی بیرەوەری بە باشی کەڵک وەردەگرێ و سوڵتەی زمانی خۆیان بەسەر جیهانی ئەدەبی دا دەسەپێنن هەر ئەوەش بووە هۆی کەمرەنگ بوونەوەی ئەو واقعییەتە کە بیروەوەری تەنیا فورمێکە لە فۆرمەکان نە تاقە فۆرمێ کە هونەری گێڕانەوەی لەسەر بینابکرێ...

گرینگی بیرەوەری و فەرامۆشی لە سەر ئەدەبی مۆدێرن و تەنانەت پۆست مۆدێرنیستیش ئەوەندزۆرە کە پێویستی بە وتار گەڵ جیاواز و لێکدانەوەی ورد بینانە تر هەیە و ئەوەش دادەنیێن بۆ کاتێ تر بەڵام بۆ نموونە ئەتوانین ئاماژە بکەینە وتارە بەناوبانگەکەی پۆل ریکۆر لەسەر بیرەوەری و فەرامۆشی... *

٨- حیکایەت؛ فورمێکی سەرەکی لە مێژینەیە بە پێچەوانەی ئەفسانە و ئوستوورە بە ئەنقەست وەک جیهانێکیتری جیاواز و باشتر لەبەرامبەر دنیای ئێمەدا دەوەستێ. حکایت ڕەوتێکە بەرەو عەداڵەت دەچێ... هەڵبەت بە تێپەڕاندنی کۆسپەکانی سەرڕێگا، بەرەو بە ئەخلاقیتر کردن و بە دڵنیاییەوە سوورە لە سەر ئەوەی کە ئەو جیهانەی ئاراستەی دەکا جیاوازە و لە وڵاتێکیتر و زێدێکی دوورە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com



دەست دایە و لەم جیهانەی ئێمە باشترە، بۆوەی لەوێ عەدالەت حاکمە.
٩- لەتیفە /قسەی خۆش/ لەو قۆرمەگشتی‌یانەیە کە کردەوەی دژە وێنەیی /ێوری/ هەیە و هێرش دەباتە سەر کەم و کووڕی زبان، مەنتق و ئەخلاق، لە گۆشەوکەنایە چێژوەردەگرێ و لە جیاتی روالەتی دژ خوازانەی عەقل، مانای دوو تۆیی گەوجێتیمان پێ ئەنوێنێ. قسەی خۆش لە دوو ناوچەدا سازدەکرێ؛ بە سوخرە گرتن و گولمەزی کردن. قسەی خۆش هێرش دەباتە سەر لاوازی‌یەکان، چ ئەوانەی ئازارمان ئەدەن و چ ئەوانەی کە کەس لە بەریا خۆڕاگری نیە کارکردی ئەو هێرشەش ئەوەیە کە کاردانەوەکان /تەنش/ لە ئێمە دا چۆل و خالی بکرێنەوە و ژیان خۆشتر بنوێنێ، بۆ وەی قسەی خوش، هەموو ئەو شتانەی کە ئازارمان ئەدا. بە سوخرە ئەگرێ، فورمێکی ئینسانی‌یە بۆ ئارام کردنەوەی مرۆڤ."

راستە یوولیس زۆر فۆرمی سەرەکی تریشی نەهاوردۆتە ناو ئەم فورمە گشتی‌یانە بەلام هەر لەم نموونانەش دا بنەماکانی زێهنی مرۆڤ بۆ گێڕانەوە و دەرخستنی دەروون بە شێوەی هونەریی پیشان دراوە.

هەموو ئەم فۆرمە گشتی‌یانە لە کوردەواری دا هەنە و وەک بەیت و [ باو دەناسرین و پێشتر بەرێز مەحموودزادە بە گشتی و هەر بە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
